# گزنگ

93 تشرینی دووەم 2011

گۆڤارێکی ئەدەبییە یەکێتیی نووسەرانی کورد - لقی کەرکوک دەریدەکات

خاوەنی ئیمتیاز: یەکێتیی نووسەرانی کورد - لقی کەرکوک



**سەرنووسەر**

د. ئازاد ئەمین باخەوان

٠٧٧٠١٣٨٥٦٤٧

**جێگری سەرنووسەر**

موعتەسەم ساڵەیی

**بەڕێوەبەری نووسین**

عەبدولستار جەباری

٠٧٧٠١٣٢٢٥٨٨

starjabari@yahoo.com

**بەڕێوەبەری هونەری:**

ئەنجام سەعید

**دیزاین**

دلێر ڕەفیق

ئیمەیلی گۆڤاری گزنگ :

Gizing2010@yahoo.com

ناونیشان:

کەرکوک-ڕەحیماوا-فلکەی ئیخوان-بەرانبەر قوتابخانەی خانی

کوردستان / کەرکوک


تێبینی:

- نووسەر خۆی بەرپرسیارە لە نووسینەکەی.
- هەر نووسینێك لە شوێنێکی تر بڵاو بکرێتەوە فەرامۆش دەکرێت




گزنگ ٩٢ — تشرینی دووەم ٢٠١١

گزنگ ٩٣ ——— تشرینی دووەم ٢٠١١

# لەم ژمارەیەدا 93

## سەکۆی گزنگ:

ئیرۆسیزم لە ئەدەبیاتدا، **و: ئیسماعیل ئیسماعیل زادە**..........ل٥

## زمانەوانی:

بایەخە زمانەوانییە نوێیەکان ب/٣ **و: د. شەهاب شێخ تەیب**..........ل٩
هاوواتایی لە کرۆکەواتا و توێکڵەواتادا ، **شێروان حوسێن خۆشناو** .......... ل٢٥
بۆچوونێك سەبارەت بە زمانەوانی کارەکی ب/٢، **و: نەوزاد حسن قادر**..........ل٣٩

## وتار و لێکۆڵینەوە:

پێشەکییەك دەربارەی بزورگی عەلەوی، **حەمەکەریم عارف**..........ل٤٩
کۆجیتۆی باوك، **ئیسماعیل محمد أمین**..........ل٦٩
بۆ کیژۆڵە خنجیلانەکە، **عوسمانی شێخ محێدین**..........ل٧٩
رۆماننووس لیو تۆلستۆی ، **ئا/ محەمەد عەبدولرەحمان زەنگنە**..........ل٨٥
خوێندنەوەیەکی خێرا بۆ ڕۆمانی دانانی کوێخا شەوکەت ، **کەمال وەهاب سەعید**..........ل٨٩
سەرابێك لە خەیاڵ ناسکتر، **ستار ئەحمەد عەبدولڕەحمان**..........ل٩١
شیعر و نووسین.. لە گۆشەنیگای ناوداران و شاعیرانەوە، **رەزا شوان**..........ل٩٥

## وەرگێڕان:

گۆتە و شیلەر...هاوڕێیەتییەکی بەتین ، **و: جمعە جەباری**..........ل٩٩
بەشێك لە نامەکانی ریلکە و مارینا تزڤیتاییڤا **و: غەفور سالّح عەبدوڵڵا**..........ل١٠٣
کابۆلی والا، **لە فارسییەوە: سلێمان دڵسۆز**..........ل١٢١
سافۆ، **و: رزگار جەباری**..........ل١٣١
یادگاری، **و/عەبدوڵڵا مەحمود زەنگنە**..........ل١٣٩
دەمەوێ چیرۆکێکت بۆ بگێڕمەوە، **لە فارسییەوە: جەبار سابیر**..........ل١٤٥

## چیرۆك:

کۆترباز، **سڵاح گوڵئەندامی**..........ل١٤٩
سەگەکانی قەسابخانە، **بەختیار حەمەسوور**..........ل١٥٧
جەژنی لەدایکبوون، **لە فارسییەوە: ئازاد نەجم**..........ل١٦١
ئاخاوتنی ئاسنین، **لە عەرەبییەوە/ گرفتار کاکەیی**..........ل١٦٧

## پەخشان:

حەوت سەدەیە جێتهێشتووین، **فریاد ئەحمەد**..........ل١٦٩

## شیعر:

درەنگە، **چنار نامیق**..........ل١٧٣
لێرە بەتۆمەتی، **چنوور نامیق**..........ل١٧٥
گەر گورگ بوومایە، **ڕێبین ئەحمەد خدر**..........ل١٧٧
شووشەیەك شەراب خاڵیم دەکاو دەمشکێنێ ئەمشەو، **زمکان عەزیز**..........ل١٧٩
پێدەشتێك لە سەمفۆنیای ماتەمینی، **فەیسەڵ هەمەوەندی**..........ل١٨٥
بە نائومێدییەوە سەودای ئومێد دەکەین، **حەسەن جومعە**..........ل١٨٩
پایز، **مستەفای سەیدمینە**..........ل١٩١
نۆ کەرتە شیعری مەحمود مەغریبی ، **و: هێمن عومەر خۆشناو**..........ل١٩٣

## دیمانە:

چاوپێکەوتن لەگەڵ نووسەری چینی لیۆ یۆ، **و: لە ئەڵمانییەوە: مەجید دڵنیا**..........ل١٩٥
**گوڵباخ بەهرامی، سازدانی: هێرۆ کوردە**..........ل٢٠١
کاروچالاکییەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد، **سابان ستار**..........ل٢٠٧



**ئەلبێرتۆ مۆراڤیا**

# ئیرۆسیزم لە ئەدەبیاتدا

**و: ئیسماعیل ئیسماعیل زادە**

ئیرۆسیزم لە ئەدەبیاتی مۆدێرندا لە هیچ کام لەو ئیرۆسیزمانە ناچێ کە لە ئەدەبیاتی یۆنان و رۆمی کۆن هەبووە و هەروەها دوورە لە ئیرۆسیزمی ئەو ئەدەبیاتەی دواتر هات. ئەگەریش هاوشێوەیەکیش هەبێ زیاتر لە نمونەی یەکەم دەچێ. بەڵام ئەم جیاوازیە لەئارادایە کە ئیرۆسیزم لە ئەدەبیاتی پاگان Pgaan دا هەڵگری سەرلەبەری سادەبوون و کێوی بوون و هاوئاهەنگیی ئەو سروشتەیە کە ئێستاش بە هۆی تاوان لە مەسیحی بووندا لێك هەڵنەوەشاوەتەوە و نەبۆتە دژی خۆی. کەچی ئیرۆسیزم لە ئەدەبیاتی مۆدێرندا دەبێ ئەزموونی مەسیحیی وەبەرچاو بگرێ. بە واتایەکی دیکە ئیرۆسیزم لە ئەدەبیاتی مۆدیرندا







هەڵقولاوی بارودۆخێك لە سروشت نییە، بەڵکو ژێدەرەکەی رەوتی رزگاربوونە لە بڤەکان و ئەو تابویانەی کە بەر لە خۆی هەبوون. ئازادیی بۆ پاگانە – کان راستەقینەیەکی سانا بوو. کەسێك نەبوو کە ژیرانە بیری لێبکاتەوە. بەڵام مۆدیرنەکان دەبوایە خوازیاری ئازادی بوایەن و سەر لە نوێ بیاندۆزیبوایەتەوە، دەبوو دیسان بەدەستیان هێنابوایەتەوە. بەپێچەوانە، ئیرۆسیزم لە ئەدەبیاتی مۆدێرندا تایبەتمەندیی بابەتگەلێکی هەیە یان دەبێ بیبێ کە سەرسامت ناکەن یان هەر لە خۆوە سەرنج راناکێشن ـ بەکورتی نۆرماڵن، ئەگەر مەبەستمان لە نۆرماڵ بریتیبێ لە گۆڕانی کردەی جنسی بەرەو شتێکی کە لە دیدی زانستیەوە ناسراو و هەڵگری ناسراوی شاعیرانە بێ و هەر لەبەر ئەمە لە دیدی ئەخلاقییەوە بێ بایەخە. ئەو دەرەنجامەی بەدەست دێ یان دەبێ بەدەست بێ ئەمەیە کە بۆ یەکەمجار دوای ئەدەبیاتی پاگانەکان، سێکس دەبێتە بابەتی شیعر بێ ئەوەی سیمبول و خوازە پێویست بن. ئەمڕۆکە بۆ یەکەمجار دوای تێپەڕبوونی چەندین سەدە، کردەی جنسی هەر کاتێکی کە خودی بەرهەم بخوازێ دەتوانێ بەشێوەی راستەوخۆ و بێ پێچوپەنا، بەشێوەی ئاشکرا و ریالیزمانە و شاعیرانە نیشانی بدا.

ئێستاکە رەنگە بپرسن: ئایا پێویستە سەبارەت بە کردەی جنسی قسە بکرێ و ئەگەر وایە، چ کات؟ وەڵامی من ئەوەیە، پێویست ناکا هەمیشە لەسەر کردەی جنسی قسە بکرێ، راست هەر بەو جۆرەی کە پێویست ناکا هەمیشە لە بارەی پرسە کۆمەڵایەتیەکان یان بەسەرهاتە جۆراوجۆرەکان لە ئەفریقا بدوێین. بەڵام بەپێچەوانەی رابوردوو ئەگەر ئەمڕۆکە لەمپەر و تابوویەکی رێگر بۆ دوان لە سێکس نییە، بێدەنگ بوونیش لە ئاست سێکسدا ئەویش کاتێ کە باس لێکردن پێویستە، ئیتر وەکوو رابردوو بابەتێکی ئەخلاقی نییە بەڵکوو ناکارامەبوونی دەربڕینە. با ئاماژە بە نمونەیەك بکەین: نوسەرێکی هاوچەرخ کاتێ کە بابەتی کتێبەکەی دەخوازێ باسی کردەی سیاسی بێتەگۆڕێ و سانسۆڕ دەکا، لەو هاوڵاتییە دەچێ کە لە حکومەتێکی دیموکراتیکدا باسی سیاسەت ناکا چونکە دیکتاتۆڕیی پێشتر ئیزنی کارێکی ئەوتۆی نەدەدا. هەڵبەت ئەمە دووپات دەکەمەوە کە هەمیشە پێویست نیە لە کردەی جنسی بدوێین. بەڵام ئەگەر بە وشەکان یاری بکەین، پێویستە

باسی بکەین کە پێویستە.

کێ دەتوانێ نکۆڵی لەوە بکا کە ئەڤین لە هەموو سەردەمێك و لە هەموو شوێنێکدا بابەتی باوی ئەدەبیات بووە؟

بەڵام ئەویتر دەڵێ کە باشە چۆن لە ئەدەبیاتی مۆدێرندا ئەڤین لەگەڵ سێکس بوونەیەك، بەواتایەکی دیکە چۆن ئەڤین ئەو تایبەتمەندییە ئاڕمانجی و خوازەیی و ناڕاستەوخۆیەی لە کیس داوە کە لە رابوردوودا هەیبووە و دواتر لەگەڵ کردەی جنسی بوونەتە یەك شت؟ هۆکارەکانی ئەم یەکبوونە زۆرن، هۆی سەرەکیی هەر بەوجۆرەی کە پێشتریش ئاماژەمان پێکرد بریتییە لە لابردنی بڤەکان و ئەو تابویانەی لە رادەبەدەر و بەشێوەی دەستکرد پەرەیان بە ئاڕمانجی بوونی ناڕاستی ئیرۆسیزم دەدا.

ئەم تابو و بەربەستانە تەنیا بەڕواڵەت بنچینەی مەسیحییان هەیە، لە راستیدا مەسیحی بوون راسپاردەی داوێن پاکبوونی نەبەزاند. تابو و یاساغەکان رەنگە دەرەنجامی گۆڕانێکی کۆمەڵایەتیی involution هێور بن، گۆڕانکارییەکی کەم تا زۆر هاوشێوەی ئەوشتەی بۆ نمونە لە پەیوەندییە چینایەتیەکانی بەشێك لە کۆمەڵگا رۆژئاواییەکاندا دەبیندرێ.

سەرەڕای ئەمە لەناوچوونی ئەم تابو و بڤانە بەگشتی لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە پێی دەگوترێ دەرونزانیی قوڵایی یان دەرونشیکاری و ئەو زانستە دەرونزانییانەی پەیوەندییان پێوەی هەیە.

دۆزینەوە دەرونشیکاریەکان لە دوو روانگەوە دەرەنجامی بنەڕەتی هەبووە: ئەم دۆزینەوانە تابوەکانیان شکاندووە، و کردەی جنسییان لە چوارچێوەی ناوزڕاوی و شوورەیی رزگار کردووە و دیسان خستیانەوە نێو چەندین شێوازی دەربڕین و پەیوەندیی کە لە بەر دەستی مرۆڤدا هەبوون.

لە ئەدەبیاتی مۆدێرندا کردەی جنسی نە وەسوەسەیەکی شەیتانییە کە خواپەرستانی سەدەکانی ناڤین پێیان وابوو و نە چێژێکی تا ڕادەیەك هاوشێوەی چێژی خواردنە بۆ بۆرژوازی سەدەی هەژدەیەم، لە ئەدەبیاتی مۆدێرندا کردەی جنسی بەمجۆرە نییە، یان نابێ وابێ، بەڵکو چەشنێك کردەی چونەناو سیستمێکی جیهانی و ئەوپەڕ مرۆڤییە، ئەمەش







کاتێ دەردەکەوێ کە بتوانین کردەی جنسی لە ترسی ئەخلاقی و هەروەها لە جێژوەرگرتنی رەشۆکیانە جیا بکەینەوە. کردەی جنسی کاتێ بەمجۆرە ببیندرێ لە راستیدا شتێکی سەرتر و رەمزاویتر و کامڵتر لە ئەڤینە. بەتایبەتی ئەگەر ئەڤین وەك پەیوەندیی جەستەیی ـ هەستەوەریی سادەی نێوان پیاو ژن راڤە بکرێت.

***



# بایەخە زمانەوانییە نوێیەکان

و: د.شهاب شیخ تەیب
کۆلێژی پەروەردە - قەلادزێ

## بەشی سێیەم

یەکەم : بایەخدانەکە جەختی لەسەر پێکهاتەی ڕوخسار یان بنیاتی دەرەوەی زمان دەکرد. کە دەستەکەوتێکی گەورە لە وەسفکردنی پێڕەوی دەنگی ژمارەیەك لە زمانە نوێیەکان کرا، لەو پێناوەشدا ئامێری نوێ بەکار هات کە لەو سەدەیەدا بەدەست دەکەوت . هەروەها وەسفی هەردوو پێڕەوی وشەسازی (واتا پێکهاتەی ناوەوەی وشەکان) و ڕستەسازی (واتا پێکهاتەی ناوەوەی ڕستەکان) بۆ زۆرینەی زمانەکان وەسفێکی وردی لە ژمارەیەك لە کتێبەکاندا کرا . بەدەستەواژەیەکی تر دەکرێت بوترێت، کە توانرا دەستووری نوێ بۆ گشت زمانێك لە زمانە ئەوروپیە نوێیەکان بەشێوەیەکی تایبەتی بدۆزرێتەوە بەپشت بەستن بەو لێکۆڵینەوانانەی لەسەر چەند نموونەیەکی



گەورەی قسەی خەڵکی بەو زمانە کرا، ئەو ناونانە تەنانەت ئەو دابەشبووە کۆنانەی بۆ بەشەکانی ئاخاوتن بۆ نموونە کرا لەناوچوو یان نەما، هەروەها ژمارەیەکی زۆر لە چەمکە زمانەوانییە کۆنەکانی تر نەمان و گۆڕرانەوە بە دەستەواژە و چەمکی نوێ، کە لە کانگەی پەیوەندی وشەکان لەگەڵ یەکتریدا لەناو ڕستەدا هەڵقووڵاون بێ ئاوڕدانەوە لە جیهانی دەرەوە، کە وشە و ڕستەکان ئاماژەی بۆ دەکەن . لەبەر ئەوە دەستوورە نوێیەکان بۆ ئەو زمانانە بوونە دەستووری وەسفی نەك پێوانەیی (وصفیە لامعیاریە) گشت ئەوەی زۆرینەی خەڵك دەیڵێت بێ سەیرکردنی لە زمانی نووسراو کە لە ئەدەبدا بەکاردێت و بە وشەی قبوڵکراوی دادەنێن، لێرەدا پێوانەیەك نەما بۆ هەڵە و ڕاست کە بەسەر تاکی کۆمەڵدا سەپێندرابێت، بەڵکو گشت ئەوەی کە کۆمەڵێکی دیاریکراو دەیڵێت بەزمانێکی ساغ(تەواو) دادەنرێت و شایستەی ئەوەیە لە کتێبی دەستووردا(ڕێزمان) تۆمار بکرێت . تەنانەت ئەوانەی کە قسەی بازاڕیش دەکەن دەرنەکردە دەرەوە و ئەوانەی کە بەشێوەزارێکی ناوچەیی دیاریکراو، یان گەڕەکێکی دیاریکراو، یان پیشەیەکی دیاریکراو دەرنەکردە دەرەوە .(تەنانەت بۆ ئەمانەش لێکۆڵینەوەی تایبەتییان بۆ دۆزییەوە) .

دووەم : زانایانی زمانەوانی لەم قۆناغەدا کەوتنە ژێر کاریگەری ڕێبازی ڕەوشتی (المذهب السلوكي) لە زانستی دەروونناسیی کە لە ئەوروپا و ئەمریکا بڵاوبوو، کە تەنیا بایەخی بە لێکۆڵینەوەی دیاردەی ڕەوشت (ڕەفتار) دەدا، لەسەر بنەمای ئەوەی کە پێکهاتووە لە نەریتی جیاواز، پێکدێت لەڕێی کاریگەر و وڵامدانەوە و پاداشت دانەوە (المؤثر والاستجابة والثواب) و دووبارە دەبێتەوە تا ڕاستییەکان بسەلمێندرێت، یان ئەوانەی پێی ناسراون و مرۆڤ لە ژیانیدا وەری دەگرێت . ژمارەیەکی زۆر لەو زانایانە لەوانە (پورندایك) لە ئەمریکا و (بافلۆف) لە ڕوسیا دەستیان کرد بەتاقیکردنەوەی زۆر لەسەر ئاژەڵەکان بۆ سەلماندنی بیردۆزەکانیان .

کارتێکرانی زانایانی زمان بەم ڕێبازە دەرکەوت بەوەی سەیری زمانیان دەکرد کە بریتییە لە کۆمەڵێك لە داب و نەریت وەك هەر نەریتێکی تری ڕەوشتی، بەم پێیە لە توانستدا هەیە کە لێکۆڵینەوەی پێکهاتەکەی لەلایەك و فێربوونی لەلایەکی تردا لەسەر ئەم بنەمایە بکرێت . بەناوبانگترین ئەوەی بانگەشەی ئەمەی

کورد زانای بەناوبانگ (سکینر – Skinner) بوو، کە لە زانکۆی هارفارد کاری دەکرد، کە پێش چەند ساڵێك لەمەوپێش کۆچی دوایی کرد، خاوەنی کتێبی ناسراو بە ڕەفتاری زمان(السلوك اللغوی)، بۆ ئەم کارتێکرانەش بە ڕێبازی زانستی دەروونناسیی ڕەوشتی،دوو ئەنجامی هەبوو :

١– تێڕامان تەنیا بۆ دیاردەی زمان و لێکۆڵینەوەی ئەو دیاردەیە نموونەی وەك ئەوە وەك هەر نموونەیەکی نەریتی ڕەوشتی تربێت .

٢– فەرامۆشکردنی لێکۆڵینەوەی واتا، دانانی بەوەی کە ڕوخسارێکی دەرەکی نییە کە بکرێت بەڕێبازی زانستی بابەتی بەکارهاتوو لە زانستە سروشتییەکاندا تێڕوانینی بۆ بکرێت . زمانەوانان ئەم لایەنە بنەڕەتییەی لایەنەکانی زمانیان فەرامۆش کرد، بەمەش لە گرنگترین دیاردە لە دیاردەکانی و گرنگترین ئامانج لە ئامانجەکانی دووریان خستەوە .

<u>سێیەم</u> :

زمانەوانان لەم کاتەدا گشت بایەخدانەکانیان لەسەر <u>زمانی درکێنراو</u> چڕ کردەوە و زمانی نووسراویان بەشێوەیەکی گەورە فەرامۆش کرد . زمانیان بەپلەی یەکەم بە پێڕەوێکی دەنگی دانا و گشت بایەخەکانیان لەسەر ئەو پێڕەوە تەرخان کرد، بەدانانی بەوەی کە بۆ زمان دیاردەی یەکەم و بنەڕەتییە .

<u>چوارەم</u> :

بەهۆی جەختکردن لەسەر ڕوخساری بینراوی زمان لێکۆڵینەوەی بەراوردی لەجۆری نوێ لەڕووی ڕێباز و ئامانجەوە دەستی پێکرد، کە زۆر جیاوازبوو لەوەی لەسەدەی ڕابردوودوودا دەکرا . کە ڕێبازی لێکۆڵینەوە بەراوردی دیاردەی دوو زمانی دیاریکراوی بوو بۆ دۆزینەوەی لایەنە لێکچوو و لایەنە لێکنەچووەکانی نێوانیان لە بواری دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازییەوە دەکرد . ئامانجیش لەوە گەیشتن بوو بە باشترین ڕێگا، بۆ فێربوونی زمانە بیانییەکان و بیردۆزەی باویش ئەوەبوو، کە خاڵی جیاوازی نێوان زمانی زگماك و زمانی بیانی کە خوێندکار ئارەزووی فێربوونی دەکرد، ئەوەیە کە دەبێتە ئەستەمی سەرەکی لە کاتی فێربوونیدا، لەبەر ئەوە پێویستە لەسەر خوێنەر و مامۆستا بایەخێکی زۆری پێبدەن .

لەوکاتەدا لێکۆڵینەوەی بەراوردی زۆر دەربارەی دیاردەی زمانە ئەوروپییە نوێیەکان و هەندێ زمانی زیندووی تر دەرکەوت، یەکێ لەوانە زمانی عەرەبییە







کە نرخێکی زۆری هەیە بێ ڕچاوکردنی ئەو ئامانجەی کە دەیەوێت بەدەستی بێنێت .

<u>پێنجەم</u> :

سەرەڕای مەیلی ئاوەزی (النزعة العقلانیة)کە پاش کەمێکی تر باسی لێوەدەکەین و بەسەر نیوەی دووەمی، یان ڕاستر لەسەر چارەگی سێیەمی سەدەی ئێستاماندا زاڵبوو، کە مۆرکی لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان لەم سەدەیەدا و تا ئێستاش ئەو ڕێبازە زانستییە ئەزموونگەرییە بوو، کە لێکچووە لە ڕێبازی بەکارهاتوو لە زانستە سروشتییەکانی تردا – کە ئەمیش لەژێر کاریگەری ئەو پەرەسەندنە زانستییە زۆرەی ئەم سەدەیەی ئێستادا بوو – هیچ کەسێك نەبیردۆزەیەك،یان گریمانەیەکی نەدا بەدەستەوە و نەچووبێتە ژێر ڕکێفی لێکۆڵینەوە زانستییە ڕێکخرەوەکانەوە و دەیان تاقیکردنەوەی لەسەر نەکرابێت بۆ سەلماندنی ڕاستگۆیی یان ڕەتکردنەوەی .

<u>شەشەم</u> :

بۆ یەکەمجار لە مێژووی لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، زاناکان زمان لەناو خۆیان ناوبژیوان نەك بایەخ بۆ وشەکانیان لە کاروباری پراکتیکی پەروەردەیی وەك فێربونی زمانە بیانییەکان دادەنێن .

ئەوان تەنیا بە وەسفی زمانەکان لە بواری تیۆری و لە بەراوردی زمانەکان لەگەڵ یەکتریدا نەوەستان، بەڵکو بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەستیان لە دابینکردنی کەرەسە فێرکارییەکان و داهێنانی کتێبی خوێندن و چەسپاندنی ئەو ڕێگەیەی کە پێویستە ئەو زمانانەی پێ بخوێندرێت و ئەو هۆکارە دیاریکراوانەی دەکرێت لەگەڵیدا بەکاربێت وەردا – لەوانەیە ئەم پەرەسەندنە، لەبەر دەسەڵاتە سەربازییە ئەمریکییەکان بەئارەزووی ئەوان نەبووبێت لە کاتی جەنگی دووەمی جیهانی ئەوان داوایان لێکردبێت ئەوە بکەن، بەڵام ئەمە ئەوەبوو کە ڕوویدا و تا ئێستاش تا ڕۆژی ئێستامان ڕوو دەدات – لەدوا بەشی ئەم کتێبەدا دەبینین کە ئەو دەست تێوەردانە لە پسپۆڕێتی پەروەردەییەکان کە گشت کاتێك لەبەر بەرژەوەندی فێربوونی زمانەکاندابووە .

ئا ئەمەیە ئەو لایەنانەی باوبووە لە کاتی نیوەی یەکەمی سەدەی ئێستاماندا، کە داپۆشینی لەسەر هەندێ هەوڵدانی تری کرد، کە ئاراستەی پێچەوانەی وەرگرتبوو بەتایبەتی لە ئەوروپا و کاریگری لە گشت جێیەکدا لەهەردوو جیهانی پەرەسەندن و خەوتوو (دواکەوتوو) و بە تایبەتی لە بواری فێربوونی زمانە بیانییەکاندا بەجێ

هێشت، پاشان بە وردیی دێینە سەر باسکردنی ئەم خاڵە .

<u>ب – نیوەی دووەمی سەدەی ئێستا</u> :

نیوەی دووەمی سەدەی ئێستا(واتا سەدەی بیستەم – وەرگێڕ) بە کتێبێ دەستی پێکرد، کە بەکاردانەوەیەکی توند و شۆڕشێکی ڕاستەقینە بوو لەسەر ڕێباز و ئەو چەمکانەی لە نیوەی یەکەمی ئەم سەدەیەدا باوبوون، کتێبەکەش (پێکهاتە سینتاکسییەکان)ە . مێژووی دەرچوونیشی ساڵی (١٩٧٥)ە . داهێنەرەکەشی زانایەکە لە زاناکانی ڕوناکبیری چەرخی نوێدا کە ناوی (نعۆم چۆمسکی – noam Chomsky)ە، بە یەکێك لە نێوان ئەو هەزار زانایانەی کە ژیاری سەدەی بیستەمیان دروست کرد دادەنرێت، چۆمسکی بیردۆزەی لە بارەی سروشتی زمان و ڕێبازی لێکۆڵینەوە و ڕێگای وەرگرتنی منداڵ بۆی هێنایەکایەوە، کە تا ڕۆژی ئەمڕۆمان لەلای زۆربەی زانایانی زمانەوانی لە جیهانی خۆرئاوا بەشێوەیەکی تایبەتی و گشت جیهان بەشێوەیەکی گشتی بواری لێکۆڵینەوە و توێژینەوە و گفتوگۆکردن و ئەزموونگەرییە .

چۆمسکی دەڵێت، کە کارتێکراوبووە بە بیروڕای قوتابخانەی فەلسەفی ئاوەزییەوە (عەقلانی) کە لەسەدەی حەڤدەهەمدا باوبووە و دیکارتی فەیلەسووفیش یەکێکە لە بەناوبانگترین زاناکانی . لەبەر ئەوە ڕاکانی دەربارەی سروشتی زمان زۆر قووڵە و بەتەواوی پێچەوانەی سەرپێیی ڕای کەسانی پێش خۆی بوون لە نیوەی یەکەمی سەدەی ئێستا، کەتا ئێستاش بووە هۆی ورووژاندنی گفتوگۆیەکی زۆر کە نموونەی لەمەوپێش لە مێژوودا نەبووبێ .

گرنگترین ئەوانەی کە چۆمسکی لە سەرەتای ژیانی زانستی لە زانستی زماندا کردبێتی، ئەو هێرشە توند و ڕووخێنەرە بوو لەسەر ڕاکانی (سکینر) کە لە کتێبەکەیدا (ڕەفتاری زمانەوانی – السلوك اللغوی) پیشانی دا . گشت ئەو بنەمایانەی کە ئەو ڕا و بیردۆزانەی لەسەری بنیات دەنرێت پووچەڵ کردەوە (دحچ) . کاتێ کە (سکینر) وەك بینیمان، باوەڕی بەوەبوو بەپێی ئەو تاقیکردنەوە تاقیگەییەی لەسەر ئاژەڵەکان کرا بەوەی کە زمان نەریتێکی کۆمەڵایەتییە نموونەی وەك ئەمە وەك هەر نموونەیەکی نەریتە کۆمەڵایەتییەکانی ترە، وەرگرتنی بەهەمان ڕێگە بەواتا لە ڕێی هەوڵدان و هەڵەوە دەبێت . چۆمسکی لەو هێرشەیدا دوو باری سەلماند :







<u>باری یەکەم</u> : کە بەهیچ شێوەیەك پەیوەندی لە نێوان ڕەفتاری مشك لە سندوقی ئەزمونگەری لە تاقیگەکان و نێوان زمانی مرۆڤدا نییە، هۆیەکەش ئاسان و ڕوونە ئەویش ئەوەیە کە زمان لە پسپۆڕێتی مرۆڤدایە و گشت هۆیەکانی تری گەیاندن کە ئاژەڵ بەکاریان دێنێ و کە بە خوازە بەزمانی مرۆڤ بانگهێشت دەکەین، هۆیەکی زۆر کورتن و خاوەنی ڕەگەزی بنەڕەتی نین، کە زمانی مرۆڤ پێکدێنن (ئەمیش لە تاقیکردنەوەیەکی پێشووی ڕایەکانی چۆمسکی سەلمێندرا و لەو تاقیکردنەوەی پاشتر کرا و تا ڕۆژی ئەمڕۆمانیش دەکرێت) .

<u>باری دووەم</u> : ئەوەیە کە تێگەیشتنی (سکینر) لە سروشتی زمان لە بنەچەدا تێگەیشتنێکی هەڵەیە، لەگەڵ ئەوەی کە (سکینر) زمان بە کۆمەڵێك لە نەریتی ڕواڵەتی(الظاهریة) دادەنێت، کەلای مرۆڤ لە ئاکامی وڵامدانەوەی بەردەوام بۆ ورووژێنە دەرکییەکان پێکدێت، بێ ئەوەی پێویستی بە ئامێری خۆڕسکی (فگری) یان ئاوەزی تایبەتی کە ئەوەی بۆ دیاری بکات هەبێت و بڕوای بە توانستی پێشبینی ڕەفتاری زمانەوانی بۆ تاك بێت لەڕێی لێکۆڵینەوەی ورووژێنە دەرکییەکان کە لەخۆی دەگرێت، چۆمسکی ئەوەی ڕوونکردەوە کە (سکینر) لەهەڵوێستێکدا نییە بتوانێ لە هۆکارەکانی (مسببات) ڕەفتاری زمانی بدوێت تا سروشتی ئەو ڕەفتارە نەزانێت . لە وەڵامدانەوەی لەسەر ڕای (سکینر) چۆمسکی دەستی کرد بە هەوڵدانی ڕوونکردنەوە دەربارەی سروشتی زمان و تایبەتییەکانی، ئەمیش لەڕێی زنجیرەیەك لێکۆڵینەوە کە دەربارەی بنیاتی ناوەیی زمان و چەندێتی ئاڵۆزی گەیشتە ئەنجامی ورد، کە تا ئێستا هیچ کەسێك نەیتوانیوە ڕەتی بکەنەوە(تفنیدها)، سەرەڕای ئەو ژمارە زۆرەی لێکۆڵینەوە و تاقیکردنەوانەی کە زانایانی زمان و دەروونناسیی کردیان و تا ئێستاش لە زۆربەی وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهاندا دەیکەین، بەڵکو زۆرینەی ئەو تاقیکردنەوانە تا ئێستا جەختێکی گەورە لەو ئەنجەمانە دەکەن .

کەواتە چۆمسکی چی بەدەستەوە دا کە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر لێکۆڵینەوە زمانەوانییە هاوچەرخەکاندا هەبوو؟ زۆر قورس و گرانە لەچەند لاپەڕەیەکدا بەشداریکردنی ئەو زانا گەورەیە بژمێردرێت، بە تایبەتی زۆربەی ڕاکانی خاوەنی مۆرکێکی فەلسەفی و سایکۆلۆجییە لەگەڵ تایبەتییەکی

زمانەوانی، بۆ دەربڕین لە بیروڕاکانی دەربڕینی هونەری زۆر تایبەتی بەکاردەهێنێ، کە تەنیا کەسی شارەزا و پسپۆر لەو بوارە لێی تێدەگەیشت . لەگەڵ ئەوەشدا لێرەدا هەوڵدەدەین کە بیرۆکەیەکی زۆر ئاسان پێشکەش بکەین، بەو هیوایەی کە بگەڕێینەوە و بەوردی لە بابەتێکی تری ئەم کتێبە لێی بدوێین .

چۆمسکی ئەو دابەشکردنەی کە سۆسێر کردبووی لەمەڕ زمان وەرگرت کە دابەشی کردبوو بۆ زمان و وشە (ئاخاوتن) (لغە وکلام) دیاردەی یەکەمی ناونا دەربڕینی (Ompetence) و دووەمیشی ناونا دەربڕینی (performance) کە بۆ هەردووکیان هەمان هاوواتای عەرەبی ناوبراوی (واتا تعبیر – وەرگێڕ) بۆ بەکاردێنێت . مەبەست لە دەربڕینی یەکەم واتا زمان ئەو توانستەیە کە لەلای هەر تاکێك لە تاکەکانی کۆمەڵێکی دیاریکراو پێکدێت، کەوای لێدەکات بتوانێت گوزارشت لەهەر شتێك بیەوێت بەڕستەی نوێ کە لەوانەیە گوێی لێ نەبووبێ لەمەوپێش بکات، بەواتای ئەوەی وای لێدەکات ئەو ڕستە نوێیانەی لە بۆنە جیاوازەکاندا کە ئەوە لەوانەیە ئەو ڕستانەی بەهیچ شێوەیەك لە ژیانیدا گوێ لێ نەبووبێت پێکبهێنێت .

چۆمسکیش ئەمە بەتوانست (الملکە)((زانیاری زمانەوانی)) ناودەنێت و بڕوای وایە، کە گرنگترین بنەماکانی ئەم توانستە زانینی تاکە لەسەر دەستووری وشەسازی و سینتاکسی وشەکان لەگەڵ یەکتریدا لەناو ڕستە بەیەکەوەی دەبەستێتەوە لەگەڵ زانینی کۆمەڵێکی تری دەستوور، کە ناوی نا بە ڕێزمانی گوێزانەوە ( Transformational Rules) کار لەسەر بنیاتی قوولایی ناوەوەی ڕستە دەکات – ئەو بنیاتەیە کە واتا هەڵدەگرێت – و دەگوازێتەوە بۆ ڕوخساری دەرەکی کە بە دەنگەکان دەربڕینیان لەسەر دەکرێت.

دەربڕینی دووەمیش واتا ئاخاوتن(وشەکان) مەبەست لەو دەنگە زمانیانەیە کە تاك بەتەواوی تەلەفوزی دەکات لەوانەیە وێنەیەکی ڕاستی نەبێت بۆ زمان، لەبەر ئەوەی لەرینەوە (تردد) و دووبارەبوونەوە و وەستان و پێچەوانەی دەستووری زمان و ڕستەی تێکەڵوپێکەڵی ...تاد، زۆری تێدایە – بەپێی ئەو بارەی کە وشەی تێدا کۆنترۆڵ دەکرێت .

بەدەربڕینێکی تر، جیاوازی نێوان زمان و ئاخاوتن (وشە) ئەوەیە کە ((وشە کارە و، زمانیش سنووری ئەو کارەیە، وشە ڕەفتارە و زمانیش پێوانەی ئەو







ڕەفتارەیە، وشە چالاکییە و زمانیش دەستووری ئەو چالاکییەیە، وشە جووڵەیە و زمانیش پێڕەوی ئەو جووڵەیەیە، وشە بەگۆکردنی لە ڕێی بیستنەوە و بەبینینیش لەڕێی نووسینەوە هەستی پێدەکرێت، زمانیش لەڕێی تێڕامان لە وشەدا لێی تێدەگەین . ئەوەی دەیڵێین و دەینووسین وشەیە و ئەوەی هەستی پێ دەکەین زمانە، وشە ئەوەیە کە گۆکراوە و نووسراوە و زمانیش ئەوەیە کە لە کتێبە دەستوورەکان و فیلۆلۆژی زمان و فەرهەنگەکان و ڕێزمانەکاندا وەسف کراوە، وشە لەوانەیە وا ڕووبدات کە دەکرێت کارێکی تاکی بێت، بەڵام زمان تەنیا دەبێت کارێکی کۆمەڵایەتی بێت .

بەپێچەوانەی ئەوانەی،کە لایەنگرانی قوتابخانەی وەسفی شیکاریی پێشوو بانگەشەیان بۆ دەکرد، کە ئەرکەکانیان تایبەتە بەئاوارڕدانەوە لە دیاردەی زمان، واتا لە وشە کە تاکەکان دەیڵێین و وەسفی ئەو وشانە دەکەن، چۆمسکی ئەوەی بینی، کە ئەمە ئەرکی زانای زمانەوان نییە، بەڵکو پێویستە کار لەسەر هەڵهێنجانی ئەو دەستوورانەی دەبێتە بنەمای زمان بکات و لەڕاستیدا زۆر پێویست نییە تاك گشت کاتێك لە قسەکانیدا خۆی پێ ببەستێتەوە .

ئەگەر ویسترا ئەو دەستوورانە نرخێکی ڕاستەقینەیان هەبێت، سەرەتاپێویستە زمان بەیەکجاری دابپۆشن، هەروەها پێویستە ئەو دەستوورانە بتوانن لە دروستکردنی یان پێکهێنانی(خەلقکردنی) گشت ڕستە ڕاستەکان لە هەر زمانێکی دیاریکراودابێت، ئەگەر نا ڕێ دەدات بەدروستکردنی ڕستەی تری بێ لەوانە، واتا پێویستە پێکهێنانی ڕستەی نادروستی زمانیی، یان قبووڵکراو لەلای گۆکەرە نەژادەکانی ئەو زمانە قەدەغە بکات . (ئەوانەش ئەوانەن کە چۆمسکی بە یەکلاکەرەوە (الفیصل فی الحکم) دادەنێت لەسەر ئەو ڕستانە لەڕووی ئەوەی پەسندکراوبێت یان پەسندکراونەبێت) . ئەوەی پاڵی بە چۆمسکییەوە نا بۆ بەرهەڵستکاری تەنانەت لەسەر توێژینەوەی زمان لەگەڵ ئەوەی باسمان کرد ئەوەیە، کە دیاردەی زمان ئەگەر ڕوانیمانە ئەو واتایەی دەیگەیەنێت دەکرێت ببێتە شتێکی هەڵخەڵەتێنەر. دەکرێت کە دوو ڕستە زۆر لەیەك بچن لەڕووی ڕوخسار یان پێکهاتەی دەرەکی،کەچی بەتەواوی لەواتادا جیاوازبن، بۆ نموونە وەك لەم دوو ڕستەیەی خوارەوەدا دەردەکەوێت :

– صراخ المجرم لم يؤثر في الناس .

– عقاب المجرم لم يؤثر في الناس .

کە بە کوردییەکەی بەم شێوەیەی خوارەوەیە :

– قیژاندنی تاوانبارەکە کاریگەریی نەکردە سەر خەڵك .

– سزادانی تاوانبارەکە کاریگەریی نەکردە سەر خەڵك .

هەردوو ڕستەکە لەڕووی شێوەی دەرەکییەوە بەتەواوی لێکچوون، ئێمە بەتەواوی بەهەمان ڕێگە شیتەڵکاریان(اعراب) دەکەین، لە ڕستەی یەکەمدا قیژاندنی تاوانبارەکە((صراخ المجرم)) دیارخراو و دیارخەرە (مضاف و مضاف اليه) یە، دیارخراو نیهادە، وەك لە دەستەواژەی ((سزادانی تاوانبارەکە))ی ڕستەی دووەمە، گوزارەی هەردووکیشیان ڕستەی فرمانی ((کاریگەری نەکردە سەر خەڵك))یە . لەهەردوو ڕستەکەدا پەیوەندی وشەکان لەگەڵ یەکتریدا لێکچووە، هەروەها پەیوەندی هەردوو پارچە سەرەکییەکە واتا نیهاد و گوزارە . لەگەڵ ئەوەشدا واتاکانیان جیاوازییەکی بنەڕەتییان هەیە .

ئەگەر ڕوانیمانە واتای ڕستەی یەکەم تێدەگەین کە تاوانبارەکە قیژاندی، واتا ئەو بکەری ڕاستەقینەی فرمانی قیژاندنە، کەچی لە ڕستەی دووەمەدا تاوانبارەکە خۆی بەرکاری ڕاستەقینەیە بۆ فرمانی سزادان لەبەر ئەوەی بەسەریا سزادراوە .

هەروەها چۆمسکی ئەوەی دۆزییەوە، کە لێرەدا ڕستەیەکی زۆر هەیە دوو واتا هەڵدەگرن – جیاوازبن کە نەتوانرێت شێوەی دەرەوەی لەیەك جیا بکەیتەوە – بۆ نموونە ئەم ڕستەیەی خوارەوە :

– سزادانی عەلی توندوتیژ بوو (كان عقاب علي صارما) .

لەدەرەوەی سیاقدا ڕوون نییە، چونکە نازانین کە ئایا عەلی بەسزادانی یەکێکی دی هەستاوە، یان یەکێکی تر بە سزادانی عەلی هەستاوە . ئەم ڕستانە و هاوشێوەکانی وایان لە چۆمسکی کرد بڵێت، بۆ گشت بنیاتێکی بینراو یان دەرەکی ( Surface Structure) بنیاتێکی ژێرەوەی قووڵی هەیە ( Deep Structure) ئەوەیە کە پەیوەندییە واتاییەکان تێیدا زۆر ڕوون دەبێت، لەهەردوو ڕستەکەی پێشوودا بۆ نموونە، بنیاتی (ئاستی) ژێرەوەی قووڵی هەر یەك لەوەی تر جیاوازە، دەکرێت بوترێت کە ڕستەی یەکەم لە دوو بنیاتی قووڵی وەك ئەمەی خوارەوە پێکدێت :–

– تاوانبارەکە قیژاندی / المجرم صرخ

– قیژەکە کاریگەریی نەکردە سەر کەس / الصراخ لم يؤثر في الناس







کەچی هەردوو بنیاتی قووڵی ڕستەکانی دووەم دەکرێت بەم شێوەیەبێت :

– هەندێکیان تاوانبارەکەیان سزادا / بعضهم عاقب المجرم

= سزاکە کاریگەریی نەکردە سەر کەس / العقاب لم يؤثر في الناس

بەم شێوەیە بنیاتی ژێرەوە دەبێتە یارمەتیدەرێك بۆ ڕوونکردنەوەی پەیوەندییە واتاییەکانی نێوان پێکهێنەرەکانی ڕستە .

ئەوەی پەیوەندی نێوان بنیاتی ژێرەوە و بنیاتی دەرەوە ڕێکدەخات، ئەو دەستوورانەیە کەجێبەجێ دەبنە سەر یەکەم و دەگوازرێتەوە بۆ دووەم . ئەو دەستوورانەش ناونرا بەناوی ڕێزمانی گوێزانەوە ( Transformational Rules) ئەو کۆمەڵە دەستوورە وشەسازییە ڕستەسازییە دەنگسازییە واتاییەیە، کە چۆمسکی پێی گەیشت و ناودەنرێت بە ((ڕێزمانی گوێزانەوە Transformational Grammar)

. گەڕانەوەی چۆمسکی بۆ زمانەوانە کلاسیکییەکان کە هاوەڵەکانی پێشووی خۆی فەرامۆشیان کردبوون و هێنانە ژوورەوەی ڕەگەزی واتا لە هەڵهێنجانی دەستوورە زمانەوانییەکان، بەتەواوی دژ بەیەکە، لەگەڵ لایەنگرانی قوتابخانەی وەسفی شیکاریی کردیان،کە پێشی کەوتبوو و واتایان بەتەواوی دوورخستبۆوە لەسەر ئەو بنەمایەی،کە تایبەت نییە بە پسپۆڕێتی خاوەن زمان .

بیردۆزەی بەدیهێنان(الخلق)، یان داهێنان(الابتكار) ئەوەی چۆمسکی ئاماژەی پێدەکات و دەیڵێت لەلای گشت کەسێکدا هەیە کە بەهەر زمانێکی دیاریکراو قسە بکات، هەروەها ئەوەش شوڕشێکی تەواوە(كاملە) لەسەر هەوڵدانی ئەو قوتابخانەیەی بانگەشەی ئەوە دەکەن،کە خوێنەری زمان منداڵ بێت، یان پێگەیشتوو دەست دەکات بەفێربوونی ئەو زمانە و مێشکیشی لاپەڕەیەکی سپییە،ئەو نموونە زمانیانەی فێری دەبێت لەسەری نەخش دەکرێت لە کاتی پێویست دەگەڕێتەوە بۆی و ئەو نموونەیەی بۆ ئەو جێیەی گونجاوە هەڵدەبژێرێت . چۆمسکی بەڕەتکردنەوەی ئەو پڕوپاگەندانە و سەلماندنی بیردۆزەکەی نەوەستا کە دەڵێت منداڵ زمانی دایك تەنانەت ئەگەر لەسەرەتاکانی تەمەنیشیدابێت لەڕێی هۆش و دەرکپێکردن فێری دەبێت،هەر کاتێك کە دەستوورە جیاوازەکانی بەباشی ورگرت کە زمان پشتی پێ دەبەستێت، وای لێدێت توانای بەدیهێنان (الخلق)ی لەلا

پێکدێت، واتا پێکهێنانی ڕستەی جیاواز کە لە کات و باری گونجاودا پێویستی پێ دەبێت، بێ ئەوەی پێویستی بەوە بووبێت، کە گوێی لەو ڕستانە بووبێت و لەبەری کردبێت لەڕێی ئەوانەی لە دەوروبەرین، بەڵکو چۆمسکی لەوە زیاتریش ڕۆیشتووە و وتویەتی،کە منداڵ لە دایك نابێت و مێشکی لاپەڕەیەکی سپی بێت، بەڵکو لەدایك دەبێت و توانستێکی خۆڕسکی(فطرية) هەیە لەسەر فێربوونی هەر زمانێك لە زمانەکانی جیهان.

ئەو توانستە خۆڕسکییەشی شیکردەوە بەوەی دەربارەی منداڵی لە دایك بوو پێکدێت لە زانیارییەکی پێشینەی ئەو دەستوورە گشتییانەی کە گشت زمانەکانی جیهانی لەسەر بنیات دەنرێت و ئەو منداڵە زمان تەنیا لەڕێی بیستن وقسەکردن و لەبەرکردن وەرناگرێت، بەڵکو هەوڵدەدات لە وشەکانی زمان کە لە نێوان کەسوکاریدا گوێی لێدەبێت بخاتە ناو قالبە گشتییەکانی گشت زمانەکانی کە تێی لەدایکبووە، منداڵ نابێتە ڕەگەزێکی نالەبار (سلبی)، بەڵکو دەبێتە ڕەگەزێکی زۆر باش کە لە کاتی وەرگرتنی زماندا پێوەری عەقلی(ئاوەزی) بەکار دێنێت .

بەم شێوەیە چۆمسکی کاری لەسەر بووژانەوە و زیندووکردنەوەی بیردۆزی دەستووورە گشتییەکان، یان یەك شێوەی گشت زمانەکان کرد، ئەو بیردۆزەیەی کە یۆنانییەکان لە کۆندا بانگەشەیان بۆ کرد، هەروەها سۆسێریش بانگەشەی بۆ کرد، کە لەپێشەوە ئاماژەمان بۆ کرد. چۆمسکی ئەم مەسەلەیەی تەنیا وەك بیردۆزەیەکی بزربوو بەجێ نەهێشت، هەروەهاپەنای نەبردە بەر مەنتیق کە کۆنینەکان کردیان، بەڵکو هەوڵی دا بگاتە ئەو دەستوورە زمانییە گشتییانەی کە گشت ئەو زمانانە کۆنترۆڵ دەکەن، کە بەڕاستی توانی بگات بەهەندێکی و گشت زاناکانی زمان دانیان بەوەدا نا بۆی، هەروەها هەندێ لە هاوەڵەکانی دەستیان بەتەواوکردنی ئەوەی ئەو لەو بارەیەوە کردی، کرد.

ئەمانە هەندێ بوون لەو شتە زۆرانەی، کە چۆمسکی پێشکەشی کردن، نەك تەنیا بۆ زانستی زمان، بەڵکو بۆ زۆر زانستی تری وەك دەروونناسیی و کۆمەڵناسیی و فەلسەفە و ڕەگەزناسیی . ئەوەی خوێندنەوەیەك بۆ ئەوانەی کە زانایانی زمان و پسپۆران لە زانستی دەروونناسیی زمانەوانی بەشێوەیەکی تایبەتی لە چارەگی سەدەی ڕابردوودا و تا ئێستا پێشکەش کرد، بکات، دەبینێت گشت لێکۆڵینەوەکانیان لە گەردوونی(فلك)





ئەوانەی کە چۆمسکی پێشکەشی کرد دەسووڕێتەوە . لەوانەی هەوڵدەدەن بیردۆزەکانی بسەلمێنێت و پەرەی پێبدات — کە زۆرینەن — و ئەوانەی دیانەوێت لە لایەکی ترەوە ڕەتی بکاتەوە . هەروەها دەبینرێت کە گشت ئەو هەولانە ڕێبازی تاقیکەرەوە (ئەزموونگەری) نەك گفتوگۆی تیۆری وەرگرت .

ج — لێکۆڵینەوە زمانەوانییە کۆمەلأیەتییەکان :

بینیمان کە یەکەم قوتابخانەی زمانەوانی گرنگ لە سەدەی ئێستادا قوتابخانەی وەسفی شیکارییە، ئەم قوتابخانەیە یەکەی دەنگیی بە بچووکترین یەکەی زمانیی دانا و لە وەوە گەیشتە وشەکان کە لەو دەنگانە پێکدێت و، پاشان گەیشتە یەکەی گەورەتر کە ڕستەیە کە لەو وشانە پێکدێت لە کاتی گەڕانیدا لەوێ وەستا .

چۆمسکی دەستی بە ڕستە کرد کە گرنگترین یەکەی زمانییە و لەوێوە چوو بۆ ماناکان لە لایەك و بۆ دەنگەکان لەلایەکی تر، ئەوەی دوایی، واتا دەنگەکانی ڕستەی بەدوا دیاردە لە دیاردەکانی زمان دانا، لەبەر ئەوەی شێوەی دەرەکی بینراوی بەتەواوی لەپرۆسەی وشەدا بەکارهاتووە، لەسەر بنەمای ئەوەی بۆ پرۆسەی زۆرتر ئاکامی کۆتاییە . بەلأم لەهەمان کاتدا کە چۆمسکی بیردۆزەکانی دەرکرد، لێرەدا قوتابخانەی تر هەبوو کەلایەنی کۆمەلأیەتی زمانی وەرگرت و بایەخێکی تایبەتی پێدا . ئەمەش یەکێکە لەلایەنە گرنگەکان کە پێشەنگەکانی(رواد) ئەم سەدەیە لە زمانەوانەکانی وەك سۆسێر جەختیان لەسەر دەکرد و هاوەلأنی بلۆمفیڵد و قوتابخانەی وەسفی شیکاری فەرامۆشیان کردبوو، هەروەها چۆمسکی و هاوەڵەکانی لەسەر بنەمای ئەوەی لایەنێکە پەیوەندی بە وشەوە هەیە نەك بە زمان فەرامۆش کرد، کە کاریان دەکرد بۆ هەڵهێنجانی دەستوورەکانی . هاوەلأنی ئەم قوتابخانەیە کە دەکرێت ناوی قوتابخانەی زمانەوانی کۆمەلأیەتی لێ بنێین (کە لە لێکۆڵینەوەکانیاندا زانایانی زمان بەشداری تێدادەکەن، هەروەها زانایانی کۆمەڵناسیی و ڕەگەزناسیی و پسپۆرانی زانستی دەروونناسیی کۆمەلأیەتی بەشداری تێدا دەکەن) لەبڕی ئەوەی کە قوتابخانە زمانەوانییە پێشووەکان پێشکەشیان کرد لە هەوڵدانی هەڵهێنجانی ئەو دەستوورانەی کە پێکهێنانی ڕستەکان کۆنترۆڵ دەکات کەم ناکەنەوە و، ئەم لایەنە زمانەوانییە ڕەهایە فەرامۆش ناکەن، بەڵکو ئەوانە سوودی لێ

دەبینن، کەچی ئەوانە باوەڕیان وایە بەوەی،کە خاوەنی ئەو دوو قوتابخانەیە سەرەکییە بایەخیان بە پێکهاتەی ناوەوەی زمان دا بەشێوەیەکی زۆر لە پێویست، ئەوانیش لە هەمان کاتدا لایەنی بەکارهێنانی ڕاستەقینەی زمانیان لەچوارچێوەی کۆمەڵدا فەرامۆش کردبوو، بەوەی کە دەکرێت کۆمەڵ ئەو کۆت و بەندە(ضوابط و قیود) بسەپێنێتە سەر بەکارهێنەری ئەو زمانە، واتاش بەرەهەندە جیاوازییەکانییەوە ئەوەیە کە قسەکەر ئامانجێتی بۆ گەیاندنی بۆ تاکەکانی تری کۆمەڵی، هەروەها هەندێ لە لایەنگرانی ئەم قوتابخانەیە جەختیان لەسەر واتا کردەوە، دەستیان کرد بەشیکردنەوەی چەمکە گشتییەکان و تایبەتییەکان کە گشت مرۆڤێك لەهەر جێیەك بێت لەم جیهانەدا لەڕێی زمانەوە ئارەزووی دەربڕینی دەکات . پاشان هەستان بە لێکۆڵینەوەی ئەرکە گشتییەکان و تایبەتییەکان کە گشت پێکهاتەیەکی زمانیی دەیگەیەنێت (دەیکات) و لەوێوەش دەگەنە دۆزینەوەی داڕشتە و پێکهاتە زمانییەکان،کە دەکرێت لەناو چوارچێوەی گشت چەمکەکان یان واتا گشتییەکان گوزارشت لەو ئەرکانە بکەن . ئەوان ئەمە دەکەن لە بەکارهێنانی هەمان ڕێبازی زانستی،کە گشت لێکۆڵینەوەکان لەسەدەی ئێستادا جیادەکاتەوە، لەبەر ئەوە ئەوانە هەوڵدەدەن بگەن بەو دەستوورانە یان ڕێکخەرانە(الضوابط) کە بەکارهێنانی ڕاستەقینەی زمان لە کۆمەڵ و زانینی شتە گشتییەکانی ناوی کۆنترۆڵ دەکات، کە بەسەر کۆمەڵە جیاوازەکان و شتە تایبەتییەکانی کۆمەڵێکی دیاریکراودا جێبەجێ دەبێت لەگەڵ هەندێ جیاوازی زۆر کەم، یان گەورە لە کۆمەڵەکانی تردا.

بۆ ئەوەی وتەکانمان تایبەت نەبێت بەلایەنێکی نادیار بەشێوەیەکی ڕوون لێرەدا هەڵدەستین بەڕوونکردنەوەی و دەڵێین،کە زمان لە بۆشاییدا بەکار نایات، بەڵکو لێرەدا دوو بار هەیە کە بەکارهێنانی زمان کۆنترۆڵ دەکات، یەکەمیان سیاقی زمان خۆی کە وشەکان بەبێ بوونی ئەوە واتاکانی وەرناگرێت . ئەگەر تۆ دەست بە ڕستەیەکی خۆت کرد و وتت :

عەلی .....خوارد .

پێش ئەوەی ڕستەکە تەواو بکەی گوێگر ڕاستەوخۆ وا پێشبینی دەکات کە ڕستەکەت بەناوی جۆرێك لە جۆرەکانی خواردن تەواو بکات، بەڵام واتای ڕاستەقینەیی ئەوەی وترا لە وشەکان نایات تەنیا بەتەواوکردنی ڕستەکەنەبێت،






ئەگەر بەشێوەزاری میسری قسەی بکەیت بۆ نموونە و ڕستەکە بەم وتەیەت تەواو بکرێت :

عەلی لێدانی خوارد (اکل علی علقه)

لێرەدا پێشبینییەکەی گوێگر لەجێی خۆی نابێت و تێگەیشتنی لەاتای وشەی (خوارد – اکل) بەشێوەیەکی گەورە دەگۆڕدرێت، کە ماناکەی دەبێتە ((کارێکی خراپە بۆ عەلی کە لێی دراوە)) با سەیری ئەم ڕستەیەی خوارەوە بکەین – کە هەندێکیان بەزمانی پەتی عەرەبییە و هەندێکی تریان بەزمانی گشتییە(جولفه) – با ببینین کە چۆن فرمانی (خوارد – اکل) واتای جیاواز وەردەگرێت ئەویش بەهۆی هاتنی لە سیاقی زمانیی جیاوازدا :

– عەلی خواردنەکەی خوارد / اکل علی طعامه
– عەلی پارەی هەتیوەکەی خوارد / اکل علي مال اليتيم
– عەلی پەنجەی پەشیمانی خوارد / اکل علي اصابعه ندما
– عەلی لێدانێکی لەسەری خوارد / اکل علي ضربة علی راسه
– پێستەکەم یان سەرم خواردمی / اکلنی جلدی او راسی
– چەقۆکە گۆشتەکەی خوارد / اکلت السکین اللحم
– عەلی تەمەنی دەخوات / علي یاکل عمره
– عەلی گۆشتی خەڵکی دەخوات / علي یاکل لحوم الناس
– کەسێ لە ئێوە حەز دەکات گۆشتی براکەی بەمردوویی بخوات ((ایحب احدکم ان یأکل لحم اخیه میتا))(قرآن کریم)
– عەلی لێدانی خوارد / اکل علي علقه
– عەلی هەوای خوارد / اکل علی هواء

(لەتوانای خوێنەردا هەیە کە شتی زۆر تر بخاتە سەر ئەم ڕستانە) .

کەواتە لێرەدا سیاقی زمانیی ( Verbal Context) هەیە، کە واتای وشەکان دیاری دەکات کە بێ بوونی ئەوەش ئەوە ناکرێت، بەڵام لێرەدا هەڵبژاردەی تر هەیە ئەویش هەڵوێست، یان ئەو بۆنەیەیە کە قسەی تێدا دەکرێت و زمانەوانەکانی عەرەب دەستەواژەی شوێنیان (مقام) پێ وتووە کە دەڵێن ((بۆ هەمووشوێنێك وتەی تایبەتی خۆی هەیە / لکل مقام مقال)) ئەمەش بەشێوەیەکی زۆرکار دەکاتە سەر واتای گشت ڕستەکە .

ڕەگەزەکانی ئەم شوێنەش زۆرن، یەکەمیان قسەکەر خۆیەتی : ئایا نێرە یان مێیە؟ بچووکە لەتەمەن یان گەورەیە؟ یەکێکە یان دوو یان کۆمەڵێکە یان جەماوەر؟ ڕەگەزەکەی و ئاینەکەی و

شێوەی دەرەوەی و ئاوازی دەنگی و پێگەی کۆمەڵایەتی و چەندین خەسڵەتی تر کە جیای دەکاتەوە لەکەسانی تر چییە؟ ئەمەش هەروەها جێبەجێ دەبێتە سەر گوێگر و لەگەڵ ئەوەشدا لە پەیوەندی بەقسەکەرەوە لەڕووی خزمایەتی یان هاوڕێیەتی یان ناسیارییەکی سەرپێیی یان نەناسینەوە، یان گوێ پێنەدان یان دژایەتی یان بنکەی کۆمەڵایەتی یان دارایی یان سیاسی ...تاد، پێکدێت .

هەروەها لەڕەگەزەکانی شوێن بابەتی قسەکردن و لە چ کەشێك و لە چ شوێنێك و چ کاتێکدا دەوترێت ؟ چۆن دەوترێت و بۆ دەوترێت، چەندین ڕەگەزی تری زۆر،کە هەریەکەیان کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر چۆنێتی وتنی وشەکان و پێکهێنانی و واتاکانی و ئەنجامی وتنی دەبێت .

ئا ئەمەیە ڕووداوەکانی قوتابخانەی زمانەوانی، یان بڵێین زمانەوانی کۆمەڵایەتی،کە بەچالاکی و بێ ماندووبوون بۆ وڵامدانەوەی پرسیارە گرنگەکە کار دەکات ((زمان لە کۆمەڵە جیاوازەکاندا چۆن کار دەکات؟)) ئەویش ئەو قوتابخانەیەیە کە دیارە توێژینەوە و لێکۆڵینەوەکانیان لەوەی ماوەتەوە لەم سەدەیەدا باودەبێت . لەگەڵ ئەوەی ئەو قوتابخانەیە لەو چوارچێوەدایە، کە هەوڵدەدات ناوەرۆکی بیرەکانی بەدەرکەوێت، لەبەر ئەوە بەوردی لەم کتێبەدا باسی ناکەین .

لەم بەشەدا جۆرێتی لێکۆڵینەوەکان و گرنگترین ئاراستەکان لە توێژینەوە زمانەوانییەکان کە زاڵبوو و تا ئێستاش لەسەر کەشی گشتی لە سەدەی ئێستادا زاڵبووە، پیشاندا، هەروەها ڕێبازی گشتی ئەو توێژینەوانەمان ڕوونکردەوە، کە ئەو لێکۆڵینەوانە وەریان گرت، هەروەها بیرۆکەیەکی خێرامان لەسەر چەندێتی بڵاوی و چوونە ناویەکی ئەو توێژینەوە زمانەوانیانەی کە گەیشتوون پێی پیشان داوە .

پێش ئەوەی بچینە سەر باسەکانی بەشەکەی تر، کە لە سروشتی زمان دەکۆڵێتەوە، دەبینین پێویستە لەسەرمان ئەوەی مەبەستمان بوو لەوەی کە وتمان، ڕێبازی لێکۆڵینەوە لەسەدەی ئێستادا ڕێبازێکی زانستی بوو،ڕوون بکەینەوە، ئەویش بەتێڕوانین بۆ مەیلێکی ئاوەزی کە لە چارەگی سێیەمی ئەم سەدەیەدا دەرکەوت، با ببنین کە ئایا قسەکردنمان لەبارەی ڕێبازی زانستیەوە بریتییە لێی، ئەگەر بارەکە وانەبوو، ئایا پێویستە لەو بنەمایانەی کە ڕێباز دیاری دەکات پاشەگەز ببینەوە، بەمەرجێ ئەو مەیلە نوێیە لەخۆ بگرین؟ ئەمەیە کە هەوڵدەدەین لە لاپەڕەکانی تری ئەم بەشە باسی بکەین .

<u>٦- ڕێبازی زانستی و ڕادەی جێبەجێبوونی لەسەر لێکۆڵینەوە زمانەوانییە نوێیەکان</u> :

بینیمان کە چۆن قوتابخانە زمانەوانییە وەسفییە شیکارییەکە بەهەوڵدانێك،کە بریتییە لە کرۆك و گیانی سەردەم و وەرگرتنی شێوازی زانستییانە لە توێژینەوە و لێکۆڵینەوەدا، بۆ بەکارهێنانی لە وەسفی زمانەکاندا دەستی پێکرد، هەروەها بینیمان چۆن ئەوە لە بەکارهێنانی ڕێبازی زانستی لە لێکۆڵینەوەی دیاردەی زمان سەرکەوت و، چۆن ئەوە بووە هۆی ئەوەی کە دوورکەوێتەوە لە کرۆکەوە(جوهر)،کە ئەویش واتایە، هەروەها بووە هۆی لەدەستدانی لایەنێکی زۆر لەڕەسەنایەتی لێکۆڵینەوە زمانەوانە بەسوودەکان،کە دەکرێت ببێتە گەیشتن بۆ داڕشتنی بیردۆزەیەکی کامڵبووی بەستراو بۆ ڕێگەی کارکردن و تێکچڕژانی پێڕەوە زمانییە جیاوازەکان . پاشان بینیمان کە چۆن قوتابخانەی ڕێزمانی گوێزانەوە هات و ڕەگەزی واتا و پێڕەوی واتاکانی چۆن هێنایە کایەوە وەك یەکێ لەو بنەمایانەی،کە پێویستە بچێتە بواری هەر لێکۆڵینەوەیەکی زمانیی و، پشتی بەتوانستی خاوەن زمانە نەژادەکان بەست، لەسەر جیاکردنەوەی هەڵە لە ڕاستییەکان و ناسینەوەی خاڵە لێڵەکان لەهەندێ ڕستە و پێکهاتە لەڕێی <u>هەستی ناوەوەیان</u>،کە بە ئینگلیزی پێی دەڵێن ( intuition) و زانایانی سروشتناس بەڕەگەزێکی بابەتی دانانێن،کە بکرێت لە توێژینەوەی زانستی پشتی پێ ببەسترێت .

# هاوواتایی لە کرۆکەواتا و توێکڵەواتادا

**شێروان حوسین خۆشناو**

**پێشەکی:**

ئـەم کورتـە لێکۆڵینەوەیـە بـە ناونیـشانی (هاوواتایی لە کرۆکەواتاو توێکڵەواتادا) کە لێکۆڵینەوەیەکی واتاسازییە بەشێوەیەکی پراکتیکـی‌و لـە چوارچـێوەی کێڵگـەی فەرهـەنگی تایبەتـەوە ئـەنجام دراوەو لـە ڕێیـەوە چـەندین ڕاسـتی کلتـووری‌و دونیابینی خاوەن زمـان دەردەخـات، لـەم نێوەندەشـدا، شـیکردنەوەی پەیوەندییـە واتاییـەکانی وەکـو هاوواتـایی‌و دژواتـایی‌و فرەواتـایی‌و ........هتـد. وەبەرچـاو گـیراوە، کـە بـەپێی ئـەم ڕێبـازە زیـاتر پەیوەندییەکەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە.

لـەم کورتـە لێکۆڵینەوەیـەدا، کـە لـە دوو پـارە پێـك هـاتووە، بـە شـێوەیەکی پراکتیکی هەردوو کێڵگەیی واتای قـەوارەو وشـەکانی ژن‌و مێردایـەتی وەرگـیراوە، لـە چوارچـێوەیاندا پەیوەنـدی هاوواتـایی شیکراونەوتەوە.

پاری یەکەم، هەریەك لـە کرۆکـەواتاو توێکڵـەواتاو هاوواتـایی خراونەتـەڕوو، بـە پـشت بەسـتن بەچـەند سەرچـاوەیەك، چـەمکی هەریەکـەیان ڕوونکراوەتـەوە. پـارەی دووەم ئـەم دوو کێڵگـە واتاییـە شـیکراونەتەوەو هاوواتـایی هەریەکـەیان بـەپێی بـەکارهێنان لـە دروسـتەی مۆرفۆلـۆژی‌و سیتاکـسییەکاندا پیـشاندراوە. ئەمـەش بۆمـان ڕوون دەکاتـەوە کـە هاوواتـایی لـە توێکڵـەواتادا جیـاوازە لـە هاوواتـایی لـە کرۆکـەواتا. پێویـستە بەشـێوەیەکی تایبـەت بـۆی بڕوانرێـت، ئەمـە بـۆ هـەموو پەیوەندییـە واتاییـەکانی دیکـەش بەهـەمان شـێوە دەبێـت. لێکۆلێنەوەکـەش بـە پوختـەو چەند ئەنجامێك کۆتایی هاتووە.

١–١:

**کرۆکەواتا denotativemeaning:**

بـە نـاوکی واتـای وشـە دادەنرێـت (محەمەدی مـەحوی: ٢٠٠٩ب٢: ١٨١)و کـە واتایـەکی سـەرەکی‌و لـە بەکارهێنانـدا بەشێوەکی گشتی نەگۆڕو بڵاوە، خـاوەنی چـەند نیـشانەیەکی فەرهەنگییـە، هـەر وشەیەك لەفەرهەنگدا بە کرۆکـەواتا تۆمـار دەکرێـت. کـە بـەواتای ڕاسـتەقینە دادەنرێت‌و لەئەنجامی کۆی نیشانەکانەوە دروست دەبێت.

ئەم جۆرەی واتایە بە یـەکێك لـە واتـا بنجی‌و سەرەکیەکانی واتاسازی زمانەوانی دادەنرێت بەرامبەر توێکڵە واتا، بەو جۆرە دەگوترێت کە ئاماژە بە پەیوەنـدی نێـوان هەر دانەکی زمانی بە تایبەتی وشە لەگـەڵ ئاماژەپێکراوە نازمانییـەکان دەدات. هـەر لەسـەر ئـەو بنەمایـە دەتـوانین بەرامبـەر واتـای ئامـاژەیی دابنرێـت. لـەم بابەتـەوە دەتـوانین نموونـەی وشـەی (مانگـا) وەربگرین کە لـەجیهانی دەرەوەدا ئامـاژە بـە شـتێك دەکـات، کـە گیانلەبـەرێکی چـوارپێی شـیردەرە.(کـورش صـفوی: ١٣٨٤: ١٠٧) بەم کرۆکەواتای ئەم وشـەیە بەم شێوە دیاری دەکرێت:

مانگـا {+ گیانلەبـەر + چـوارپێ +مـێ+ شیردەر}

هەر بەم پێیە ئەگـەر هـەر وشـەیەکی فەرهەنگی وەربگرین خاوەنی کرۆکـەواتای خۆیـەتی، دەکرێـت لـە ڕێگـەی نیـشانە واتاییـەکانی‌و دەسـت لەسـەر کرۆکـە واتاکەی دابنرێت، بەنموونە:

ژن {+مرۆڤ + مێ +هەراش }

پیاو {+ مرۆڤ — مێ + هەراش}

توێکڵەواتا واتایەکی پەسنکەرانەییە،

پلەداری پەیوەندییەکانی بەستراوەتەوە بەو بەشەی کە ناونراوە >>ناوەڕۆک<< ئەمە بەتایبەتی لە دژواتایی دەبینرێت، چونکە لە پەیوەندییە واتاییەدا وشەکان ناوەڕۆکو توێکڵە واتاکانییان دژ دەوەستن. هەروەك لە هەردوو وشەی (گەورە و بچووك) هەست پێدەکرێت.

ئەم جۆرە واتاییە بەو پەیوەندییە پێناسە دەکرێت کە لەنێوان وشەو ئەوەی دەیگەیێنێت یان ئاماژەی بۆ دەکات، کە شتێك بێت یان کەسێك بێت یان سیفەتێك یان ڕووداوێك، هەموو قسەپێکەرێکی زمان لەم جۆرە واتاییە تێدەگات، چونکە هاوبەشییەکی زۆر لەنیشانەکانیدا هەست پێدەکرێت لای هەمووان. بەنموونە وشەکانی وەکوو:

مێرد {+نێر +ژندار +هەراش}

هاوسەر {+− نێر +هەراش}

بەم پێیە کرۆکەواتا واتاییەکی فەرهەنگی کە لە ڕێگەی نیشانە فەرهەنگیەکانەوە دیاری دەکرێتو واتایەکی گشتو هاوبەشە.

**١−٢: توێکڵەواتا**

**connotative meaning:**

واتای کۆمەڵایەتی تاکەکەسو ئەو لایەنە زیادانەی واتان، کە سەرباری کرۆکەواتاکەن، بەواتای هەستییو هەستیارانەو واتای دیکەنو بە واتای بارکراو ناسراون. (محەمەدی مەحوی: ٢٠٠٩ب٢: ١٨١) بەم پێیە ئەم واتایە لەڕێگای نیشانە واتاییەکانەوە لە فەرهەنگدا تۆمارناکرێتو نیشانەکانی جێگیر نیین. بەڵکو زیادەیەکن دەخرێنە سەر کرۆکەواتا بەپێی باری کەسی تێڕوانینی کۆمەڵایەتی کلتووری. لەسەر بنەمای هەستە سۆزدارییەکانو مۆدێلە فەرهەنگییەکان بۆ کرۆکەواتا زیاد دەکرێت. بەنموونە هەمان ئەو وشەیەی کە بۆ کرۆکەواتا هێنامان (مانگا) دەتوانیین بۆ ئەم جۆرەی واتاش وەریبگرین، کە مانای (بێعەقڵیو ئەحمەقیو کەودەن) دێت. (کورش صفوی: ١٣٨٤: ١٠٧) ئەم واتایە لە ڕێگەی کۆمەڵو دابونەریتەوە دەدرێتە ئەم وشەیە.

مانگا {+بێعەقلی +کەودەن +ئەحمەق}

ئەو وشانەی کە دیوێکی توێکڵەواتایان هەیەو بۆ زمان−بەکارهێنان زۆر گرنگە. دەشێت ئەمە بەند بێت بە لایەنی کۆمەڵایەتییەوە، وەك لای چینەکانی سەرەوە، کە بەپێی شوێنو جێکەوتەی ڕامیارییان زۆرتر >>جوان−بەخش<< یان زۆرتر >>ناشیرین−بەخش<< توێکڵەواتایی/بەتوێکڵەواتاوە دەربڕینەکانیان دەردەبڕن دەشێت







تاکەکەسیش بێت. بە نموونە:

ژن {+ترسنۆکی +نەرمونیانی +دڵناسکی}

پیاو {+توندو توڕەی +هێزوبازوو}

ئەم جۆرە واتاییە سەربارێکە بۆ واتای بنجیی، سیفەتی چەسپاوییو گشتی لەخۆ ناگرێت، بە ڵکو بەپێی ڕۆشنبیریو کاتو شارەزایی دەگۆڕێت. کە ئەمەش لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر گۆڕانی بەسەردا دێت. وەکو:

گەورە {+سەرکردە +هێزو دەستەڵات}

بچووك {+ژێردەست +خزمەتکردن}

قەبە {+ناشیرینی}

وردیلە {+جوانی +ناسکی}

بەم پێیە توێکڵەواتا واتاییەکی سەرباری زیادەیە کە کۆمەڵ دەیخاتە سەر کرۆکە واتاو واتایەکی ناجێگرو گۆڕاوە مەرج نییە لای هەموو قسەپێکەرانی زمانەکە وەکو یەكو بەیەك چەشن بێت. هەروەها فێربوون تێگەیشتن لەم واتاییە پەیوەستە بەئەزموونو شارەزایی کارێکی ئاسان نییە.

**١−٣: هاوواتایی synonymy:**

>>هاوواتایی<< ئەو وشە فۆڕم جیاوازانە دەگرێتەوە، کە یەك واتایان هەیە(محەمەدی مەحوی: ٢٠٠٩ب٢: ١٠٩)، کەواتە ئەم دیاردەیە لە پەیوەندی نێوان فۆڕمو واتا وشەکان دەکۆڵێتەوە. بەڵام بیروڕای جیاواز لەبارەی چەمکی ئەم وشەیە هەیە، ئەوانەی کەپێیان وایە سینۆنیم نزیکییە لەواتادا، بەئاسانی بوونی دەسەلمێنن. بەڵام هەن دەڵێن یەکسانییە لەواتادا، ئەمەش وایان لێدەکات کە زۆرجار نکۆڵی لەبوونی بکەن، بەتایبەتی لەجۆری سینۆنیمی تەواودا، چونکە هیچ دوو یەکەیەکی واتایی نابینین، کە لەزماندا بەتەواوی وەك یەك بن. هەربۆیەش چەند جۆرێکی سینۆنیم لێکجیادەکەنەوە. لەوانەش هەندێکیان لەزماندا نین، کە ئەمەش جێی هەڵوەستەکردنە.

لەتێڕوانینماندا بۆ چەمکی سینۆنیم وای دەبینین، کە (دوو وشە یان زیاتر، کە واتایەکی زۆر نزیك لەیەکتریان هەبێتو بەزۆری نەك هەمیشە، بتوانن لەڕستەدا لەشوێنی یەکتر لە چەند شوێنێکی تایبەتدا بەکاربهێنرێن) ( Yule: ١٩٩٦: ١١٨) دەبن بەسینۆنیم. کەواتە لیکچوونی چەند وشەیەك لەواتادا سینۆنیمە. بەم پێیە نزیکیو لێکچوون لەواتادا دەمانگەیێنێتە چەمکی ڕاستەقینەی سینۆنیمو لەکۆمەڵێك ئەگەر دوورمان دەخاتەوە بەتایبەتی لەوەی، کە گومان لەهەندێك جۆری بکەین. هەروەها جیا لەم

دوو چەمکە بۆ سینۆنیم، بەجۆرێکی دیکە پێناسە دەکرێت بەوەی، کە وشەیەك هاوشێوەی تری لەڕووی واتاوە، هەرلەو زماندا هەبێت. واتە پێوەرێکی دیکە بۆ دیاریکردنی سینۆنیم هاوشێوەبوونە. لەدیاریکردنی چەمکی سینۆنیمدا ئەوە لەبەرچاودەگرین، کە (پێوانەی گونجاو بۆ ناسینی سینۆنیم ((لێکچوونی واتایی))یە، نەك ((یەکسانیی واتایی)).) (میترا معدنی: ١٣٨٣: ١٠٩) چونکە یەکسانیی واتایی هێندە سنوورەکەی تەسك دەکاتەوە، بەشێوەیەك کە زۆرجار گومان لەبوونی بکرێت. لەبەر تیشکی بیروبۆچوونی ئەم زمانەوانەی سەرەوەدا، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە سینۆنیم یەکسانی لەواتادا نییە، بەڵکو لێکچوون‌و نزیکییە لەواتادا.(شیروان حسین حمد:٢٠١٠: ١٥)

وشە لە هەموو گوتنێکدا لەبری یەکتری نایەن، بەڵام ئەگەر لە جێگەی یەکتری بەکارهێنران، ئەوا کۆمەڵێك مەرج ڕەچاودەکرێت‌و ڕەچاوی هەندێ قەید دەکرێت. وەکو:

– گەورە، زل، زەبەلاح، کەتە، مەزن، چوارشانە، گوندە، بەخۆوە........

هەریەك لەم وشانە هاوواتان بەڵام لە هەموو گوتنێکدا لەبری یەکتری نایەن، هەریەکەیان پەیوەستە بە بارێکی تایبەت، بالەم نموونانە وردبینەوە:

گەورەکان ، *کەتەکان ،

گەورەیی، *کەتەیی، *زلی

قسەزل، سەرزل، *قسەکەتە، *سەرکەتە

دێوێکی زەبەلاح، *دێوێکی چوارشانە

وشە هاوواتاکان پێویستە هەمان کۆمەڵە نیشانەی سیمانتیکییان هەبێت. (محەمەدی مەحوی:٢٠٠٩:ب٢: ٥٥) بەڵام ئەگەر ئەم مەرجەیان تێدا نەبوو ئەوا نابن بە هاوواتای تەواو و ناتوانرێت لەهەموو دەوروبەرێکدا لەبری یەکتری بەکاربهێنرێن، وەك لە نموونەکانی سەرەوە بۆمان دەرکەوت. چونکە مانەوەی دوو وشە بەیەك واتا یەکێکیان سیمایەکی زیادە وەردەگرێت.

هاوواتایی وەنەبێت تەنیا لەچەارچێوەی وشەدا بێت، بەڵام لەبەرئەوەی ئێمە کار لەسەر دوو کێڵگەی واتایی وشە دەکەین بۆیە تەنیا لەچوارچێوەی وشەدا باسی دەکەین‌و نموونەکان بەرجەستە دەکەین.

٢– کرۆکەواتاو توێکڵەواتا لە هاوواتاییدا :

لە پارەی پێشتردا زانیمان کە کرۆکەواتاو توێکڵەواتا هاواتایی چین. لە پارەیەدا هەوڵ دەدەین، هاوواتایی لەچوارچێوەی ئەم دوو جۆرە واتایە دەستنیشان بکەین.چونکە ئەو





لێکسیمانەی بە کرۆکەواتا هاوواتان، بە توێکڵەواتا یان لە بەجێهێنانی ئەرکی ئیشارییاندا لەیەك جیاو جیاوازن.(محەمەدی مەحوی:٢٠٠٩: ب٢: ٥٨) بەوپێیە مەرج نییە دوو وشەی هاوواتا هەمان واتای بارکراو زیادەکراویان وەك یەك بێت، لەوانە دیالێکتیبن لەنێوان چەند زارێکدا بن، وەکو:

>>گەورە، مەزن<<

>>پیاو، مێر <<

یان ئەشێ دەڤەریبن وەکو:

>>مێرد، ژن<<

یان سەر بە زمانی جیاجیا بن، وەکو:

>> زەواج کردن، هاوسەرگری<<

یان هەریەك لە وشەکان جۆرێك لە نیشانەی ئایدۆلۆژیان پێوە دیارە، وەکو:

>>خانم، مادام، ژن، <<

لێرەوە هەوڵدەدەین شیکردنەوەیەکی وردی هەردوو کێڵگەی واتایی وشەکانی (ژن‌ومێردایەتی) و (قەوارە) بەوردی بەپێی بەکارهێنانی جیاجیاو دەستنیشانکردنی نیشانە فەرهەنگیەکان لەکرۆکەواتاو توێکڵەواتا هاوواتایی دیاریبکەین.

٢–١: کێڵگەی واتایی وشەکانی قەوارە:

لەم کێڵگەیەدا تەنیا وشەکانی >>گەورە<<، >>بچووك<< لەگەڵ هەریەك لە هاوواتاکانیان وەردەگرین‌و نیشانە فەرهەنگییەکانی دەخەینە ڕوو، لە بەکارهێنانی جیاجیادا پیشانیان دەدەن.

>>گەورە، زل، زەبەلاح، مەزن، کەتە، چوارشانە، بەخۆوە<<

لەم وشە هاوواتایانەدا واپێدەچێت کە چەمکی (گەورە) لە هەموویاندا هەیە، ئەگەر وەکو نیشانەیەکی فەرهەنگی وەریبگرین، کە کرۆکەواتاکەیەتی، بەڵام لەئەنجامی بەکارهێنان‌و توێکڵەواتای تری وەرگرتووە، ئەگەر لەم بەکارهێنانە جیاجیانە بڕوانین:

گەورە:

– خانوویەکی گەورە، کتێبێکی گەورە، باخچەیەکی گەورە...........

لە هەریەکەیاندا نیشانەی {+قەبارە}هەیە.

– گەورەی ماڵ، گەورەی وڵات، گەورەی ئاوایی، براگەورەی گوند، گەورەم.....

لە هەریەکەیاندا {+دەستەڵات‌و هێز}هەیە.

مەزن:

– خوای مەزن، مرۆیێ مەزن، {دەستەڵات‌و هێز}

– شورەی مەزنی چین، مەزن‌ومناڵ {+قەبارە +تەمەن}

زل:

– قسەزل، سەرزل، کەلەزل، زلو زەبەلاح
{+نەرێتی +ناشیرینی

زەبەلاح:

– کەشتیەکی زەبەلاح، ئەژدیهایەکی زەبەلاح دێوێکی زەبەلاح

واتای ئەم وشەیە بەمانای زۆر گەورە دێت، واتە لەسەرووی گەورەوەیە، واتای کەشتییەکی زەبەلاح ≠ کەشتیەکی گەورە نیشانەیەکی تری فەرهەنگی ئەم وشەیە {+ ترسناکی}یە.

قەبە: تەنیا بۆ شتی مادی بەکاردێت، وەکو:

مێزێکی قەبە، ئوتومبیلێکی قەبە

چوارشانە: تەنیا لەگەڵ مرۆڤدا بەکاردێت، بەتایبەتی ڕەگەزی نێر، وەکو:

پیاوێکی چوارشانە، کوڕێکی چوارشانە

*ژنێکی چوارشانە، *کچێکی چوارشانە، *خانوێکی چوارشانە

بەخۆوە: بەکارهێنانی بەزۆری لەگەڵ ناوی مرۆڤدا دەبێت، وەکو:

ژنێکی بەخۆوە بوو، پیاوێکی بەخۆوە بوو.

*خانوویەکی بەخۆوە بوو.

لەبەرامبەر وشەی >>گەورە<< وشەیەکی واتادژی هەیە کە >>بچووک<<، ئەم وشەیەش چەندین هاوواتای هەیە، لەوانە:

>>بچووک، گچکە، ورد، وردیلە، بچکۆلە<<

بچووک: کە نیشانەی سەرەکیو توێکڵەواتاکەی بە مانای (قەبارە) دێت، وەکو:

خانووی بچووک، منداڵی بچووک، لادێیەکی بچووک

*خانووی ورد، *منداڵی ورد، *لادێیەکی ورد

بەم پێیە ئەو بچووکیو قەبارەی لە بچووک هەیە، هەر ئەوە نییە کە لە (ورد)دا هەیە، بەڵام هەمان واتای (بچووک) لە (گچکە)دا هەیە، تەنیا جیاوازی لە ناوچەییو دەڤەری بەکارهێنانیاندا هەیە، وەکو:

خانووی گچکە، منداڵی گچکە، لادێیەکی گچکە

هەروەها دەکرێت لەچەند نموونەیەکدا، وەکو (گەورە) نیشانەی {+بێدەستەڵاتیو بچووکی} پیشان دەدات، وەکو:

بچووکیتان دەکەم، بچووکی ئێوەم، گەورەئاوبڕێژی گچکە پێی لێدەخشێنێ.

ورد: چەمکی بچووکی لەم وشەیەدا هەیە، بەڵام لەگەڵ شتێکدا بەکاردێت کە خۆی لەسروستدا بچووکو وردە، وەکو:

زیخی ورد، شەکری وردە، پارەی وردە، وردە بەفر.





*زیخی بچووک *شەکری بچووک، *پارەی بچووک، *بچووکە بەفر.

بەڵام کە دەوترێت (مناڵە ورتکە) نیشانەی {+خراپی} وەردەگرێ.

وردیلە: نیشانەی {+ناسکی +جوانی} دەگەێنێت، وەکو:

کچەوردیلە، منداڵەوردیلەکان.

بچکۆلە: نیشانەی {+ناسکی +جوانی} دەگەێنێت، وەکو:

کوڕە بچکۆلەکە،ماڵێکی بچکۆلانە........

لە هەردوو وشەی (وردیلە)و (بچکۆلە) هەمان نیشانەی واتای هەن، بەڵام ناتوانرێت یەک بەکارهێنانی نەگۆڕیان بدرێتێ.

خانوویەکی بچکۆلانە

* خانوویەکی وردیلە

بەپێی ئەو شیکردنەوەیە دەردەکەوێت، کە ئەم وشانە هەندێکیان لە کرۆکەواتادا دەبن بە هاوواتاو هەندێکیان لەتوێکڵە واتادا هاوواتای یەکترن. سەرباری ئەمانەش وشەکان بەکارهێنانو دەوروبەری جیاجیای هەیە.

**٢–٢: کێڵگەی واتایی وشەکانی ژنو مێردایەتی:**

مەبەست لە وشەکانی ئەم کێڵگە واتاییە ئەوانەن، وەکو ناو بۆ پیاو و ژن بەرامبەر یەکتری بەکاردێنن، لە دوای پرۆسەی هاوسەرگیری. کە هەندێکیان لە کرۆکەواتادا وەکویەکن، هەنێکی تریان، لە توێکڵەواتادا دەبنە هاوواتا. ئەگەر تەماشای ئەم وشانە بکەین:

پیاو١ (مرۆڤ)

پیاو٢ (ژن)

پیاو٣ (مێرد، شوو، زەلام، هاوسەر، پیاو، باوکی منداڵان، هەڤژین)

بۆ ژن ئەمانە هەن: ژن، منداڵ، خێزان، ئافرەت، مادام، حورمێ، هاوسەر، دایکی منداڵان، هەڤژین.

پیاو١ بەواتای مرۆڤ بەشێوەیەکی گشتی دێت، کە هەردوو ڕەگەز دەگرێتەوە، لای هەردوکیان بەکاردێت، نیشانەی {–+نێر}وەردەگرێت قسەکەر چ ژن بێت، یان پیاو. هەمان فۆڕم بەکاردێنێت.

پیاو نازانێ چبکا ! !

پیاو سەری لێ سوڕماوە ! !

پیاو بەدەست خۆی نییە، تووڕە دەبێت.

پیاوانە وەڵامی دایەوە ! !

پیاو٢ بەواتای ڕەگەزی نێر دێت کە نیشانەی {+نێر} لەبەرامبەریدا وشەی (ژن) هەیە کە مەبەست لێی ڕەگەزی مێیە، وەکو:

پیاوەکان لەمزگەوت نوێژیان دەکرد.

دوو پیاو لەوبەر ڕووبارەکە وەستابوون.

جلوبەرگی پیاوان.

زۆرجار وشەی پیاو بەمانای پاسەوان خزمەتکاریش دێت، شوێکەوتەیی دێت، کە لێرەشدا سیمایەکی تر وەردەگرێ کە {+خزمەتکارو شوێکەوتەیی} دەبێت.

وەکو:

پیاوەکانی ئاغا

پیاوەکانی دەوڵەت

تا مرد، نەبووە پیاوی کەس.

بۆ ئەم نموونەیە شاعیر گەورە قانیع دەڵێ:

ئەوی لە دونیا لەتێ نانی بوو
کەلاوە کۆنێ جێو ئاشیانی بوو
پیاوی کەس نەبو، کەسی پیاو نەبوو
هەر ئەو ژیا، هەر ئەو ژیانی بوو

پیاو٣ بەواتای مێرو هاوسەر دێت، کە بەهەمان شێوە لە ڕەگەزی بەرامبەریدا ژن، خێزان، هاوسەر هەیە، لەم واتایەشیدا نیشانەی {+نێر} تێدایە، بەڵام دەبێت نیشانەیەکی تری هەبێت کە {+خێزاندار} واتە پیاو٢ دەبێت بە پرۆسەی هاوسەرگیریدا تێپەڕێت ئینجا دەبێتە پیاو٣. وەکو:

پیاوەکەت لەماڵە؟

پیاوەکەم هەموو ڕۆژێ دەچێتە کار.

پیاوەکە ئێوارە بەدواما وەرە.

پیاوەکەی من لە شارەوانی فەرمانبەرە.

ئێمە هەوڵدەدەین ئەم واتایە وشەی (پیاو)و هاوواتاکانی وەربگرین، لەگەڵ (ژن) بەهەمان واتا، کە بۆ هەردووکیان گونجاوە نیشانەی {+هاوسەر} دابنێین.

>>پیاو، شوو، زەلام، هاوسەر، باوکی منداڵان، مێرد، هەڤژین<<

>>ژن، منداڵ، خێزان، هاوسەر، ئافرەت، مادام، حورمێ، دایکی منداڵان، هەڤژین<<

ئەگەر لە بەکارهێنانی هاوواتاکانی (ژن) بڕوانیین، دەبینین کەهەندێکیان بواری جێگۆڕکێی یەکتری نادەن، هەموویان هاوواتای تەواو نین، بەزۆری لە کرۆکەواتا دەبنە هاوواتاو توێکڵەواتاو نیشانە فەرهەنگییەکانیان جیاوازن، ئەمەش لەنێو دروستە مۆرفۆلۆژیو دروستە سینتاکسیەکاندا بەتەواوی دەدردەکەوێت، وەکو:

ژن هێنان، *ئافرەت هێنان

براکەم ژن دێنێت. *براکەم ئافرەت/منداڵ/کچ دێنێت.

شووکردن، مێردکردن، *هاوسەرکردن

کچ بەشوودان، کچ بەمێردان، *کچ





بەهاوسەردان، *ژن بەشوودان

>>بەشوودان<< بە واتای میتافۆری بەکاردەهێنرێت کە واتای (دەستبڕین) بەکاردێت، کە بۆ ژنو پیاویش بەکاردێت. کە دەوترێت بەشوویان داوە، واتە (دەستیان بڕیوە).

مێردکردنەوە، شووکردنەوە *پیاوکردنەوە

ژن خواستن، کچی کێتان خواستووە؟

خێزاندار(بۆ کەسێك کە ژنی هەبێت)، *ئافرەتدار، *ژندار، *منداڵدار.

خاوەن ژنوماڵ، (ژن پێش ماڵ دەخرێت، چونکە ژن بەکۆڵکەی ماڵ دادەنرێتو بەبێ ژن ماڵ نابێت)*خاوەن خێزانوماڵ.

>>دایکی منداڵان<<، لەلایەن پیاوەوە دەوترێت، هاوواتایەکی وشەی هاوسەرە، لێرەدا دایکایەتی بەچەق وەردەگیرێتو ئەمە بەلای قسەکەرەوە گرنگە، کە دایکی منداڵەکانێتی. وەکو:

دایکی منداڵەکان لەماڵ نییە.

بە دایکی منداڵەکان دەڵێم، سەرێکتان لێدا.

زۆرجار لەم ناونانەدا ناوی یەکێك لەمنداڵەکان (بەتایبەتی نۆبەرە) شوێنی وشەی (منداڵان) دەگرێتەوە، دەوترێت:

دایکی حەمە، دایکی ئازاد، دایکی پەری.........

هەمان وشەش بۆ پیاو هەیە کە لەلایەن ئافرەتەوە دەوترێت >>باوکی منداڵان<< کە هەمان تێڕوانین، هەیە بۆ ناونانو (باوکایەتی) بەگرنگ دەبینرێت.

وەکو:

باوکی منداڵەکان چووە بۆ بازاڕ.

ئێوارە باوکی منداڵەکان دەگەڕێتەوە.

بەهەمان شێوە دەکرێت لێرەشدا، وشەی (منداڵ) لابرێتو لەجێگەیدا ناوی یەکێك لەمنداڵەکان بەتایبەتی (نۆبەرە) دابنرێت، وەکو:

باوکی ڕێبوار، باوکی حەمە، باوکی ئەحە.

>>ژن<< لەوپەڕی نزمی پلەی ڕێزدایەدا بەزۆریش لەجنێو داندان ئەم وشەیە بەکاردێت، زۆرجار وەکو واتایەکی خراپو نێگەتیف بەکاردێت،

وەکو ژنەکیش حیسابی بۆ ناکەم.

بە ژنی خۆشی دانانێم.

بۆیە کاتێکیش ئەم وشەیە لەجیاتی >>هاوسەر – ڕەگەزی مێ<< بەکارهات، ئەوا لەوپەڕی نزمی پلەی ڕێزدایە، لەلایەن کەسانێك بەکاردێت کە نەخوێندەوارنو ئاستی ڕۆشنبیرییان نزمەو بەکارهێنانی کەم بووەتەوە، وەکو:

ژنەکەی زۆر قسەدەکات.

ژنەکەی لە کۆڵان دانیشتووە.

ژن بەژنە، *کچ بەکچ، *ئافرەت بە ئافرەت
ژنو ژنخوازی *ئافرەتو ئافرەتخوازی، *ژنو ئافرەت خوازی.
خاوخێزان، *خاوئافرەت
ماڵو منداڵ چۆنن، *ماڵو ئافرەت چۆنن، *ماڵو ژن چۆنن.
ژنو مێردایەتی وەها نابێ، *ژنو پیاوەتی وەها نابێ.
هاوسەرگیری، *پیاوگیری *مێردگیری، *ژن گیری، *ئافرەت گیری.

نەگونجانی هەریەك لەمانە دەگەڕێتەوە بۆ چەمکی وشەی (هاوسەر) کە هاوبەشە لەنێوان ژنو پیاودا هەردوو چەمکی مێردکردنو ژنهێنانی تێدا تواوەتەوە.

ژن مردوو، *ئافرەت مردوو
ژنانە، ئافرەتانە، ≠ منداڵانە
ژنانی، *ئافرەتانی
ژنوژاڵ، *ئافرەتو ژاڵ، *منداڵوژاڵ.
مەلاژن، *مەلائافرەت
حاجی ژن، *حاجی ئافرەت
شاژن، *شائافرەت.

مادام: ئەم وشەیە لەلایەن چینێکی تایبەت بەکاردێتو پلەی ڕێز تێدا بەرزەو زیاتر لەزمانی فەرمیدا بەکاردێت، تەنیا هاوسەر دەگرێتەوە، بێ منداڵ، وەکو:
لەگەڵ مادام سەرێکمان لێبدەن،
مادام لەماڵ نییە؟

حورمێ: ئەم وشەیە لە بەکارهێنانیدا زۆر کەمە لە هەندێ چیرۆكو حیکایەتی فۆلکلۆریو میللیدا دەبینرێت، کە تەنها بۆ بانگ کردنی ژن لەلایەن پیاوەکەیەوە بەکارهاتووە، وەکو:
کابرا گوتی:
– حورمێ، تۆ خوری ڕێس نیت.
– حورمێ، خەوم دێ، جێم بۆ ڕاخە!
– حورمێ، بەیانی دەچمە ماڵی عاتیف پاشا ئەڵماسێکیان پێدەفرۆشم.

هاوسەر/هەڤژین: ئەم وشەیە دوولایەنە بۆ ژنو پیاو بەکاردێت، پلەی ڕێز تێیدا بەرزە، لەلایەن ئەوانەوە بەکاردێت، کە ئاستی ڕۆشنبیریان بەرزەو هاوسەنگیو یەکسانی لەنێوان هەردوکیاندا پێشان دەدات. بەنمونە ئەم ڕستە بۆ هەردوکیان ڕێگە پێدراوە:
هاوسەرەکەم مامۆستایە.
هەڤژین لە کوردی کرمانجی ژوورو بەکاردەهێنرێتو هەمان چەپکە سیمای واتای (هاوسەر) کرمانجی خواروی هەیە، وەکو:
هەڤژینا من.

ئافرەت: نیشانەی واتای ئەم وشەیە ئەوەیە کە هەردوو وشەی (کچو ژن)





دەگرێتەوە، بۆ هەردووکیان بەکادێت، واتە دەشێت ئافرەت کچ بێتو دەشێ ژنیش بێت، بەواتایەکی تر شووی کردبێت یان نەیکردبێت، بەڵام ئەگەر سەرنج بدەینە زمانی کوردی وای دەبینین کە بەکارهێنانی کەمی هەیەو نوێیە.

ئەگەر تەماشای هاوواتاکانی >>پیاو<< بەواتای پیاو٣ بەهەمان شێوە هەندێکیان کرۆکەواتایان یەکە بەڵام توێکڵەواتایان جیاوازەو بەپێچەوانەوەشەوە.

مێرد: ئەم وشەیە وا پێدەچێت کە لە کرمانجی ژوورەوە هاتبێتە ناو دیالێکتەکانی تری زمانی کوردی، کە لە وشەی (مێر)ەوە وەرگیرابێت، کە لە هەندێ وشەدا دەبینرێت لەوانە:
مێرکوژ، مێرخاس........

لە دیالێکتی کرمانجی خواروودا بەهەمان فۆرم دەبینرێت لە وشەیەکی وەکو (مێرمناڵ)، بەڵام کە بەواتای هاوسەر بەکاردێت، نیشانەی {+هاوسەرداری} وەردەگرێت، بەڵام زیاتر پیاوسالاری تێدا دەبینرێتو لەلایەن چینێکی تایبەتەوە بەکاردێت، وەکو:
مێردەکەم کارناکات.
ژنومێرد، *ژنوپیاو، *ژنوهاوسەر، *ژنوشوو
لەگەڵ کاری >>کردن<< بۆ (مێردکردن) دروست دەکات، کە تەنیا بۆ هاوسەرگیری ئافرەت بەکاردێت.

پیاو: بەمانای هاوسەر بەکاردێت، ئەمەش زیاتر لایەنی پیاوسالاری تێدا دەبینرێت، کە مەبەستی پیشاندانی لایەنی سەرپەرشتی کردنو بەخێوکردنی ماڵو منداڵە، بەکارهێنانی کەم بۆ تەوە، چونکە هاوسەنگی نێوان ژنو پیاوی تێدا نییە، پلەی ڕێز تێدا کەمە، وەکو:
پیاوەکە چاوێکت لەو منالە بێ.
پیاوەکەی من لە کارگەیە.

دەکرێت هەریەکێك لەهاوواتاکانی دیکە، لەبەکارهێناندا، جێگەی بگرنەوە، وەکو:
پیاوەکەم/ مێردەکەم/ هاوسەرەکەم/ باوکی منداڵان لەماڵەوەیە.

زەلام: ئەمەش زیاتر لە کرمانجی ژوورووەوە هاتۆتە نێو دیالێکتەکانی تری زمانی کوردی، ئێستاش لەهەولێرو دەوروبەری بە هەموو پیاو٢ دەوترێت (زەلام)، وەکو:
دوو زەلام دانیشتوون./ دوو پیاو دانیشتوون.

بەڵام بە واتای (هاوسەر) لە بەکارهێنانێکی کەمدا دەبینرێت، بەتایبەتی لە ناوچەکانی سێلمانیو

دەورووبەری. وەکو:

زەلامیّ من

زەلامیّ تو

هاوسەر: کە بۆ پیاویش بەکاردێت، لەوپەری پلەی ڕێزدایە، یەکسانی نێوان ژنو پیاو پیشان دەدات، بۆیەش ئەمڕۆ دەبینین زۆرترین بەکارهێنانی هەیە چاو لە هاوواتاکانی تری، چ لە زمانی فەرمی نووسین بێت، یان زمانی قسەکردنی ئاسایی، بەتایبەتی لای چینی خوێندەوارو ڕۆشنبیر، وەکو:

هاوسەرەکەم لەماڵە.

هاوسەرەکەم ڕۆژنامە دەخوێنێتەوە.

باوکی منداڵان: ئەمەش لە لەلایەن چینێکی تایبەتی بەکاردێت، لە جیاتی هاوسەر، وەك لەپێشتر ڕوونمان کردەوە، کە لێرەدا (باوکبوون) گرنگەو بەچەقی ناونان دادەنرێت. وەکو:

باوکی منداڵەکان لە کارگە کاردەکات.

باوکی منداڵەکان لە زانکۆ نەهاتۆتەوە.

ئەو ناوەی کە بۆ پرۆسەکە دانراوە، لە بنەڕەتدا لە زمانی کوردیدا نەبووە، بەڵام یەکێك لەو وشانە وەرگیراوە کە هاوبەشە لە نێوان هەردوو ڕەگەزدا، واتە (ژنو پیاو)، بەڵام وەك دیارە لەبنەڕەتدا لەزمانی عەرەبییەوە وەرگیراوە:

زەواج کردن

شووکردن ژنهێنان

هاوسەرگیری

کەواتە لە ناونانی پرۆسەکەش گۆڕانی بەسەردا هاتووە، لە ناونانێکی تاك لایەنە بۆ هەریەك لە ژنو پیاو، بووە بەناوێکی هاوبەش بۆ هەردووکیان، کە ئەمڕۆ لە دادگاو شوێنە فەرمییەکاندا بەکاردێت. کە لەزمانی عەرەبییەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی.

پوختەو ئەنجام:

لەئەنجامی شیکردنەوەی ئەم دوو کێڵگە واتاییە، بەپێی کرۆکەواتاو توێکڵە دەگەینە ئەو ئەنجامانەی خوارەوە:

١- هاوواتایی بوون، بەپێی کرۆکەواتاو توێکڵەواتا جیاوازە، بەوەی کە هەر وشەیەکی هاوواتا لە چەند نیشانەیەکی واتایی وەکو یەکن، بەپێی بەکارهێنانیان نیشانەی جیاوازی واتاییان تێدا دروست دەبێت.

٢- ئەو وشە هاوواتایانەی لە توێکڵەواتادا جیا دەبنەوە، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو نیشانە جیاوازانەی کە لە بەکارهێناندا وەری دەگرێت.

٣- بوونی ژمارەیەکی زۆری وشەی هاوواتا لە کێڵگە قەوارەدا دەگەڕێتەوە بۆ بوونی کەرەستەی جیاجیاو ناچوونیەکیان لە قەبارەدا، هەریەك لەوشەکانی ئەم





کێڵگەیەش ئاوڵناون، هاوواتاش بەپلەی یەکەم لەناو ئاوڵناودا زۆرە.

٤- هاوواتابوونی وشەکانی کێڵگەی ژنو مێردایەتی بۆ هەریەکەیان پەیوەستە بەو کلتورو دابو نەریتەی کە لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا، هەیە، تاوەکو ئێستاش سڵ دەکرێتەوە لە بەکارهێنانی ناوی تایبەتی پیاو لەلایەن ژنەوەو بەپێچەوانەوەشەوە، ئەمەش لەبەر ڕێز یان شەرم بووە، بۆیە هەوڵدراوە ناوێکی تری بۆ دابنرێت، ئەمەش هاوواتای وشەکەی زیاتر کردووە.

٥- شیکردنەوەی کێڵگە واتاییەکان لە هەر زمانێکدا (بەنموونە زمانی کوردی) یارمەتیمان دەدات، لە دنیا بینی تاکی کوردیو تێڕوانینی بۆ مرۆڤ دەورووبەری، چۆنیەتی تێگەیشتنی لە خۆیو چوارچێوە کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی.........هتد.

**سەرچاوەکان:**

- محەمەدی مەحوی (٢٠٠٩)، زانستی هێما هێما، واتاو واتالێکدانەوە، چاپخانەی پێوەند، زانکۆی سلێمانی، بەرگی یەکەم، سلێمانی.
- محەمەدی مەحوی (٢٠٠٩)، زانستی هێما هێما، واتاو واتالێکدانەوە، چاپخانەی پێوەند، زانکۆی سلێمانی، بەرگی دووەم، سلێمانی.
- شیروان حسین حمد (٢٠١٠)، تێڕوانینێکی نوێ بۆ سینۆنیم لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلیژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
- کورش صفوی (١٣٨٤)، فرهنگ توصیفی معنی شناسی، چاپ اول، فرهنگ معاصر، تهران.
- میترا معدنی (١٣٨٣)، نگاهی اجمالی بەهم معنایی و درجات ان در زبان، مجلهو زبانشناسی، شماره اول، سال نوزدهم.
Yule, G. (١٩٩٦) The study of Language. ٢nd ed. Cambridge: Cambridge University Press.

# بۆچوونێک سەبارەت بە زمانەوانی کارەکی

## بەشی دووەم

و: نەوزاد حسن قادر

لە ئەنجامی هاتنە ئارای ئەو تیۆرانەوە، شێوازی وانە وتنەوەش پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیوە، لێرەدا جەخت لەسەر بەکارهێنانی زمان دەکرێتەوە لە پێناو دروستکردنی پەیوەندییەکی مانا بەخش (لیتڵ وود،١٩٨١). ئەو شێوازەش پابەند بوو بە پەیام و زمان پاراوی فێرخوازانەوە، نەك راستی و دروستی رستە ڕێزمانییەکان. فێرخوازان هەمیشە فێری زمان دەکران لەڕێگەی ئەو چالاکییانەوە کە گرفتەکانی ئەوانی چارەسەر دەکرد، وەهەروەها لە ڕێگەی ئەو کارانەی کە دەبووە هۆی بەدەستهێنانی زانیاری،وەك ڕاهێنانی بۆشایی زانیاری. لەو جۆرە ڕاهێنانەدا، خوێندکارێك زانیاری هەیە، بەلام خوێندکارەکەی تر نییەتی پاشان ئەوان لەڕێگەی گفت و گۆ کردنەوە ئەو زانیارییانە بەیەکتر دەبەخشن. بەواتایەکی تر، خوێندکاران پێویستە ئەو بابەتانەشیان فێربکرێت کە زمانەوانی نین، وەکو مێژوو یان سیاسەت. تیۆرەکە ئەوە





دەخاتە روو کە خوێندکاران بەهۆی بەکارهێنانی زمانی دووەمەوە ئەو زمانە فێر دەبن، بەبێ ئەوەی زانیاریان لەبارەی ئەو زمانەوە پێ بدرێت. بەپێی ڕێبازی پەیوەندی کردن، خوێندکاران پێویستە ناویان تۆماربکەن بۆ بەشداری کردنیان لە پرۆگرامەکانی فێربوونی زمان لە خوێندنگا سەرەتاییەکان یان ناوەندییەکان کە بابەتەکانیان تەنها بەزمانی دووەم پێشکەشی خوێندکاران دەکەن.

ئەنجامەکانی ئەو پرۆگرامە، کەلەسەرەتادا لە کەنەدا بەکارهات، بەلام ئێستا لە شوێنەکانی تریش بەکاردێت، ئەوەیان نیشان دا کە خوێندکاران بەباشی زمان پاراو دەبن لە بەکارهێنانی زمانی دووەمدا، وە پێشکەوتنی بەرچاو بەخۆیانەوە دەبینن. هەرچەندە لە ئەنجامی بەکارهێنانی ئەو ڕێبازەدا، خوێندکاران بە بەردەوامی هەڵەی ڕێزمانی ئەنجام دەدەن، تەنانەت دوای چەند ساڵێك خوێندنیش. بە واتایەکی تر، ڕێبازی پەیوەندی کردن یارمەتییەکی زۆری خوێندکاران دەدات کە زمانێکی پاراو فێر بن، بەلام سەرنجی جیاوازی ئاستی خوێندکاران نادات. هەرچەندە ئەو تەوژمەی کە بایەخ بە فۆرمی زمانەکە دەدات لە هەوڵی گێڕانەوەی ئەو شێوازە دایە بۆ ناو وانەکانی فێرکردنی زمان، بەلام لایەنە باشەکان و ئەنجامە باشەکانی ڕێبازی پەیوەندیکردن پشتگوێ ناخرێن.

بواری هەڵسەنگاندنی زمانیش، هەروەکو لایەنی فێرکاری زمان، ئەو پێشکەوتنەی بە خۆیەوە بینیوە. تاکو ساڵانی هەشتا، تاقیکردنەوەکانی زمان لەسەر سێ بنەمای سەرەکی هەڵدەسەنگێنران:

١. یاسایی/ ئایا تاقیکردنەوەکە پێوەرێك بووە بۆ ئەو کارەی کە پێویستە هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت؟

٢. متمانە پێکردن/ ئایا تاقیکردنەوەکە بەگشتی هەموو لایەنەکانی بابەتەکەی گرتووەتەوە؟

٣. کرداریی/ ئایا ئەو تاقیکردنەوەیە شێوازێکی کرداریی هەبووە بۆ پێدانی نمرە لە خولێکی فێرکاریدا؟

ئەو بنەمایانەش زیاد لە پێویست جەختیان لەسەر تاقیکردنەوە کردبوو، وە سەرنجێکی کەمیان بەو کاریگەرییانە دەدا کە ڕێبازەکە لەسەر بەکارهێنەرانی هەیەتی. مێسیك (١٩٨٩) لە لێکۆڵینەوە پڕ بە بایەخەکەیدا بەشێك لەو بنەمایانەی گۆڕی، نیشانی دا نابێت ئێمە ئەو تاقیکردنەوانە بەشەرعی یان ناشەرعی لەقەڵەم بدەین، ئەوەش بە هۆی ئەو هۆکارانەوەیە کە کاردەکەنە سەر تاقیکردنەوەکە. لەسەرەتادا پێویستە بزانین کە ئەو تاقیکردنەوەیە بۆ چ جۆرە

خوێندکارێك شیاوە؟ ئەو دەر ئەنجامانە چین کە لە تاقیکردنەوەکە بە دەست هاتوون؟ شێوازی تاقیکردنەوەکە چی کاریگەرییەکی کردووەتە سەر ئەنجامەکانی؟ چی جۆرە هۆکارێکی ئەرێ یان نەرێ هەبووە لە تاقیکردنەوەکەدا کە کاری کردووەتە سەر بەشداربووان؟ ئەمانە و زۆر شتی تر بە گشتی ئەو تاقیکردنەوانە وەکو هەڵسەنگاندنێکی تەواوی خوێندکاران تەماشا دەکرێن و ئەمانەی خوارەوە دەگرنەوە:

- بەشداربووان ( وەکو خوێندکاران، ئەوانەی نمرە دادەنێن، بەڕێوەبەر، بەرپرسی حکومی).
- مەرجەکانی تاقیکردنەوە (وەکو، ئایا هەموو خوێندکاران دەتوانن بە ئاسانی دەنگی تەسجیلەکە ببیستن؟)
- بەکارهێنانی نمرەکان ( ئایا ئەو نمرەیە بۆ شوێنە باڵاکان بەکاردێت وەکو زانکۆ یان بۆ شوێنە نزمەکان وەکو ژووری پۆل؟)
- سیفەتە گشتییەکانی تاقیکردنەوە (وەکو ئایا ئەو زانیارییانە دیار و ئاشکران؟)

بەگشتی تاقیکردنەوەکان پێویستە بۆ مەبەستێکی تایبەت و کۆمەڵێك خوێندکاری تایبەت بەکاربهێنرێن، نەك بۆ هەموو جۆرە خوێندکارێك. لەبەرئەوەی هەموو جۆرێك ژووری پۆل و هەموو خوێندکارێك لەیەکتر جیاوازن، هەوڵێك لە ئارادایە بۆ بەدواداچوون لەسەر دانانی بەدیل بۆ جۆرەکانی هەڵسەنگاندن، ئەوەش پێویستە بەپێی کەسەکان بگۆڕێت بۆ ئەوەی بۆ بارودۆخە تایبەتیەکان بگونجێن. ئەوانەش بریتین لە چاودێری کردن، ئاستی پێشکەوتن، گۆڤاری پەروەردەیی، کاری پرۆژەیی، هەڵسەنگاندنی خێرا، وە خۆهەڵسەنگاندن.

لەو سەدەیەدا تەکنۆلۆجیا هەنگاوی بەرەو پێشەوە ناوە، داهێنانی کۆمپیوتەرە کەسییەکانیش کاریگەری زۆریان لەسەر زمانەوانی کارەکی دروست کردووە. بێ گومان تاقیگەکانی زمان سودێکی زۆریان لەو تەکنۆلۆجیایە وەرگرتووە، بەتایبەتی لە ناوەڕاستەوە تاکۆتایی چلەکان، بەڵام پێشکەوتنی ئەم دواییەی کۆمپیوتەر. بەرنامە ئاڵۆزەکانی فێربوونی زمانی بە تەواوی بۆ بەکارهێنەران ئاسان کردووە، جا ئەو بەکارهێنەرە خوێندکار بێت یان لێکۆڵەر. ئەوە ڕێگەی خۆشکرد بۆ فێربوونی زمان لە ڕێگەی کۆمپیوتەرەوە، ئەمەش بۆ خوێندکاران کارێکی باش بوو. ئەو تەکنۆلۆجیایە لایەنی فێرکاری بەهۆی بیستن و بینینەوە ئاسانکردووە کە ئەوەش لەپێش دا کارێکی پێشبینی





نەکراو بوو. بەرنامە فێرکارییەکانی ئێستاش هەوڵی باشتر تێکەڵبوون و گونجانیان لەگەڵ زانیارییەکانی کۆمپیوتەر دەدەن، وە هەروەها کار بۆ پێشخستنی ئاستی خوێندکاران دەکەن. لەگەڵ پەیدابوونی پرۆگرامەکانی فێربووندا، دەبینین کە فێربوونی زمان لە ڕێگەی کۆمپیوتەرەوە یەکێکە لە بایەخدارترین بوارەکانی زمانەوانی کارەکی.

تەکنۆلۆجیای کۆمپیوتەر شیکردنەوەی زانستی زمانی ئاسانکردووە لە ڕێگەی دەقە کۆکراوەکانەوە. کە بەڵگەی زۆریان لەسەر کارەکانی زمان بە ئێمە داوە. گرنگترین خستنەڕووی ئەو بوارەش بریتییە لە کۆکردنەوەی ڕێژەیەکی زۆری شێوە لێکسیکیەکان. ئەوەش زۆر گرنگە، بەشێوەیەك کە هەندێك زمانناس وتوویانە ئەو بوارە زۆر لە بواری ڕێزمان گرنگترە لە ڕوانگەی ڕێکخستنی زمانەوە. ئەو زانیاریانە بوونەتە ئامرازێکی سەرەی لە دانانی فەرهەنگ دا چونکە گفت وگۆیەکی زۆر لە ڕوانگەی دانانی فەرهەنگی خوێندکاران دەهێننە ئارا. خۆشبەختانە، ئەو دەقانە وایان لەڕێزمانی وەصفی کردووە کەلەگەڵ ئەمرۆدا بگونجێت. لێکۆڵینەوە باشەکانی ئەو بوارە دەتوانێت جیاوازی بەکارهێنانی زمان لە نێوان شێوازە جۆراو جۆرەکاندا نیشان بدات، بۆ نموونە لە نێوان نوسینی ئەندێشە و پەخشانی زانستی. لەبەر ئەوە بەڵگەی زمانەوانی لەناو ئەو دەقانەدا بە بەردەوامی کاریگەرییەکی زۆر دروست دەکات لەسەر زمانەوانی کارەکی.

(دانانی بنەماکانی کۆمەڵایەتی و کولتوری و دەوروبەر لە ناو زمانەوانی کارەکی دا)

پێش سەرەتای سەدەی بیستەم، بوارە هزرییەکان، وەکو زمان، وەکو بەشێك لە فەلسەفە لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە، بەڵام هەندێك زانا ویستویانە لە هزری مرۆڤ بکۆڵنەوە بەبێ گوێدانە فەلسەفە. ڕێگایەك بۆ دوورکەوتنەوە لە فەلسەفە ئەوەیە کە بە بەڵگەی زانستی و لەسەر بنەمانی زانستی لە بوارە هزرییەکان بکۆڵرێتەوە. ئەوەش بووە هۆی دەرکەوتنی بوارێکی تازەی سایکۆلۆجی. پێش ئەوە، لێکۆڵینەوەی بیربۆچوون و تاك و کاریگەرە کۆمەڵایەتیەکان لێك جیانەکرابوونەوە. بەڵام (ووندت) لە ساڵی (١٨٧٧) سایکۆلۆجی بۆ دوو ئاراستە دابەش دەکات: یەکەمیان سایکۆلۆجی فسیۆلۆجییە کە کرنگی بە ئەرکە سەرەتاییەکان دەدات وەکو هەست کردن بە شارەزایی، دووەمیان سایکۆلۆجی باڵایە کە گرنگی بە پرۆسەکانی وەکو

بیرخستنەوەی بە ئەنقەست، بیرکردنەوەی گشتی، وە زمان دەدات. سایکۆلۆجی باڵا کە بە سایکۆلۆجی کۆمەڵایەتی ناسراوە، کارلێکی مرۆیی و زانیاری دەست کەوتوو لە کۆمەڵگا دەگرێتەخۆی (کۆڵ، ١٩٩٦:٢٨). ئەو دوو جۆرە سایکۆلۆجیە کە بە شێوەیەکی فراوان پشت بە لێکۆڵینەوەی ئەزموونی دەبەستێت (لەتاقیگە ئەنجام دەدرێت)، ئەوە لە کاتێکدا کە سایکۆلۆجی کۆمەڵایەتی پێویستی بە ڕێبازی وەصفی هەیە وەکو دیدار و ئەتنۆگرافیا، ئەوەش بنەما کۆمەڵایەتییەکان دەگرێتە خۆی.

ووندت (١٨٧٧) پێی وایە کە هەردوو شێوازەکە گرنگن و بەیەکەوە بەندن، بەڵام دابەشبوونی نێوان ئەو دوو جۆرە ئاراستەیە وای کردووە کە کاتێک یەکێکیان ببێت، ئەوی تریان نابێت، ئەوەش بەزۆری بەهۆی کاریگەی زانستی ئەزموونی یە لەسەر سایکۆلۆجی. لەناو ئەو هەوڵانەی کە بۆ بەزانست کردنی سایکۆلۆجی دراون تەنها ئەو لایەنانە بە ئاسانی دەژمێردرێن کەلە کۆتاییدا وەکو بواری جێگیر پەسند دەکرێن. کاریگەرە کۆمەڵایەتییەکان ناکرێت بە ئاسانی هەژمار بکرێت و بخرێتە دەرەوەی بازنە. لەسەرەتادا، زانایان ویستوویانە سەیری بیری مرۆڤ بکەن وەکو شتێك پیس نەبووبێت بەو هۆکارە دەرەکییانەی پەرش و بڵاون، وە ناکرێت بە ئاسانی کۆنترۆڵ بکرێت. لەو بوارەدا، گرفتە کۆمەڵایەتیەکان فەرامۆش نەکراون چونکە بەردەوام بوون لەسەر کاریگەریان بەسەر بوارەکانی تردا وەکو کۆمەڵناسی،وە مرۆڤناسی.

جیاکردنەوەی تاك لە کۆمەڵگە هەر زوو بووە هۆی دەمارگیری، وە زاڵبوونی ڕەفتارگەرایش لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەم دەری خست کە کاری فێرکردن و وەڵامەکانی خوێندکار، وەکو کارو کاردانەوە، جێگەی گفتوگۆن لە بواری سایکۆلۆجیدا. لە بواری زمانەوانیدا، کاتێك بیردۆزەی سۆسێر دەرکەوت، جیاکردنەوەی خودی زمان لەبەکارهێنانە ڕاستەقینەکەی هاتە ئارا. چۆمسکی (١٩٦٥) کاریگەریەکی هاوشێوەی هەبوو دەریخست کەوا ئەوەی لەناو مێشکی خوێندکار دا هەیە (competence) جیاوازە لە تێڕوانینی دەرەوەی کەسەکە (performance). چەند زانایەك دژی ئەم دابەشکردنە بوون، وەکو فایگۆتسکی، بەڵام هۆکارە سیاسی و ئەکادیمییەکان کاریگەرییان بەسەر ئەو جۆرە بیرۆکانە هەبوو تاکو ساڵانی کۆتایی سەدەی بیستەم. لابۆڤ (١٩٧٠) دەستی کرد بە لێکۆڵینەوەی ئەو هۆکارە کۆمەڵایەتییانەی کاریگەرییان بەسەر بەکارهێنانی زمانی یەکەمەوە هەیە، وە تارۆن (١٩٧٩) و زاناکانی تریش هەمان کاریان بۆ بەکارهێنانی زمانی دووەم ئەنجام داوە. لێکۆڵینەوە لەسەر کاریگەری هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان و بەکارهێنانی زمان دەچێتە بواری زمانەوانی کۆمەڵایەتی. بە هەمان شێوە، ئەوەش دەرکەوتووە کە ئەو دەوروبەرەی کە زمانی تێدا بەکار دەهێنرێت کاریگەری لەسەر زمانی پەیوەندی کردن هەیە. لێکۆڵینەوەی ئەو هۆکارانەش بووە هۆی پەیدابوونی بواری پڕاگماتیك. هەموو ئەو بوارانە بەیەکەوە کە پەیوەندییان بە بواری شیکردنەوەی گوتارەوە هەیە وایان نیشان داوە کە کاریگەری دەوروبەر و کۆمەڵگا ناکرێت لە خوێندکارەکان جیا بکرێتەوە کاتێك لە فێربوون و بەکارهێنانی زمان دەکوڵێتەوە.

ئەو دۆزینەوانە هێشتا بە پێی شێوازەکانی فێربوونی زمانی دووەم ڕێك نەخراون چونکە بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری بۆچوونەکانی ڕێزمانی جیهانی چۆمسکی. هەرچەندە چەند بۆچوونێکی تری فێربوونی زمان هاتوونەتە ئارا. (بۆنمونە، ڕێبازی بەستنەوە کە تیایدا خوێندکاران فێری ڕۆنانە ڕێزمانییەکان دەبن بەهۆی بەردەوامی خستنە ژێر کاریگەری ئەو زمانە). لە هەندێك لەو بوارانەدا، ئەو ڕێبازانەی کە کاریگەری هۆکارە دەوروبەری و کۆمەڵایەتیەکانی لەسەرە گونجاوترن لەو ڕێبازانەی کە جەخت لەسەر زانیاری زگماکی دەکەنەوە. هەبوونی بەڵگەی بەرچاو لەوبوارەدا پاڵپشتی لێکۆڵینەوەی ڕاستەوخۆی دەرئەنجامەکانی قسەکەرو خوێندکارە، نەك پشت بەستن بەبەڵگەی ناڕاستەوخۆی ئەو کەسەی کەلە زگماکەوە چی دەزانێت.

سەرەڕای ئەوەش، بۆچوونێکی تر بەناوی "تیۆری کلتوری کۆمەڵایەتی" دەرکەوت کە کاریگەریەکی زۆری خستەسەر زمانەوانی کرداری. ئەو تیۆرە جەخت لەسەر پەیوەندی تەواوکاری نێوان تاك و کۆمەڵ دەکاتەوە بە پشت بەستن بە پەیوەندی دیالێکتی نێوان کارلێکی کولتوری کۆمەڵایەتی (واتە، پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ژینگە) و کارلێکی بایۆلۆجی (واتە، ئەو پرۆسە و میکانیزمانەی کە پەیوەندیان بەو کەسەوە هەیە). ئەو بیردۆزە پێشنیاز دەکات بۆ ئەوەی لە بیری مرۆڤ تێبگەین، پێویستە ئێمە بە شێوازی بەیەکەوە بەستن تەماشای ئەو دوو کارتێکردنە بکەین. ئەگەر ڕەچاوی هەر یەکێکیان بکەین بەتەنیا، ئەوا دەبێتەهۆی گەیشتن بە ئەنجامێکی ناتەواو، لەبەر ئەوەی تەنها بە هۆی

کارلێکی کۆمەڵایەتی لەگەڵ کەسانی تردا، مرۆڤ پەرە بە زمان و ژیریەکەی دەدات. جگە لەوەش، زۆربەی کارلێکە زمانییەکان لەگەڵ کەسانی ترەوەیە، بەتەنها ئەنجامی کاری تاکە کەسی نییە. بەزۆر شێوە، تیۆری کلتوری کۆمەڵایەتی وەکو دووبارە بەهێزکردنەوەی هۆکارەکانی بەستنەوەی تاکە کەس بە کۆمەڵگا سەیر دەکرێت.

پەیوەندی نێوان بوارەکانی زمانەوانی کارەکی

لە هیندستان چیرۆکێك دەگێڕنەوە کە دەربارەی پێنج پیاوی کوێری هیندی ڕوویداوە. کاتێك ئەو کەسانە بۆ شارەزابوون لە بارەی فیل گەشت دەکەن، هەموویان هەستیان بە هەندێ بەشی جیاوازی جەستەی فیل دەکرد، وە هەریەکەیان چەند دەرئەنجامێکی جیاوازی هەبوو لە بارەی شێوەی فیل.ئەو کەسەی شێوەی لوتی فیلی لەلا دروست بووو، وای دەزانی فیل بە مار دەچێت. ئەو کەسەی کە شێوەی لاقی فیلەکەی لا دروست بیوو،وای دەزانی فیل بەدار دەچێت. ئەو کەسەی شێوەی گوێی فیلەکەی لەلا دروست ببوو. وای دەزانی فیل بە پانکە دەچێت. بەو شێوەیە، زمان بابەتێکی فراوان و ئاڵۆزە و ئێمە لە توانامان دا نییە کە هەموو بوارەکانی بە تەواوی تێبگەین.

باشترین کارێك کە هەر کەسێك بتوانێت لە ئێستادا بیکات ئەوەیە کە لە ژمارەیەکی دیاری کراوی بنەماکانی و بەکارهێنان و فێربوونی زمان بکۆڵێتەوە، وە پێویستە هەوڵی فێربوونی ئەو لایەنانە بە تەواوی بدات. هەر چەندە ئێمە هەوڵ دەدەین کە تێگەیشتنمان لە زمان ببەستینەوە جەوهەری بوارەکانی تری زمانەوانی کارەکی، بەلام بەتەواوی سەرکەوتوو نابین. بەو پێیە، ئێمە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە دەکرێت لە هەندێ بواری زمانەوانی کارەکیدا شارەزا ببین، بەلام هیچ کەسێك ناتوانێت بەسەر هەموو بوارەکەدا زاڵ بێت. ئەوەش حەتمییەو لە هەموو بوارێکدا ڕوو دەدات، بەلام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە زمانەوانی کارەکی تا ڕادەیەك دابەشکراوە بۆ چەند کۆمەڵێك. ئێمە پێویستە ئاگاداری ئەوە بین کە ئەو بە کۆمەڵکردنە دەبێتەهۆی ئەوەی کە بتوانین لە توانا سنوور دارەکانی مرۆڤ تێبگەین. ئەوە شێوەی کارکردنی زمان نییە لەم جیهانە ڕاستەقینەدا. لە بنچینەدا زمان و فێربوونی زمان و بەکارهێنانی زمانیش وەکو یەکن، وە هەموو بنەماکانی زمان بە چەند ڕێگایەکی ئاڵۆز کار لەیەك دەکەن. لەکاتی خوێندنەوەدا، پێویستە بەبیرمان بێتەوە کە هەموو ئەو بەشانە بەشێکی گەورەی فیلێکی تەواو پێك





دەهێنن.

لە شێوازی تاکە کەسییەوە بۆ شێوازی گشتی

سەرەڕای ئەو سنورەی کەلە پێشەوە باسکرا لەبارەی بەگرووپکردن، ئێمە لە توانامانـدا هەیە کە باشتر لە لایەنەکانی زمان تێبگەین. تاکو ناوەڕاستی سەدەی ڕابردووش، زمان لە ڕوانگەی هەندێ زاراوەی جیاوازەوە سەیر دەکرا کە پێکهاتووە لە ڕێزمان، فۆنۆلۆجی وشەکاری، هەریەکەیان دەکرێت بەجیا بناسرێت. لە ڕاستیدا فۆنەتیك یەکەم بواری زمانەوانی بوو کە بەباشی بەرەو پێشەوە چوو- لەکۆتایی سەدەی نۆزدەوە-، وە بزوتنەوەی چاکسازی بۆ فێربوونی زمان، کەلەلایەن زانایانی فۆنەتیکەوە سەرپەرشتی دەکرا، کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر زمانی قسەکردن. لەسی ساڵی کۆتایی سەدەی بیستەم دا، زمان گۆڕانی لە ڕوانگەی یەکخستنی زاراوەکانەوە بەخۆیەوە بینیوە. ئێمە تێگەیشتین کە زمان تەنها بەرهەمی چەند پارچە زانیارییەکی تەنیا زمانێك نییە کە بەتەواوی دەکەوێتە ژێر ڕکێفی بەکارهێنەرانییەوە، بەڵکو تاڕادەیەکی زۆر لەلایەن کۆمەڵێك هۆکاری ترەوە کاری تێدەکرێت، وەکو چوارچێوەی کۆمەڵایەتی (لەگەڵ کێ پەیوەندی دەکەین، وەبۆچی مەبەستێکیش پەیوەندی دەکەین)، پلەی کارتێکردن، مۆدی پەیوەندی کردن(نوسین یان قسەکردن) وە بەربەستی کات. بەلەبەرچاوگرتنی هەموو ئەو هۆکارانەو هی تریش، لێکدانەوەیەکی باشتر و دەوڵەمەندترمان دەست دەکەوێت لەبارەی ئەو شێوازەی کە زمانی تێدا بەکاردێت.

ڕێزمانی لێکسیکی و دەربڕینەکانی پێش گۆکردن

بوارەکانی ڕێزمان و وشەکاری نموونەیەکی باشی ئەو ڕێبازە تازە تێکهەڵکێشە دەردەخەن لەپێشدا وشەکاری وا سەیردەکرا کە کۆمەڵێك وشەی لەیەك جیان و دەکرێت خەڵك فێریان ببێت و تەنیا بەکاریان بهێنێت. لە ڕاستیدا ڕێزمان لە زۆربەی تیۆرەکان و ڕێبازەکانی فێرکاریدا تیشکی خراوەتە سەر، بەلام دانەکانی ناو وشەکاری وەکو پرکەرەوەی بۆشایی سەیر دەکرێن بۆ پڕکردنەوەی کەلێنە ڕستە سازییەکان. ئەو بۆچوونەش لە وشەکاری و ڕێزمان دەڕوانێت وەکو دوو قەوارەی جیاواز کە دەتوانین بە جیا فێریان ببین. ئەو بۆچوونەش بووە هۆی گۆڕانکاری و یەکێك لە لایەنە هەرە پێشکەوتووەکانی زمانەوانی کرداری ئەمڕۆ بریتییە لەوەی

کە ڕێزمان و وشەکاری شەرت نییە دوو شتی جیاوازبن، بەڵکو دەکرێت وەکو دوولایەنی سیستەمی زمانێك سەیر بکرێت واتە ڕێزمانی لێکسیکی. ئەو زاراوەیە دەری دەخات کە شێوازی زمان لە هەڵبژاردنە لێکسیکیەکان و ڕەفتاری ڕێزمانی ئەو هەڵبژاردنەوە دێت. وەهەر دانەیەکی لێسیکی دەکرێت بەزۆر شێواز و لە زۆر ڕۆنانی ڕێزمانیدا بەکاربهێنرێت.

هیچ ڕۆنانێك ناکرێت بەو شێوەیە سەیر بکرێت کە ئەوە یەکەم جارە پێك دەهێنرێت، بەڵکو ڕۆنانی ڕێزمانی وا سەیر دەکرێت کەلەپێشدا بنیات نراوە و لە میمۆری مرۆڤدا جێگیر بووە، ئەوەش پێی دەوترێت دەربڕینی ئامادەیی پێش گۆکردن. لەبەرئەوەی ئەو ڕۆنانە لەپێشد دروست بووە و ئامادەیە بێتە دەرەوەی مێشك، بۆیە توانایەکی مێشکی کەمتری دەوێت بۆ بەرهەم هێنان وەك لەوەی کەوا دروست بکرێت (پاوڵی و سیدەر،١٩٨٣). بەڵگەی کۆمەڵێك دەقی کۆکراوە نیشانی دەدات کەبەشەکانی زمان لەچەند یەکەیەکی فرە وشە پێکهاتوون کە زۆربەیان لەپێشدا ئامادەگییان هەبووە لە مێشکدا. ئێستاش ئێمە بڕوامان وایە کە بەشی زۆری زمان لە مێشکی مرۆڤدا بەشێوەی بەش بەش خەزن کراوە. هەوڵدانیش بۆ شیکردنەوەی ئەو بەشە زانیاریانە سودێکی زۆرمان پێ ناگەیەنێت. چونکە ئەو زانیارییانە بەگوێرەی یاساکانی ڕێزمان هاتوونەتە ئارا. ئەو بۆچوونەش ئەوە دەخاتە ڕوو کەچۆن لە زمان بڕوانین و چۆن ئەوە بە پرۆسە دەکرێت.

هێنانی فێرخوازی زمان بۆ ناو گفت و گۆ

لە پێشدا زۆربەی گفت وگۆکانی فێربوونی زمان جەخت لەسەر بەکارهێنانی باشترین تەکنیك و هۆکاری فێربوون دەکەنەوە. بە واتایەکی تر، جەختی لەسەر خودی مامۆستاکە دەکردەوە وادیاربوو کە بۆچوونێکی گوزارشت لێ نەکراو هەیە دەری دەخات کەوا خوێندکار وەکو قوتویەك سەیربکرێت کە زانیاری زمان بکرێتە ناوی. ئەو بۆچوونە زۆر گونجاوە لەگەڵ ئەو ژووری پۆلانەی کە مامۆستا سەنتەرە، وەلەگەڵ تیۆری ڕەفتارکەراکان کە ئەوەی خستووەتەڕوو فێربوون تەنها لەئەنجامی پراکتیزەکردنە. لەسەرەتای حەفتاکان ئەوە دەرکەوت کە خوێندکاران بەشداربووی چالاکی ناو پرۆسەی فێربوونن، پێویستە ڕێگایان پێ بدرێت بەشێك لەو بەرپرسیاریەتییە بگرنە ئەستۆ کە سوود بە پرۆسەی فێربوون دەگەیەنێت. ئەوەش بووە هۆی ڕاکێشانی سەرنجی خوێندکاران چونکە





جیاوازییەکانی خوێندکاران لەڕوانگەی فێربوونەوە دەخاتە ڕوو، وەچۆن ئەوەش کاردەکاتەسەر پرۆسەی فێربوونیان. وە هەروەها ئەو بۆچوونە بووە هۆی گەشەپێدانی بواری ستراتیژیەتی فێربوون چونکە ئەگەر خوێندکاران چالاك بن، ئەوا ئەوە جیاوازییەکانیان لەڕووی جۆرایەتی و خێرایی فێربوونەوە دەخاتەڕوو.

چەند لێکۆڵینەوەیەك ئەوەیان دەرخستووە کە چ جۆرە ڕەفتارێك خوێندکاری باش لەهی خراپ جیا دەکاتەوە. لەم لێکۆڵینەوەدا. ئەو ستراتیژانەی بۆ فێربوونن کە خوێندکارە باشەکان بەکاریان هێناوە پەرەیان پێدراوە، وە هەروەها پێشنیازیش کراوە کە هەموو خوێندکارەکان پێویستە سوود لە وەسف پێکردنی ئەو ستراتیژانە ببینن. بێگومان هیچ شتێك لە زمانەوانی کرداریدا هێندە ڕاست نییە، لە ئەنجامدا دەرکەوتووە کە هەماهەنگی نێوان مەشقکردن و بەکارهێنانی ستراتیژ و بەدەستهێنانی زمان کەمترە لەوەی کە پێشتر وا گریمانەیان کردبوو. زۆر ئاشکرایە کەوا بەکارهێنانی ستراتیژ بەشێوەیەکی کاریگەر فێربوونی زمان ئاسان دەکات، بەڵام هێشتا ئەوە بابەتێکی کراوەیە کە چۆن بەباشترین شێوە خوێندکاران ئاراستە دەکەن بۆ بەکارهێنانی ستراتیژەکان، وە یان ئایا مەشقپێکردنی ستراتیژەکان هیچ کاریگەرییەکی هەیە. لەپشت ستراتیژەکانی فێربووندا، بوارێکی فراوانتری هەیە ئەویش (ئۆتۆنۆمی خوێندکارە) کە لایەنەکانی خۆ فێرکردن و خۆ ئاراستەکردن دەگرێتەوە. تێگەیشتن لەو بوارەش زۆر گرنگە بۆ بەرەو پێش بردنی خوێندکاران چونکە دەبێتە هۆی یارمەتیدانی خویندکاران کە بەردەوام بن لە فێربوون، تەنانەت دوای ئەوەی کە خوێندنەکەیان کۆتایی پێ دێت. بەگشتی پێدانی مەڵبەندێتی بە خوێندکار بەتەواوی بەهێزتربووە لەزمانەوانی کارەکیدا.

سەرچاوە : An Introduction to Applied Linguistics

* مامۆستای بەشی زمانی ئینگلیزی کۆلیجی زمان–زانکۆی ڕاپەڕین

# پێشەکییەک دەربارەی

# بزورگی عەلەوی

ن: حەمە کەریم عارف

بزورگی عەلەوی لە ساڵی ١٩٠٤دا لە بنەماڵەیەکی بازرگانی دەوڵەمەند و رۆشنبیر و مەشروتەخواز هاتووەتە دنیا. حاجی سەید ئەبول حەسەنی بابی گەنجێکی بەهرەمەندو ئەهلی زەوق و کەماڵو ئازادیخواز بووە لەگەڵ نەسرۆڵڵا ئەخوی دا سەفەری پاریسی کردووەو لە مەشروتەخوازە دڵ گەرمەکان بووە، لە گەرمەی جەنگی جیهانی یەکەمدا ئاوارە بووەو کاتێ بەغداو کرماشان لەلایەن ئینگلیزەوە گیراون خۆی گەیاندووەتە بەرلین و ساڵانێکی دوورو درێژ لەوێندەر ژیاوەو هەر لەوێش کۆچی دوایی کردووە.

بزورگ بچووکترین منداڵی بابی بوو، لە خوێندندا زیرەك بوو، پاش ئەوەی خوێندنی فێر بوون و پەروەردەی لە ئەڵمانیا تەواو کرد، لە ساڵی ١٩٢٨دا بۆ ئێران گەڕایەوەو ماوەیەك لە شیرازدا مامۆستایەتی کرد. لە ساڵی ١٩٢٨دا ئاشنایەتی دەگەڵ سادقی هیدایەتدا پەیدا کردو هەردووکیان کەوتنە سەر ئەو بیرەی کە چیرۆك دەربارەی ئەو وڵاتانەی کە پەلاماری ئێرانیان داوەو زەرەرو زیانیان بە شارستانیەت و کەلتووری ئێران گەیاندووە بنووسن. پاشان (شیراز زادەی پرتەویش) هاتە ریزی ئەوانەوەو بەسێ قۆڵی کۆچیرۆکێکیان بڵاوکردەوە بە ناوی ئەنیران (واتە روناکی بێ کۆتایی، ناوی







خواوەندێکە لە دیانەتی زەردەشتیدا... ح.ع) کە بریتی بوو لە: (سایەی مەغۆل – هیدایەت، دەربارەی هێرشی ئەسکەندەر بۆ سەر ئێران–ش پرتەو، دێو– عەلەوی، دەربارەی هێرشی عارەبە..

هەر لەم سەرو بەندەدا عەلەوی (خات ئورلیان)ی شیللەری پاچڤەی فارسی کردو هیدایەت پێشەکی بۆ نووسی،و بەرە بەرە تێکەڵاویان زیاتر بوو، پاشان (مینەوی، فەرزاد، نوشینو مین باشیان)ش پەیوەندیان پێوە کردن و بە هەموویان لە ساڵی ١٩٣٠دا، لە تاراندا گروپی رەبعەیان دامەزراند. ئەم گروپە رەمزو نوێنەری ئەدەبیاتی تازەی ئێران بوو و لە ڕاستیدا بەرانبەر بە گروپی سەبعە (حیکمەت، تەقی زادە، ئیقبال و قەزوینی... هتد) دامەزراو ڕکابەری وان بوو، گروپی سەبعە دەستیان لە سیاسەتدا هەبوو و نوێنەری کۆنەپەرستیەتی ئەدەبی بوو. گروپی رەبعە کە بریتی بوو لە کۆمەڵە گەنجێکی پێشڕەو وپێشەنگ لە بیری ئەوەدا بوو کە کەلتوورێکی تازە لە کەلتووری کۆن و نوێی ئێران دەگەڵ کەلتووری ئەوروپایی دا پێك بێنێ. هەڵبەتە هاوکاری هیدایەت، عەلەوی، فەرزاد، مینەوی، مین باشیانو نوشین... کە هەر یەکەیان لە بوارێکی کەلتورو هونەردا شارەزا بوو، بەرەنجامێکی فرە بە پیت و فەڕی لێکەوتەوە.

بە گوتەی مینەوی ئەم گروپە خۆی لە خۆیدا جۆرە بەرپەرچدانەوەیەکی گروپی سەبعە بوو کە هەر گۆڤارو بڵاڤۆك و رۆژنامەیەکی فارسیت دەبینی، بەرهەمی ئەوانی تێدا بوو.. هەڵبەتە هەم ئەوان لە حەوت کەس پتر بوون و هەم گروپی رەبعەش لە چوار کەس پتر بوون. ڕکابەری و دژایەتیو رەخنەو رەخنەکاری توندیشیان لە نێواندا هەبوو، بەڵام دژایەتی گروپی سەبعە کە مینەوی دەڵێت هەزار روو و هەزار دڵیان هەبوو، بۆ گروپی رەبعە لەوە تێ نەپەڕی کە کار بەدەستانی حکومەتی ڕاستەوخۆ یان ناراستەوخۆ تاقیبیان بکەن.

هەڵبەتە دەبێ ئەوەش بگوترێ کە دۆستایەتی دەگەڵ سادقی هیدایەت لەلایەك و دکتۆر تەقی ئەرانی لەلایەکی دی کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ژیانی عەلەوی هەبوو. لە رێگەی هیدایەتەوە پەی بە قوڵایی ئەدەبیات بردو لە رێگەی ئەرانییەوە کەڵکەڵەی چالاکی رامیاری کەوتە سەر، هەڵبەتە ئەم دوو لایەنە پاشان سەرانسەری ژیانی عەلەویان داگیر کرد. دیارە لە بواری دیکەشدا جێ دەستی عەلەوی دیارە کە پاچڤەو لێکۆڵینەوەو توێژینەوە لە جوملەی ئەو بوارانەن.

***

هیدایەت و عەلەویو فەرزادو... زۆریان کەیف بە سیاسەت نەدەهات، بەڵام چونکە ئێران لە قۆناغی قەیران و ئاستەنگێکی سیاسی دژواردا بوو، و دەسەڵاتی دیکتاتۆریانەی وەخت، لە هەوڵی سڕینەوەی شوێنەوارەکانی مەشروتەو لە بەین بردنی هەر جۆرە ئازادیەکدا بوو: و ئێ خۆ زمانی بەرەی ڕۆشنبیرانش لە کۆتو زنجیر نادرێ بۆیە تەحەمولی دکتاتۆریەتو دەرهاویشتەکانی زوڵمو زۆرداری بۆ ڕۆشنبیرانی ئەوروپا دیتووی وەکو هیدایەتو عەلەویو دکتۆر تەقی ئەرانی یەجگار زەحمەت بوو. هیدایەت بە سروشت کەسێکی خەمین بوو و لە بیری ئەوەدا بوو ئێران بەجێ بێڵێ. دکتۆر ئەرانی کە لە ئەڵمانیادا ئاشنایەتی دەگەڵ مارکیسزمدا پەیدا کرد بوو، پێی وابوو جگە لە خەبات هیچ چارێکی تر نییە.. ئیدی لە گەرمەی ئەم قەیرانە سیاسیانە دابوو کە عەلەوی تێکەڵی دکتۆر ئەرانی بوو. عەلەوی بە خۆی لەم بارەیەوە دەڵێت: "... دامو دەزگاکانی دەسەڵاتدار ئێمەیان وەکو پەنجاو سێ نەفەری کۆمۆنیست ناساند، لە کاتێکا من کاتێ کەوتمە زیندان تازە سەروکارم دەگەڵ فەلسەفەی مارکسیزم دا پەیدا کرد بوو، یانی لەگەڵ دکتۆر ئەرانی دا دادەنیشتمو کتێبی (سەرمایە)ی مارکسم دەخوێندەوە. بێ ئەوەی چ حیزبێك لە گۆڕێ بێ چەند نەفەرێك بە نیازو مەبەستی شارەزا بوون لە فەلسەفەی مەتریالیزم لە دەوری یەکتر خڕ بوو بووینەوە. ڕەنگە ئەمە ئامیانێ بووبێ تا دوایی بمەێت.. من یەك لەوانە بووم کە لە نووسینی گۆڤاری (دنیا)دا هاوکارو شەریك بووم.. تاقە خاڵی هاوبەشی ئێمە، پەنجاو سێ نەفەر، چوار دیواری زیندان و ئەو گوشارو عەزابە بوو کە پێکڤە تەحەمولمان دەکرد".

گرووپی پەنجاو سێ نەفەر بەڕابەرایەتی دکتۆر ئەرانی لە بوارەکانی سیاسەت و زانست و ئەدەب دا کاری دەکرد و زیاتر گرووپێکی پێشکەوتووخواز بوو. مەلەکی، بەهرامی، یەزدی، ئەنوەری خامەیی، قدوە، ئیحسانی تەبەری، ئیرەجی ئەسکەندەری، ڕادمەنشو... لە دەوری یەك خڕ دەبوونەوەو کتێبیان دەخوێندەوەو میتۆدێکی مارکسیستیان هەبوو، گۆڤاری "دنیا" ئۆرگانی بیرو ئەندێشەکانی ئەوان بوو، لەوێدا مەتریالیزمی دیالکتیك و هزرێن زانستی دەخرانە بەر باسو لێکۆڵینەوەو گەنگەشەی لەسەر دەکرا.

دکتۆر ئەرانی (١٩٠٢- ١٩٣٩)، بەخۆی پزیشك بوو،دکتۆرای فەلسەفەو کیمیای لە زانستگەی بەرلین هێنا بوو، لە ساڵی ١٩٣٠دا بۆ ئێران گەڕایەوەو لە ساڵی







١٩٣٣دا گۆڤاری (دنیا)ی دەرکرد. لە ساڵی ١٩٣٧ بە تۆمەتی چالاکی سیاسی گیراو پاش بەرگریی و داکۆکیەکی مەردانەو ڕەندانە لە دادگای تاوانەکانی تاران، حوکمی حەپس و زیندانی دراو لە ساڵی ١٩٣٩دا لە نەخۆشخانەی زینداندا لەلایەن کار بەدەستانی ساواکەوە شەهید کراو زۆر کاری زانستی لەپاش بە جێماوە لەوانە بنەماکانی زانستی فیزیا کە چوار بەرگە، بنەماکانی کیمیا کە چوار بەرگە، سایکۆلۆژی، عیرفانو بنەما مەتریالیەکان.. هتد. دکتۆر ئەرانی ڕۆشنبیرێکی گۆشەگیرو دوورە پەرێز نەبوو، باوەڕی وابوو کە ئەگەر گەندەڵی کۆمەڵگەی گرتەوەو کۆمەڵگە بە گەندەڵیان لەوتا، ئیدی تاك چەند خۆی لە کاروباری کۆمەڵگە دوور بگرێ بێفایدەو چونکە بیەوێ و نەیەوێ گەندەڵیەکانی کۆمەڵگە بەرۆکی ئەویش دەگرێ.

* * *

هەڵبەتە هەندێ لایەنی خەبات و داکۆکی دلێرانەی دکتۆر ئەرانی، لە بواری ڕابەریکردنی خەباتی سیاسیو ڕۆشنبیریی و لە زیندان و لە دادگادا لە هەندێ بەرهەمی عەلەویدا، وەکو (پەنجاو سێ نەفەر)و (چاوەکانی)دا ڕەنگی ڕەنگی داوەتەوە، ئەمەش بەڵگەو نیشانەی ئەوەیە کە زۆر دڵبەندو شیفتەی کەسایەتی تێکۆشەرو خەباتگێڕی ئەرانی بووە.

عەلەوی لە ساڵی ١٩٣٧دا لەگەڵ دکتۆر ئەرانی و گرووپی پەنجاو سێ نەفەردا کەوتە زیندان و وەکو لە کتێبی پەنجاو سێ نەفەردا بە دیار دەکەوێ لە زینداندا ورەی بەرنەداوەو لە کاری خوێندنەوەو نووسین بەردەوام بووە. هەڵبەتە لە (ورق پارەهای زندان)دا وا دەردەکەوێ کە لە نێوان نا ئومێدی و ئومێدەواری دا لە هاتوچۆدا بووە. بە خۆی لەم بارەیەوە دەڵێت: "هیچ کاتێك تەسلیمی نا ئومێدی نەبووم، هەڵبەتە جاری وا بووە کە لە ساتێکدا نائومێد دەبووم، بەڵام ساتێکی ڕەوتەنی و تیژ تێپەڕ، لە زنداندا قەناعەتی تەواوم لەلا بوو کە هەر دەگەڕێمەوە دنیای ئازاد". هەڵبەتە خۆیایە کە ساڵانی درێژی زندان بۆ هونەرمەندێکی دڵناسکی میناکی عەلەوی لە ڕونەك و حەسرەتو داخو کەسەرو ترس بەدەر نەبووەو ئەمە لە چیرۆکی (عە فواتی گشتی)دا تا ئەندازەیەك ڕەنگی داوەتەوە.

لە شەهریوەری ١٩٤١دا دامو دەزگای دکتاتۆری هەرەسی هێناو مانگی دواتر عەلەویو هەڤاڵەکانی ئازاد بوون، ئیدی لەم قۆناغەدا شنەیەکی ئازادی هەڵدەکات، حیزبی تودەی ئێران دادەمەزرێو بەرهەمی عەلەوی لە پلاڤۆکان و چاپەمەنیانی حیزبی تودەی ئێراندا بەرچاو

دەکەون. لە ساڵی ١٩٤٣دا گۆڤاری (پەیامی نوێ)ی ئۆرگانی ئەنجوومەنی پەیوەندییە کەلتورییەکانی ئێران و سۆڤیەت بەسەر نڤیساری عەلەوی و هاوکاری سەعیدی نەفیسی، هیدایەت، فاتیمە سەیاح،عیسا بهنام وکەریمی کەشاوەرز بڵاودەبێتەوە، گەلێك لە وتارو چیرۆکەکانی عەلەوی لەم گۆڤارەو گۆڤارانی (سخن و مردم)دا بڵاو بوونەتەوە. عەلەوی کە بە هۆی زندانەوە لە هیدایەت دوور کەوتبووەوە، دوای ئازاد بوون، جارێکی دی پەیوەندی لەگەڵ هیدایەتدا گرتەوە. هیدایەت لە ئەنجوومەنی سەرنووسەرانی سخن و پەیامی نوێ بوو.. هەر لە رێگەی ئەم گۆڤارانەوە بوو کە عەلەوی و ئیحسان تەبەری و خانلەری کەوتنە ناساندنی هیدایەت و هەڵسەنگاندنی هزرو بیری و نیشاندانی بایەخی بەرهەمەکانی.

چیرۆکەکانی سەرەتای عەلەوی، بە شێوازو ناوەڕۆکێکی رۆمانسیانە نووسراون، کۆ چیرۆکی چمدان (جانتا) کە لە ساڵی ١٩٣٤دا چاپی یەکەم کراوە، چیرۆکەکانی هیدایەت وەبیر خوێنەر دێنێتەوە، خاڵی هاوبەشیان پتر لەم لایەنەوەیە کە عەلەویش میناکی هیدایەت، یەك لە ئەندامە چالاك و چەلەنگەکانی گروپی رەبعە بوو، کاریگەریی و سێبەری ئەدەبیاتی مۆدێرنی ئەوروپایان بە ئاشکرا پێوە دیارە.

عەلەوی لە دەرگای زمانی ئەڵمانییەوە چووەتە ناو کەلتوورو ئەدەبیاتی ئەوروپاییەوەو رۆشنبیریی و زانیارییەکانی خۆی لە یەکەم کۆچیرۆکی خۆیدا جەرباندووە.

عەلەوی پاش ناسینی دکتۆر ئەرانی و زیندان، ئیدی رووی کردە ریالیزمی کۆمەڵایەتی. هەڵبەتە زۆری خایاند تا بتوانێ لە کەمەندی رۆمانسیەت و وەسفی باری دەروونی رزگار بێت. هەڵبەتە ساڵانی ئاشنایەتی لەگەڵ ئەرانی و چوار ساڵ ئەسارەت لە زینداندا و هاونشینی لەگەڵ زندانیانێکدا کە هەر یەکێکیان لە چالاکان و هەڵسوڕاوانی سەرەکی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان بوون، دیدو جیهانبینی (عەلەوی)یان گۆڕی، پاش ئەوەی لە زیندان ئازاد بوو، ئیدی ئەزموونی خۆی لەمەڕ زیندانەکانی رەزا شاهی لە دوو کتێبدا بە نێوی (ورق پارەهای زندان، و پەنجاو سێ نەفەر) بڵاوکردەوە. هەڵبەتە لە (ورق پارەهای زندان)ش دا کە لە ساڵی ١٩٤١دا چاپ بووە، چ شوێنەوارێکی ریالیزمی کۆمەڵایەتی بەدی ناکرێ، بەڵکو لە چیرۆکەکانی دوای شەهریوەری ساڵی ١٩٤١دا، وەکو چیرۆکی: "گیلە مرد، خائن..." کەشوهەواو هاماجی ریالیزمی





کۆمەڵایەتی بەدی دەکرێ، دیارە ئەم هەوەڵین نموونانەی ئەدەبیاتی زندان بە رادەیەك لە راپۆرکاری و واریقاتنووسییەوە نزیکن کە زۆر زەحمەتە بتوانرێ لە ریزی ئەدەبیاتی پڕ ئەفراندندا دابنرێن.

زندان بەهرەو توانای چیرۆکنووسی عەلەوی خەفە نەکرد، بەڵکو پتری گەشاندەوە. ئەگەر هاوکاری ئەرانی نەبوایەو نەکەوتبایە زندان، بە هەمان رێچکەو رێبازی (چمدان)دا دەڕۆیی، ئیدی نە دەکاری بەرهەمی میناکی (نامەها، چشمهایش) دابهێنێ...چاپو بڵاوکردنەوەی (نامەها لە ١٩٥١و چشمهایش لە ١٩٥٢)دا بوونە مایەی ئەوەی کە ناوی عەلەوی وەکو یەك لە جدیترین پێشەنگانی ریالیزم بکەوێتە سەر زاران و شۆرەت دەربکات، هەر چەندە لایەنی سیاسی لە هەردوو بەرهەمەکەدا زۆر زاڵە، بە تایبەتی لە چیرۆکەکانی نێو کۆچیرۆکی (نامەکان)دا کەش و هەوای خەبات و ململانێی کۆمەڵایەتی ساڵانی پاش شەهریوەری ١٩٤١ بە تەواوی خۆیایە. عەلەوی لە چیرۆکی (گیلەمرد-گێلە پیاو)دا وەکو چیرۆکنووسێکی زەبەردەست و هوشیار و بە ئاگاو زاڵ بەسەر کەرەستەکانی کارەکەی خۆیدا، خۆی دەنوێنێ و نێوەڕۆك و تیمەی دادخوازانەی چیرۆکەکە کردیە کارێك کە زۆر زوو نێو بانگ دەربکات و تاکو ئەمڕۆش، وێڕای ئەوەی کە پتر لە نیو سەدەی بەسەردا بوریوە، هێشتاش هەر دەخوێنرێتەوەو مایەی سەرنجە.

حیزبی تودەی ئێران، لە ساڵی ١٩٤٨دا، پاش پیلانی ئینگلیز (هەوڵی تیرۆری شا لە بەهمەنی ١٣٢٧)دا قەدەغە کرا، عەلەوی دەگەڵ سەرانی تری حیزبدا گیرا، بەڵام عەلەوی بە هیمەتی مەردانەی هیدایەت (رەزم ئارا، سەرۆکی سەرکردایەتی سوپا کە دوای شا بە دەسەڵاتترین پیاوی سیاسی ئێران بوو -مێردی خوشکی هیدایەت بوو) بە خشکەیی و زوو بە زوو ئازاد کرا، کڕی و کپی و خامۆشی چەند ساڵێك بەردەوام بوو، تا لە ساڵی ١٩٥٠دا بزووتنەوەی نیشتمانی ئێران گەییە لوتکەو کەشو هەواو هاماجێکی سیاسی ئازاد هاتە ئاراوەو عەلەوی هەمدیس لە چاپەمەنیەکانی حیزب و لە پەیامی نوێدا کەوتە گوتار نووسین و چیرۆك بڵاوکردنەوە.. جا رۆمانی (چشمهایش-چاوەکانی) بەرهەمی ئەم قوناغەیە. ناوبانگی راستەقینەی عەلەوی لە (چاوەکانی)یەوەیە، ئەم یەکەمین رۆمانە واقیعییە فۆرم و بونیادێکی پۆلیسی و تیمە و نێوەڕۆکێکی کۆمەڵایەتی هەیە. زەمانی رۆمانەکە دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی دکتاتۆرییەتی رەزا شایی و خەباتی

نیگارکێش‌و شێوەکارێك بە نێوی (ئوستاد ماکان) کە بە قسەی هەندێك ئەم کاراکتەرە لە ژیانی (دکتۆر تەقی ئەرانی و کەمال الملوك)ەوە وەرگیراوە.

عەلەوی هەوڵی داوە لەم رۆمانەدا مۆرك و رەنگی تۆخی سیاسی، کە لە چیرۆکەکانی کۆچیرۆکی (نامەها– نامەکان)دا بە تایبەتی لە چیرۆکی (نامەکان و خاین)دا بە تەواوی بونیادی ئەدەبیاتی زەدەدار کردبوو، لەم رۆمانەدا نەهێڵێت و بسڕێتەوە کە تا رادەیەکیش سەرکەوتووە، وێڕای خەبات و تێکۆشانی ئوستاد ماکان، واریقاتی ئاشقێنی و ئەڤینداری ئەوو فەرەنگێزیش بۆ خوێنەر سەرنج راکێشەو رەنگە لە واریقاتە سیاسیەکان پتر زەینی خوێنەر بۆ خۆی رابکێشێت. ئەمە جگە لەوەی کە فەرەنگێز پتر دڵبەند و شیفتەی هونەرەکەی ئوستاد ماکانە تا خەباتەکەی.

ئەم ڤیانە بێگەردو ریسك ئامێزە بۆ فەرەنگێز جۆش و خرۆش بە ژیانی دەبەخشێت و خوێنەریش بە کتێبەکەوە دەبەستێ. بەڵام دوور کەوتنەوەی عەلەوی لە ئێران، لە دەوروبەری ساڵی ١٩٥٣دا، و مانەوەی حکومەتی کودەتا لە ئێراندا، کە بەرهەمەکانی عەلەوی لە سایەیدا قەدەغە کران، بووە باعیسی ئەوەی کە چاوەکانی و هەندێ لە چیرۆکە هەڵبژاردەکانی ئەو لە کن خوێنەرانی بەرهەمی ئەدەبی بێ کاریگەر بن و تەنیا نووسەران بە دوور لە چاوی کاربەدەستانی ئەمن روویان دەکردە ئەم بەرهەمانە.(ئەم رۆمانە ، چاوەکانی لە لایەن برای نووسەرو وەرگێڕ ئازاد بەرزنجییەوە کراوە بە کوردی‌وچەند جارێك چاپکراوەتەوە..ح.ع)

عەلەوی لە فەروەردینی ١٣٣٢ (١٩٥٣) بۆ چارەسەری نەخۆشی رۆیی بۆ ئەوروپا، بەڵام چونکە کودەتای ٢٨ مورداد بەرپا بوو، لە ئەوروپا (ئاڵمانیای رۆژهەڵات) مایەوە. چیرۆکەکانی ئەم قۆناغەی عەلەوی پتر دەربارەی زندانیانی سیاسی، پەناهەندە، داخ و کەسەری دەربەدەری‌و تاسەی قوڵی گەڕانەوە بۆ ئێرانە.

هەڵبەتە گێچی بەرهەمی ئەم قۆناغەی عەلەوی لە چاو چاوەکانی‌و هەندێ چیرۆکی ناو کۆ چیرۆکی نامەکان، لە هاتنە خوارەوەدایە، ساڵانی دوورو درێژی دووری لە ئێران، بووە مایەی ئەوەی کە عەلەوی نەك هەر رووداوە کۆمەڵایەتییەکان زۆر بە درەنگەوە دەرك بکات، بەڵکو پەیوەندیشی بە زمانی فارسییەوە زیاتر لە رێگەی نووسراوانەوە بێ، ئەمەش زۆر بە زەقی لەو چیرۆکانەدا کە لە دەربەدەری دا نووسیونی، رەنگی داوەتەوەو دیارە. وەکو کۆمەڵە چیرۆکی میرزاو دێو! دێو!، سالاریها و موریانە.

عەلەوی لە سەرەتای چالاکی ئەدەبی





خۆیەوە، لە پاڵ نووسیندا، دەستی لە کاری پاچڤەشدا هەبووە، دەکرێ وەرگێڕانی: خائورلیان، نووسینی شیللەر و داستانی نەتەوەیی ئێران، نووسینی تێودور نۆلدکە بە نموونە بهێنرێنەوە هەروەها بەرهەمی کۆمەڵێك نووسەری ئێرانی بۆ ئەڵمانی وەرگێڕاوە، لەوانە بەرهەمەکانی سادقی هیدایەت، و حەوت پەیکەری نیزامی گەنجەوی، هەروەها کۆمەلێك چیرۆکی عەلەوی بەناونیشانی (دیواری سپی) کە پازدە چیرۆکە کراون بە ئەڵمانی و وەرگێڕەکان زۆر بە باشی دەرەقەتی هاتوون. هەروەها (چاوەکانی – ١٩٥٩)ش لەلایەن هربرت ملتزیگ–ەوە کراوە بە ئەڵمانی.

عەلەوی لە ساڵانی ئاوارەیی و دەربەدەری دا لە زانستگەی هومبولدت خەریکی دەرس گوتنەوە بووەو بەوە ژیانی خۆی بەڕێوە بردووە. جا کاری گوتنەوەی زمان و ئەدەبیاتی فارسی بە خوێندکارانی بێگانە، بەتایبەتی خوێندکارانی ئاڵمانی زمان کردیە کارێك کە روو بکاتە کاری لێکۆڵینەوەش و لەم بوارەدا دانانی فەرهەنگێکی فارسی– ئاڵمانی‌و مێژوو و پەرەسەندنی ئەدەبیاتی مۆدێرینی فارسی کە خەڵاتی کۆڕی زانیاری بەرلینی وەرگرت، شایانی باسن.

عەلەوی نووسەرو مرۆڤێکی راستگۆ بووە، هەم لە کاری نووسین و هەم لە ژیاندا کەسێکی وردو جدی بووە، لە ساڵی ١٩٥٩دا بەمجۆرە باسی خۆی کردووە: "باوەر بکەن ئەم بنیادەمەی کە لە بەردەم ئێوەدا دانیشتووە، واتە بزورگی عەلەوی، هیچ کاتێك قارەمان نەبووە، بەڵام هیچ کاتێکیش ترسنۆك نەبووە.. ئەمەی کە دەبوایە بگەڕاماوەو خەباتم بکردایە، ئەمە شتێکی دیکەیە. من ئەوەندەی دەگەڕێمەوە سەر ژیانی خۆم و بە ژیانی خۆمدا دەچمەوە دەبینم هیچ کاتێك درێغیم نەکردووە...."

عەلەوی پیاوێکی نەرم و ناسك و ئارام بوو، بەڵام لە هەمان کاتدا سەخت و بە هەڵوێست بووەو هەرگیز ملی بۆ شتێك نەداوە کە باوەڕی پێی نەبوو بێ، عەلەوی وێنەو نموونەیەکی زندووی نووسین و چیرۆکەکانیەتی و شیلەیەکی خودی خۆی بووە بە ئامیان و خومرەی بەرهەمەکانی.

هەڵبەتە عەلەوی لە دوای شۆڕشی بەهمەنی ساڵی ١٣٥٧ (١٩٧٩) وەکو گەلێك لە ئاوارەو دەربەدەرەکان بۆ ئێران گەڕایەوەو چەند مانگێك مایەوەو دیسانەوە رێگەی غەریبایەتی گرتە بەرو بۆ ئەڵمانیا گەڕایەوە، عەلەوی پیاوێکی زۆر خاکی و بێ هەوا بوو، زۆر کەم باسی خۆی کردووە، تەنانەت لە چیرۆکەکانیشیدا جار جارێ وەکو گوتیار (راوی) دەردەکەوێ و

کەمتر باسی خۆی دەکات. عەلەوی خێزاندارەو تاقە کوڕێکی هەیە بە نێوی (مانی عەلەوی) کە ئەندازیاری تەکنیکی زانستگەی مونیخە... عەلەوی لە رووی رۆشنبیرییەوە دیاردەیەکە لە نێوان دکتۆر ئەرانی و سادقی هیدایەتدا کە کاریگەری هەر یەکێکیانی بە شێوەیەك پێوە دیارە.

بە هەر حاڵ عەلەوی لە ریزی پێشەوەی کاروانی ئەدەبیاتی تازەی ئێرانەوەیەو لە واری چیرۆکڤانی تازەی ئێراندا خزمەتێکی شایستەی کردووەو بمانەوێ و نەمانەوێ جێ دەستی دیارە.

بە هەر حاڵ بە دەگمەن لە جیهانی دێرینەی کەلتوورو شارستانیەتی ئێراندا کەسێك دەبینرێ ئەوەندە بە درێژا لە دووری مەفتەن و زاگەو زێدی خۆی مابێتەوە.. عەلەوی لە ساڵی ١٩٧٤ەوە وەکو مامۆستای زانستگەی هومبولتی بەرلین مامۆستای سەرپەرشتیارو رێنوێنی قۆناغی دکتۆرای زمان و ئەدەبیاتی فارسی خانەشین کرا، و لە زستانی ساڵی ١٣٧٥ (١٩٩٦) لە بەرلین کۆچی دوایی کرد. بە هەر حاڵ با بێینەوە سەر بابەتەکەی خۆمان کە کۆچیرۆکی (چمدان- جانتا)یە. چەمەدان یەکەمین کۆچیرۆکی عەلەوییە، لە ساڵی ١٩٣٤دا چاپ و بڵاو بووەتەوە. عەلەوی پێش ئەوە کورتە چیرۆکی مێژوویی (دێو)ی نووسیوە، کە دەربارەی هێرشی عەرەبە بۆ سەر ئێران، ئەم چیرۆکە لە کۆ چیرۆکی (ئەنیران)دا کە بریتییە لە سێ چیرۆك، (دێو) هی عەلەویەو دووانەکەی تری هی هیدایەت و ش- پرتەوە، لە ساڵی ١٩٣١دا چاپ و بڵاوبووەتەوە.

ئەم کۆمەڵە چیرۆکە شەش دانە چیرۆکی لە خۆ گرتووە، چیرۆکی (شیك پۆش)ی لێ بترازێ کە تەنز ئامێز و کۆمەڵایەتی- رەخنەییە، ئیدی ئەوانی دی هەر هەموو مۆرکێکی سێکسی و خەمینییەکی رۆمانسیانەیان پێوەیە. کاریگەری دۆستۆفسکی، زوایك، دەروونناسی فرۆیدی‌و رۆمانتیك و ئێکسپرسیونیستەکانی ئەڵمانیایان بە زەقی پێوە دیارە. هەندێکیان لە رووی تیمەو تۆن و شێوازەوە لە کورتە چیرۆکەکانی هیدایەت دەچن. ژینگەی چیرۆکەکانی ترسناك و خەمینە، لە دوانیاندا (کورتە مێژوویەکی ژوورەکەم، بووکی هەزار زاوا) ئاهەنگی مۆزیقا بووە، بە بەشێك لە بونیادو تەکنیکی چیرۆکڤانی. عەلەویش میناکی هیدایەت دڵبەندو شیفتەی مۆزیقاو موزیقای رۆژاواییە، لە (سەمای مەرگ) و (بووکی هەزار زاوا)و... هتد مۆزیقا وەکو فاکتەری پێشڤەبرنی پلۆت و گرێچنی چیرۆك بەکار دەبات. مۆزیقا چ لەلای عەلەوی و چ لەلای هیدایەت، زیاتر دەربڕی حاڵەتی غوربەت و







دوورە وڵاتی‌و خەمباری و داخ و حەسرەتە.. جا وە نەبێ ئەمانە شارەزای مۆسیقا بووبن، بە تایبەتی عەلەوی بەخۆی دەڵێت کە بابایەکی مۆزیقا ناس نییە، بە تایبەتی مۆزیقای ئێرانی، بەڵکو حەزی لێیەتی‌و دەبێ بەدەم نووسینەوە گوێ لە مۆسیقا بگرێت.. باسی ئەوە دەکات کە دۆستایەتی ئەو و هیدایەت لە مۆزیقاوە دەستی پێکردووە، هیدایەت گرامافۆنێکی هەبووە، کە یەکیان گرتووە بەکرەیەکیان خستووەتە سەری و بە سەعاتان گوێیان لێگرتووە... هیدایەت کە زۆر خەمبار دەبوو پەنای وەبەر مۆسیقا دەبرد بە تایبەتی گوێی لە سەمفۆنیای شەشەمی چایکۆفسکی رادەدێرا.. بۆیە لە چیرۆکی (کورتە مێژوویەکی ژوورەکەم)دا ئەم رستانە دەخوێنینەوە: "بە کۆمەڵ گۆرانیمان چڕی، گرامافۆنمان لێدا، تەنانەت مستەر شولتس کەمێ مەست بوو". یان نەرگز لە چیرۆکی دەربەدەردا مەفتونی مۆزیقایە: "دەرەقسی، گۆرانی دەچڕی، قاقا پێدەکەنی‌و باشتر دەغەزری". لە (چاوەکانی)دا فەرەنگێز و دوناتللو دەچنە بەلەم سواری‌و لەوێ دوناتللو بەرە بەرە دەستی بە سۆزە کرد، دەنگێکی گڕی هەبوو. بە بازووە تونددو تۆڵەکانی ئاوەکەی دادڕی و دەنگی لێ هەڵدەبڕی. گۆرانیەکی پڕ جۆشی سەیر بوو". لە چیرۆکی (بووکی هەزار زاوا)دا کاریگەریی مۆزیقا زیاترە،و ئاوێتەی تان‌و پۆی چیرۆکەکە بووە، کابرایەکی ویلۆن ژەن کە لە ژیاندا شکستی هێناوە لە بارێکدا دادەمەزرێ تا پارەی گوزەران و بژێوی خۆی دەربێنێ، ئەم کابرایە لە هەرزەکاریەوە رموودەی مۆزیقا بووەو پاشان بۆ فێر بوونی مۆزیقا دەچێ بۆ هەندەران، پاشان دەگەڵ کیژێکی دراوسێی خۆیاندا بە نێوی (سۆسەن)، کە دەنگی خۆش بووەو باش سترانی چڕیوە زەماوەند دەکات. زۆری پێ ناچێ ناکۆکی و ناسازیان ئاشکرا دەبێ، کابرای سازڤان شیفتەی دەنگ و ئاوازی سۆسەن بوو، بە تایبەتی ئەو گۆرانی و ئاوازەی کە بە منداڵی لە سۆسەنی ژنەوتبوو، بەڵام ئێستا سۆسەن نەیدەتوانی بەو ئاوایە ستران بچڕێت، "سۆسەنیش ئەوی خۆش نەدەویست.. سۆسەن ڤیان و ئەشقی دەویست بەڵام کابرای سازڤان گۆرانی و ئاوازی دەویست".

سۆسەن پەیوەندی دەگەڵ خەڵکانی دیدا دەگرێت، "بەڵام سازڤانەکە نەیدەویست لە خۆیی بتۆرێنێ، لەوەیە جارێکی دی ئەو ئاوازو ئاهەنگە ون بووە بدۆزێتەوە، ئەو حەزی لە دەنگ و ئاوازی سۆسەن بوو، لە شی بۆ هەر لەشخوازێك".

لێ کابرای سازڤان کە ئەو ئاهەنگە

گومبووە نادۆزێتەوە، ئیدی سۆسەن بەرەڵلا دەکات، دەستی چارەنووس سۆسەن (کە ئێستا سوسکێی بارێکە)و ئەو دوای سالانێکی دوورو درێژ رووبەرووی یەکتر دەکاتەوە. سۆسەن جوانترین ژنی بارەکەیە، پیاوانی مەست و نیمچە مەست دەورو خونی دەدەن. کابرای سازڤان غەرقی خاوبوونەوەو مەستی و هەراو هەنگامەی مەستان و خنەخنی ژنان بووەو کەوتووەتە قولایی یادگارانەوە... ئاهەنگە ونبووەکەی دەدۆزێتەوەو لێی دەدا.

تەلاری بارەکە کە نقومی شادی و هەراو هەنگامە بووە، بە گلەییەوە لە باوەشی کپی و بێدەنگی دا مت بووە، ئەمە چ ئاهەنگێکە؟ بارمەنەکە، سازڤانەکە ئاگادار دەکاتەوە، لێ ئەو لەم جیهانە نییە، لە دنیای خەونانی خۆیدایە، حەشاماتەکە بەرەو ئەو هێرش دەبات بەلام لە ناکاو سوسکێ دەڵێت: سەبرکەن... و هەموویان بێدەنگ دەکات... کابرای سازڤان چاوانی دەکاتەوەو سۆسەن لە قیافەتی سوسکێدا دەناسێتەوە: "ئەمە هەمان ئەو ژنەیە کە لە گوێی ئەستێلەکەدا ئەو ئاوازانەی چڕی و ئەوی تێگەیاند کە ... بە ئەسپایی بەرەو لای ئەو چوو، سۆسەن دەترساو پاشەوپاش دەکشایەوە. هەنگێ کەوانەکەی بە تەلەکەدا هێنا، ئاوازەکەی دوا شەوی وەبیر هاتەوە، ئەم ئاوازە روح و گیانی زەمانی لاویی ئەو بوو.. سۆسەن دەلەرزی... حەشاماتەکە ئەبلەق و واق ورماو تەماشای ئەم دووەیان دەکرد، گەمەیەکی جوانیان دەکرد.. گریەی وێڵۆنەکە توندتر دەبوو.. داخی بۆ ئەوە دەخوارد کە بۆچی تەمەنی بە فیڕۆ چووە، دەیویست تۆڵە لەو هۆکارو سەبەبکارانە بستێنێ کە رۆژی ئەویان گەیاندووە بەم رۆژو رۆژگارە. ئەوسا سۆسەن چڕی. گۆرانی چڕی. هەمان ئەو شیعرەی چڕی کە لە شەوی یەکەمدا چڕی بووی (بە تەمای دروستی عەهدو وەفا مەبە لەم جیهانە بێ بەقایە، چونکە ئەم پیرە دنیایە بووکی هەزار زاوایە) ئەوانەی کە مەست بوون، بەدمەست بوون. سۆسەن لە پڕ راپەڕی، سازەکەی لە دەست سازڤانەکە سەندو کێشای بە عاردی دا. ترق!! تەلەکانی پچڕان.. هەموو ترسان، ژنەکان پاڵتۆکانیان لەبەر کرد، سوسکێ–ش لە ژوورەکە وەدەر کەوت،" هەموو دەڕۆن و سازڤانە مەستەکە بە وێڵۆنە شکاوەکەی و دڵو گیانی شکاوەوە بە تەنێ دەمێنێتەوە.

چیرۆکی (جانتا) کێشمەکێشمی دوو نەوە، باب و کوڕ دەنوێنێ، بابەکە پیاوێکی بەزاکون، دەوڵەمەند و سەلارو سەنگینەو کوڕەکە کەسێکی ئەشقبازو بێ موبالات و خەمساردە. دیارە کە ئەو





جووتە دانویان لەیەك مەنجەلا ناکوڵێ. کوڕە بابی بە جێدێڵێ "چونکە حەز ناکات، هەموو رۆژێ سەعات یەکی دوای نیوەڕۆ فراڤین بخوات، و هەموو شەوێ سەعات یازدە لە ماڵەوە بێ و بخەوێ و بەیانی سەعات حەوت لەسەر خوانی ناشت ئامادەبێ".

بابەکە بۆ وەی کوڕەکەی ئاشت بکاتەوە، رووی خۆی دەنێتە ژێر پێ‌و دێ بۆ ژووری کوڕەکەی، بۆنی ئەو عەترەی کە لە ردێنی تازە تاشراوی بابەکە دێت، لای کوڕەکە ناخۆشە. رێك و پێکیو زاکونی بابەکە، ئەو ویقارو خانەدانیەی کە بابەلباب بۆ بابەکە ماوەتەوە، لەگەڵ ژیانی پەرێشانی کوڕەکەدا ناسازێ و تێك ناکاتەوە، کوڕە دەگەڵ ژنێکی رووسی جواندا بە نێوی (کاتوشکا) دۆستایەتی پەیدا دەکات، لەگەڵیا رادەبوێرێو کەیف دەکات: "من لەزەتم لە سینەی سپی.. وەردەگرت.. لەزەتم لە گەردنی کێلی دەبینی، دەمڕوانیە مژۆلە رەشەکانی کە هەموو چاویان داپۆشی بوو، گوێم لە قسەکانی نەدەگرت چونکە قسەی زۆر ئاسایی بوو". بابەکە دەیەوێ سەفەری (سیتو) کە هاوینگەیەکی سەر سنووری چیکۆسلوفاکیا بوو بکات. کوڕەکەشی دەعوەت دەکات کە بۆ ئەوێندەر بچێ، کاتوشکاش دەخوازێ بۆ ئەوێ بڕواتو شوو بکات. ژنە روسەکە لە هەنبەر نارەزایی کوڕەکەدا دەڵێت: "خۆ من دەبێ بژیم، دەبێ شوو بکەم، بەلام دێوێکی شوومی شڕی کۆنی ترسناك، پارە، ژینگە ئەوی ناچار دەکرد کە بچێ خۆی بفرۆشێت". کوڕە هەوەڵجار نایەوێ بۆ (سیتۆ) بڕوات، بەلام چونکە دەبوایە جانتاکەی بابی لە وەختدا بگەیەنێتە وێستگەی قیتار ناچار دەبێ بۆ ئەوێ بڕوات. هەر کە دەچێتە تەلارەکەوە دەبینێ کاتۆشکا لەلای بابی دانیشتووە. بابی ردێنی ساف و لوس تاشیوە، ژنە روسەکەش جلێکی شینباوی لەبەر کردووە و لە هەموو کاتێ جوانتر بووە، کوڕە پارچە کاغەزێك دەنووسێت و دەیداتە پێشخزمەتەکە تا بیدات بە ژنەکەو ئەوجا ئەوێ بەجێ دێڵێ، لە کاغەزەکەدا نووسراوە کەتۆ دەتویست بابم بە تۆ بناسێنم، هەمان ئەو کەسەیە کە لەگەڵ تۆدا دانیشتووە. دەربارەی شووە تازەکەت کە رای منت پرسی بوو، مێردێکی فرە خاسە، بەختەوەرت دەکات.

چیرۆکی (چمدان– جانتا) پلۆت و نەخشەیەکی مکوم و بتەوی هەیە، لە ریزی چیرۆکە باشەکانی عەلەوی دایەو شان لە شانی چیرۆکی (گێلە پیاو، میرزا، رسوایی) دەدات، ئەم چیرۆکەش وەکو زۆربەی چیرۆکەکانی دیکەی عەلەوی لە کرۆك و بابەتدا خەمناکە. راستە لەم چیرۆکەدا

کێشماکێشمی دوو نەوەی ژینگەی سەرمایەداری نیشان دەدرێ، بەڵام بەبای قولی (باوکان و کوڕان)ی تورگنیفدا ناگات. وێڕای ئەمەش (چەمەدان) و (سەربازی قورقوشمین)و (کورتە مێژوویەکی ژوورەکەم) لە چیرۆکە هەرە باشەکانی عەلەوین.

لە چیرۆکی (کورتە مێژوویەکی ژوورەکەم)دا دیسان لاوێکی سەرگەردانو بێزار لە خێزان و کەسوکار، دەڕواتو لە ماڵێکدا ژوورێك بەکرێ دەگرێتو لەوێدا بە سەربوری خەمینی (مەدام هاکوپیان)و کوڕەکانی بە شولتس و ژنەکەی ئاشنا دەبێت. لە ماڵی مەدامدا ژوورێك هەیە هی کوڕە گەورەکەیەتی (ئارشاوير) کە ماوەیەك لەوەبەر مردووە. مەدام ئەم ژوورە بەکرێ نادات. نەگبەتی (مەدام) لەو کاتەوە دەست پێدەکات کە شولتسو (موهاجیرێکی ئەڵمانیەو ماوەیەك لە کاتی یەکەم جەنگی جیهانی دا لای روسەکان یەخسیر بووە) ژنە جوانەکەی (کاچا) دێنە ماڵی، شولتس نیمچە کوێرە، بەڵام پزیشکان لەو باوەڕەدان کە کوێریەکەی ئەنجامی شۆکێکی عەسەبیەو قابیلی چاك بوونەوەیە. مەدام و کوڕەکانی _ئارشاویرو ئاداشس، شولتسو هاوسەرەکەی شەوان لە دەوری یەکدی خڕ دەبنەوەو گوێ لە مۆزیقا رادەدێرن. لێ کەش و هەواو هاماجی خانە گومانی باڵی بەسەر ماڵەکەدا کێشاوەو ئایندە بە رووداوانی ناخۆش و تاڵ ئاوسە. چونکە شولتس بە زۆری لە ماڵەوە دەمێنێتەوە، کاچاو ئارشاوير دەچنە رەقس و گەڕان و ئاشنایەتیان بەرە بەرە دەبێ بە ئەشق و ڤیانێکی ئاگرین. (ئارداشس)ش نیگەرانی رووداوەکانەو چووەتە قاوغی خۆی و خۆی لەوانی دی دوورە پەرێز دەگرێ. (شولتس)ش نیگەران و تورەیە، و کاتێ کە مەدام چیرۆکی (ژنانی زانا)ی شنیتسلری بۆ دەخوێنێتەوە، تورە تر دەبێ، چونکە لەم چیرۆکەدا باس لەوە کراوە کە زانایەك ژنەکەی خۆی لە باوەشی یەکێك لە قوتابیەکانی خۆیدا دەبینێ، بەڵام نهێنی خیانەتی هاوسەرەکەی بە کەس ناڵێت. قوتابیەکە کە مامۆستاکەی دەبینێ، هەڵدێ، بەڵام ژنەکە کە پشتی لە دەرگاکە دەبێ، نازانێ کە مێردەکەی بینیویەتی. شولتس دەڵێت: "نە، ئەمە مەحاڵە.. چتۆ دەبێت پیاوێك حەوت ساڵی رەبەق هەرزەییو بێ ئابڕوویی ژنەکەی بدینێ و خۆی لە گێلی بدات".

چەند رۆژەك دەبورێ، شەوێ کە لە ماڵەوە ئاهەنگێکیان بەرپا کردگەو هەموو هەر تورەو نیگەرانن، کاچا لەسەر پێشنیازی مێردەکەی بۆ سەما لە بارێك دا دەگەڵ ئارشاویردا لە ماڵ وەدەردەکەون. لێ بە





دزییەوە بۆ ژوورەکەی ئارشاوێر دەگەڕێنەوە،و ئامبێزی یەکتر دەبن. ئارداشس، لە رقو حەسودی دا، هاتنەوەیان بە ماڵەوە رادەگەیەنێ، شولتس دەمانچەکەی هەڵدەگرێو بۆ ژوورەکەی ئارشاوير دەڕوات، کوڕە لاوەکەی مەدامو ژنەکەی خۆی دەکوژێت.

چیرۆکی (قوربانی) کە یەجگار لە کورتە چیرۆکەکانی هیدایەت دەچێت، بریتییە لە بەسەرهاتی خوسرەو، ئەمە لاوێکی دەوڵەمەندە، ناسکە، خوێنەوارەو دووچاری سیل و دەردە باریکە بووەو دەبێ لە هەڕەتی لاویدا بمرێ، بەڵام زۆر شەیداو دڵبەندو ئارەزوومەندی ژیانە، دەزگیرانێکی هەیە بە نێوی (فروغ) کە زۆری خۆش گەرەکە، لاوەی سیلاوی لەگەڵ بیری مەرگ دا لە زۆراندایە، بۆ دەبێ بمرێ؟ گوڵان کە لەپایزدا دەوەرن، لە بەهارا دەڕوێنەوە، لێ مرۆڤ کە مرد ئیدی نا گەڕێتەوە، بیرکردنەوە لە مەرگ، خەسرەو بەرەو نەخشەیەکی سەیر بکێش دەکاتو بە هەڤاڵەکەی دەڵێ: "فروغ تا نهو هەزار چەلی بە من گوتووە خودایە مەرگم پێش مەرگت بکەوێ.. رۆژی جەژنی قوربان لە جیاتی مەڕ، فروغ دەکەینە قوربانی". ئیدی لە دوای ئەم قسەیەوە لەگەڵ فروغ دا زەماوەند دەکات، و بۆ مانگی هەنگوین دەچنە خانوویەکی کەنار دەریاو لەوێ خۆی دەخاتە ئاوەوەو دەخنکێ. فروغیش تووشی سیل دەبێ و دوای ساڵێك دەمرێت. لۆژێکی خەسرەو لەم کارە سەیرەدا ئەمەیە:

"تۆ ئاگات لێیە کە چۆن دەسووتێم. دەبێ بەلاوی بمرم. ئاخر بۆچی؟ هەر لەبەر ئەوەی لە خەڵکی تر باشترم... زیاتر شت دەبینمو حاڵی دەبم؟ بە لەزەتو کەیفی خەڵکان، قەڵس دەبم... جگە لەمەش بە چ مەعلوم من دەمرم؟ بەڵکو باشتر بووم. لەوەیە زەماوەند حاڵم باشتر بکات.. .بە چ مەعلوم فروغ لەگەڵ مندا بەدبەخت دەبێ، تەقو بەختەوەر بوو"..

هەڵبەتە بەپێی رەوتی گەشەسەندنی رووداوی چیرۆکەکە، خۆ کوژیەکەی خوسرەو ئاسایی و لۆژیکیە، بەڵام مەسەلەی تووش بوونی فروغ بە سیل و پاشان مردنەکەی ئەمەیان زیاتر رووداوێکی دەستکردەو نووسەر بۆ زیاد کردنی کاریگەریی چیرۆکەکە، لە دەرێ را بەسەر تێکڕای چیرۆکەکەیدا سەپاندووە، و لەمەش نا ئاسایی ترو دەستکردتر رستەی کۆتایی چیرۆکەکەیە!" فروغیش بە نەخۆشی سیل مرد، ئەو بوو بە قوربانی هەمووان". کەس نازانێ چۆن گەنجێکی نەخۆش، تورە و نیگەرانو ئامبازی بیرو ئەندێشەی مەرگ بووە بە قوربانی هەمووان؟ هەموو ئیمتیازێکی خوسرەو لە

ناسکی و زانست و بەهرەو سەلیقەکەیدایە، بەلاّم نەخۆشی مەودای نادات کە خزمەتێکی شایستەی وڵاتەکەی بکات یان لە بزاڤێکی کۆمەلاّیەتی دا بەشداری بکات. زۆر کەسی وەکو ئەو لە دنیادا هەن کە بە هۆی تامپۆن یان نەخۆشییەوە جوانە مەرگ دەبن، بەلاّم ناکرێ، ئەو مەرگەیان بە قوربانی لە پێناوی خەڵکی دا لێک بدرێتەوە.

لە خوسرەو نەگبەت تر (ئاغای ف)ی قارەمانی چیرۆکی (سەربازی قورقوشیمنە). ئەمیان فەرمانبەرێکی دەرکراوی دایەرەی قەلاّچۆی تلیاکە. زندووە بەلاّم هەزار خۆزگەی بە مەرگ خوسرەو دەمرێ‌و بۆ خۆی دەحەسێتەوە بەلاّم (ئاغای ف) دەژی و ئازارو عەزاب دەچێژێ. (ف) لە سەفەرێکیا بۆ بوشەهر ئاشنایەتی دەگەلاّ ژنێکدا بە نێوی (کەوکەب) پەیدا دەکات، و دەیبات بۆ ماڵەکەی خۆی و ئیدی بەدبەختی ئەو لەو رۆژەوە دەست پێدەکا. جا بەسەر هاتی ئەم قارەمانە لەسێ زمانەوە دەگێڕدرێتەوە: لە زمانی خۆی‌و خا ئامینی خوشکی و کەوکەبەوە. کورتەی بەسەر هاتو واریقاتەکەشی ئەمەیە کە پاش ناسینی کەوکەب لە بوشەهر دەمێنێتەوەو گوێ بە نامەکانی دایەرە ناداتو لە کار دەردەکرێ، ناچار بۆ بەڕێوەبرنی ژیان‌و گوزەران دەگەڵ کەوکەب دا سەربازی قورقوشمین دروست دەکاتو دەفرۆشێت. پاشان کەوکەب پێوار دەبێ و دیار نامێنێ، ئاغای ف شێت ئاسا بۆ تاران دێتو جارەکی دی کەوکەب دەدۆزێتەوە، بەلاّم کەوکەب هەمدیس لە دەستی هەڵدێ. تا سەرەنجام لە دوا دیداری دەگەڵ کەوکەب دا، دەیکوژێت. خۆی دەربارەی کەوکەب دەڵێت: "هەر کە ئەم ژنە هاتە ژیانی منەوە، وەزع و حاڵی شێواندم.. من کەوکەبم خۆش دەویست., خۆشم دەویست، وەکو چۆن بنیادەم دایکی خۆش گەرەکە، بەلاّم هیچ پەیوەندییەکمان لە بەینا نەبوو.. درەنگە شەوانێ بۆ ماڵ هاتمەوە. سەیرم کرد کەوکەب لەسەر بوخچەکەی دانیشتووەو خەریکە شڕو شیتاڵەکانی دەگەڕێ. لێم پرسی: چی چیت گوم کردگە؟ تەماشام کرد، هەنسکە هەنسک دەگری: لەیستۆکێك.. سەربازێکی قورقوشمین! سەیرم لێهالتو گوتم: جا سەربازێکی قورقوشمین بایی دەشاهیە. ئەم هەموو گریان و زاریەی ناوێ. وەك بلێی لە قسەکەم نەگەیی، پێی گوتم: دە شاهیان بۆ من بە ئەندازەی گیانم بەهای هەبوو... گوم بوونی سەربازەکەی بە نیشانەی بە دومی دەزانی..."

ف و کەوکەب یەك ساڵ پێکەوە دەژین. (ئاغای ف) سەربازی قورقوشمین دروست







دەکاتو دەیفرۆشێتو جارێك دانەیەکیان دەخاتە بوخچەکەی کەوکەبەوە, بۆ خۆیشی شەوانە خەونی ترسناك دەبینێ: "خەوم دەبینی ئەفسەرێك بە شمشێری رووتەوە هێرشی دەبردە سەر دایکم، بابم لەوێ وەستا بوو و فزەی نەدەکرد."

خائامین دەڵێت: "بابم هیچ کاتێ ئەم منداڵەی خۆش نەدەویست. دایکم بە پێچەوانەوە. ئامادە بوو ئێمە هەر پێنجمان لە گۆڕ بنێ، بەلاّم تاڵە موویەك لەسەری ئەم منالّە نەکەوێ. بۆ یەکتر دەمردن، دایکم پێی دەگوت: تۆ یوسفی منی.. راستت دەوێ، ئەم منداڵە لە سوێی دایکم وای لێهات.. چوونەکەشی بۆ بوشەهر لەسەر ئەمە بوو کە باوکم ژنی هێنایەوە.. ئەم دەیووت تۆ لە جیاتی ئەوەی ئەم هەموو سیغەیە بێنی، تۆزێکت لە دایکما خەرج کردبا نەدەمرد. بەلاّم بابم چ بلّێ باشە.. زمانم لاڵ.. دەیگوت تۆ دەست درێژیت کردووەتە سەر ژنەکەی من.. ئێستاش ئاوایە، شەوانە لە ناکاو هەڵدەستێ هەر شتێك وەکو بوخچە بێ، دەیکاتەوە".

کەوکەبیش دەڵێت: "تۆ ئەگەر منت بوێ، من ئیدی ناچمەوە لای ئەم بۆرە پیاوە قورمساغە... من گیانم بەسەر ئەوەوە دەردەچوو، گیانم لە رای ئەودا دادەنا، من لە بوشەهر ئەوم ناسی. شەوێك پێی گوتم: کەوکەب من تۆم فرە خۆش گەرەکە. تۆ وەکو دایکمی... گوتم من حازرم ببمە سیغەی تۆ... گوتی نە تۆ دایکی منی. خۆ بنیادەم ناتوانێ دایکی بخوازێ... چیت عەرز بکەم، چۆنتان پێ بلّێم... ئەسلّەن پیاو نەبوو. وەکو شێتان خۆی بەسەرما دەدا. سەروچاوی ماچ دەکردم. هەر کە من دەستم بۆ دەبرد، لێی دەدام. جنێوی دەدامێ، گیسوەکانی دەسکەنە دەکردم. رۆژێك هەندەی دارکاری کردم بورامەوە. ئیدی لە دەستی هەلاّتم". چیرۆکی (سەربازی قورقوشم) بە دیدو بۆچوونێکی فرۆیدیانەوە نووسراوە. عەلەوی لەم چیرۆکەدا، جۆرە لێکچوونێك لەگەڵ هیدایەتدا پەیدا دەکات. بۆ نموونە کەوکەب بە گوم بوونی سەربازە قورقوشمینە کە خەمبارەو بە نیشانەی بەدومی دەزانێت. (ئودیت)ی قارەمانی چیرۆکی (ئاوێنەی شکاو)ی هیدایەتیش ئاوێنە شکاوەکەی پیشانی کابرای دلّخوازی خۆی نیشان دەداتو دەلّێت: (ئەو شەوە کە جانتاکەت لە پەنجەرەکەوە توڕدام، وای لێهات. دەزانی ئەمە نەگبەتی دێنێ). بێ توانایی سێکسی (ف) دیمەنێکی چیرۆکی (تەجەلی) وە بیردێنێتەوە. ژنە لەشفرۆشەکەی ئەم چیرۆکە بە سازڤانە پیرەکە دەلّێت

: "هەیدێ گوم بە لە بەرچاوم! شەرم ناکەی؟ خاکت بەسەر! تۆ کە پیاو نیت... مرۆڤ بچێتە نك سەگ باشترە". ئاغای (ف) لە (چمدان)دا لە روویەکەوە لە گوتیاری (راوی) (بوف کور)ی هیدایەت دەچێت. لە (بوف کور)شدا، کابرا ناتوانێ پەیوەندی سێکسی بەرقەرار بکات، ئەویش لە بابی بێزارەو وەکو پیرەمێرێکی زورهانی کە لەلای دەبینێ، لە نوێنی خاڵی ژنەکەیدا هەر تل دەدات، بەترسەوە دەبینێ ژنەکەی گەورەو ئاقڵ بووە، بەڵام خۆی هەر لە حاڵی منداڵی دا ماوەتەوە.

دەکەوێ بەسەر پێی ژنەکەیدا، ماسولکەکانی پێی تامی قونە خەیار دەدات: "ماسولکەکانی پای...م کە تاڵێکی خۆش و تورت بوو لە ئامێز گرت، ئەوەندە گریام، گریام. نازانم چەند سەعاتی بەسەرا رۆیی. هەر کە وەئاگا هاتمەوە سەیرم کرد ئەو رۆییوە"، و پەنا وەبەر تلیاك و شەراب دەبات: "کاتێ کە تلیاکم دەکێشان بیرم گەورە، ناسك، ئەفسون ئامێزو سەر رێژ دەبوو. لە ژینگەیەکی تری ئەو دیوی دنیای ئاساییدا دەکەوتمە گەشت و گەڕان".

لەم بارەیەوە گوتویانە کە "ئەو پیاوەی کە ناتوانێ لە قۆزاخەی منداڵی بێتە دەرێو، پەیوەندی ئاشقانە دەگەڵ دایکی خۆیدا ببڕێ، بۆ هەڵاتن لە واقیع و بەنج کردنی ئەعسابی خۆی پەنا بۆ تلیاك و ڤەخوارن دەبات". کە ئەمە پڕ بە پێستی حاڵی (ئاغای ف)یە:

".... پاشان بووم بە تلیاکی، ئەو کاتانە دایکم تازە مردبوو.. ئەویش منی خۆش دەویست من شازدە ساڵان بووم، بەڵام تا دایکم دەستی دەنێو دەستم نەخستبایە خەو نەدەچووە چاوم، ئەمانە شتەلێك نین کە هەموو کەس بتوانێ لێی حاڵی بێ...".

خۆ ئەگەر لە روانگەی فرۆیدەوە تەمەشا بکەین، کاتێ کە (ئاغای ف) بێزاری لە بابی دەردەبڕێ یان ئەفسەرێك لە خەوا دەبینێ کە پەلاماری دایکی دەدات، دەبێ بڵێین:" پیاو لە ژن دەترسێت.. ژن منداڵ دێنێ و منداڵی نێرینە دەبێ بە خەنیم و رەقیبی سەر سەختی باب و دەگەڵیا بە شەڕ دێت. جگە لەمانە بەدەگمەن ژنێك هەیە بتوانێ بە تەواوەتی هاوتای ئەو بیرەوەرییە بکاتەوە کە پیاوەکەی دەربارەی دایکی خۆی هەیەتی و جێی چۆڵی دایك لە دڵی مێردەکەیدا پڕ بکاتەوە. جا لەبەر ئەمە کەم ژن هەیە کە دەرەقەتی رازی کردنی مێردەکەی خۆی بێت و لە دڵا مایەی سکاڵاو بێزاری ئەو نەبێت".

لە چیرۆکی (شیکپۆش)دا عەلەوی دەمانباتە کەشو هەوایەکی تر. (نوا پور)ی ئەم چیرۆکە نموونەی رۆشنبیری هزر پەروەرو مێمڵ و مشەخۆرو بێکارەیە. ئەوەی بەلای ئەم پیاوە گرنگە شیکپۆشیو نووسینی داخراوی ئاڵۆزو رووتەڵ و بێ کاریگەرییە. بەلایەوە گرینگ نییە کە لە وڵاتا چ روو دەدا یا حوکمرانان چ دەکەنو کێ تاڵان دەکاتو کێ تاڵان دەکرێ؟ ئەوەی بەلای ئەوەوە



گزنگ ٩٢
تشرینی دووەم ٢٠١١

گرینگە پاك و تەمیزی و تاشینی رۆژانەی ردێنو لەبەر کردنی جلکی جوانە. بەلای ئەوەوە سەروسیمای جوان گرنگە نەك رەفتارو ئەتواری جوان. نواپور، کە بە خۆی نووسەرێکی بێ کتێبە، ریفۆرمی ئاکاری کۆمەڵایەتی بە ئەرکی نووسەر دەزانێ، دەخوازێ "شارستانیەتە هەوەڵینەکان"ی گوستافلوبون بکات بە فارسی، و دەڵێت جلك و بەرگ کاریگەرییەکی زۆری بەسەر سایکولۆژیای مرۆڤەوە هەیە، کابرایەکی قۆشمە پێی دەڵێت: خۆزیا ئەم شتانەت دەنووسی تا خەڵکی سوودی لێ وەربگرن، و نواپور گوتارێك دەنووسێت و لە رۆژنامەیەکدا بڵاوی دەکاتەوە، ناوبانگی وتارەکە بە جۆرێکە کە هەموان، بێ ئەوەی وتارەکەیان خوێندبێتەوە، ستایشی دەکەن. بەڵام یارۆیەك بێ ئەوەی بیەوێ، رۆژێك سەر لە سڕی ئەم کارە دەردێنێ. کابرا چووە قوماش بکڕێ، کوتاڵفرۆش، قوماشەکەی بۆ لە هەمان رۆژنامەدا دەپێچێتەوە کە وتارەکەی (نواپور)ی بلاوکردووەتەوەو ستایشی قوماشەکانی موغازەکەی ئەوی کردووە: "بەڵام لە ژێر وتارەکەدا ریکلامێکی خاوەنی هەمان موغازەم کە بە سەری حەزرەتی موسا سوێندی خواردبوو و قوماشەکەی بە کەمتر لە نرخی مایەکاری بە من فرۆشتبوو! بینی".

ئاغای (نواپور)ی عەلەوی لە (عەلامە)ی چیرۆکی (نیشتمانپەرست)ی هیدایەت دەچێت ئەویش بە وەرگرتنی پارەیەکی مۆڵ دەیەوێ کتێبێك دەربارەی "جەرجیس پێغەمبەرو ئامۆژگارییەکانی لە جیهانی بەشەریەتدا" بنووسێت و سەرمایەی زانستی ئەو ئەزبەر بوونی کۆمەڵێك شیعرو وشەیە.. هەڵبەتە تەنزی چیرۆکەکەی عەلەوی بە بای قولی ئەوەی هیدایەتدا ناگات، و پتر شەقڵ و مۆرکی قەشمەرجاڕی و پێکەنینۆکی پێوەیە.

کۆ چیرۆکی چەمەدان (جانتا) هەر چەندە لە بەرهەمەکانی سەرەتای عەلەوییە، نێوەرۆك و بونیادێکی سفتی هەیە، چیرۆکی (چەمەدان- جانتا، کورتە مێژووی ژوورەکەمو سەربازی قورقوشمین...) کە هەرسێکیان هەوێنی سێکسیان تێدایەو شێوازو دەربڕینێکی سایکۆلۆژیان هەیە، لەچیرۆکە هەرە باشەکانی عەلەوین.. هەڵبەتە عەلەوی کە بە تەبیعەت کەسێکی خاکی و بێ هەوا بوو، دەربارەی ئەم کۆ چیرۆکە گوتوویەتی: "من کاڵ و کرچی لەم چیرۆکانەدا دەبینم.. ئەگەر عادەتم وا بایە کە دەسکاری کارەکانم بکەم، زۆریانم دەگۆڕێ. هەندێکیان لە رادەبەدەر سۆزاوین... جاران زیاتر لە ژێر کاریگەریی هەست و سۆزی خوددا بووم تا کاریگەریی ئاوەزو لۆژیك. لەوەیە لەو سەردەمەدا وێنایەکی وردم لەمەڕ ژیان، بارودۆخی وڵات، خەبات و تێکۆشین نەبووبێ... هەندێ لە چیرۆکەکان کاردانەوەیەکن لە هەنبەر هەستێك..." دیارە مەبەستی

عەلەوی لە (کاردانەوە لە هەنبەر هەستێك) هەمان شێوازی ئەکسپرسیونیزمی ئەڵمانیە کە عەلەوی بە گەنجی لە ژێر کاریگەریا بووەو هەرگیزش لێی دەرباز نەبووە، چونکە ئەمە لە رۆمانی (چاوەکانی)شدا دووبارە بووەتەوە. ئەوەتا لە چیرۆکی (سەربازی قورقوشمین)شدا دووبارەی دەکاتەوەو دەڵێت: "ئەم تریفەی مانگە دەڵێی چڵکی سپیەو رژاوەتە سەر شەقامەکانی باشوور، و ئەم عەبا رەشانە کە لە کەناری کۆڵان و کوچەکاندا لە سەرما بەدیوارەوە چەسپیون دەڵێی خوێنی قەتماغە بەستووی سەر زامانن.." بە ئاشکرا سێبەری ئەکسپرسیونیزمی (شنیتسلر، دۆستوفسکی، تورگنێفو رەنگە چیخۆف)ش بەسەر ئەم چیرۆکانەوە دیارە، خۆ ئەگەر لێکچوونیان دەگەڵ کورتە چیرۆکەکانی هیدایەتیشدا هەبێ، لەبەر ئەوەیە کە هیدایەتیش لە کاریگەریی دۆستوفسکی و چیخۆف.. بەدەر نەبووە.عەلەوی بەخۆی دەڵێت: "من نە داهێنانێکم کردووەو نە پەیامێکم هەبوو. کارەکانی من زادەی ئەو پێداویستیانە بوون کە خۆم هەستم پێدە کردن.. نەسلی ئێمە کاری خۆیان لە ژێر کاریگەریی نووسەرانی ئەوروپایی دا دەست پێکرد.. من لە سەرەتای لاوییەوە، ئاشنای ئەدەبیاتی ئەوروپایی بووم، بتەوێو نەتەوێ کەوتوومەتە ژێر کاریگەریی بەرهەمو رێبازو رێچکەیان..." لە شوێنێکی تردا دەڵێت: "من چەندین ساڵی یەك لە دوای یەکەم دەگەڵ هیدایەت دا رابواردووە، ئەو کتێبانەی دەمان خوێندنەوە دەمان دا بە یەکتر، هیدایەت دڵبەندی دۆستۆفسکی، تۆماس مان، چیخۆفو هرمان هسە بوو".

بە هەر حاڵ هیدایەت و عەلەوی هەر یەکەیان هەوڵی داوە بە شێوازی تایبەتی خۆی سوچ و لایەنێکی کۆمەڵگەی خۆی بهۆنەرێنێ.. بۆیە دەبینین لە هەر چیرۆکێکی کۆ چیرۆکی (چمدان)دا مەسەلەو دۆزێکی کۆمەڵایەتی یان مرۆڤانی یان هەندێ جار رەخنەوانی خراوتە روو، بەڵام لە چیرۆکی (چەمەدان)و (سەربازی قورقوشمین)دا مۆرك و رەنگی سێکسی ئاشکراترو تۆخترە، عەلەوی لەم چیرۆکانەوە لە دەلاقەی سایکۆلۆژییەوە دەڕوانێتە واقیع. دیارە خودی ئەم نۆڕینە لە نرخ و بایەخ بەدەر نییە، و لە شیکردنەوەی بەرهەمی هونەریش دا ناکرێ چاوپۆشی لە دەستکەوتە سایکۆلۆژییەکان بکرێ. بەڵام باسی مەسەلەی سێکسی دەبێ دەگەڵ رەوتی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی دا هەڤبەند بێ نەك بە شێوەیەکی تەجریدیو دابڕاو بێو هیچ پەیوەندییەکی بە دیاردەکانی ترەوە نەبێت..

بە هەر حاڵ خودی نووسەر هەندێ جار زۆر بە زەقی لە بەرهەمەکانیا رەنگ دەداتەوەو بەرهەمەکە شەقڵێکی خودی وەردەگرێت، دیارە ئەمە سەبارەت بە عەلەوی بەو زەقیە نیە،و لە پەناوەو لە قاڵبی گوتیاری چیرۆکدا





دەردەکەوێ. بۆ نموونە ناتوانرێ کوڕە لاوە لە باب بێزارەکەی ناو چیرۆکی چەمەدان، خوسرەوی سیلاوی و رەشبین-ی ناو چیرۆکی قوربانی، ئارداشس-ی غیرە کردوو لە براکەی (چیرۆکی کورتە مێژوویەکی ژوورەکەم)، (ف)ی ئاشقە دایك لە چیرۆکی (سەربازی قورقوشمین)دا بە خودی عەلەوی بزانرێن. لەوەیە هەندێ لایەنی پەراگەندەی ژیانی عەلەوی بە کاڵی لەم چیرۆکانەدا رەنگی دابێتەوە، بەڵام هەرگیز گومانی ئەوە نابرێ کە خودی عەلەوی بە تەواوەتی لەم چیرۆکانەدا رەنگی دابێتەوە. مەنەلۆگ لە هەندێ چیرۆکی زۆر کەمدا نەبێ، ئیدی لە بەرهەمەکانی عەلەوی دا کەمە.. شێوازی نووسینەکانی عەلەوی لە هەوەڵەوە تا کۆتایی هەر رۆمانتیکی و شاعیرانە بووە، بەڵام عەلەوی لە زۆربەی چیرۆکەکانیا وێڕای رۆمانتیکیەتی گوزارشت و دەربڕینی شاعیرانەی، وەکو چاودێرێك دەردەکەوێتو هەوڵدەدات خۆشیو ناخۆشی خەڵکی لە قاڵبی چیرۆکانی رۆمانسیانەدا دابڕێژێ..و ئەویش وەکو هیدایەت و گوڵستانو دەوڵەت ئابادی، سوود لە نیروی رۆمانسیانەو شاعیرانەی پەخشانی فارسی وەردەگرێو هەندێ جار پەخشانی وەها دەنووسێت کە شان لەشانی جوانی شیعر دەدات.

عەلەوی بە ژیانی پڕ لە هەورازو نشێو، پڕ لە کەوتن و هەستانەوە کۆمەڵێك پەنجەرەو دەلاقەی لە رووی کەلتووری هاوچەرخی ئێران کردەوە کە ئەگەر ئەوانە نەبوایەن، بۆشاییەك دەکەوتە ئەدەبیاتی تازەی ئێرانەوە.

بە هەر حاڵ کۆ چیرۆکی چمدان (جانتا) هەر چەندە یەکەمین بەرهەمی چیرۆکڤانی عەلەوییە، نێوەڕۆك و تانو پۆو بونیادێکی بەهێزو مکومی هەیەو وەکو چیرۆکنوسێکی بەرجەستەو بە سەنگو ئیحتوبار، عەلەویی بە کۆمەڵگای رۆشنبیریو کتێب خوێنی ئەو رۆژگارە ناساند.


<u>بۆ نووسین و ئامادە کردنی ئەم پێشەکییە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:</u>

١- بزرگ علوی، چمدان، چاپ چهارم ١٣٨٧ (٢٠٠٨) مؤسسة انتشارات نگاه

٢- دکتر فدوی الشکری، واقعگرایی در ادبیات داستانی معاصر ایران، چاپ اول ١٣٨٦ (٢٠٠٧) مؤسسه انتشارات نگاه.

٣- داستان نویسان معاصر ایران، محمد قاسم زاده. چاپ نخست ١٣٨٣ (٢٠٠٤)، انتشارات هیرمند.

٤- نقد اثار بزرگ علوي، عبدالعلي دستغیب چاپ اول ١٣٥٨ (١٩٧٩)، انتشارات فرزانه.

٥- صد سال داستان نویسی ایران جلد ١، حسن میر عابدینی، چاپ اول ١٣٧٧ (١٩٩٨) نشر چشمه.

# کۆجیتۆی باوک

## لێکۆڵینەوەی ڕستەی شیعری

ئیسماعیل محمد أمین

(یەکەم)

شیعر ئاوە ،کومەڵێك شەپۆلی ڕەنگاو ڕەنگە لە ڕەشە بارانی عەدەم دەمانپارێزێت ، گەڕانە بەدوای ڕاستی لەسەر تەوەرە نوستووەکانی بوونی دووبارەوە بوو، هەوڵدانێکە بۆ دەرچوون لەبازنەی داخراوی (بون)ە سۆسیۆلۆژیە دووبارە بووەکەی (بوون) ، لێرەوە زۆر تولە ڕێی باریك و پێچاو پێچ بەرەو جیهانی شیعرمان دەگەیەنێت ، شیعر کۆمەڵێك ڕوانینی بەریەك کەوتویی شوشەییمان دەربارەی جیهان نیشان دەدات ، دەقی شیعری زیندو هەڵوێستەیەکە بەرامبەر تیکچرژانی شتەکان ،لەم خاڵەوە لەفەلسەفە نزیك دەکەوێتەوە زۆر جاریش چەند هەنگاوێك لێی دور دەکەوێتەوە ،پەیوەندییەکی دڵە راوکێی بەفەلسەفەوە هەیە ئەگەر هات و فەلسەفە هەوڵ بدات جیهان بینی خۆی لەسەر بنچینەکانی شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی و گەڕانە بەردەوامە نەمریەکەی بەدوای شیوە و ناواخنی شتەکان و دروست کردنەوەیەکی نوێی ڕوانین بێت بۆ جیهان ، ئەوا ئەدەب و شیعریش لەم چوار چێوەیەدا هەڵسوڕاندنێکی هارمونی تری هەیە لەناو شتەکاندا لەجیهانی شتەکان نزیك دەبێتەوە وەك کۆمەڵێك هەڵماتی شوشەیی یاری دەکات بەڵام زۆر جار روانینێکی سەیری بڵاوەیی پێك دەهێنێت کە لەزۆنگاوە دورەکانی فەلسەفەوە هاتبێت بەڵام تەنها شنەبای سەر گومە نهینییەکانی فەلسەفەبێت ،ئامادەبوونی شیعر لەناو فەلسەفەدا لەم خاڵە (نزیك بوونە–دوور کەوتنەوە)دەست پێدەکات، کێشەی بوون (أنتۆلۆژیا) ئەو بوارەیە لێی نزیك دەبینەوەو دوور دەکەوینەوە فەلسەفەو هونەرە مەزنەکانیەتی ئەو گەڕانە ئەنتۆلۆژەیە بەردەوامە نهێنی ئاشکرایە ڕادەگەیەنێت (من بیردەکەمەوە کەواتە من هەم) چارنیە دەبێت بەرامبەر کۆجیتۆی دیکارت ببینەوە لەم خاڵەوە سوڕانەوەی هێڵەکانی فەلسەفەو شیعر دەست پێدەکات مێژوی فەلسەفەو ئەدەب لەم خاڵەدا یەك دەگرنەوە جیادەبنەوە (من هەم) ئەم هاوکێشەیەی لەخودەوە دەست پێدەکات بۆ ئەستێرەکانی گەردون گەڕانی سەرەتای بەدوای(من – أنا – Ego) لەشیعردا سەرەتاکانی خۆی بەڕوونی دەردەکەوێت (میرلوبونتی) بەم شێوەیە خۆی لەپێناسەی فەلسەفە دەدات (بۆتیمێکی قسە کەرە لەناوەوەی مانا دەربڕینێکی کەڕانەی خودە ٢١–١٧٩ ) لەگەڵ (میرلۆبونتی) دا مێژویەکی فەلسەفە دیاری دەکەین لەڕووانینی (من– أنا) خودی قسە کەرەوە دەستمان پێکرد یەکەم هەوڵدانی شعریش بۆ دۆزینەوەی بنەمای خودەکە لەسەر بنچینەی جیهانە نەستیەکەی (بنەمای ئەوە – بنیە هو td) دامەزراوە بەم شێوەیە گەڕانەکەی ئەدەب و فەلسەفە لەسەرەتا نەستی و تێر نەبوە کەی ڕەمەکایەتی وسۆزو پاڵپێوەنەرەکانی مرۆ دروست بووە بەتێکەڵ بونی دا لەگەڵ سروشت و جیهان .

ئەم( من)ە سەر لی شێواوە هەست بەکەمێتی دەکات ، بۆیە پەنا دەباتە بەر دەستە مۆکردنی جیهان و شتەکان هەوڵدەدات لەسنورەکانیان بچێتە ئەودیو بونیانەوە ئەم (من)ە وەکو دیکارت دەڵێت : بیر دەکاتەوە (من بیردەکەمەوە) هەوڵدانێکە بۆ پڕکردنەوەی هەست کردن بەکەم و کوڕی کاتێك بەرامبەر سروشتی تێك چڕژاوی شتەکان دەبێتەوە وە بۆ دەرچوون لەحاڵەتی بازنەی سەر سوڕمان کرداری دروست کردنەوە و تێك شکاندن

لەبیردا دەست پێدەکات بەم حاڵەتە خەڵق کردن و داهێنان گلگامێشیەتی مرۆڤایەتیە بۆ گەڕانی بەدوای نەمری بۆ دۆزینەوەی بوون ، بوونێکی بەردەوام ، هەنگاو نان دوور لە دووبارە بوونەوەی کافکایی ، خەڵق کردنی لەمنی بیرکردنەوە دا دەست پێ دەکات ... چونکە (خەڵق کردن لەهەمان کاتدا کامل بوونی بوونە١- ١٧٩).. لێرەوە شیعریش وەك فەلسەفە بەدوای منی خویدا دەگەڕێ، خۆی لەناو کۆجیتۆی دیکارتیدا دەبینێتەوە (من بیر دەکەمەوە کەواتە من هەم) هەربۆیە (فەلسەفەو هونەر بەرهەمی زۆر داری جیهانی رۆحی یا ڕۆشنبیری نین بەڵکو پەیوەندییەکە لەگەڵ بوون لەبەر ئەوەی کرداری خەڵق کردنن ٢١- ١٩٨).

کەواتە جیهان بینی شیعرو ڕوانینی بۆ شتەکان (شیکردنەوەی ئەدەب ، تۆمارکردنی بونە ... ٢١/١٩٨) . دەقە زیندوەکانیشی بونەیەتی خۆیان ون ناکەن ، تۆمارکردنی بوون و کێشە سەرەکیە سەرسوڕهێنەرەکەیە ، ئەم دەقانە پرسیارە ئەنتۆلۆژی و پێکهاتنەوەی جیهان دەگرنەوە ئەستۆ ..

((دووەم))

(گەردونیش تەنیا هەڵماتە شوشەی سۆزانیەکە ، لەبەر تریشقەی قامچی شەوەیە یا، بروسکەی هەزار چیرۆکی نووسی ). لە (جەنگی جیهانی سفر).

جیهان لێرەدا بازنەیەکی گەمارۆ دراوی ئامادە بوو بۆ هەرەس هێنان لە خۆدەگرێ ، بیرکردنەوەی شیعر خۆی لە شێوەی توندو تیژی وێنەدا دەبینێنەوە ، هەست بەئامادەبوونی (من – أنا) ناکەین من نیوەیەکی گەردونی هەیە ، باوەشی کردۆتەوە بۆ ئەوەی باوەش بۆ من بکاتەوە لە وردبوونی منەوە منی نووسەر مردوە لەم خاڵەوە تەنیا ئەفسانەی نوسین دەست پێ دەکات بە هەموو دوریەکانییەوە (دال ) ێکی جولاّوە بۆ کۆمەڵی (مەدلول) کە لە ڕەگە دورەکانی گەردون دا درێژ بوبێتەوە ، هەوڵدانێکە لە دەقەوە بۆ جیهانی دەرەوە وە بۆ سەرەو نگومکردنی مدلولی باو دەربارەی جیهان و گەردوون ، کۆجیتۆی شیعر بو تەواوکردنی خۆی دەربارەی جیهان و گەردون کۆجیتۆی شیعر بۆ تەواو کردنی خۆی دەربارەی گەردون دەخاتە سەرمێزی شی کردنەوەی جولاّوەکان ، بیرکردنەوەی شیعر ئەگەر وەك (دال )وەری بگرین کۆمەڵی شی کردنەوی جولاّومان لەناو بنەمای یەکەمدا بۆ دەردەخات چەمکی یەکەم (مەدلول) دەربارەی گەردون دیارو ئاشکرایە ، بەلاّم بنەما ئاشکراکە بۆ چەند





بارێکی تری ناو وێنەکەمان دەبات گەڕانەوەیەکە بۆ بیری سەرەتایی چاکتر وایە بڵێین: بۆ باری دەرونی سەر سوڕماو بەرامبەر بەگەردون ، گەردون دەبێتە هەڵمات ولە ژێر قامچی شەوەیا بەرەو بێ کۆتایی لەناو تاریکایی دا ون دەبێت گەڕانەوەیەکە بۆ (نەستی کۆمەکی – اللاشعور الجمعی) بۆ پەیوەندی یە سیحریەکانی نێوان شتەکان بۆ نمونە سەرەتاییەکانی ناو بیری مرۆڤایەتی ڕێکخستنەوەی بوون بەچەند پەیوەندییەکی نا ئالودەو سەیر،دروست کردنەوەیەکی جیهانە بە رژێمێکی پێش لۆجێك بەمانای ڕژێمی سیحری لەبنەمای سەرەتایی بیری کۆمەکی نزیکمان دەخاتەوە ئەگەر هاتو شتەکان لە وێنە سیحرییەکەدا بەرامبەر شتەکان بێت بۆ شیکردنەوەی فنیۆمۆلۆژیای گەردون ئەوا پەیوەندییەکی هەرەمەکی و نەستی نالوژیکی بەدی دەکەین ، ئەمەش بیرکردنەوەیەکی سیحرییە (سیحر دەکەیتە ناو رژێمی پێش لۆجیك ، روانین بۆ شتەکان بیر کردنەوەیەکی سەرەتایی دەوێت کە بەشێوەیەکی هەرەمەکی شتەکان و دیاردەکان بەیەکەوە دەبەستن .... ٢,٩.) با تێبینی پەیوەندی نێوان شتەکان بکەین کەلە رژێمێکی سیحریدا پەیوەندییەکی سەیرو نالوجیکی دەیانبەستیت بەیەکەوە.

هەڵماتی شوشە    سۆزانی
تریشقەی قامچی    شەوە
بروسکە    چیرۆك

ئەم شتانە بە هەموویان پەیوەندییەکی هەرەمەکی لە دوورگە دوورەکانی (نەست – الشعور)وە هاتووە ، بەیەکەوە دەیانبەستێتەوە دەمانگەیەنێت بە چەندەها مەدلولی دەربارەی سروشتی شتەکان ، تێکرا پەیوەندیان هەیە بە دیاردە گەورەکەوە ئەویش گەردوونە ، گەردوون لەنێوان شتەکاندا پەرت دەبێتەوە پەیوەندی نێوان شتەکان پەیوەندیەکی سیحری یە چونکە خۆی لە قەرەی بیرکردنەوەی سەرەتایی دەدات ، هەڵقوڵاوی رەگە کۆنەکانی نەستی کۆمەڵە لەپەیوەندییە پێش لۆجیکەکانییەوە ئامادەیە خۆی نیشان دەدا. لێرەدا گەردوون لەناو پەیوەندی شتەکاندا توایەوە ، بابزانین سروشتی یە پەیوەندیەکان لەسێ ئاستەوە هێرش دەهێنێتە سەر وێنەکە کۆدیتای ئەبستمولۆژی خۆیان دەست پێ دەکات سێ پەیوەندی بەرەو چەند چەمکێکی دوورو ئاراستە کراو بۆ پێك هاتەی بیری مرۆڤایەتی دیاری دەکەن.

(پەیوەندی یەکەم)
پەیوەندیەکی جیهانی جوڵەیە بەجیهانی سۆزە و گەڕانەوەیەکە بۆ دڵە ڕاوکێ و حاڵەتە جیاجیاکانی قۆناغی پێگەیشتن پەیوەندیەکی دولایەنە (پنائیە) پەیوەندی نێوان قەوارەیەکی ڕەق و بێگیان بەچوارچێوەیەکی زیندوی زاخاو دراو بەکەوتنە خوارەوەی کۆمەڵایەتی بازیاتر لەسەر ئەم پەیوەندییە بڕۆین پەیوەندی نێوان (هەڵماتە شووشە) بە (سۆزانی یە) وە پاشان پەیوەندی بەدیاردە گەورەکەو لە مەداری شیکردنەوەی جیهان و گەردون داتێ بگەین ڕەگە سایکولوژی یەکانی (هەڵماتە شووشە) شوڕبوونەوەیەکی بۆ یاری منداڵی و تەمەنی پێگەیشتوە بەمانای سەرەتاکانی چونە ناو زمانی کومەڵەوە ، من لێرەدا زمانی کۆمەڵ بەرانبەر ( منی باڵا Super Ego )ی بەکاردێنم گەڕانەوەیەکە بۆ ترس و دڵە راوکێی منداڵی بەرامبەر بە جیهانی گەورە ، بەرامبەر هێزە مەعریفیە سۆسێۆلۆژییەکانی سەرەتاکانی دەرچونە لە (من –Ego)بەرەو جیهانی قەدەغەو پەیوەندییە تازەکان کە بەرامبەر منی منداڵ دەبێتەوە هەڵماتە شوشە لە حاڵەتی سایکۆلۆژییەکانی سەرەتای دروست بوونی زمانە ، حەزکردن لە تێگەیشتن لە جیهانی سەرەتایی چونە ناو جیهانی زمان و بیرەوە ، دەقەکە لەم بوارەدا خۆی لە حاڵەتی ترس و سەرەتای بیرکردنەوەدا دەبینێتەوە ، هەڵماتە شوشە لە هەمان کاتدا خاوەنی جوڵەیە لێرەدا عەقڵی دەق لەو دیو حەزەوە هاتووە حەزکردن لە جوڵە، حەز ئەگەر هات و بەرامبەر وزە سیکسیەکە داینێن ئەوا هەڵماتە شوشە بە پێی جووڵەکانی حەزو هەورەکانی مەعریفەوە، پەیوەندی هەڵماتە شوشە بەم شێوەیە چەند دەورێکی سێمۆلۆژی وەرگرت .

منداڵی (سەرەتاکانی چونە ناو زمانی کۆمەڵ)  هەڵماتە شوشە

حەز ( لە وزە زایەندیەکەوە هەڵقوڵاوە)

ترس (لە زمانی کۆمەڵ ـ لە مەعریفە )

گەردوون لەم بارەدا لە خاڵی منداڵی و حەزو ترسەوە دەست پێ دەکات لە (دال) یکەوە بۆ چەند (مەدلول – چەمك) یکی تر (وەکو دوسوسیر دیاری کردووە کاریگەری سایکۆلۆژی وێنەکەیە / دو سوسیر علم اللغە العام / پروسیسی خوێندنەوەمان دوریە سەرەتاکانی پەیوەندییەکە ، سروشتی پەیوەندی یەکەمان زیاتر لا روون دەکاتەوە لەم سەری پەیوەندی یەکە سۆزانی یەك راوەستاوە گەردونیش هەڵماتە شوشەییەکانی ئەون ، چوار




چێوەی جەستەیی و ڕۆحی سۆزانی یەکە گەردون لێرەدا لە نیو ڕەگەزی مێینەدا بە جوڵانەوەی پەرش دەبێتەوە ،هەڵماتە شوشە کە خۆی ئامادە دەکات دەق لێرەدا خاوەنی هەستە پەنگ خواردووەکانی خۆیەتی بەرامبەر بە جیهان وەك ئەوەی هەڵماتە شوشەکان لە منداڵانی ئەو سۆزانیە هاتبێتە دەرەوە جیهانیان پێك هێنابێت ... پێوەلکانی خیانەت و سوزانی بۆ ڕەگەزە مێینەکەی گەردون لە حاڵەتێکی هاملیتیانە * نزیکمان دەخاتەوە پەیوەندی یەکە بە تەواوەتی بنەماکانی خۆی ئاشکرا دەکات بەگەڕانەوە بۆ منداڵی دەق لە دوا شیکردنەوەی ئاستی پەیوەندی یەکەم دا خۆی دەردەخات گەردون بەگەورەیی وپان و پۆڕی و مەزنیەوە ئاماژەیە بۆ هێزی باوك، سۆزانی وەك لە دەقەکەدا لکاوە بەرەگەزی مێینە دەربڕینە لە هەست کردنی منداڵ بەوەی دایك سۆزی خۆی دەدا بەکەسێکی ترو یەکێکی تر هەیە بەشدارەو حاڵەتێکی رق پەیدا بووە بەرامبەر بەدایك و حەزکردن بەلابردنی ڕەگەزی باوك (گەردون) بەم شێوەیە پەیوەندییە نەستییەکە پەیوەندی زوران بازی نێوان باوك و منداڵە ، پەیوەندییە ئۆدیبییەکە سەرجەمی تەواو کاری شیکردنەوەی هەڵمات و سۆزانی داگیر دەکات ، دەتوانین بە گەڕانەوەی بۆ (لاکان) ئەم پەیوەندی یە لەم شێوەیەدا خۆی دەربخات :

پەیوەندی یەکی نەستی
(..............)
گەردوون        باوك

منداڵ        هەڵماتە شوشە
سوزانی        دایك

بەم شێوەیە پەیوەندی زۆران بازییە ئۆدیبییەکە لەسەر ئاستی نەستدا لە نێوان کوڕو باوکە ، لەسەر ئاستی پەیوەندییە پڕ لە دڵ راوکێکەی هەڵماتە شوشەو گەردونە ، بەم شێوەیە بنەما ئۆدیبییەکە لە قوڵایی دەقەکەوە دێتە سەر ئاستی هەست پێکراو .

پەیوەندی دووەم ...
پەیوەندی یەکی نێوان سروشت وجیهانی خۆرافەیە، ئێمە بەرامبەری دوولایەنی پەیوەندی یەکە دەبین . تریشقە ( دیاردەیەکی سروشتی بتەوە (بنەمای خورافی) ئەگەر تێبینی هەورە تریشقە بکەیت خۆی لە خۆی دا گەڕانەوەیەکی مەعرفییە بۆ قوناغە سەرەتایەکانی مرۆڤایەتی زاخاو دراوە بەو ترس و دڵە راوکی و پرسیاری دەربارەی دیاردەکانی سروشت کراون .

٢–ژیانی لەسەرەتای بیرکردنەوە نزیك کردوتەوە، پاشان بوّتە پرسیار، پاشان چەندەها چیروّکی خوّرافی دەربارەی هوّکارەکانی دیاردەکان دروست بووە ، ئەم قوّناغە پێش قوّناغی فەلسەفەیە ، قوّناغی بیری خوّرافی ئەو ئەفسانەیەیە کە شتەکان لە چەند رژێمێکی پێش لوّجیك دا رێك دەخەن لێرەدا دەق بی لایەنی خوّی دەربارەی دیارەدەکان دەرناخات بەڵکو دەربرینێکی مەعریفی سەرەتایی یە بەرامبەر بە دیاردەکان ، حەزکردنێکی نەستی یە بوّ گەرانەوە، بوّ نمونە و وێنە سەرەتایی و هەستە پەنگ خواردووەکان ، بەمانای گەڕانەوەیەکە بوّ نەستی کوّمەکی ، هەروەها هەستە منداڵییەکەی دەقیش خوّی نیشان دەدات بەو ترسەی کە دیاردەی بروسکە دروست دەکات یان دەبێت حەزکردنە لە قوشمەڵە بوونێکی منداڵانە لە ناو بیری سەرەتایی وێنە و ئەفسانەی سەرەتایی دەدا بە دەقە کەشەوە لە چیروّکەکاندا رەگەزی مێینەیە بە ئافرەتێك لە سوّزی دایکایەتی وبێ منداڵی بێ بەری، لە کاتێك کە مەلوتەکەکان لە دایك دەبن ئەوەندەیان ماچ دەکات و لە ئامێزی دەگرێت تاوەکو منداڵەکە دەمرێت ، بەم شێوەیە بنەمای شەوە دوو لایەنییەکی لە خوّ گرتووە لەسەر چەند ئاستێکەوە دەردەکەوێت لەلایەکەوە بنەمای مردن بەشێکە کە چیروّکی ، شەوە چونکە لە ژیانەوە بەرەو مردن شوّڕ دەبێتەوە ، بەم شێوەیە .

ژیان

(٤–٢٩)

مردن

زاڵ بوونی ترس لەشەوە پەیوەندی دارە بەترس لە مردنی مەلوّتکەوە کەمێتی خوّی لە چوار چێوەی کردەی لە دایك بوون دا دەبینێتەوە، ترسە لەزەوت کردنی ئەو دەسکەوتە مەعریفیە تازەیە بەم شێوەیە حاڵەتی منداڵی و هەست کردن بە ترس لە دیاردەکان و زەوت کردنی ئەو دەسکەوتە مەعریفیە پەیوەندی نیوان سروشت و خوّرافەیە هەروەك ئەوەی رستە شیعریەکە پەیوەندییەکی نەستی دروست کردبێت لە نێوان دیاردەکان و سەرەتاکانی پەیدا بوونی مەعریفە جارێکی دی دەتوانێت بوّ مەبەستی زیاتر نزیك بوونەوە لە پێك هاتەی عەقڵی رستە شیعرییەکە چەند نەخشەیەك بکێشین :

نەخشەی یەکەم تایبەتە بە هێڵکاری و چەمەکەکانی بروسکەیە

ترس

نەستەکی کوّمەکی

تریشقە



بیری سەرەتایی

نەخشەی دووەم هێڵکاری مەدلول وچەمکەکانی شەوەیە

خورافە (گەڕانەوە بوّ قوّناغە سەرەتایی یەکان)

شەوە دایکایەتی مردن

لە دوو شیکردنەوەماندا بەم شێوەیە گەردونمان لادەست گیر دەبیّ

(باوك)

گەردوون ترس تریشقە شەوە

مردن نەستی ( منداڵ)

(دایك ) دایکایەتی کوّمەکی

خورافە

خوّرافە

بەم شێوەیە گەردون لەو پەڕی بەهێزی خوّیدا بروسکە بەرامبەر عەقلی سەرەتایی دادەنێت ، بروسکەکەش پەیوەندییەکی نەستی هەیە بە شەوە کە چەمکی سوزو دایکایەتی وترس لە خوّ دەگرن ، بەم شێوەیە دەبینین هەورە بوسکە و شەوە تێکەڵ دەبن لە ناو هێزە گەورەکەدا کە گەردوونە ، تریشقە لە ناو پەیوەندی دایکایەتی شەوە تێکەڵ دەبێت بەم شێوەیە پەیوەندی نەستی نێوان دایك و منداڵ بەسەر رستە شیعریەکەدا زاڵ دەبێت دوا جار وەك گەڕانەوەیەك بوّ شیکردنەوەی دەروونی سروشتی پەیوەندییە نەستیەکە بەم شێوەیە دەبێت.

باوك + گەردوون

تریشقە + منداڵ

شەوە + دایك

پەیوەندی سییەم :–

دوا جار پەیوەندییەکە لەسەر ئاستی ئاسوّیی شی بکەینەوە بوّ ئەوەی بگەینە بنەما جێگرەکانی ئەبستمولوژیا کە دەقی لەسەر دروست بووە , پەیوەندی سییەم ، پەیوەندی نێوان بروسکەو چیروّکە، بروسکە هەروەکو لەوەو پێش لە دوا شیکردنەوەماندا تیگەیشتین (دال) ە بوّ حاڵەتی منداڵی و نوێنەری منداڵە لێرەدا منداڵ وچیروّك یەك دەگرنەوە چیروّك ناوەندی دروست بوونەو رووخاندنە کەوتنە خوارەوەی شیکردنەوەو وورد بینی جیهان دەگەیەنێت لەچیروّك دا هەست بەدەنگ دەکەین ، دەنگێك کەباسی گەردون و تیك شکاندن و خوّشەویستی و زوّرانبازییەکانمان بوّ بکات، منداڵ و چیروّك لە پەیوەندی (دال و مەدلول)ی بروسکە و چیروّك دا خوّی دەبینێتەوە ، بەم شێوەیە پەیوەندی سێیەمیش دەگەڕێتەوە بوّ ئامێزی گەرمی دایك و لابردنی و جیّ پیّ لێژکردنی باوك، بەلاّم لە شێوەی ناوەندیکی گەورەی دەرونی

ڕەگەزی گێرانەوە خۆی دەردەخات، هەروەك بیەوێت ئەوهێمنایەتی یە بخاتە دڵە ڕاوكێوە وەك قەدەر لەگەڵ منداڵدا ڕەوت بكات ، دەتوانین لەم نەخشەیەدا زیاتر لەسروشت وبنامەكە نزیك بكەیتەوە .

بروسكە (منداڵ) دایك (چیرۆك)

بەڵام ڕەگەزی گێرانەوەكە لەهەموو چیرۆكێكدا هەیە بەرامبەر دەنگەوە دەوەستێت .

گێرانەوە = دەنگ دەنگیش ڕەگەزی لەرینەوە و بەرزو نزمی لەخۆ دەگرێت حاڵە تێكە لەدڵە راوكی و ترسەوە نزیكە ئەم حاڵەتەش لەپان و پۆری گەردون و ترس لەدیاردەكانیدا هەیە ، هەروەها نزیكە لەو ڕەگەزی دڵە ڕاوكێیەی كەمنداڵ والێدەكات هەست بەزەوت كردنی سۆزی دایك بكات بەم شێوەیە دەنگ بەرامبەر ، باوكی دەبێتەوە ، باوك بەو سیفەتەی كەهێزەو گەردونە بەهۆی پەیوەندی دایكەوە منداڵ لە هاوكێشەكەدا لاكەت و بەتەنیا بەرامبەر جیهان بووەوە هەوڵ دەدات لەپەیوەندییە ئودیبیەكە ڕزگاری بێت و خۆی بەرامبەر بۆشایی یەكی تازەو دروست بوونەوەیەكی تازە دەبینێتەوە / بەم جۆرە منداڵ لە هاوكێشەی ئودیبەكە ڕزگاری دەبێت ، لەو زورانبازی یە نەستیە بەرەو قوناغێكی تر هەنگاو دەنێت لەبازنەی دەمارگیری بەرەو نەش و نوما هەڵدەكشێ ، لەدوا جاردا پەیوەندی سێیەم ڕزگار بونە لە گرێی ئۆدیب بۆ زیاتر ڕونكردنەوە سەیری ئەم هێڵكاری یە دەكەین

باوك منداڵ دایك

ئەگەر بەشێوەی ستونی پەیوەندییەكان لێك بدەینەوە ئەوا ئەمانە (دال) ن بۆ (مەدلول) ی منداڵ و دایك

منداڵ

دایك هەڵماتە شوشە

سوزانی تریشقە

شەوە بروسكە

چیرۆك

ئەم دوو پەیوەندیەی یە ستونی یە بەستونی بەرەو باوك لە گەردوونەوە ئاراستە كراوە.

گەردوون

هەڵماتە شوشە سوزانی

بروسكە شەوە

تریشقە چیرۆك

دواجار لەپەیوەندییەكی ئاسۆییدا منداڵ جیا دەبێتەوە و لەگرێی ئۆدیب ڕزگاری دەكات ، كە ئەمەش سیفەتی دەقی زیندوە .

باوك — گەردوون = دەنگ = گێرانەوە

منداڵ دایك هەڵماتە شوشە







سوزانی

بروسكە

شەوە تریشقە

چیرۆك

هەروەك لەشیكردنەوەی یەكەم و دووەمدا پەیوەندی ڕاستەوخۆ لەنێوان دایك و باوك دایە (سەیری نەخشەكان بكە) تەواو باوك دەخاتە بەرەیەك و منداڵێتی لەزۆرنبازییە ئودیبی كەوە دەر دەچێت و دەق دەگاتە دوا شیكردنەوەی خۆی فەلسەفەی خۆی بینا دەكات بەرامبەر بەجیهان .

*جەنگی جیهانی سفر كۆمەڵە شیعرێكی شاعیر صلاح جلالە ١٩٩١ بلاوبۆتەوە و جارێكی تر لە شارای شیعری (كەوتنە خوارەوەی گەردون)دا بلاوبۆتەوە.

بە دو ژمارە ی ڕۆژنامەی برایەتی (١٦٣٥ لە٢١ی٥ی١٩٩٣ و =١٦٥٠لە ٣ی٥ی١٩٩٣ دا بڵاو بۆتەوە.بەشی سێیەمی وەستا.



## قەسیدەی (بەهار وپایز)ی
## جیرارد هۆبکنز و
## خوێندنەوەیەکی ڕەخنەییانە

# بۆ کیژۆڵە خنجیلانەکە

ئا: عوسمانی شێخ محیّدین

مارگرێت
ئایە غەمبار دەبی ؟
بـــۆ هــــەڵوەرینی گـــەڵاکانی باخـــە
ئاڵتونیەکە....
گەڵاکانیش حاڵیان وەکو مرۆڤەکانە....
تۆیش بە بیری هەرزەکارانەت...
لە هەڵوەرینیان وەڕس دەبی
ئاخو دەتوانی ئەمە بکەی؟
ئاه ... چەندێ دڵ گەورەتر بێ
بەخوێن ساردیەوە دەرگیری ئەم دیمانانە
دەبێ
دواجـار ئـیتر هـیچ حەسـەرەتێك کـاری







تێناکات
لەگـەڵ ئـەوەی دونیـای دارسـتانی ڕەنـگ
زەرد و بزرکاو
بە ژاوەژاوی گەڵا پەرش و بڵاوەکانیەوە
رادەکشێت
بەڵام ئێدی تۆ دەگری وهۆی گریانەکەشت
دەزانی
ئەی کیژۆڵەکە هەنووکە ناو چ گرنگیـەکی
نیە..
چوون سەرچاوەی هـەموو خەمـەکان هـەر
یەکە
وەکـو ئـەوەی زار گـۆی کـرد... و ئـاوەز
گوزارشتی لێدەکرد
بەڵام رۆح بەوەی زانی کە دڵ
هەستی پێ دەکا...
ئازیزەکەم
ئەوە وێرانەیە، کە مرۆ بۆی
لە دایك بوو
مارگرێتەکەم .. ئەمەیە تۆ خەمی
بۆ دەخۆی

خوێندنەوەیەکی رەخنەیانـە بـە پێنووسـی پرۆفیسۆر ئایان لانکشیر

تێبنی(١): ناوونیشانی قەسیدەکە "بـەهار و پایز" لێرەدا وشەی بەهار جگە لە وەی بە واتایی وەرزی بـەهار (spring) دێـت، لە زمـانی ئینگلیـزی کلاسـیکدا، بـەواتایی کلاسیکیەکەی وەك سەرچاوەی (خەمەکان ) بە کارهێنراوە، هەروەها وەرزی پـایز کـە بە fall لە ئینگلیزی ئەمریکیدا گوزارشـتی لێ دەکرێ، جگـە لـە واتـا زانراوەکـەی بـە واتایی " کەوتن" یش دێ، بەڵام لە زمـانی ئینگلیـزی بەریتانیـدا بـە وەرزی پـایز دەوترێت "ئوتم. " Autmn

تێبینی(٢ :(

١ــ هــۆبکنز کاتێــك ئــەم هۆنراوەیــەیی نووســیوە، بــە ڕێگــاوە بــووە بــۆ لای شەمەندەفەرەکە لە ( لیدیات )، کە بـەرەو لێڤـەرپوڵ دەڕۆیـشت، لـە نووسـێنیکدا بـۆ (روبرت برجن) دەڵێ:

پارچــەیەکی بـچوك بـوو، لــەو کاتــەدا رێکمخـست کـە ئـەم نامەیـە دەسـتیپێکرد، بەرجەستە و بونیـاتنراوی هـیچ ڕووادوێکـی راستەقینە نیە. هەروەها ئەوەشی وت: کـە زۆر قەناعەتی پێی نیە.

٢ــ باخــە ئاڵتونیەکــە: نــاوی شــوێنێکە دەکەوێتە" گۆڵدن گروف" ی کارمـسیر لـە وێلـــز بـــە دووری ســـێ کاتـــژمێر دەکەوێتـــە باشـــووری لێڤەرپوڵـــەوە، کێڵگەکـــە هـــی جێرمی تایلۆر بـوو، کەئـەویش قەشـەیەکی ئینگلیز بوو(١٦١٣ـ ١٦٧٧ ) کە کوڕاسـەی

نوێژ و بانگدانی ڕۆژانەی باخە ئاڵتونییەکەی نوسیبووەوە، نزیك لەماڵی هۆبکنز لە گوڵدن گروف لە لالانسا و فلنچەر، کە ماڵێکی گەورەی سەردەمی ئەلیزابیسە و هەزار( فەدان ـ ڕۆژەجووت)ە لەداری زەبەلاح و درەخت وگژوگیا. ڕەنگە لێرەدا بۆنمونە" مەرۆ لە " بە واتایی ئەوەبێ کە ( مارگرێت پێویستە بەوحاڵەی ئێستایی لە باخی گوڵدن گرۆف بمێنێتەوە .(

٣ــ دارستانە ڕەنگ زەرد و بزرکاوە تەمومژاوییەکە: دارستانێکی ئینگلیزی دێرینە... لەوانەیە هەموو گەڵاکانی ( دارستانە ڕەنگ زەردەکە"مان.... لە سەر ڕووی زەوی بە پەرش وبڵاوی کەوتبن.

منالێکی بچکۆلە بە ناوی مارگرێت" لە بەر هەڵوەرینی گەڵا ئاڵتونیە جوانەکانی دارستانێکی پایز دەگری...کە هەمووی کەتۆتە سەر زەوی... ئەو هۆی کەوتنی ئەو گەڵانە لە قسەکەر دەپرسێ، وەکو زۆرێك لە منالان، مارگرێت ئەگەر شتەکان بە دڵی ئەو نەبن، بە ئاسانی وەڕس دەبێ . مارگرێت پرسیارگەلێکی زۆری هەیە کە پێویستیان بە شرۆڤەیە... ئەو دەگری و سووره لەسەر کەلە ڕەقی خۆی تا قسەکەری شارەزا پێ بێژێت بۆچی ئەو گەڵایانە دەکەونە خوارەوە. زۆر جاران دایك و باوك ومامۆستاکان بە ئارامی وسۆزەوە وەڵامی لەو جۆرە پرسیارانە دەدەنەوە، وەڵامەکەشیان ئەوە دەبێ: گەڵاکان بە هۆی گۆڕانی وەرزەوە هەڵدەوەرێن، ئەوەی روو دەدات تەنیا بەهار وپایزە، لە ساڵی داهاتوو جارێکی دی گەڵاکان دەگەڕێنەوە. بەڵام قسەکەر لێرەدا وا ئاخافتن ناکات... وەکو ئەوەی گەورەکان لە گەڵ بچکۆلەکان بە ئاوەزی ئەوان وبەشێوەیەك کە دڵ ودەروونیان ئاسودە بێت... هەروەها ئەو پێ ڕاناگەیێنێ کە هیچ پێویست بە گریان ناکات. و ئاسودەیی پێ نابەخشێ، بەڵکو هەرگیز وەکو منالّ مامەڵەی لە تەك ناکات، چجای ئەوەی مەبەستمان بوو بزانین قسەکەر کێیە؟ بەڵام لەراستیدا دەزانین "هۆبکنز"ە چونکە ناوی خۆی خسۆتە سەر قەسیدەکە..... هۆبکنز قەشەیەکی کاتولیکی بوو، بە شێوەیەکی ئاسایی ڕۆژانە گوێی لە دانپیانانەکان ڕادەگرت و پسولەی لێخۆشبوون و بانگدان و خوێندنی توقوسی کۆتایی بە گوێی مندالاندا دەبەخشیەوە وە لە سازدانی کۆڕ







وکۆبونەوە و ڕێوڕەسمی هاوسەرگیری ئامادەگی هەبوو، لەسەرووی هەمووو ئەمانەوە کورەکانی (ئابر شید)ی فێری ژیان کرد، بەو تێگەیشتنەی نەمری تەنیا بۆ خوایە. هەر بۆیە مارگرێت هانایی بۆلای کەسێکی هەڵە هێنا، چونکە ئەو سۆزەی دەس نەکەوت ، کەهیوای بۆ دەخواست، بەڵکو لە جیاتی ئەوە وانەیەکی دەسکەوت.

بەهار و پایز باسی وەرزەکان ناکات.. تەنانەت وەکو پێویستیش دەربارەی هیچ یەکێ لە باخەئاڵتونییەکانی وێڵز نادوێت . کێڵگەی فلینشر دەکەوێتە نێو دارستانێکی چڕ وپڕ و ڕازاوەوە شوێنی"کارماسن" گونجاوە لە گەڵ پەرتووکی( نوێژەکانی) قەشە جێرمی تایلۆر کە لە ساڵی ١٦٥٥ بڵاوی کردەوە، کە بیکنز پێشترلەم بارەیەوە، هەندێ ئاماژەی داوە کە پەیوەندی بە قەسیدەکەوەیە.

ناونیشانی ئەسڵی قەسیدەکە "سەرچاوەی هەموو فرمێسك و خەمەکانە، کە سەرچاوەیەی(داکەوتنی) پیاو دەگەیەنێت، کە گوناهباری ئەسڵی یە وسزاش بۆ ئادەم وحەوا ومنالەکانی دابەزی بە هۆی خواردنیان لە داری قەدەغە وپاوانکراو، ئەو دارەی بە خێر وشەڕ ناسراوە.

کەوتن یان( هەڵوەرینی گەڵاکانی باخە ئاڵتونیەکە ) جیهانێکی پیس وئالودەیە بەو (وێرانەیەی مرۆڤ بۆی لە دایك بوو) وەکو (جون ملتن ) بە (دۆڕاندنی بەهەشت)ناوی دەهێنێ.

گشت خەمەکان چ ئەوەی پەیوەندی بە گەڵاکان یان حاڵی مرۆڤەکانەوەیە، ڕەگ داکوتاوی ئەو رووداوە سەرەکیەن کە لە (سەفەر ئەلتەکوین) دا وەسفکراون. بەپێی ئینجیل سەردەمی نوێ نرخەکەی بە خاچ دان ومەرگی عیسا تەواوبوو، وەرزەکان هاوتەریبی ژیان ومەرگی هەموو مرۆڤێ گوزەر دەکەن....لە هەمان تۆپەوانەدا بریارێکی ئیلاهی دەردەچێ، بە نەفرەتکردنی ئادەم وحەوا لە عەدەن، بەم هۆیەوە موعانات و دەردەسەری هەموو شتێکی لە دونیادا گرتەوە، هەر بۆیەش هۆبکنز دەستەواژەی (وێرانە) بە کار دێنێ، بەهۆی وابەستەبوونی بەو نەهامەتی ونەخۆشیانەی تووشی بەروبومەکان ودونیای سروشتی دەبوون. دەرك کردن بە خەمی نێو دڵی مارگرێت، بە کەوتنە خوارەوەی گەڵاکان و بەجدی وەرگرتنی

بانگەوازەکەی بۆ دەسخستنی تەفسیرێك.
پاڵ بە (هۆبکنز)ی قسەکەرەوە دەنێ تا ئەم کارەساتەی پێ ڕابگەیەنێ، ڕامی دەکات بۆ هەموو جۆرەکانی لە دەستدان وخەسارەت ونەفەرتکردن لە نەفسی خۆی ، ئەمەیە کە مارگرێت بۆی خەمناك بوو.
هەموو دیمەنەکان (تەنانەت ئەوانەی کە دەوری دونیابینینەکانیان دەدا، بۆ شتێکی بچوکتر بەیەکدا دەچنەوە ، بە بەراوردکرنی لە گەڵ ئەوەی مرۆڤایەتی مەزەندەی دەکات و ڕاشکاوانە دەریان نابڕێ یان وێنایان ناکات (ڕۆح پەی بەوەبرد کە دڵ هەستی پێدەکا) ...درککردنیەتی وەك سۆز و هەستپێکردنیەتی وەك رۆح ... باوەڕهێنان بەوەی ڕۆح نەمرە، نەك جەستە، چونکە لە جیهانێکدا لە دایکبوو، هەرگیز بە جیهانی ئێمە ناچێت ...
مارگرێت ناوێکی گونجاوە، بە واتایی مرواری دێت و هێمایە بۆ (مرواری گران بەهای سەردەمی نوێ) و ئەو رۆحە، مارگرێت خەم دەخوا بە هۆی مەزندەی کەسێکی ئاساییەوە، ئەشێت هەر منداڵێك ئەو ناوەی هەبێ،
...دێڕەکانی ( ٨-١٠) هێمای گواستنەوەی نێوان گرفتەکانی مارگرێت وتەفسیرکردنیان دەکات، دێڕەکانی ناوەوە سەرواداراە وەکو sights” and “sigh,” “by” and “sigh”, and “Though” and “knowئەمانە لە گەڵ یەکتریدا ڕاست و ڕەوانی منالێك نیشان دەدا، ئەم شێوزارە سادەیە (ئاخۆ دەتوانی) و(چەندێ دڵ گەورەتر بێ) و(ناو چ گرنگیەکی نیە) هەموو دەگەڕێتەوە بۆقەسیدەیەك، ڕەنگە وەکو هەر هۆنراوەیەکی دیکەی منداڵانەی سەروادار کە دەشێت ئاڕاستەی منداڵێ بکرێ.
دەتوانین قەسیدەکە بکەینە دوو بەش: دەرك کردنی قسەرکەر بۆ خەمی مارگرێت لە دێڕەکانی(١ـ٩) وە لیکدانەوەی ئەو خەمە لە دێڕەکانی(١٠ـ١٦) دیارە.
سونەتگەرێتی هۆبکنز ئەوەیە زۆرترین خەمی لە کۆڵناوە. هۆبکنز جار جارە هەناسەی شکستی خۆی دەداتەوە، وەکو شاعیرێك لەبەر بلاونەکردنەوەی شیعرەکانی و لە بەر چاونەگرتنی بەهاو بایەخیان لەسەروەختی ژیانیدا، ئەو کۆمەڵێك نوێژ و بانگ و سرووتی باسکردووە لە ژێر ناونیشانی (باخی ئاڵتونی تایلۆر)، قەسیدەی بەهار وپایز بۆ







هۆبکنز واتایەکی تایبەتی هەیە.
هەروەها دەسەتەواژەی گەلآکان هێمایە بۆ پەڕەکانی پەرتووك، جووتە دێڕی (ئەوەی زار گۆی کرد و ئاوەز گوزارشتی لێ کرد)، ( بەلآم رۆح پەی بەوەبرد کە دڵ هەستی پێدەکا) ، و دێڕی(١٣ـ١٤) گوزارشت لە گومان دەکات، ئاخۆ زمان و هزرە مرۆییەکان دەتوانن ئەوەمان پێ بڵێن کە ئێمەش پێویستیمان بە مەعریفە و زانین هەیە؟. ( بیری هەرزەکارانەت ) و بایەخدان بە(حاڵی گەلآکان، وەکو حاڵی مرۆڤەکانە) لە دێڕی (٣-٤)، دڵ دەتوانێت مەزندەی ئەوە بکات، کە بە وشە ناتوانرێ گوزراشتی لێبکرێت، تەنانەت ئەگەر هەڵوەرینی گەلآکانی باخە ئاڵتونییەکە هێمای دۆڕاندن و خەسارەتی شیعریش بێ، ئەوە بایەخێکی ئەوتۆی نابێت.

سەرچاوە www.almothaqaf.com :

# ڕۆماننووس لیو تۆلستۆی

ئا/ محەمەد عەبدولڕەحمان زەنگنە

تۆلستۆی لە ساڵی ١٩٢٨ لە خێزانێکی ناودار لەدایك بووە، باوکی یەکێك بوو لە کۆنتە بەگزادەکان و دایکی لە میرەکان بوو، سامان و زەوی و زارێکی زۆریان هەبوو. تۆلستۆی هەر لە نۆ ساڵیدا هەتیو دەکەوێت و ناخۆشییەکی زۆریش دەبینێت، بەڵام خزمەکانیان سەرپەرشتییان دەکرد و ئاگەداری دەبوون و دەیخەنە بەر خوێندن.

لە تەمەنی نۆزدە ساڵیدا لە زانکۆی (قازان) دەخوێنێ. زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان دەخوێنێ، بەڵام ئەوەندەی پێنەچوو دەستی بە ڕابواردن کرد و وازی لە خوێندن هێنا، لە ساڵی ١٨٥١دا دەچێتە ڕیزی سوپاوە و لە نێوان ئەفسەرەکانی (قۆقاز) و لە کەتیبەی تۆپ هاویشتندا دەستبەکار دەبێت. یەکێك بوو لەوانەی کە زۆر بەرگری لە (سیباستیبۆڵ) کردووە لە شەڕی قرمدا. ئەوەندەی نەبرد وازی هێنا لە سوپا و چوار ساڵ لە ئەوروپای ڕۆژئاوا







گەڕا و شێوازی پەروەردەیی خوێند، سەرەڕای نزیکبوونەوەی لەو ژیانە، بەڵام بە دڵی نەبوو بێزار بوو، چونکە بۆی دەرکەوت کە لای ئەوان پارە و سامان هەموو شتێك بووە و خۆهەڵکێشان و دیمەن و ڕواڵەت زاڵ بووە بەسەریانەوە. لە پاشاندا بۆ وڵات گەڕایەوە بۆ شاری (یاسنایا پۆلیانا) لەوێدا قوتابخانەیەکی دروست کرد بۆ ئەوەی منالانی جووتیاران فێری خوێندن بکا و لەوێ لەگەڵ (سۆفیا ئەندریفتا بێرس) هاوسەرگیری کرد، کە سیانزە منداڵی لێ بوو کە هەردەم پاڵپشتی بوو لە کارەکانیدا بەتایبەتی کارە ئەدەبییەکانی، تۆلستۆی بەزۆری نووسینەکانی دەنووسییەوە، تەنانەت دەڵێن شەڕ و ئاشتی حەوت جار نووسیویەتیەوە.

نووسەر لە رابواردنی دونیا دوور کەوتەوە و لەو ماوەیەدا لە ساڵانی ١٨٦٣ — ١٨٧٧ خۆی تەرخان کرد بۆ ئەدەب، باشترین چیرۆکی نووسیوەتەوە، هەموو ئەوانەی لە بواری ئەدەب کاریان دەکرد تۆلستۆی بە بلیمەت لەقەڵەم دەدەن. تۆلستۆی کانزایەکی بەنرخە و تەنانەت ڕۆمانی شەڕ و ئاشتی شاکارێکی نەتەوەیی مەزنی رووسییە.

لەپاش ساڵی ١٨٧٩ و دوای تەواو بوونی لە نووسینەوەی (ئانا کارنینا) پاش دوو ساڵ. دەستی کرد بە رەخنەگرتن لە خۆی و لایەنێکی روحی گرتەبەر و دەیوت (بەختیاری راستی جێبەجێ نابێت ئەگەر مرۆڤ خۆی لە هەڵکێشان و هیچ و پوچی دوور نەخاتەوەو نەگەڕێتەوە بۆ بنج و بنەوانەکان..).

لەسەر ئەو ڕێگەیە رۆیشت و لە ناخیەوە دەدرەوشایەوە و دەیبرد بەرەو خۆشەویستی هەموو چینەکان و ڕەنگەکانی دنیا. تۆلستۆی قەڵەمەکەی تەرخان کرد بۆ ئەم بانگەوازە لە نووسینەکانیدا تێدەکۆشا بۆ نەمانی هەژاری و دەوڵەمەندەکانی هان دەدا تاوەکو بەشێك لە پارە و سامانەکانیان بە هەژارەکان بدەن.

بەڵام بزووتنەوەی سۆشیالیستی لە وڵاتەکەیدا سەری هەڵدا و ئەمیش یەکەمجار لە خۆیەوە دەستی پێکرد، زەوی و زارەکانی بەسەر جووتیارەکاندا دابەش کرد و لە خۆشیی ژیان دوور کەوتەوە، بەڵام زیادەڕۆیی لە بانگەوازەکەیدا بووە مایەی ڕق و کینەی پیاوانی کڵێسەی ئەرسەدۆکی. بڕیارێکیان لە ساڵی (١٩٠١)دا دەرکرد کە لە هەموو شتێك بێبەشی بکەن، ئەوەبوو ئەم کۆڵی نەدا و گوێی بەوانیش نەدا، تووشی کێشەیەکی تریش بوو ئەویش ئەوەبوو کە لەلایەن ژنەکەیەوە بێبەشبوو لە خۆشەویستی، سامان و زۆریی زەوی و زاریان پێشتر هەردەم مایەی خۆشگوزەرانی و تەبایی بوو لە نێوانیاندا.

هەنگاوی نا بەرەو ژیانێکی سەخت و دژوار، بەتەنیا کچە بچکۆلەکەی کە ناوی (ئەلکساندرا)بوو پاڵپشتی کرد و لەگەڵیدا بوو. هەردەم لەگەڵیدا ئیشی دەکرد، ئەم پشتگیرییە وای لە دایکی کرد لە ماڵەوە دەری بکات و بۆ ژوورەکەی دووری بخاتەوە. ژنەکەی گەیشتە ئاستێك گەر هەر کاتێ بەرهەڵستی بکردایە تووشی هیستریا دەبوو دەیووت خۆم دەکوژم.

بەڵام چەند جارێك خۆشەویستییەکەیان بیر دەکەوتەوە کوڕنووشیان بۆ یەکتری دەبرد. ژنەکەی تکای لێ دەکرد کە نووسینە دڵدارییەکانی بۆ بخوێنێتەوە کە





پێش چل ساڵ نووسیبووی، ژنەکەی زیاتر رق و قینی زیادی کرد، کاتێك تۆلستۆی رەزامەندی بۆ گەلی رووسی پێشاندا تاوەکو بڵاوکردنەوەی کتێبەکانی بەبێ بەرامبەر بڵاو بکەنەوە. ئەوەبوو تۆلستۆی لە تەمەنی هەشتاو دوو ساڵیدا لە شەوی (٢١)ی ئۆکتۆبەری ساڵی (١٩١٠)دا لەگەڵ (ئەلکساندرا)ی کچیدا ڕایانکرد بەبێ ئەوەی بزانێ بەو شەوە تاریکە پڕ لە سەرما و سۆڵەیەدا بۆ کوێ دەڕوات.. پاش دە ڕۆژ بەدواوە بە ئاوسانی سییەکانی لە وێستگەی (ئەستا بۆفۆ)ی شەمەندەفەر کۆچی دوایی کرد..




# خوێندنەوەیەکی خێرا بۆ ڕۆمانی (دانانی کوێخا شەوکەت)ی موعتەسەم ساڵەیی

**کەمال وەهاب سەعید**

گەر بتەوێ مێژووی هەچ کۆمەڵگەیەک لە ڕووی شارستانی، ڕۆشنبیریی، سیاسیی، ئابووری و کۆمەڵایەتی بزانیت. لەسەر ڕاستییەکان ڕابوەستی، تەنیا خوێندنەوەی مێژوو لە گۆشەی پاشا و سەرۆک و سەرکردەکانی ئەو کۆمەڵگەیە و ئەجامدانی ئەوان بۆ چەند دامەزراوە و کۆشک و تەلارێك کافی نییە.

خوێندنەوەی تۆ بۆ مێژوو لە گۆشەیەکی کلاسیکییەوە تەنیا خوێندنەوەی ڕستەکان و بەشەکان بەپێی سەردەمەکان، ئەوا بەڕای من خوێندنەوەیەکی نوقسانە، چونکە تۆ لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی تاك و کۆمەڵگەی ئەو کۆمەڵگەیە هیچت نەزانیوە، ئەو گۆشەیەش کە بە تاریکیی ماوەتەوە، ڕۆمان دێ تا کار لەسەری دەکا و ڕۆشنی دەکاتەوە و بەرجەستەی دەکا، چونکە ڕۆمان یەکەمین هونەرە، کە بە ئاشکرا باس لەسەر مرۆڤ دەکات، بە ڕێبازێکی مێژوویی _کۆمەڵایەتیی بەشێکی زۆری ڕۆمان بەرهەمێکی مێژووییە بە گەڕانەوە بۆ ڕابردوو و بەبیرهێنانەوەی زۆر لە ڕووداو و وێزگە زەمەنییەکان. لە ڕێگەی ڕۆمانەوە ڕەنگە بە خوێندنەوەیەکی تر بۆ مێژوو دەربچین.

خوێندنەوەیەك بەپێچەوانەی شێوە نووسراوەکان بێت. ڕۆمان ئەو شورە تەقلیدییانە دەبەزێنێت و دەیانگۆڕێت بە کەسانێك ئامادەیان دەبێ لە پێش









چاومانا. بە پاڵەوانانێك خۆشیانمان دەوێ و هاوسۆز دەبین لەگەڵیاندا و بە خەمەکانیان غەمبار دەبین وەدووی ڕووداوەکان دەکەوین و بە پەرۆشی و تامەزرۆییەوە.

موعتەسەم ساڵەیی لە ڕۆمانی (دانای کوێخا شەوکەتدا) لە ڕێگەی پاڵەوانی ڕۆمانەکەوە، کە کوڕێکی لاوی شاری کەرکوکە بە هاوڵی سامەی هاوڕێی واقیعی تاڵی تاك و کۆمەڵگەی کوردیمان پێ پیشان دەدا. لە سەردەمێکی پڕ تراژیدیادا لەو شارەدا، لە شاری لەدڵاشیرین کەرکوك. واقیعی ڕاگواستن و کاولکاری و ڕوخاندن و هەوڵدان لەلایەن دەوڵەتی ئەوکاتەوە بۆ پەرتبوون و دابچڕان و تێکشکاندنی تاك و خێزان و کۆمەڵگەی کوردی، کە لە هەموو ئاستەکاندا کاریگەری خراپی هەبووە و تووشی گرفتی چارەنووسساز کردووتەوە، لە ئاستی ڕۆشنبیریی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی.

موعتەسەم ساڵەیی بەو هەموو تێکست و دیمەنە جوانانەوە، کە بەسەلیقە کێشاوێتی دەمانباتەوە گەڕەکی پێخاوسەکانی شار. ماڵە قوڕینەکانی شار، لەوێوە جارێکی دی سیمای شارمان پێ دەناسێنی لەو سەردەمانەدا. دەمانباتەوە لای بەها ڕۆحییەکان و ئەو سەردەمانەمان و ژیان بە سادەو ساکاری و بە شادی و ناڕەحەتییەوە، بەتاڵی و شیرینییەوە چەند جوان و پڕ واتا بوو، ئەو سەردەمانە سەردەمی سەرلەنوێ کردنەوەی شووناسی نەتەوەیی بوو، لە بەرانبەر فیکری شۆڤێنی عەفلەقییەکانی عەرب. بەرانبەر زەبەلاحترین و دڕەندەترین دیکتاتۆرێ، کە هەموو تواناکانی خستبووەگڕ بوو سڕینەوەی شووناسی کورد بەگشتیی و بەتایبەتی لەو شارەدا، دەمانباتەوە لای شۆڕش و بەرخودان و پێشمەرگایەتیی، دەمانباتەوە لای حیکایەتەکانی تاکی کوردی و تراژیدیا و نەهامەتەکانی. لای باوەگوڕگوڕ و شەقام و شۆستە و گەڕەکەکانی لای چەمی خاسە و چەو و مراوی و کەپر و بێستانی.

من پێموایە ئەم جۆرە ڕۆمانانە وەکو ڕۆمانی (دانای کوێخا شەوکەت) هاوشێوەکانی دەبن بە گەواهێکی ڕاستەقینە لەسەر ڕووداوە مێژووییە هاوچەرخەکان، ئەوەی ڕەنگە دەستێوەردانی هەوا و ئارەزووەکانی سیاسەت و یاریی بە پەڕەکانی مێژوو بکات. ڕۆمان دێت و دەبێت شاهیدێکی دڵسۆز بۆ هەر شێواندن و دەستێوەردانێ کە قبوڵ ناکرێ. بۆیە ئەم کارانە دەبنە پێشەنگێکی بەهێز و ڕاستگۆیی خۆیان تۆماردەکەن.



ستار ئەحمەد عەبدولڕەحمان

# سەرابێک لە خەیاڵ ناسکتر

چاکی شاعیر و نووسەر بە زۆری و بۆری نییە، دیارە هەندێکجار تەنها بەرهەمێکی زیندوو خاوەنەکەی بە نەمری دەهێڵێتەوە، هەندێك لە شاعیران کەمدەنووسن، بەڵام جێپەنجەیان لە مێژووی ئەدەبدا دیارە، رەنگە هەشمانبێ زۆریشی نووسی بێ، لێ دیسانەوە بەرهەمەکانی بەپێزن و دەچنە خانەی داهێنانەوە.

لێرەدا مەبەستمانە هەندێك لە شیعرەکانی دیوانی (ئێوارە سەرابییەکان)ی سەراب هەڵسەنگێنین، کە لە کتێبێکی (١٧٥) لاپەرەییدا لەسەر ئەرك و ماندووبوونی خۆی چاپکراوە.

سەرابی شاعیر دەڵێت:

ئەو شەوانەی بێ ئافرەتین
ئەو شەوانەی کە بێ مێژووین
هەموو شانەکانی مێشکمان خاڵی دەبن لە
سەرنج و..





پڕ ئەبن لە کوێربوونی لەش

ئافرەتی بە رووناکی و نوور چواندووە و.. لە تاریکیدا ئاسمان و زەوی جواندەکەن، گەر دونیایەك خاڵیبێت لەوان، ئەوە تاریکستانە و هێزی ئینسانەکان دەبنە خاڵێکی رەش درك بە سپێدەی بزاو و جوانکاری ناکەن، هەروەها مێژوویشی بە خاڵی بنەڕەتی داهێنان و زانست ناساندووە. پەیوەندی نێوانی ژن و مێژوو.. کلتوورێکی فرە رەهەندە و یاسا و رێسای بە پێشکەوتن و خەملاندنی ئەوانەوە بەندە.

لە جێگەیەکی دیکەدا سەراب دەڵێت:

نەورۆزەکەم
تۆ دەزانی زەمانێکە
حەرف.. حەرف
رستە رستە بۆت ئەسووتێم و..
بەگڕی نێوتەوە ئیدمانم
هەڵمگرە و بمگرەخۆ
بە ئازاری هەرە گەورە و
بە برینی گشت دەزانم

زۆرجار شیعر و شاعیر هەڵوێستن، دیارە نووسینێك کلتووری میللەتەکەی هەڵنەگرتبێت، رەسەنایەتی لەدەستدەدا و دەچێتە خانەی (هونەر بۆ هونەر)ەوە، یاخود بێدەربەستی ئەو شاعیرە دەردەخا لە ژان و سۆی میللەتەکەی، سەرابی شاعیر بەجۆرێك دەهزرێ، بۆنەیەکی وەکو نەورۆز دێنێتە ئاراوە، لەگریا دەتوێتەوە، ئەو بە ژانەکانی خۆی و نەورۆز و میللەتەکەی راهاتووە، رەنگە لە توێی لاسکی گڕ و ئەڤینا چرۆ بکا و بچێتە نیشتمانێکی هەرە مەزنی ئەندێشە و خەیاڵەوە، زیاتر ئەمەش وایلێدەکات شیعرەکەی بەهایەك پەیدا بکا و ناسکی و توندوتۆڵی لە ترپەی دڵە راستگۆکەی وەرگرێ.. ببێتە کێش و سەروای قەسیدەیەکی کورتی قەشەنگ.

ئەوە دەڵێت:

دانیشتووم و
خەمەکانی خۆم دەژمێرم
ئەمە سەردێڕی شاعیرێکە
تا ئێستا چاوی رووناکی نابینێ
بەڵێ، ئەمە (مانشێتی)
قەسیدەیەکی لاڵە و..
پیتەکانی ناتوانێ چیا حاڵیکا

لەم دیوانەیدا کەمکەم بە ئارامی هەندێکجار پەشێوییەوە دەچێتە جیهانێکی پڕ لە حەرف و دونیایەکی نازدار

بە تریەی ناخ و وشەی رەنگاڵەیی، دانیشتووە خەمەکانی دەژمێرێت، سەربارى ئەوە کەس لە زمانی حاڵینابێ، دەست ناخاتە ژێر لاسەنگی بارەکانی، ئەو دەرفەت لە هەنیەی زەمین دەخوازێ، بارگاوییە بە تەلیسمی جوانکیلە وێنەی شیعری ناسك و قووڵیش، لێ بەرگەی بێدەرەتانی ناگرێت، قوڵپی وشە لە بازنەی دڵیەوە سەردەکا بەرەو گوێی ناوینی هزر و خەیاڵ و مێشکی. ئەو لە سێبەری دارچنارێکا، لە چیا دەدوێ، لوتکە و رموزنەکان لێیحاڵینابن، خەمی کەسکی زەرد هەڵدەگەرێنن، بەدوای ئەندێشەیەکا وێڵە زەینی دانەخا و هەڵەکانی بۆ قۆستنەوەی خەمەکانی چێدەکا.

لە شوێنێکی تردا دەڵێت:

ئای کە خۆشە
هەموو کەسێ وەکو (شێواو) دڵی ساف بێ
و..
بێگەردانە
دەستخاتە گەردنی هاورێیەتی
ئەوجا ئا ئەم دیوانەی.. من..
گەر بچووبایە شاری دووز
هەر لە نیگای حەمرینەوە
سترانی خۆی
بۆ هەنسکی ژانێکی نوێ دەوتەوە..!!

سەراب هەر لەمەیانی ئەم شیعرەیەوە دەردەکەوێت، بەسۆزە بۆ هاوەڵانی و هەرگیز یاد و ئەدگاریان لە ناخا ناسرێتەوە، بۆیە لەم دیوانەیدا باس لە شێواوی شاعیر دەکا و دڵسافی و بێگەردی، لە توێی کۆپلەیەکی ناسکدا دەخاتە بەر دیدی خوێنەران، دەیەوێت لەم رێگەیەوە بگا بە شوێنەزای کۆمەڵێك شاعیر و نووسەر و کوردزادەی ناوچەی گەرمیان، سەراب نەك لاپەرەی ئەلبوومی خەمێکی سرکی خۆیەتی، بەڵکو هەموو یادگارە خۆش و ناخۆشەکانی میللەتەکەی بە هەموو چین و توێژێکەوە، لە بوخچەیەکی کراوەدا هەڵگرتووە و هەرجارەی کۆپلەیەك یان شیعر و خەمێکی هاودەردانی، لێدەکەوێتە خوارەوە. سەراب دێرۆك و سەربردەی کوردستانەکەی وەدەردەخا.

هەر لە جێگەیەکی دیکەدا، سەرابی شاعیر دەڵێت:

من دڵنیام لە شێتی خۆم
دڵنیاشم
لە شێتی (حەمە سەعید و بەکر
دەروێش)..!
ئێمە ئێستە
لە دوا قۆزاخەی ئەم زەوییەدا
لە دوا ژانی مەودایەکی فیکری تردا.. ئاگر










دەگرین..

شاعیر بەم شێوەیە ناخی خۆی تاوتوێ دەکا و پەنجە بۆ دێوانەیی (حەمە سەعید)ی چیرۆکنووس و (بەکر دەروێش).. چەندینی وەکو خۆی درێژدەکا، ئاماژەش بەوە دەدا، کە هەر هەموویان لەنێو ئازاری بیرێکا دەژین، کە هەموو دەروازەکان گیراون و بەربەستەکان رووناکییان دەشێلن و شەپۆلەکان دەیانەوێ بیانخنکێنن و ئاوازەکانی شەرەنگێزیش مێشکی جەنجاڵیان دەسمن.

ئا ئەوەیە پێناسەی قەسیدەیەکی گوڵرەنگ نیازێکی ئاشتیخوازانە، کە لە زۆر شاعیر و نووسەری کەرکوکدا دەردەکەوێت. (سەراب)یش یەکێکە لەو هۆزانڤانانەی، درکی بە راستییەکان کردووە و ئایدیایەکی نۆرماڵی پاشەرۆژی لە مێشك و هزردا شاردۆتەوە، دیارە رژێمە بۆگەنەکان نەیانهێلاوە.. بە کاوەژوو بیەڤێت و مەلۆتکەی حەسرەتەکانی بەهاوخەم و هاوشاری بگەیەنێ.



**ڕەزا شوان ــ نەرویج**

# شیعر و نووسین.. لە گۆشەنیگای ناوداران و شاعیرانەوە



ــ بنووسە ، بپرسە ، مەترسە
دوو وشەی شیعری جوانت بەسە

عەبدوڵلا گۆران

ــ شاعیرەکان فێری ژیانیان کردم.

مەدام دی ستۆیل

ــ شاعیر ڕاستگۆترین مێژوونووسە.

جێمس ئەنتۆنی فرود

ــ بە بابەتەکانیاندا ، دەتوانیت هەموو نووسەر و شاعیرێك بناسیتەوە.

سولژ نیتسین





ــ شاعیری مەزن ، بەنرخترین مرواریی گەلەکەیەتی.

بتهۆڤن

ــ نووسەر خۆی باشترین دادوەرە ، لەسەر بابەتەکانی خۆی.

ئەدوارد گیبۆن

ــ گەر تۆ دەتەوێت ببیت بە نووسەرێکی باش ، کەواتە بنووسە .

ئیپیکتەن

ــ نووسەر ئەو کەسە نییە کە دادەبەزێت بۆ لای خوێنەر ، بەڵکو کەسێکە خوێنەر ناچار دەکات سەرکەوێت بۆ لای ئەو.

بەختیار عەلی

ــ تا لاپەڕەیەکم نووسی ، هەزار پەڕەم دڕی.

شکسپیر

ــ ئەگەر شاعیر شیعرەکانی خۆی شی بکاتەوە ، لە سنووری نهێنییەکانی خۆی نزیك نابێتەوە.

ولیام بوتلەر یاتس

ــ هەوڵ بدە شیعرێك بۆ باوکت بنووسیت ، کە لە هەشت دێڕ کەمتر نەبێت و تیایدا وەسفی بکە ، کە چەند پیاوێکی لێهاتووە .

جاکسۆن براون



ــ غەدری گەورە لە کوێ بێت ، شیعری منیش لەوێیە.

شێرکۆ بێ کەس

ــ ئێمە ئەگەر بە ڕاستی و دروستی شیعر بخوێنینەوە ، ئەوا هەموومان شاعیرین.

تۆماس کارلیل

ــ شیعرەکانم کەمێ لاسارن ، بەڵام ژیانم پاکە.

مارکۆس مارتیالیس

ــ شاعیر ماسی لە ئاوێکی خوڕدا دەگرێت، کە بە ناخی خۆیدا تێ دەپەڕێت.

ستانیسلاو جێرزی لیك

ــ ئەگەر شیعرم بۆ بهاتایە و، لەسەر دەم بخەوتمایە دەیخنکاندم.

شێخ ڕەزای تاڵەبانی

ـ ئەگەر من ڕۆمانێك بخوێنمەوە ، ڕۆمانێك دەنووسم.

بنیامین دزرائیلی

ـ ئەوەی دەینووسم ، ئەوە نییە کە بیری لێ دەکەمەوە.

کافکا

ـ ئەوەی دەنووسێ هەموو قسەیەکی بۆ نایات ، ئەوەی دەشخوێنێتەوە هەموو قسەکان وەرناگرێت.

یاکوب پالوان

ـ هەرچەند دەکەم ئەو خەیاڵەی پێی مەستم
بۆم ناخرێتە ناو چوارچێوەی هەڵبەستم

عەبدوڵڵا گۆران

ـ هەرگیز نابێت نووسەر هەموو قسەکانی خۆی بە پەسەند بزانێت.

گۆران پاڵم

ـ زۆربەی شاعیرەکان ئۆتۆمبێل لێ دەخوڕن ، بەڵام ڕۆمانووسەکان یا پاسکیل یا بە پێ دەڕۆن.

لارس کریستیانسان



ـ چاپخانە زۆری چاوەڕوانی شیعرە.

هێرمان کیستەن

ـ مرۆڤ خوێندنەوەی بۆ ئەوە نییە کە قووتی بدات ، بەڵکو بۆ ئەوەی مرۆڤ سەیریبکات کە دەتوانێ چی بەکاربهێنێ .

هێنریك ئیبسن

ـ شیعر پێ کەنینە ، گریانە ، ڕقە ، تووڕەییە.

نزار قەبانی

ـ شاعیران باڵندەی کۆچەری نین ، شیعری بێ نیشتمان و بێ خاك ، بێ ئاگردان و بێ ماڵ ، درەختی بێ ڕەگ و باڵندەی بێ لانەیە.

ڕەسوڵ هەمزاتۆف

ـ نووسەر ئارەزوومەندێکە کە هەرگیز



گزنگ ٩٢
تشرینی دووەم ٢٠١١

کۆڵنادات.

مۆریس وێست

ـ من هەندێ شیعرم نووسیوە کە خۆشم لێیان تێ ناگەم.

کارل ساندبۆرك

ـ شاعیر دەتوانێت لەگەڵ هەموو شتێکدا بسازێت، تەنها لەگەڵ هەڵەی چاپدا نەبێت

ئۆسکار وایلد

ـ تا غەم هەبێت شیعریش هەیە ، تا مردن هەبێت شیعریش هەیە ، لە دۆزەخدا شیعر هەیە ، بەڵام لە بەهەشتدا کەس پێویستی بە شیعر نییە.

سەلام محەمەد

ـ شاعیران و نانەواکان دەکرێ وەکو برا سەیربکرێن ، لەو ڕوانگەیەوە کە هەردووکیان خواردن بە دنیا دەبەخشن.

ئیسابیل ئەلیند

ـ هەندێ شاعیر هەن ڕەفتاری ڕۆژانەیان ، هیچ پەیوەندییەکیان بە شیعرەکانیانەوە نییە . تا شیعر دەنووسن شاعیرن ، پاشان تەواو دەبن.

فەروخزاد

ـ هەوڵ بدە خۆت فێری وێنەکێشان یا




شیعر دانان بکەیت ، ئەگەر وا بکەیت، ئەوا لە کاتی پەرژندا دەستبەتاڵ نابیت.

جاکسۆن براون

ـ وشەیەك چێژ ببەشێت لە هەزاران وشە باشترە .. شیعرێك چێژ ببەخشێت لە هەزاران شیعر باشترە.

بودا

ـ تا زیاتر بخوێنیتەوە .. بۆت دەردەکەوێت کە چەنێ زانیاریت کەمە.

ئارسەر گۆردن



# گۆتە و شیلەر...هاوڕێیەتییەکی بەتین

٧

**ئەدیب کەمالەدین**

**و: جمعە جەباری**

(١)

هەندێك هاوڕێیەتی هەیە وەك ئەفسونی لێهاتووە، چونکە کارلێکی نێوان هەردوو ئەدیبە هاوڕێیەکە دەبینین بەشێوەیەك قووڵ بووەتەوە بەرهەمێکی لێکەوتووەتەوە فەنابوونی بۆ نییە، بەشێوەیەکیش دەرکەوتووە بەهیچ شێوەیەك بەدرێژایی زەمەن دووبارە ناکرێتەوە، لەو جۆرە هاوڕێیەتیانەی مێژووی ئەدەبی جیهانی شانازی پێوە دەکات ، ئەو هاوڕێیەتیە جوانەی هەردوو نووسەرە گەورەکەی ئەڵمانیای بەیەك گەیاند: گۆتە و شیلەر.

زانای زمانەوانی ئەڵمانی: فیلهام فون هۆمبۆلت ئەم هاوڕێتییە دەگمەنە و کاریگەرییە ترسناکەکەی وەسف دەکات و دەڵێ: کارلێکی نێوان ئەم ئەم دوو پیاوە گەورەیە لەهەموو کارلێکەکان گەورەتر بوو





و، لەهەموو بەهاکانیش بەبەهاتربوو. چونکە هەریەکەیان هانی بەهەرەکەی خۆیان لەوی ترەوە وەردەگرت و هەستی بە هێز دەکرد لەرێگەی شوینکەوتنی رێگەی ئەویتریان، هەریەکەیان وێنەی خۆی روونتر و جوانتر دەبینی و، چۆن یەك ئامانجییان هەموو رێگەکانیانی لەیەك رێگەدا کۆ کردووەتەوە، بێئەوەی کەسیان هەوڵی دابێت بۆ راکێشانی ئەویتریان بۆ رێگەکەی خۆی.

نووسەری بەناوبانگی ئەڵمانیا (یۆهان ڤۆلفانگ گۆتە) لە فرانکفۆرت ساڵی ١٧٤٩ لەدایك بووە، بۆ یەکەم جار لەسەر دەستی باوکی فێری خۆیندەواری بوو، ئینجا لەسەر دەستی چەند مامۆستایەکی بەڕێز وانەی زمانەکانی : ئەڵمانی و فەرەنسی و ئینگلیزی و ئیتالی و یۆنانی دەخوێند. لەساڵی ١٧٦٥چووە زانکۆی لایبزغ بۆ خوێندنی یاسا. بەڵام ئارەزووە ئەدەبییەکەی زوو بەدیارکەوت و دەستی بە بڵاوکردنەوەی بەرهەمە شیعری ودرامییەکانی کرد، تا لەدواییدا بوو بە کۆڵەگەیەکی ئەدەبی جیهانی. ئەو بەڕای زۆربەی رەخنەگرانی ئەڵمانی شیعری سۆزداری گەیاندە لوتکەیەك کەس نەیتوانیوە بیگەینێتە ئەو لوتکەیە.

هەرچی شیلەری ئەدیبە: (فریدریك ڤۆن شیلەر) لەساڵی ١٧٥٩ لەگوندی مارباخی ئەڵمانی لەدایك بووە، ویستی زمانی لاتینی و لاهووت بخوێنێ بەڵام نەیتوانی ئەم ئاواتەی بهێنێتە دی، چونکە لەژێر گوشاری شازادە کارل ئۆیجن ورتمبرگ زانستی کارگێڕی و سەربازی خوێند، ئینجا کۆلیجی پزیشکی لەساڵی ١٧٧٥ خوێند، ژیانی زانکۆیی شیلەر زۆر سەخت بوو، هیچ خۆشییەکی تێدا نەبوو، تەنیا ئەو کاتانەی دەچوو بۆ بینینی شانۆگەری و ئاهەنگەکانی دیوانی مەلەکی. لەو کاتانەدابوو شیلەر هۆنراوەی (شێوارەکە) ی نووسی، کە هاوڕێکانی زۆریان پێ باشبوو، هاوکات یەکەم بەرهەمی درامی خۆی بەناوی (دزەکان) نووسی. بەم شێوەیە هەنگاوە ئەدەبییەکانی خۆی دەهاوێژت بۆ ئەوەی سیمای ئەدیبێکی ترسناك و شاعرێکی ناودار و درامانووسێکی خاوەن ستایل دروستبکات.

(٢)

یەکەم دیداری نێوان ئەم دوو ئەدیبە لە ساڵی ١٧٨٨ لەشاری رۆدولشتات بوو، بەڵام ئەم دیدارە هیچ ئەنجامێکی گرینگی نەبوو و، هیچ پەیوەندییەکی لەنێوانیاندا دروستنەکرد. کەچی پاش ٦ ساڵی دیکە واتە ساڵی ١٧٩٤ دووەم جاربوو یەکترییان بینی و چاوپێکەوتنێکی (چاوەڕوان نەکراوبوو) هەر وەك گۆتە خۆی دەڵێ: "وابۆی دەچم، دوای ئەم دیدارە ناچاربین

پێکەوە شانبەشانی یەکدی ملی ڕێگەکە بگرین" هەرچی وشەی (ناچار)ە، لەدوارۆژدا گۆتە رەتیدەکاتەوە، چونکە بەم پێوەندییە جوانەی زۆر دڵشاد دەبێت و لەمەیدانی ئەفراندندا پێی بەرزدەبێتەوە، هاوکات شیلەریش بەهەمان شێوە لەمیانی ئەفراندن و ژیاندا. کەواتە دیدارەکەیان پێوەندییەکی هەتاهەتایی دروستکرد بەهەموو مانای وشەکە.

(٣)

مامۆستای زمانی عەرەبی لەزانکۆی کۆلۆنیا: حەمدی خەیات لە کتێبەکەیدا (مێژووی ئەدەبی ئەڵمانی لەدروستبوونیەوە تا ئەمڕۆ) دەڵێت: "لەسرووشتدا هەریەك لە گۆتە و شیلەر زۆر لێکدی جیاوازبوون، چ لەرووی ژیانەوە یان لەرووی بەرهەمی ئەدەبیدا، بەڵام لەبەر ئەوەی هەریەکەیان لەرووی بەرنامە و شێوازی تایبەتی خۆیەوە تەواوبوو، هەریەکەشیان ڕێزی لە ڕێگەی چۆنیەتی ژیان و بەرنامەی ئەدەبی ئەوی دی دەگرت، بۆیە ئەمە وای کرد لەیەکدی نێزیکبنەوە و، یەکدی هانبدەن بۆ تەواوکردنی ڕێگەی خۆی و بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمە ئەدەبییەکەی خۆی". بۆیە شیلەر لەنێوان ساڵانی پێوەندیە بەتینەکەیاندا توانی ناودارترین بەرهەمە درامییەکانی خۆی بنووسێتەوە. هەروەها ئەم هاوڕێیەتییە بەهێزە بووە مایەی ئەنجامدانی گۆتە بۆ بەنرخترین بەرهەمەکانی خۆی، وەك: (هیرمان و دۆرۆتیا)، (فلهلم مایستەر) و (فاوست).

بەڵێ، ئەم هاوڕێیەتییە بەتینەی نێوان گۆتە و شیلەر، خەیاڵ و ئیلهامی شیلەری فراوانکرد بۆ بەرهەمهێنانی جوانترین و ناسکترین داستانەکانی، کە هەڵقوڵاوی شیعری گۆرانییە و بەسۆزە پڕجۆشەکانی و هێزی وشەکانییەوە بیسەر دەباتە باری ئەوەی خۆی بەشدارە لە ڕێڕەوی بەسەرهاتەکان، کە گۆتە لە داستانەکانیدا دەیگێڕێتەوە، وەك: (شازادە تۆلا)، (هۆزانڤان)، (ئەوانەی بەدوای گەنجینەکەدا دەگەڕێن)، (بووکی کۆرێنت) و (ئیکارتی دەستپاك).

بەمردنی شیلەر لەساڵی ١٨٥٠ گۆتە هەستی دەکرد ژیان هەمووی دژێتی و، چووە ناو قاوخەکەی خۆی و مۆتەکەی خەمۆکی و پەژارە و مردن خۆی و هۆنراوەکانی گەمارۆدا. بەم شێوەیە وشەی (ناچار) کە لەدووەم دیداری گۆتە لەگەڵ شیلەردا هاتە گوتن، بووە (ناچار) لەسەر جیابوونەوە لە خۆشی ژیان کاتێك لایەك لە لایەکان دەمرێت: هاوڕێ بەرزەفرە ئەفرێنەرەکەی کە هیچ جێگرەوە و هاوشێوەی نییە!

هەرچی کاریگەری گۆتەیە بەسەر





شیلەرەوە، بێگومان گەلێ مەزن بوو، چونکە بەو کاریگەریە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەی گۆتە هەیبوو، هەوڵی دا بۆ دابینکردنی کار بۆ شیلەر تاکو بتوانێت بەرەنگاری قورسی ژیانی ماددی ببێتەوە، بەم شێوەیە شیلەر بووە مامۆستای بابەتی مێژوو بەهەوڵەکانی گۆتە. هەروەها بەهاندانی گۆتە، شیلەر توانی لەساڵی ١٧٩٥ گۆڤارەکەی خۆی دەربکات کە ناوی "خواوەندی هەرچوار وەرزەکە"بوو. هەروەها بەشێوەیەك لەشێوەکان هانی دا بۆ تەواوکردنی داستانە شیعرییە بەناوبانگەکانی: (مەلەوان)، (بازدەر)، (ئەنگوستیلەی بۆلیکراتس)، (کەفالە) و (لەناوبردنی ئەژدیها).

لەلایەکی دیکەوە گۆتە بە بۆچوون و گوتە رەخنەئامێزە سەنگینەکانیەوە توانی ڕۆشنایی بداتە کارەکانی شیلەر. لە ساڵی ١٧٨٦ دەربارەی (سروودی خۆشی) شیلەرەوە گوتی: "ئەگەر تەماشای شیلەر بکەین، دەبینین لەهەموو کارەکانیدا باسی بیرۆکەی رزگاری دەکات". ئەم سروودەش چووە مێژووەوە کاتێك میوزیکژەنی بەناوبانگ (بتهۆڤن) لە سیمفۆنییەی نۆیەمیدا ئاوازی بۆ دانا. هەروەها لەسەر بەرهەمێکی شیلەر بەناوی "فالنشتاین" گوتی: "چامەی فالنشتاینی شیلەر زۆر مەزنە و هیچ هاوشێوەیەکی نییە".

لەسەر ئاستی هونەریشەوە، شیلەر هەروەك حەمدی خەیات دەبێژێ، ڕانەهاتبوو لەسەر چارەسەرکردنی بابەتە بچووکەکان وەك گۆتە، بەڵکو بابەتی گەورەی وەردەگرت و بەگشتی تەماشای دەکرد، کە باسی بیرۆکەیەکی دیاریکراوی دەکرد، لەوێشەوە دەیروانیە وردەکاریە بچووکەکان. کەچی گۆتە بەپێچەوانەی ئەو بوو، شیلەر کارامە بوو لە هۆنینەوەی داستانەکان، بەڵام فۆرم و ناوەڕۆکەکەی جیاوازییەکی جەوهەری لەنێوانیاندا هەبوو لەگەڵ بەرهەمەکانی گۆتەدا. چونکە لای گۆتە لایەنی داستانی سۆزداری زاڵبوو، کەچی لای شیلەر لایەنی داستانی درامایی زاڵبوو.

کەواتە ئەمە هاوڕێیەتییەکی دەگمەن بوو بەترازێکی تایبەتی. گۆتە و شیلەر توانیان بەهۆیەوە بەرهەمەکانیان بگەیننە ئاستی بەرهەمە ئەدەبیە مەزنەکان. هاوڕێتیەك هیچ بەرژەوەندییەکی بەدواوە نەبوو، لەسەر بنەمایەکی لاوازیش نەبەسترابوو، بەڵکو هاوڕێیەتیەکی ئەفرێنەر بوو بەهەموو واتای وشەکە.

# بەشێک لە نامەکانی ریلکە و مارینا تزڤیتاییڤا

**و: غەفور ساڵح عەبدوڵڵا**

هایدگەر، جارێکیان لەسەر فەلسەفەکەی خۆی نووسیویەتی، کە هیچ قووڵییەکی نوێی نەداوەتە فەلسەفەکەی خۆی، وەکو ئەوەی ریلکە لە وێنەی شیعریدا دەریبڕیوە..

* راینەر ماریا ریلکە: لە٣ی دیسەمبەری ١٨٧٥ لە براگ لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتای و دواناوەندیشی هەر لەوێ تەواو دەکات، پاشان دەچێتە خوێندنگەی جەنگ، بەڵام شکست دەهێنێ، چونکە لەگەڵ ئارەزووە ئەدەبییەکانی نەدەگونجا، پاشان سەفەر دەکات بۆ میونیخ، دوو وەرز لە زانکۆی میونیخ بەسەر دەبات، لەوێ ژنێکی رووسی ئەڵمانی دەناسێت، کە ناوی " لۆئەندریاس سالومە" دەبێ و تا دوا رۆژەکانی ژیانی کاریگەری لەسەری دەبێت. ریلکە تۆلستۆی و ژیانی رەهبانییەت دەناسێ، کچە شازادە "هەلنوهە" دەناسێ و ساڵی ١٩١٢ داوەتی دەکات بۆ کۆشکەکەی لە دۆینۆ لە ئیتالیا، لەوێ دەست دەکات بە نووسینی قەسیدەکانی "شیوەنەکانی دۆینۆ". ساڵی ١٩٢٢ ئەو شیوەنانەی تەواو کرد و دواجار قەسیدەکانی " گۆرانییەکان بۆ ئۆرفیۆس" ی نووسی.

لە ٢٢ی دیسەمبەری ١٩٢٦ دوای نەخۆشییەکی کوشندەی درێژخایەن لە کۆشکی "میزۆ" لە سویسرە کۆچی دوایی کرد، کاتێ مرد تەنیا پیرێژنێك لە



ژوورسەری بوو، کە شوێنەکەی بە جێنەدەهێشت. پێش ئەوەی بمرێت نووسیبووی " من مرۆڤێکی تێکشکاوم". لەسەر کێلی گۆڕەکەی ئەم بەیتە شیعرە نووسراوە: ( ئەی گوڵ، ئەی ناکۆکی بێگەرد، ئەی ئارەزوو کەسێك نییە لە ژێر ئەم برژانگە زۆرانەدا راکشابێت..). ئەنجامیش "ریلکە" ئەوەیە کە "مارینا تزڤیتاییڤا" ژنە ئاشقی ریلکە و سووتاوی ریلکە، کە تا مردیش چاوی پێنەکەوت، لەم نامانەدا باسی دەکات..

* مارینا تزڤیتاییڤا:

– لە ٢٦ی سپتامبەری ١٨٩٢ لەدایکبووە. باوکی هونەرمەندێکی شێوەکار بوو، دایکیشی پیانۆژەن بوو.

– لە ١٩١٠ یەکەم کۆمەڵە شیعری بەناوی" ئەلبوومی ئێوارە"وە بلاوبووە، ساڵی ١٩١١ لە "قەرم" چاوی بە سێرگی ئەفرۆن دەکەوێ و دواجار شووی پێدەکات.

تزڤیتاییڤا و پاسترناك و مایکۆڤسکی بە سێکوچکەی شیعری هاوچەرخی رووسیا ناسراون.

لە ٣١ی ئابی ١٩٤١ مارینا لەبەدبەختی خۆی دەکوژێت، دوای ئانا ئەخماتۆڤا چالاکترین ژنە شاعیری رووسیا بوو..

* * * *

**لە ریلکەوە بۆ تزڤیتاییڤا**

سویسرە مای ١٩٢٦

ژنە شاعیری ئازیز.. لەم ساتەدا نامەیەکم لە (بۆریس پاسترناك)ەوە پێگەیشت، نامەیەکی رادەبەدەر کاریگەر بوو، پڕ لە خۆشنوودی و وروژانێکی رامالێنەرە، هەرچی لەم لاپەڕانەدا هەیە و هەستم دەوروژێنێ و مایەی سوپاسمن و دەگەڕێنەوە بۆتۆ و بۆ پاسترناك، ئەگەر بەباشی نامەکە بخوێنیتەوە، دوای بۆتۆ و لە رێگەی تۆوە، دوو کتێبم دوایین بلاوکراوەمن بەدوای نامەکەمدا دێن بۆتو و لەژێردەستی تۆدا دەبن، هەرکە وەریانگرت دوو کتێبی دیکەیان بەدوادادێت، بە "پاسترناك"یش دەگەن، ئەگەر سانسۆر رێگەیان بدات، بەڵام بۆ ئەم پرسیارە جەختم لێدەکات ئێستا، بۆچی لەمەوبەر پێت نەگەیشتووم مارینا تزڤیتاییڤا؟ ئەگەر ئەوەی نامەکەی پاسترناك راست بێ، بەیەکگەیشتن بۆ من و تۆیش مایەی دڵخۆشییەکی قووڵ و بەسۆز دەبێت، دەبێ رۆژێك ئەوە قەرەبوو ببێتەوە؟

( لەو نامەیەدا ریلکە وتەیەکی بۆ پاسترناك ناردووە، تزڤیتاییڤا بۆ ماوەیەك لەلای خۆی دەیهێڵێتەوە بەر لەوەی بۆ مۆسکۆی رەوانە بکات، دوو رستەی

دەخاتەسەر کە ریلکە بەوی وتبوو، ئەویش دڵخۆشی قووڵیەتی بەرامبەر بە خۆی، ریلکە باسی دیداری سێ قۆڵی دەکات و ئەو خۆشییەی کە لێوەی بۆیان ئەنجام دەگرێت — ئاخیریەکەیشی بابەتێکی کارەساتاویە، کە تزڤیتاییڤا لە درێژایی نامە گۆڕینەوەکاندا دووبارەی دەکاتەوە، هەروەها ریلکە دوو دانە لە بڵاوکراوەکانی خۆی ڕەوانە دەکات، یەکێکیان کە"شیوەننامەکانی دۆینۆ" بوو، ئەم بەیتە شیعرانەیشی لەگەڵدا ناردبوو:" چۆن جووت بین، بەلاّم چۆن؟ بە شەقەی باڵ، بە مەوداکانی نێوانمان دەست لەیەك دەدەین، شاعیرێك تەنیا دەژێت، ڕوودەدات یەکێك هەڵیدەگرێت، هەندێ جاریش بۆ بەردەم هەڵگرەکە خۆی).

* * *

**لە تزڤیتاییڤاوە بۆ ریلکە**

**١٩ی مای ١٩٢٦**

**راینەر ماریا ریلکە**

ئایا بەمجۆرە ناوت بێنم؟ بێگومان دەزانی تۆ و شیعر لە پیاوێکدا بەرجەستە بوون. ناوەکەت خۆی قەسیدەیەکە، راینەر ماریا دەنگەکان دەمانبەنەوە بۆ کلێسە — منداڵی، سواری ئەسپ، ناوت ڕێك نییە لەگەڵ ئەم قۆناغەدا، لە زەمەنێك پێشتر و دوای ئەوەش دێ و لە هەموو سەردەمێکدا، ناوەکەت داوای ئەمەی کردووە، تۆ ناوی خۆت هەڵبژاردووە، خۆمان ناوەکانمان هەڵدەبژێرین، ئەمە وایە و وایش ڕێگە گیراوەتەبەر، ناونانەکەت ڕێخۆشکەر بوو بۆ هەمووت، ئەو کاهینەی تەعمیدی کردیت، بێگومان نەیدەزانی لە حەقیقەتدا چی دەکات، تۆ لەلای من شاعیرە بەرزەکە نیت، شاعیری بەرز، پلەیە، تۆ دیاردەیەکی سروشتیت و ئەمە لە من ڕوونادات و ناشتوانم خۆشم بوێ، بگرە تەنیا ڕووبەڕووبوونەوەی نەبێت، ئەی کە جارێکی دیکە کەمی پێناسەیە، ڕەگەزی پێنجەم کە بەرجەستەی: شیعر خۆیەتی، یان ئەوەی شیعر سەرچاوەی لێوەدەگرێت لەویش گەورەترە.

لەمەیش مەبەستم ریلکەی مرۆڤ نییە، ئەو مرۆڤەی کە ئێمە ناچارین ببین، بگرە ڕۆحی ریلکەیە، کە گەورەترە لە شاعیر خۆی، کە ڕۆحی ریلکەی هەیە تەنیا بۆ منە — ریلکەی دووسبەی، دەبێ بەچاوی من مەزنی خۆت ببینی، لە ڕێگەی ئەو مەزنییەوە کە من دەیبینم، مەزنییەکەت لە ئاستی سەرجەم مەوداکەوەیە، کە هیچ شاعیرێك دوای تۆ ناتوانێ بیکات؟ شاعیرێکی مامۆستای (وەکو گۆتە)، کە





دەمانەوێ ڕەتی بکەین، بەلاّم تێپەڕاندنی تۆ، واتا تێپەڕاندنی خودی شیعرە. شاعیر ئەو کەسەیە کە تێدەپەڕێنێ، کێ دەتوانی ژیان ڕەت بکات، تۆ بۆ شاعیرەکانی داهاتوو ئەرکێکی مەحاڵیت. شاعیر دوای تۆ دەبێ "تۆ" بێت، واتا تۆ پابەندی بە لەدایکبوونی خۆتەوە سەرلەنوێ، تۆ واتاکانی یەکەم دەدەیت بە وشەکان و شتەکانیش یەکەمین وشەکانیان و (بەهاکانیان). دەمتوانی ئەم هەمووە بە ڕوونی و بە ڕووسی بیڵێم، وەلێ پێم باش بوو کە وات لێنەکەم لە کاتی خوێندنەوەدا وەریبگێڕیت، بگرە پێم باشبوو کاتێ بۆم دەنووسیت خۆم ببمە وەرگێڕی. هەندێك لەبارەی سەربردەکەمەوە ( بەرادەیەکی کورت تر)، دوای ئەوەی لە شۆڕشی ڕووسیا هەڵهاتم، نەك لە ڕووسیای شۆڕشگێر، چونکە شۆڕش وڵاتێکە و یاسای تایبەتی و هەتاهەتایی خۆی هەیە، کتێبەکانتم لە بەرلین دەستکەوت، پاشان لە بەرلین، وەکو چۆن لەم شارەدا (شیعرەکانی لاو)م دۆزییەوە، بۆیە هەر لە یەکەم ڕۆژەوە براگم خۆشویست. بۆ ئەو سەردەمەی کە لێت دەخوێند، کاتێ قوتابی بووی لێی. لە براگ سێ ساڵ مامەوە لە ساڵی ١٩٢٢ وە بۆ ١٩٢٥.

لە نۆڤەمبەری ١٩٢٥ گوێزامەوە بۆ پاریس، لەو کاتەی کە تۆ لەوێ بووی؟ ئەگەر لەوێ بووی بۆ نەهاتم بۆلات؟ بە هەموو ئاسانییەك تۆ لەلام ئازیزترین گیانەوەری. لەبەر ئەوەیش نامناسیت، جۆرێك لە شانازی بەئازارە، بۆ ڕێزگرتنە لە ڕێکەوتەکان، چارەنووس، شتێکی لەو بابەتە، یان لەبەر ترسێکە کە لە ناخدایە، یان بۆ ئەوەی ڕووبەرووی نیگا سەیرەکانت نەبمەوە لەبەردەم دەرگای ژوورەکەتدا، چونکە ناتوانی بە جۆرێکی دیکە تەماشام بکەیت، لەبەر ئەوەی نامناسیت، نیگاکانت بۆ من و کەسانی دیکە وەکو یەك وان، واتە سەرەڕای هەموو شتێك نامۆن. ئەو شتەیش کە لەناخمدا هەمیشە هەست بە ڕۆحێکی ڕووسی دەکەیت، منیش بالاّیەکی مرۆڤایەتی (خواوەندی) ڕووتت تیا دەبینم، ئەمە ئەو کۆسپە نەتەوایەتیمانە کە پێوەی بەستراوینەتەوە، هەر شتێك خود تێماندا دیاری بکات، ئەوروپییەکان ناوی دەنێن ڕووسیە. لەگەڵ چینییەکان و ژاپۆنییەکان و پێست ڕەشەکان و ئەوانی دیکەیش وەهاین، ئەوان لە ئێمەوە دوورن، یان زۆر کێوین.

............

**راینەر ماریا**

هەرگیز هەموو شتێکمان لەکیس نەچووە، لە ساڵی داهاتوو (١٩٢٧) بۆریس دێت و لە هەر کوێ بیت دێین بۆ دیدارت، وەکو زریان چاوەڕێی کتێبەکانت دەکەم، ئەوەندەی پێناچێت، بتەوێ یان نەتەوێ دەتەقنەوە، وەکو نەشتەرگەری دڵ، بەبێ خواست هەر قەسیدەیەکی تۆ دڵ دەڕفێنێ و زانیاری خۆی تیادەکات، بتەوێ یان نەتەوێ، لەسەرمانە کە داوای هیچ نەکەین. ئایا هۆی بانگکردنت ڕاستەوخۆ چییە و خۆشەویستیم بۆتۆ لەبەر ئەوەیە کە تۆ هێزیت، لە جیهاندا شتێکی دەگمەنیت.

.............

ئەوەی لێتی چاوەڕوان دەکەم هیچ نییە و هەموو شتێکیشە، کە ڕێگەم بدەیت بەرەو ڕووت چاو هەڵبڕم، وەکو بۆ چیایەك کە دەمپارێزێت، فریشتەی پاسەوانی بەردین، ئەمە دەبوو بەر لە ناسینت بووایە، بەڵام ئێستا پێویستی بە ڕووخسەتە، چونکە ئێستا ڕۆحم بەرز هەڵکشاوە.

.......

وەلێ بتەوێ یا نەتەوێ، دەربارەی ڕووسیاکەت بۆت دەنووسم، یان شتی زۆرتریش، منی هندی (هندۆسی)، کە هەرگیز ناگریم خەریکە دەگریم..

نامەکەتم لەسەر ڕۆخی ئۆقیانوس خوێندەوە، ئۆقیانوسیش لەگەڵ مندا دەیخوێندەوە، پێکەوە دەمانخوێندەوە، ئەم خوێنەرە بێزارت ناکات؟ جگە لەو خوێنەرێکی دیکە نییە. من زۆر غەیوورم، بۆتۆ، بگرە سووتاوم، ئایا دەزانی ئەمڕۆ (دەی مانگە) چۆن پێشوازی کتێبەکانتم کرد؟ منداڵەکان هێشتا خەوتبوون، سەعات حەوتی بەیانی بوو، لەپڕ لە نوێنەکەم هەڵسام، ڕامکرد بۆ دەرگاکە، لە کاتێکدا دەسکی دەرگاکەم لەدەستدابوو، پۆستەچییەکە دای لە دەرگا، بگرە لەدەستی دام، دەبوو بزووتنەکەی دەستم تەواو کەم و بیگەیەنەمە هەمان دەست، کە لە دەرگاکەی دەدا و کتێبەکان وەرگرم، هێشتا ڕزمە کتێبەکەم نەکردووەتەوە، چونکە فریای ناردنی ئەو نامەیە ناکەوم کە نووسیوومە، زۆر بەپەلە دەمەوێ بینێرم.

" ئەدریانا"ی کچم هێشتا منداڵ بوو، تەمەنی دوو سێ ساڵان بوو، بەر لەوەی بچێت بۆ خەوتن لێی دەپرسیم: ( ئایا راینەرکیە دەخۆینیەتەوە؟). راینەرکیە، ئەمە ناوی تۆیە لە گوێی منداڵی ئەودا، راینەر ماریا ریلکە، منداڵان بە چاکی جیاوازی ناکەن لە نێوان گوێزانەوەکاندا، دەمەوێ دەربارەی (ناوچەی فڕەنسی) — فندیە– قسەت بۆ بکەم، فندای من، نیشتیمانی پاڵەوانی فڕەنسای من، لە هەموو وڵاتێکدا نیشتیمانێکم هەیە و لە هەموو سەردەمێکدا، وانییە؟، من بە هۆی ناوەوە لێرەم، هەر یەکێك لە ئێمە، وەکو من، بێ پارە، بێ کات، پێویستی زەروورەت هەڵدەبژێرێ، کە ناکرێ دەستبەرداری بێت. سویسرە سنوورەکانی بە ڕووی ڕووسەکاندا داخستووە، دەبێ بەفر لە چیاکان بتوێتەوە، بۆ ئەوەی بۆریس و من دزە بکەین بۆ ناوەوە بێین بۆلات.

* * *

**لە ریلکەوە بۆ تزڤیتاییڤا**

**١٠ی مایۆ ١٩٢٦**

مارینا تزڤیتاییڤا

ماوەیەك لەمەوبەر لێرە بووی؟ ئەی من لە کوێ بووم؟ دەی مایۆیشە – کە شتێکی سەیرە، مارینا، ئای لەو بەروارەی کە بەدەستی خۆت داتناوە (بەرەو زەمەن بەرەڵات کرد، بەرەو ئەو ساتەوەختەی کە دەکەوێتە دەرەوەی زەمەن، ئەو شوێنەی کە من دەتخوێنمەوە)، لە دوا دێڕەکانی نامەکەتدا، لە دەی مانگ پێموایە کتێبەکانی منت بە دەست گەیشتووە، دوای ئەوەی دەرگاکەت هەڵدایەوە ( چۆن وەکو کتێب هەڵدەدەینەوە)، لە هەمان دە، ئەو ڕۆژە خۆی، لە ئامادەگی ڕۆحی ئەبەدیدا، لە دڵمدا پێشوازیم کردیت، مارینا، هەموو هۆشم پێتەوە دەلەرزێ، بۆ هاتنت، وەکو بڵێی برادەرە گەورەکەت لە خوێندنەوەدا، ئۆقیانوسەکە، بەرەو لام ڕادەکات، شەپۆلێك لە دڵدایە، خول لە دوای خول مارینا دەستت داگرت، گرمۆڵەت کردووە و دەتبەخشی، هەردوو دەستت داگرتە ناو دڵمەوە، وەکو لە حەوزی ڕووبارێکی هاژەکردوودا بێت، ئێستایش، هەرچەندێ دەستت لە دڵمدا بهێڵیتەوە، ئاوەڕۆ هەمیشەییەکە بەرەو ڕووت دێت، ماچی کە، چیت پێ بڵێم؟ وشەکانم هەمووی ( وەکو بڵێی هەموویان لە نامەکەتدا بەرامبەر بە تەختەی شانۆ بوون). وشەکانم هەموویان لە هەمان کاتدا دەیانەوێ بەرەولات بێن، بێ ئەوەی ئەم بۆ ئەو دەورە تەرخان بووە، ئەگەرچی بینەران هەڵمەت دەبەن، وەکو چۆن کە لە هۆڵی شانۆوە دێنە دەرەوە ڕوودەدات، ئایا ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە لە بەردەم نمایشێکی لە هەمان شێوەدان، توانای دادانەوەی پەردەکەیان نییە؟ بەو جۆرە منیش لەلای خۆمەوە، ناتوانم بگرە بە خەمەوە داخستنی نامەکەت قبووڵ بکەم (یەکجار، بۆ جارێك)، بەڵام وریابە، لەوانەیە پەردەکە دڵمان بداتەوە،:

بەتەنیشت ناوە جوانەکەتەوە، ناوی خۆشی ئەو شارەی لێی نشتەجێی، یەکێك بەخەتی گەورە ژمارە (٧) ی نووسیووە، کە ژمارەی شیاوی منە. هانام بۆ ئەتڵەس برد، چونکە جوگرافیا لەلای من، زانست نییە، بگرە پێوەندییەکی دانراوی ڕاستەوخۆیە بۆ مومارەسەکردن، مارینا تۆ لەسەر نەخشەکەی ناخمدا جێگیر بوویت: لە جێگایەك لەنێوان مۆسکۆ و "تولەیتەڵە"دایە، جێگایەکم کردووەتەوە بۆ شەپۆلدانی ئۆقیانوسەکەت. ئەی ژنە شاعیر هەست دەکەیت، کە تۆ منت ڕفاندووە، تۆ و هاوڕێ قەشەنگەکەت لە خوێندنەوەدا، وەکو تۆ دەنووسم و وەکو تۆ لە ڕستە دەردەچم، بۆ ئەوەی بە چەند پیلکانەیەکدا بچمە خوارەوە، بۆ ئەو نهۆمەی کە دەکەوێتە نێوان دوو کەوانەوە، میچی نزمی لێیە لەسەر عەتری گوڵە کۆنەکاندا و هەتاهەتایە دەمێننەوە، مارینا نامەکە چەند جێگیر بووە، ئای کە جێی سەرسوورمان بوو، هەرکە مۆری وشەکانت کەوتنەخوارەوە، دوای هەڵدانی، لە پلەی هەرە خوارەوە، ژمارەیەکی زیاتر و کۆتایی بەدەرخست، لە زۆر حاڵەتیشدا گەورەترە، ئازیزەکەم ئەوەی کە لە پشتی ڕەگەزی پێنجەمەوە دەوەستێت، بۆ ورووژاندن و بۆ کۆکردنەوە ئایا هێزی سروشتە؟، وام هاتەپێش چاو کە سروشت سەرلەنوێ لە ڕێگەی تۆوە پشتگیریی کردم، سەرجەم باخچە لە دەوری کانیدا دەڵێ"بەڵێ". بەڵام پێم دەڵێی، واتاکەی وانییە ریلکەی مرۆڤ، منیش لەگەڵیدا بەشەڕ هاتووم، لەگەڵ جەستەیدا، ئەو جەستەیەی، کە تا ئەمڕۆ لەگەڵیدا تەبایەکی بێگەرد بووم، بەڕادەیەك کە نەمدەزانی کاممان وەکو شیعر بەختەوەرین: ئەو، من، یان هەردووکمان؟ بەڵام ئێستا شتێکی جیاواز هاتەئاراوە، ڕۆح پۆشاکێکی دیکەی پۆشیی، جەستە بووە شتێکی دەمامك کراو و جیاواز. من لە دیسەمبەری ڕابردووەوە لە کلینکیدام، بەڵام بێ ئەوەی ڕێگا بەدەم بەپزیشکەکە، تا بچێتە ناو ئەو پێوەندیەی نێوان من و خودی خۆمەوە، کە هیچ نێوەندێکی دیکەی قبووڵ نییە، نە هیچ دەستێوەردانێك کە دوورکەوتنەوەکە دەکاتە کۆتایی، یان هیچ وەرگێڕێك تا بیکاتە دوو زمان.

* * *

**لە ترفێتاییڤا وە بۆ ریلکە**

**سان–جیل–سیر لە ١٢ی مایۆ ١٩٢٦**

تۆ میتافیزیکا دەزانی( نەك ئایین، بگرە جوگرافیا)، بەبێ لە واقیع باشترە، خۆشیی، تۆ وەکو تۆبۆگرافیا دەیزانی، بە





هەموو چیاکانییەوە، بە هەموو دوورگە و کۆشکەکانییەوە. تۆبۆگرافیای ڕۆح، ئەویش تۆی و لەگەڵ کتێبەکەتدا، ئاه، ئەوەی کە نەبوو، بگرە بووە کتێب، لەسەر هەژاریی و حەج و مەرگ، تۆ زیاتر لە فەیلەسووفەکان خزمەتی خودات کردووە و لە سەرجەم کاهینەکانیش. کاهینەکان کۆسپن لەنێوان من و خودادا (خوداوەند) تۆ ئەو برادەرەی کە خۆشنوودی قوولدەکەیتەوە و دەیگەشێنێتەوە، ئەگەر خۆشنوودی بێت، لەکاتێکی فراوانی هاوبەش لەنێوان دوو کەسدا (دوو کەسی هەتاهەتایی)، ئەو برادەرەی بێ ئەو هەست بەوی دیکە دەکات، کە بەتەنیا ئەومان خۆشدەوێ، دەشبێ لە کردەی ئەو بببینەوە، خودا، تەنیا تۆ شتی جوانت بۆ خوا وتووە. تۆ وێنەیەکی خێرای بۆ پێوەندی کریست بە یۆحەناوە، ئەو پێوەندییەی کە ڕانەگەیەنرا، بەڵام ئەمە جیاوازییەکەیە، تۆ لە باوکەوە هەڵبژێردراوی نەك لە کوڕەوە، تۆ یۆحەنای خوای باوکی (کوڕێکیت کە هاوشێوەی نەبوو)، تۆ باوکت هەڵبژارد، چونکە ئەو تەنیاتر بوو، و شیاوی خۆشەویستی نەبوو. نەخێر، وەکو داوود نەبووی، بەهێزی ناوەوەی شەرمن بوو، بەڵام تۆ هێزێکت هەیە جورئەتێکی گەورە و سەرکەوتووی تیایە. جیهان تازە پێکهاتبوو، مەسەلەکە پێویستی بە ڕوودانی هەموو شتێك بوو، لەپێناوی ئەوەی تۆ بێیت. تۆ بە خۆشەویستییەوە جورئەتی (وتن)ی خوای باوکت کرد، نامرۆڤانە، کە خوداوەندیەتی تێپەڕاندووە، کە چۆن یۆحەنا نەیتوانی بیکات بۆ کوڕی تێپەڕی مرۆڤایەتی. دەتوانی لە زمانە ئەڵمانییە خراپەکەم تێبگەیت؟ زمانە فرەنسییەکەم لەبارترە. لەبەر ئەم هۆیە بۆت پێی نانووسم، بمگرە خۆت نامەوێ زمان لەنێوانمان ڕێبکات، بگرە بفڕێ، بەڵام با ئێستا هەڵنووتێ...

" چۆن بگەین بەیەکتر؟ بەشەقەی باڵ؟". ڕاینەر، ڕاینەر ئەمەم پێ بڵێ بێ ئەوەی بمناسی، وەکو کوێر وەکو بینانده ( لە کوێران باشتر پێکانەر نییە)..نامەکەت ئێستا گەیشت، کاتی ناردنی نامەکەم هاتووە.

* * *

**لە ترفێتاییڤاوە بۆ ریلکە**

**ڕۆژی هەڵکشان لە ١٩٢٦**

" لە بەردەمیدا ناتوانی شانازی بە هەڵچوونە ڕازاوەکانەوە بکەیت"

کەواتە، بە هەموو سادەیی و تەوازوعێکەوە، مرۆڤ – ریلکە، بەهەقەت هەڵنووتم، کاتێك ئەوەم دەنووسی، من

شاعیرم خۆشدەوێت، نەك مرۆڤ، (تۆیش کاتێك ئەمەت دەنووسی هەڵنووتیت)، ئایا مافی هەڵبژاردنم هەیە؟

هەرکە خۆشەویستی دەکەم ناتوانم هەڵبژێرم، ئەمەشم ناوێت ( ئەم مافە سادە و تەسکەیە) تۆ خۆت لە خۆتدا موتلەقیت؟ گەرچی خۆشم ناوێی و (ناتناسم)، مافی هەڵبژاردنم نییە، گەرچی من پێوەندیم نییە پێتەوە و کالاَکەت ناناسم، نەخێر راینەر من ئارەزوومەندی کۆکردنەوە نیم، ریلکەی–مرۆڤ کە بەلامەوە گەورەترە لە شاعیر، کە مەسەلەکەمان هەڵگێڕایەوە، دەگەینە ئەمە: گەورەتر لە شاعیر، چونکە شاعیری تیا هەڵگرتووە.(سوارە و ئەسپ: خەیاڵ)، خۆشمدەوێ بێ ئەوەی لە شاعیر جیای بکەمەوە. مەبەستم ریلکەی مرۆڤ، ئەوەی دەژی و بلاَودەکاتەوە، ئەوەی خۆشماندەوێ، ئەوەی کە مولکی زۆر کەسە و لەم خۆشەویستییەدا ماندووە، مەبەستم لەوە پێوەندییە زۆرە مرۆڤایەتییەکانیەتی، مەبەستم ئەم ریلکەی مرۆڤە، واتا ئەو شوێنەی کە جێگەی منی لێ نییە، ئەمەیش بووە هۆی قسەکردن لەبارەی شاعیر و مرۆڤەوە، وەکو ئاماژەی ڕازیبوون و وازهێنازن و ترس لەوەی وابزانی کە ژیان و کات و ڕۆژەکانت (ڕۆژانی کارکردن، ڕۆژانی دەرکەوتنی کۆمەلاَیەتیت) هەڵدەگێڕمەوە، کە ڕێکخراو و حسابکراون بەتوندی بۆ یەکجار و دواجار. هەستی وازهێنان، دواجار ترسی هەستکردن بەئازار، ئەوە ناوی یەکەمە، ئەمەیش کاتی یەکەمە سەرمان پیادەتەقێ و پاڵمان پێوە دەنێت (ڕەچاوکردن–وازهێنان).

ئازیزەکەم من زۆر دەستەوسانم: تۆ پێم دەڵێی بۆم مەنووسە پێی وەڕس دەبم، لەوە تێدەگەم، بەرگەی ئەوە دەگرم........

کاتێ نامەت بۆ دەنووسم لەسەر گردۆڵکەیەکی لمم، لەسەر گیایە لاوازەکەیدا، (جۆرج) ی کوڕم لەسەر سەرم وەستاوە، قەڵەمەکەمی بەدستەوەیە، یەکسەر لەسەر دەفتەرەکە دەنووسم، هێندە جوانە تەنانەت "پیرێژنەکان هەرکە دەیبینن دەڵێن بێگومان ئەو پاشای گەنجی ڕۆمایە"، کچێکیشم هەیە تەمەنی دوانزە ساڵە، خەریکە لە خۆم بالاَی بەرزتر دەبێ، (خۆشم کورتەبالاَ نیم)، کێشی دوو بەقەدەر منە، من کێشی پەڕم هەیە، ئەوەتا وێنە فۆتۆگرافییەکەم —کە وێنەی پاسەپۆرتە– لە راستیدا زۆر گەنجم، زیاتر قژ زەردم، دوای ئەمە وێنەیەکی





نوێتر بەدوایدا دێت، نوێیە، لە پاریس، وێنەیەکە وێنەگر شۆمۆڤ گرتوویەتی، کە وێنەی بەرگی هەموو کتێبەکانی (پاسترناك)ی برادەرتی کردووە، (شۆمۆڤ) لەبارەیەوە زۆر قسەی بۆ کردووم، جورئەتم نەبوو پرسیاری بکەم ئەگەر وێنەیەکی فۆتۆگرافی تۆی لەلا بێت، نەمتوانی بەهەرحاڵ داوای وێنەکە بکەم، تێگەیشتم بێگومان من بەبێ پێچ و پەناو بێشەرم ئەو وێنەیەت لێ داوادەکەم، " خەم و شینایی منداڵی".

هێشتا لەبیرمە: تۆ کێی؟ ئایا تۆ ژەرمانیت؟ ئۆستریاییت؟ لە کوێ لە دایکبوویت؟ چۆن گەیشتیتە براگ؟ و چۆن بوو لە خولی سیزەرەکاندا؟ ئەمە سەیر و سەمەرەیە، لەگەڵ ئەوەشدا: تۆ و– ڕووسیا و– من.. لە وێنەیەکی دڵسۆزیدا چارەنووسی زەویانەت مەبەستمە، پتر لە هەر ڕێڕەوێکی دیکەت، چونکە بەتەواوی زەحمەتی ئەوە دەزانم، هی ئەو هەمووە......

ئایا تۆ لە زووەوە نەخۆشیت؟ چۆن لە "میزۆ" دەژیت؟ ئەم گەشانەوەیە گەورەیە، بەرز و مەزنە، ئایا خێزانت هەیە؟ منداڵت هەیە (لەو بڕوایەدا نیم)، ئایا لە کلینکیدا ماوەیەکی زۆر دەمێنیتەوە؟ لەوێ برادەرانت هەن؟ دەتوانی شوێنەکەم بدۆزیتەوە لە ژمارە ٣ لە شەقامی گرانسی( وابزانم نزیك لە دۆشی) یە، قژم کورتە، هەروەکو ئێستا، حەزم لێ نییە درێژ بێت، وەك منداڵێکی هەرزەکار وام و تەزبیحێکی سوورم لەملمدایە. ئەمەشەو "شیوەنەکانی دۆینۆ"م خوێندەوە، بە ڕۆژ هەرگیز ناتوانم هیچ بکەم، نەدەخوێنمەوە، نەدەنووسم، تەنانەت هەندێ لە ئیشەکانی ماڵەوەشم دەوەستن، جگە لە هەردوو دەستم نەبێت هیچم نییە، مێردەکەم سەربازێکی خۆبەخشی هەمیشەیی ژیانە، تەمەنی نزیکەی سی و یەك ساڵە، لە سەپتەمبەری داهاتوو دەبمە سی و یەك ساڵ، ئەو تەندروستی لاوازە، جگە لەوەی کە پیاوێکە ناتوانێ ئەو شتە بکات، کە ژن دەیکات، ئەم ئیشە (سەبارەت بە ژن) زۆر ناشیرینە، ئەو ئێستا لە پاریسە، بەلاَم بەم زووانە دێتەوە، لە قوتابخانەی جەنگی ناویان نا قوتابی، ئەفسەری ئەستێرەییە، ئەو جوانێکی ئازاراوی جوانە، کچەکەم بەو دەچێت، بەختەوەرە پێی، کوڕەکەم شێوەی لە منەوە نزیکە، بەلاَم هەردووکیان قژ زەردن بەچاوی شینەوە، وەکو ڕەنگی چاوی خۆم. چی لەبارەی کتێبەکەتەوە بڵێم؟ پلەی بالاَیە و. نوێنەکەم بووەتە هەور.........

ئەی ئازیزترین کەس، ئێستا هەموو شتێك دەزانم — لەمنەوە بۆتۆ— بەلاّم هێشتا لەسەرمانە چاوەڕێ بین، تۆ هێشتا پێویستە زیاتر لەسەر من ڕابێیت..

* * *

**لە ریلکەوە بۆ تزڤیتاییڤا**

**سویسرە ٢٧ی مایۆ ١٩٢٦**

مارینا سوپاس بۆ سلاّوەکەت

کە کچەکەت ئەمەت پێ دەڵێ، مارینا، لەم زەمەنە سەختەدا، کێ لە ڕۆژانی منداڵیمەوە، کام منداڵ، چ لە ئۆستریا، یان چ لە بۆیهیمیا (بەشی ڕۆژئاوای چیکۆسلۆڤاکیای کۆن، کە براگی لێیە)، تاسەی پێویستی دۆزییەوە بۆ وتنی ئەم قسەیە؟ ). لەوانەیە کچەکەم توانیبای وایکردبایە، ئەگەر پێویستی قسە و نوتق زۆریان لێکردبایە، بەلاّم ئەو ماوەیەی کە لەگەڵیدا ژیام دەگەڕێتەوە بۆ پێش ئەوەی زمان بگرێت، دوای لەدایکبوونی لە یادی یەکەم ساڵی لەدایکبوونی بە کەمێك. دوای ئەوەی کە شێوەیەکی سەرەتایی وەرگرتبوو ئەوەیش ڕووخا، ئەمەیش بەبێ دڵی من بوو، چ لە ماڵەوە یان لەناو خێزاندا، یان لە نیشتەجێ بووندا، ژنهینانیش گەڕاندمییەوە بۆ تەنیایی، گەرچی بە فەرمی هێشتا لێی دانەبڕابووم، لەگەڵ ئەوەشدا ماوەکەی پاریس دەستی پێکرد، ئەویش ساڵی ١٩٠٢ بوو، وەلێ ئەمڕۆ کچەکەم دەمێکە شووی کردووە، لە جێگایەکدا لە ساکس (ناوی بەشێکە لە ئەڵمانیای ئێستا)، شوێنەکەی نازانم، سەروچاوی کریستینی کچەزام، کە بە هۆی هەندێ وێنەی فۆتۆگرافی خێراوە دیومە لەیادمە، لە نۆڤەمبەری ڕابردوو دووەم یادی لەدایکبوونی بوو، چووە ناو سێ ساڵانەوە، ئەم هەمووەش لە بوارێکی دیکە بەڕێوەدەچێت، بەدەر لەوەی لە "میزۆ" ڕوودەدات.

من لە ساڵی ١٩٢١وە (بارودۆخێکی دەرەکی، بگرە سەمەرەیەکی دەگمەن گەیاندمییە ئەم شوێنە و لێی مامەوە، لە وێنەیەکی بەتەنیای بەردەوامدا، جگە لە هەندێ برادەری کەم نەبێت کە سەردانم دەکەن، وەکو چۆن ژیام، بگرە لەوە زیاتریش، ژیانێکی گەرم لەوانەیە بۆ تەنیایی جێی نیگەرانی بێت، تا ئەوپەڕی تەنیایی، کە دەگاتە ڕادەی کۆتایی، ژیانم ئاوها تەنیاییە، لەمەوبەر لە پاریس و ڕۆما و ڤینیسیا و ماوەیەکی دوور و درێژ لێیان بووم بە ڕاستی بێ ئەوەی بژیم، لە ئیسپانیا و تونس و جەزائیر و میسر و لە پرۆڤانس ( ناوچەیەکە لە باشووری فرەنسا) ی دڵگیردا، ئەم ژیانە دوورەپەرێزییە، واتا بەشداریبوونێکە لە





ڕیزی (شوێن)دا بێت و لەهەمان کاتیشدا کارت تێبکا، بەلاّم (میزۆ) لە هەموو شوێنێکی دیکە زۆر کایگەرترە، تەنیا بەرهەمێکی کەمی بۆ ڕەخساندم، جگە هەندێ لە بازدانی ستوونیش نەبێ، لەو مەودایە کراوەدا و هەڵکشان سەرجەم بەرەو ڕووم. ئازیزەکەم چۆن پێویستت بە قسەیەکی وا هەیە، (شیوەنەکان)ت لەدەستتدایەو لەسەر دڵتە، وەکو هاوبەشێك لە نێوانیان لێدەدات.

لە ساڵی١٩١٢ لە دوورەپەرێزییەکی خانەدانیدا دەستم بە نووسینی ئەم قەسیدانە کرد، لە ڕۆخی ئەدریاتیکی، لە کۆشکی دۆینۆ (نزیك تریێستا)ی کۆن (کە جەنگ کاولی کردووە)، دواتر پارچەکانی ئەم قەسیدانە، لە ئیسپانیا و لەپاریسدا ساڵی ١٩١٤ یەکیان گرتەوە، کە دەبووایە لە کارێکی شیعری تۆکمەدا گلاّلە ببوونایە، ئەگەر دابڕانی گەورەی جیهان ڕووی نەدایە، کە هەموو شتێکی پەکخست. ئەویش بەدرێژایی ساڵانێك بوو، کە نەمتوانی بەدرێژایی زستان ڕزگاری بکەم، لێم ڕوون نەبوو تا ساڵی ١٩١٩بوومە پەنابەر لە سویسرە.

زەویەکە کە هێشتا هاوسەنگە، سروشتی و بێتاوانەکان حوکمی دەکەن؟، تا ساڵی ١٩٢١ لە میزۆ درکم پێی نەکرد، لە یەکەم ساڵی دوورەپەرێزیدا، کە لێی دابەزی بووم، کاتێ هێزی سروشتی دایە قەوارەم، دوای ئەوەی بارودۆخ لغاوی کرد، لە ماوەی چەند هەفتەیەکدا بالاّتر لەوەی کە لەوەرزدا توانات بەسەریدا بشکێت، تا ڕۆبچمە ناویەوە، ئەوەیش لە سەرەتاوە لە "ئۆرفیە" (سێ ڕۆژ لە هەموو وەرزێکدا)، پاشان لە "شیوەنەکان"دا لە تەقینەوەی شەهوەتە توندوتیژەکاندا، کە خەریك بوو لەناومبەرێت، ئەنجامدانی ئەم هەمووەش لە کەش و هەوایەکی خۆشدا بوو، لە هاوتایی بزووتندا، کە وایکرد یەك بەیتە شیعری دابەزێت، هەر بەیتێك کە لەمەوبەر دانرابوو، دابەزینێکی لەسەرخۆ وەکو پایەیەکی سروشتی وابوو، وەکو دەنگێك لەنێو دەنگەکاندا، چەند ئەمە هەموو شتێ شەفا دەکات، پاشماوە ناوخۆییەکان، سەرلەنوێ بە بچڕانە تەلەفبووەکانیان و بە تەبابوونە خۆشەویستییەکەیان، لە سووتانێکی تەواودا، دوای تواندنەوەی ئەو هەمووە لە یەکانگیرییەکی بێکۆتادا، بۆ خەڵکی هیچ کۆکردنەوەیەك ناخاتەڕوو، مارینا، دڵخۆشی و سەرکەوتن، وێنەیان نییە، ئەم زیادەڕۆییەش لە دوورەپەرێزی کوشندەدایە، ئەمەی لەسەرم پێویست کردووە، ئایا دوای ئەوە دوورەپەرێزیم دێتەوە، بەو پێیەی لەوە زیاترە کە

ئەنجاممداوە و تێپەڕم کردووە، پاراستنی مەرجە مەحاڵەکان بۆ تەنیابوونی زیاتر، نە بەکەللەڕەقی، یان بەتەمای بەدەستهێنانی خواردەیی زیاتر لە ناز و نیعمەتدا، یان ترسی ئەوەی (ئەویتر) بێتە ناو ژیانمەوە، کە زوو بێ یان درەنگ دەبێتە هۆی ناکۆکی و ئەرکەکان، بەینێك وام دەبینی ئەوەی کە ئەنجاممداوە ئەرکێکی سەخت(تۆکمە) بوو، ناتوانم لەوەوە بۆ ئەوی دیکە بڕۆم. ئایا ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە من و هەمان کار، کاری گەورە کە هەڵماندەگرێت، نەك تۆڵەمان لێبکاتەوە، تا ئەوکاتە دێت کە لە سنوورەکانی خۆمان دوور بمانبات، کە لە دوای خۆی نە ماندووەکان و شەکەتەکان بەجێدەهێڵێ، بگرە زینەوەرانێکن کە تامی کرێکانیان دەکەن، ئایا ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە من بەشێوەیەکی میکانیزمی ماوەیەکی دوور و درێژ بەرگەی ئەم مەرجە تایبەتییەی تەنیاییە بگرم، لە دیمەنەکانی دۆڵی قارەمانیدا، لەژێر ئاسمانێکی ڕەزدا، ئاسمانێکی وورووژاو لەبەر توندوتیژی گەرمادا، بۆ یەکەمجار لە ژیانم و لە وێنەیەکی چەپەڵدا دوورەپەرێزییەکەم لێم هەڵگەڕایەوە و دەرزییەکی ماددی تەواوی ئاراستە کردم، وای لێکردم کە ڕووبەڕووبوونەوەی خۆم بە خۆم گوماناوی و ترسناك بێت، خەمم زیاتری کرد بەرامبەر ئەو شێواویە گەورانەی کە دەنگیان بەرزترە لەم بێدەنگییە، کە ماوەیەکی دوور و درێژە لەگەڵمدایە، ئەمەیش ڕاڤەی مانەوەی ئێستایە لە"مال–ڤون"، ئەمە سێیەم جارمە (دوای ئەو دووجارە کورتەی ١٩٢٤ و١٩٢٥ )، ئەمەیش ڕاڤەکردنی مانگە درێژەکانی پاریسمە ( لە مانگی یەنایەرەوە تا ناوەڕاستی ئۆگەستی ١٩٢٥ )، کە پەرچەدارکردن و قەرەبووکردنەوەی لە شێوەو ڕواڵەتە جیاوازەکانە، لە نیشتەجێبوونە ڕاڤەکراوەکەمدا لە "میزۆ"، ئەمەیش ڕاڤەکردنی دوودڵییەکەمە بۆ داخستن سەرلەنوێ، لە قوولە قایمەکەمدا بەیاوەری ئەم مەترسییە ئامادەیە کە بەسەرمدا بکەوێ، بۆ ئەوەی لەناومدا بلاوبێتەوە...ئەی لەبارەی ڕای پزیشکەکانەوە چییە؟ نەخۆشی عەسەب کە پێی دەڵێن ( خۆشیی گەورە)، کە لەو درەختە جوانە گەورەیەی عەسەبیەتەدا، کە بەروبوومان هەڵدەگرێ، بەلای کەمەوە "لەوانەیە" کردنەوەی گەناوی قەوارەمان بێ، لێرەدا شێواوییەکی خاوەن سروشتی کەسایەتی هەیە، کە زەحمەتە لە وێنەیەکی بابەتی و





ئۆرگانیدا (بەلانی کەمەوە تا ئەمڕۆ) دایبنێی، لێرەدا دەستدرێژی کردن هەیە بۆ نادیاری هەستکردن، بەجەستە کە بەشێوەیەکی میکانیکی ڕەزامەندیمانی لێوە سەرچاوە دەگرێت، بۆ ڕۆچوونە ماتریاڵییەکانمانەوە ( لە قەوارەی کەسایەتیماندا)، لێرەدا دەسپەچایی جەستە هەیە، کە بۆ شەڵەژانێکی گەورە پاڵم پێوەدەنێ، بەڕادەیەك کە هەر لە وەرچەرخانی سەرنجڕاکێشی ژیانمدا فێربووم ( هەر لە ساڵی ١٨٨٩وە تا ١٩٠٠ هاوتەریب لەگەڵ نیشتەجێبوونەکانم لە ڕووسیا)، بۆ ژیان لەگەڵ خۆمدا بەبێ پزیشك و لە هاوسۆزییەکی تەواودا بووم، زۆرجاریش پێموابوو، کە بۆ ڕۆحم لەدایك بووە، خودێکی سووك و ئامادەباش بۆ دەرپەڕین تا سنوورەکانی ڕۆحانی، زۆرجاریش ڕووخاو، لەڕووی – کەیاسەتەوە– خاوەن جەستەیە و، لە ڕووی وەڕزنەکردنی نەدیتراوی ئەویترەوە شیاوی بینینە، ئەوە خودی خۆمە، تایبەتمەندێتی خۆمە، ئەو بڕادەر و هەڵگری کردەوەییمە و،

پشت و پەنای دڵمە، ئەو توانای وروژاندنی هەموو خۆشییەکانمی هەیە، بەبێ چاوپۆشین لە هیچ کامیان، هەریەکێکیان دەکاتە خۆشی تایبەتمەندیم، وەکو بەخشێکیش لە خاڵی یەکتربڕی سەرجەم هەستەکاندا پێشکەشم دەکات. بەو پێیەی کە خولقاوی خۆمە، ئامادەیە بۆ خزمەتکردنم، بەو پێیەی کە خولقاومە بەر لە خەڵقەندە، کە تێپەڕم دەکات بە بڕوابوونی ڕابردووی و گەشانەوەکەی، بلیمەتییە، کە نەوەکان پەروەردە دەکات، قەشەنگە لە ئارامی بێتاوانیدایە، کە ئەو جگە خۆی نییە، بە ڕەوشتە ئەمینەکەی ناسکە بۆ ( ئاناکەم)، لە لەرینەوە و چاکییە ناسکەکانیدا، خوویەکە ساغ و دانایە. مارینا لێم ببوورە، ئەم هەمووە لە (ئاناکەمەوە) بوو، بۆ پێچەوانەکەیشی بمبوورە، لە حاڵەتی وەستانم لە نووسین و چوونە ناو بێدەنگییەوە، ئەمەیش واتای ئەوە نییە زۆرجار واز لە نامەنووسین بێنی بۆم ، بەپێی ئارەزووکردنی (فڕین)، ئەڵمانییەکەت هەرگیز (بێکەڵك) نییە، هەندێجار دەکەوێتە شێوەیەکی قورسەوە، وەکو یەکێك لە قاڵدرمەیەکی بەردینی نارێك بێتەخوارەوە، کە لەسەر پایەکانی شوێن پێکانی خۆی نابینێ، لە پێشەوە بێ یان لەدواوەبێ، یان بەلانی کەمەوە کە وەکو خەملێ کردبێت، ئا لەو هێزەی کە تییێدایە، ئەی ژنە شاعیر، تەنانەت لەم زمانەیشدا دەگەیتە مەبەستی

خۆت، ورد بیت و لەخۆتەوە ئاغر بیت و هەنگاوەکەت لە شوێنی شیاوی خۆیدا دابنێ، ڕیتمی تایبەت بە خۆت هەڵبگری، هەروەها ڕۆح سووکیت و کێشە خۆگر و پیشاندراوەکەت، ئایا دەزانی لە ڕێزی خۆم زیادەڕۆییم کرد؟ من لەو ماوەی دە ساڵدا لە خوێندنەوەی نامەکانی "نیچارۆف" بەبێ فەرهەنگ بەردەوام بووم.. کە وێنەی تایبەتیم بۆ نەناردووی واتای خۆبەزلزانین نییە، بگرە خراپبوون و پەکەوتنی فرشەکانی وێنەگرتنە، وێنەکەی تۆم لە تەنیشت وێنەکەی خۆمەوە داناوە، ئێستا لەسەری ڕابێ، وێنە، وانییە؟. بەم نزیکانە ڕۆژێك لە –میزۆ– بەسەردەبەم، چەند وێنەیەك لەوێ دەهێنم کە دەگەڕێنەوە بۆ ساڵی ڕابردوو، نامەوێ لە بەرامبەر وێنەگرە فۆتۆگرافییەکان و وێنەگرەکاندا بوەستم: شۆمۆف هەرگیز وێنەی نەگرتووم، بەنزیکترین وێنەی "ئەوی دیکە " کە تێتدایە بۆم ڕەوانە بکە.

( لە نامە گۆڕینەوەی نێوان تزڤیتاییڤا و ریلکەدا بەدحاڵی بوونێك ڕوویدا، چونکە ژنە شاعیر بەهەڵە لە مەبەستی قسەکەی ئەو گەیشتبوو، یان لە ئاماژە جوانەکانی سەبارەت بە نەخۆشییەکەی، ئەو بۆی نووسیبوو، کە بەدەر لە ویستی خۆی نامەی بۆ نانووسێ، ئەمەیش بە جۆرێك لە گوێ پێنەدان و کەم بایەخ پێدانی وەرگرتبوو، دوای دوو هەفتە ئەشکەنجەی یەکلایەنە تزڤیتاییڤا دێتەوە سەر نامەنووسین بۆ ریلکە، "پاسترناك"ی لە ناخۆشی و ئەو ئازارانەی نێوانیان ئاگادار کردبووەوە، ژنە شاعیر ئەو دابڕانە سەرەتاییەی پێوەندییان دەگێڕێتەوە، لەوانەیش سەردانی دووقۆڵییان لەگەڵ پاسترناك بۆ لای ئەو )..

* * *

**لە تزڤیتاییڤا وە بۆ ریلکە..**

**سان– جیل– سیر ٣ی یۆنیۆ ١٩٢٦**

هەموو شتێ، بگرە هەموو شتێ لە دەفتەرەکەمدا دەمێنێتەوە، تەنیا ئەم چەند وشەیەت بۆ دەنێرم، لەو نامەیەی کە بۆ "پاسترناك"م ناردووە:" پرسیارم لێکردیت زیاتر لە جارێك دەربارەی ئەو شتانەی کە پێکەوە دەتوانین لە ژیانی ڕۆژانەدا ئەنجامی بدەین، جارێکیان وەڵامتدامەوە" دەچین بۆ دیداری ریلکە"، بەڵام منیش وەڵامت دەدەمەوە، کە ریلکە باری گرانە، پێویستی بە هیچ نییە، نە بە کەسیش، ریلکە ساردوسڕی کەسێکی موڵکداری لێ دەدرەوشێتەوە بۆ موڵکەکەی، کە خۆم یەکێکم لەو موڵکانەی ئەو. ناتوانم هیچی پێ ببەخشم، ئەو





هەموو شتێکی برد، پێویستی بەمن نییە، لە بەرامبەردا بە تۆیش، هەمیشە هێز دڵڕفێنە و هەوڵەکان دەشێوێنێت، شتێکی تیایە، کە ڕێگای لێدەگرێت ئەوە بکات و پەرت بێت، بگرە ئەو توانای ئەوەی نییە. (( ئەم دیدارە چەقۆیەکە لە دڵ" دڵ تەنیا لێنادات، هەرکە بەهێزەوە لێیدات" بگرە ڕووخاوە، بەتایبەتی ئەویش لەسەر هەقە، ئێمە. لە ساتە جوانەکانماندا هەردووکمان، من و تۆ بەو دەچین".

---

لە نامەکەتدا ڕستەیەك هەیە:( هەرکە لەناکاو لە نووسین وەستام، چوومە ناو بێدەنگییەوە، ئەمەیش ئەوە ناگەیەنێت کە نامەم بۆ نەنووسینت..). خەریکبوو دەمخوێندەوە (کە درکم پێکرد) ئەم ڕستەیە داوای حەسانەوە دەکات، ئایا حەسانەوەی پێویست هاتەدێ ( ئایا بەڕاستی حەسایتەوە؟). ئایا هەست بە مانای ئەم هەمووە دەکەیت، حەسانەوە، نیگەرانی نوێ، بەدەنگهاتنەوە..هتد. گوێبگرە، لەپڕ بە چاکی هەست بەواتای ئەمە دەکەم، ئێمە لەبەردەم ژیانیدا "شتێکین" و "ئێستا" ببین و هەمانبێ وەکو یەك وایە. دابڕانی خۆشەویستیم بۆ تۆ لە ڕۆژان و نامەکاندا، بە سەعات و بە دێڕەکاندا، ئەمەیش مایەی نیگەرانییە (ئەمەیش ڕاڤەی خواستی حەسانەوەت دەکات)، ئەمڕۆ نامەیەك، سبەی نامەیەك، تۆ دەژیت و من حەزم بە بینینتە، بەردەوام هەمیشە لە هەنووکەدا چاندراوە، ئەمەیش مایەی ئەشکەنجەیە، ئەو ڕۆژانەی کە دەیانژمێرین، هەموو سەعاتێکی تەلەف بوو، پلەیەکی ئاسانە، بۆ ئەوەی ئەمەیش بگاتە نامەیەك، "ببیتە" ئەوی دیکە، یان "موڵکدارێکی" ئەوی دیکە، یان ئارەزووکردنی موڵکداریەتی، ئارەزوو، ئەم هەمووە یەك شتە، کاتێ سەرنجی ئەوەمدا بێدەنگ بووم. بەڵام ئێستا ئەم هەمووە بەسەرچوو، ئەم ئارەزووە ئەویش خێرا بەسەردەچێ، ئەوەی لەتۆدا ئارەزووم لێەتی، هیچ نییە، تەنیا نزیکبوونەوەیە لە تۆ، یان بە ئاسانی بێم بۆلای تۆ. کە لە تۆدا نیم، ئەوەیە کە نەبم. واتا مەرگ. ئەوە منم، ئەمەیە خۆشەویستی، لە زەمەندا سپڵەو خۆکوژە، ڕێز لە خۆشەویستی ناگرم و خۆشم ناوێت.( بێ نرخی خۆشەویستی باڵا)، ئەمە یەکێکە لە بەیتە شیعرەکانم.

(بێ نرخی خۆشەویستی باڵا) یان ( بێ نرخی خۆشەویستی ڕادەبەدەر).

ریلکە، بەم جۆرە ڕۆژەکان بەسەرچوون، نامەوێ بۆ دیدارت بێم، ئەم جۆرە ئارەزووەم ناوێت. ڕۆژێکیان _لەوانەیە– لەگەڵ بۆریس دا (کە هەموو شتێکی زانیوە، بێ ئەوەی هیچی لەمنەوە بیستبێ ، هەر لە دوورەوە، ئای کە لە گوێی شاعیر)، بەلآم کەی و چۆن؟ هەرگیز خۆتێهەڵقورتاندن نییە ! . تەنانەت پێت وانەبێ کە چەپەڵم، ئەنجامی ئەشکەنجە بێدەنگ نەبووم، بگرە ئەنجامی نابووتیەکەی بوو. بەم شێوەیە ڕۆژەکان بەسەرچوون و ئێستایش بەمشێوەیەیە و نامەت بۆ دەنووسم.

---

**لە ریلکەوە بۆ تزڤیتاییڤا**

کۆشکی میزۆ / سویسرە

٨ی یۆنیۆ ١٩٢٦ (ئێوارە)

ئەو وشە کەمانەی کە بۆ بەردەمت بەرزم کردنەوە بەو جۆرە بوون. کە وەکو سێبەرێکی گەورە دێن و ئەوەندەی پێنەچوو بە حیسابی من لەو وێنە ناحاڵییەدا ون بووی، ئەی مارینا، وێنەیەکی ناحاڵییە، ئێستا بووەتە حاڵی بوون. ئەگەر ئەو ڕستەیەشت نووسیوە، وەکو بە "بۆریس"ت وتووە، ئەمە ناگەڕێتەوە بە ئەو بارگرانییەی کە وا لەسەر شانمە، ئاە، نەخێر مارینا، من ئازاد و سووکەڵەم، بگرە بە هەموو ئاسانییەکەوە، من بە شێوەیەکی کوتوپڕ داواکراوم، تۆ ئەمە لەلای خۆتەوە دەزانی، کە لە وێنەیەکی پێشینەدا هەستم پێ نەکردووە، ئەمەیش لە ماوەیەکی کەمدا دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری جەستەیی، گەرچی من پێشەکی نیگەران دەبم تەنیا لەبەر شەرمەزارییم بۆ کەسێك چاوەڕێی شتێك دەکات لە من، بێ ئەوەی توانای بەجێهێنانیم هەبێت، لەبەر هەر هۆیەك بێ، لەگەڵ ئەوەشدا لە ئەرکێکی سەختتردا بەختم یار دەبێ، بەبێ خۆئامادەکردنێکی گەورە لە منەوە، بەلآم لەپڕ هەست بە نووسینی نامە دەکەم وەکو زەرورەتێکی ناوەوە، بگرە بەختەوەر، وەکو ئەرکێکی سەخت کە تێپەڕاندنی زەحمەت بێ. ئایا دەبێ هەموو شتێ بەو پێیە بەڕێوەبچێت کە تۆ دەیبینی؟ ڕاستتر وایە، هەرکە بارودۆخمان کەوتەپێشمان، ئایا دەبێ دڵگران بین بۆی و بە بەرزڕاگرتنەوە تێیپەڕێنین؟ ئەمڕۆ لە نێو رەزە ترێکاندا قەسیدەیەکم بۆت نووسی، لەسەر دیوارێکی بەردی گەرم دانیشتبووم، گەرماکەی سووکە و بەردەوام نییە. ئەوەتا بە خۆت دڵنیایت کە گەڕامەوە،





بەلآم تۆ دەبێ لەسەرەتاوە ببینی، لە بورجە کۆنەکەمدا، وەستا و خاوەن پیشەکان جیاجیاکان، لەسەر ئیشەکانی خۆیان، بلآوەیان لێکردووە، لە هیچ شوێنێ ئیسراحەت نەماوە، سەرما و شێ لەم ولآتی مەییدا، دڵنیابوون لە خۆرەکەی عادەتە. گەرچی ئێمە ئێستا لەسەردەمی بێ ئارەزووییدا نیشتەجێین، کەواتە ئێمە شایانی هەندێ سووککردنین، ئەوەتا وێنە فۆتۆگرافییە بچووکەکانم، ئایا سەرەڕای هەموو شتێك ئەوی دیکەتم بۆ دەنێریت؟. ناتوانم ئەو خۆشییە هەڵوەشێنمەوە کە چاوەڕێی دەکەم.

(نامەکان پێنج وێنەی فۆتۆگرافی تیداییە، ریلکە لە پشتیان هەندێ توانجی نووسیووە بەزمانی فڕەنسی، کە ئەمانەیە:

نووسینگەکەم لە"میزۆ"، باخچەی پاقلە لە "میزۆ"،

١– کۆشکی میزۆ " لە سەدەی سیانزە، لە سەدەی نۆزدەم چاککراوەتەوە.

٢– کۆشکی میزۆ لە مارسی ١٩٢٦.

٣– کۆشکی میزۆ بەردەرگا)).

* * *



**رابیندرانات تاگوور**

# کابولی والا

**لە فارسییەوە: سلێمان دڵسۆز**

حەڤدە هەژدە ساڵ لەمەوبەر، لە ناو گۆڤار یان کتێبێکی فارسی-دا، نازانم، چیرۆکێکم خوێندەوە کە بە هۆیەوە ئاشقی کەسێك بووم بە ناوی رابیندرانات تاگوور. ساڵ هاتن و چوون و من ئەو چیرۆکەم بزر کرد. لەو ساڵانەدا گەلێك جار، لە دۆخێکی تایبەتی رۆحیدا هەستم کردووە کە پێویستە جارێکی دی ئەو چیرۆکە بخوێنمەوە. ناوی چیرۆکەکەم بە "کابولی" لە بیر مابوو، زۆر بەدوای-دا گەڕام. نەبوو. لەو ساڵانەی دوایش-دا چەند جارێك تۆڕم خستە ناو گووگڵەوە و لە باتی کابولی چیرۆکی دیکە پێوەبوون.

ماوەیەك لەمەوبەر هاوڕێی خۆشەویستم قەرەنی ئەحمەدئاغایی ـ کە بۆ کتێب لێم خافڵ نییەـ دوو کتێبی بۆ هێنام، یەکیان کتێبێك بوو بە ناوی "چگونە داستان بنویسیم" کە پێی وابوو بۆ کۆرسی ئەنجومەنی ئەدەبی بە کەڵکم دێت. هەروا کە لاپەڕەم لێ هەڵدەدانەوە بە سەر چیرۆکێکدا کەوتم کە نووسەر وەك فاکت هێنابوویەوە. خۆی بوو. "کابولی والا!"







بەر لەوەی چیرۆکی دڵخوازی خۆم ببینمەوە، زۆر جار بیرم لەوە دەکردەوە کە ئەگەر دەستیشم بکەوێتەوە رەنگە تێپەڕینی ئەو هەموو ساڵە و گۆڕانێك کە بەسەر زەوق و دیدگای مرۆڤدا دێ، ببێتە هۆی ئەوەی ئەو گەورەییەی لە خەیاڵدان و هۆشمدا هەیبووە، نەیمێنێ. پێشتر ئەوەم بۆ هاتبووە پێش. بۆیە دەترسام. حەڤدە هەژدە ساڵ مەودایەکی کەم نەبوو.

بەڵام تامەزرۆیی زۆر، بە سەر ترسەکەم-دا زاڵ بوو و ملم نا لە خوێندنەوە.

کە گەیشتمە کۆتایی، هەمان هەستی یەکەم خوێندنەوە سەرتاپای داگرتم. هەر ئەو کاتە هاتمەوە سەرەتای چیرۆکەکە، لاپەڕەیەکی سپیی وۆردم کردەوە و پەنجەم لەسەر کیبۆرد کەوتنە جووڵە.

مینی، کچە پێنج ساڵانەکەم، بێ قسەکردن هەڵناکات. پێم وانییە لە هەموو تەمەنی-دا دەقیقەیەك بێدەنگ بووبێت. دایکی زۆری پێ ناخۆشە و هەوڵ دەدا رێگە لە زۆربلێییەکەی بگرێت. بەڵام من نا. بێدەنگ-بوونی مینی نائاساییە و بەرگەی ناگرم، بۆیە ئاخاوتنمان هەمیشە چێژبەخشە.

بۆ وێنە، رۆژێك لە نیوەی بەشی حەڤدەهەمی رۆمانە نوێیەکەم-دا بووم کە مینی-یە چکۆڵەم خۆی خزاندە ژوورەوە و لە کاتێك-دا دەستی لە دەستی دەنام، گوتی: "بابە! دەرگەوانەکەمان بە قشقەڵە دەڵێ گشگەڵە! ئەو هیچ نازانێ، وەنی؟"

پێش ئەوەی دەرفەتم هەبێت شتێکی لە بارەی جیاوازیی شێوەزارەکانەوە لەو دنیا پان و بەرینە بۆ باس بکەم، وەك تریشقە چووە سەر بابەتێکی دی: "بابە، تۆ دەڵێی چی؟ بۆلا دەڵێ هەور فیلێکی لە ناودایە کە بە قۆرتمەکەی ئاوێ بەسەر عەرز هەڵدەپرژێنێ و باران دروست دەکات!"

ئینجا، لە کاتێکدا من خۆم بۆ دۆزینەوەی وەڵامێك بۆ ئەو پرسیارە ئامادە دەکرد، پرسیارێکی دیکەی دەکرد: "بابە! دایکم چی تۆیە؟"

پەنجەرەی ژوورەکەم بە شەقام-دا دەڕوانێت. کچەکەم لە تەنیشت پێمەوە لە کن مێزەکە دانیشتبوو و بە قامکەکانی بە ریز لە ئەژنۆی دەدان و یاری پێ-دەکرد. من بە قووڵی خەریکی ئیش-کردن لە سەر بەشی حەڤدەهەمی کتێبەکەم بووم، ئەو جێگایەی کە پراتاب سینگ، پاڵەوانی چیرۆکەکە، تازە کانچلانلاتاـ ی هاوڕێی رزگار کردبوو و دەیانویست دووبەدوو بە پەنجەرەی نهۆمی سێیەمی قەڵاکەدا هەڵبێن کە لە ناکاو مینی وازی لە گەمەکەی هێنا، رایکردە لای پەنجەرە و قیژاندی: "ئەی، کابۆلی والا! کابۆلی

والا!"

لە خوارەوە دەستگێڕێك بە كاوەخۆ بە شەقامەكەدا تێدەپەڕی. بەرگێكی فشۆڵی خۆجێیی لەبەردابوو و جامانەیەكی بە لكێكی درێژەوە لەسەر نابوو. كۆڵێكی بە پشتیەوە و قرتاڵەی ترێی بەدەستەوە بوو.

ناتوانم بڵێم كچەكەم بە بینینی ئەو تووشی چ دۆخێك ببوو، بەڵام بەهەرحاڵ بە دەنگی بەرز دەستی كردە بانگ كردنی. لەبەر خۆمەوە گوتم: "های-هۆ، ئێستا ئەویش دێت و بەشی حەڤدەهەمی ڕۆمانەكەم هەروا بە نیوەچڵی دەمێنێتەوە!" هەمان لەحزە، دەستگێڕەكە ئاوڕی دایەوە و چاوی لێكرد. كاتێ مینی دیتی ئاوڕی دایەوە، ترسا، هەڵات و خۆی هاویشتە باوەشی دایكیەوە. نازانم چی ببووە هۆی ئەوەی ئەو پێی وا بێت دوو سێ منداڵی وەك خۆی لەناو كۆڵی دەستگێڕەكەدا زیندانی كراون. لەو كاتەدا، دەستگێڕەكە گەیشتبووە بەردەم ماڵەكەم و بە ڕوویەكی خۆشەوە چاوی لێ دەكردم.

پاڵەوانی داستانەكەم كەوتبووە دۆخێكی زۆر هەستیارەوە كەچی دەبوایە دەست لە كار هەڵگرم و ئێستا كە بانگمان كردووە شتێكی لێ بكڕم. شتێكی كەمم لێ كڕی و لەگەڵ عەبدوڕەحمان كەوتینە سەر باسی ڕووس و ئینگلیز و سیاسەت.

ئەو بەدەم خۆ ئامادەكردن بۆ ڕۆیشتنەوە گوتی: "ببوورە قوربان، ئەدی كچەكەتان لە كوێیە؟" من كە پێم وابوو چاكە تا زووە ئەو ترسە بێهۆیەی لێ بڕەوێنمەوە، هێنام. مینی لە پەنا كورسیەكەم ڕاوەستا و زەق چاوی لە دەستگێڕ و كۆڵەكەی بڕی. دەستگێڕەكە مێوژ و فندوقی بۆ ڕاگرت بەڵام مینی نەك هەر وەری-نەگرت بەڵكو زیاتر خۆی بە منەوە نووساند و پتر دڕدۆنگ بوو.

ئەمە یەكەم چاوپێكەوتنیان بوو.

بەیانییەك، ماوەیەكی كەم دوای ئەم یەكتر دیتنە، كاتێك دەمویست لەماڵ وەدەر كەوم، بە بینینی مینی لە كاتێكدا كە دەستگێڕە زەبەلاحەكە لە پەنای دانیشتبوو و دووبەدوو قسەیان دەكرد و پێدەكەنین، سەرم سوڕما. كچە چكۆڵەكەی من دیار بوو لە هەموو تەمەنی-دا گوێكرێكی وا پشوودرێژی دەست نەكەوتووە. داوێنی سارییەكەشی پڕ بوو لە مێوژ و بادام، دیاریی میوانەكەی. من لەكاتێكدا كە سكەیەكی هەشت ئانەییم بۆ ڕاگرتبوو، گوتم: "بۆچی ئەو شتانەت داونێ؟ كابرا بێ دوودڵی پارەكەی وەرگرت و لە تەنكەی گیرفانی نا.





بە داخەوە، دوای كاتژمێرێك كە گەڕامەوە ماڵێ، بۆم دەركەوت كە ئەو پارە نەگبەتە، دوو هێندەی قیمەتی خۆی كێشەی دروست كردووە! چونكە دەستگێڕەكە دابووی بە مینی و دایكیشی كە چاوی بەو سكە نوێ و بریقەدارە كەوتبوو، لەگەڵی بەشەڕ هاتبوو و هەڵیپێچابوو: "ئەو سكە هەشت ئانیەت لە كوێ هێناوە؟"

مینی بە شادمانییەوە گوتی: "كابۆلی والا پێی دام."

دایكی كە زیاتر حەپەسابوو، قیژاندی: "دەستگێڕەكە دای بە تۆ؟ ئەیڕۆ مینی، بۆ لێت وەرگرت؟"

من بەسەردا هاتمەوە، ڕزگارم كرد و دەستم كرد بە پرسینی پرسیاری خۆم. تێگەیشتم ئەوە یەكەم و دووەم جار نییە كە كابرای دەستگێڕ هاتۆتە سەردانی. دەستفرۆشەكە بە هەندێك بەرتیلی ژیرانەی وەك گوێز و فندوق و بادام توانیبووی ترسەكە لە گیانی مینی بە تەواوی بڕەوێنێتەوە و ئێستا ئەم دووە ببوونە هاوڕێی گیانی بە گیانیی.

نوكتەی سەیروسەمەرەیان بۆ یەكتری دەگێڕایەوە كە زیاتر پێی دڵخۆش دەبوون. مینی لە كاتێك-دا بەرامبەری دادەنیشت و سەیری دەموچاوی زەبەلاحی ئەوی دەكرد و لە كاتێكدا لەبەر پێكەنین خۆی پێڕانەدەگیرا، لێی دەپرسی: "دەی، كابۆلی والا، پێم بڵێ چی لە كۆڵەكەت-دایە؟"

ئەویش بە شێوەزاری منگنی خەڵكانی چیایی وەڵامی دەدایەوە: "فیلێك!"

ڕەنگە ئەو قسانە ئەوەندەش مایەی شادمانی نەبن بەڵام ئەوان زۆریان چێژ لێ وەردەگرت! و بۆ منیش ئەو گفتوگۆ منداڵانەیە لەگەڵ كەسێكی بەساڵاچوو بەردەوام چێژبەخش بوو.

ئینجا دەستگێڕەكە بۆ ئەوەی بەجێ نەمێنێ، دەیپرسی: "دەی، ژیكەڵە، بڵێ بزانم كەنگێ دەچیە ماڵی خۆت؟"

زۆربەی كچانی بەنگاڵ هەر لە منداڵییەوە هەندێ شتیان لەبارەی بە بووك چوونەوە بەرگوێ دەكەوێ، بەڵام ئێمە چونكە تەرزی بیركردنەوەمان تۆزێك لەوان جیاواز بوو، باسی ئەو شتانەمان لای منداڵان نەدەكرد، مینی بەو پرسیارە كەمێك وڕ بوو. بەڵام وەسەر خۆی نەهێنا و بە حازرجوابیەوە وەڵامی دایەوە: "ئەدی تۆ كەی دەچیە ماڵی خۆت؟"

لەناو چینی كابۆلی والا دا ئەو "چوونە ماڵی خۆت"ە دوو مانای هەبوو. ئەو زاراوەیە بەرامبەرێك بوو بۆ "چوونە زیندان". دەستگێڕە زەبەلاحەكە پرسیاری كچەكەمی بەو مانای دووەمە وەرگرت و لە

حاڵێک-دا لە پۆلیسی نادیار رادەسا، گوتی: "بزانە، من لە خاوەن ماڵەکەم دەدەم!" بە بیستنی ئەو وەڵامە مینی لە پێکەنینان وەخۆ نەدەهاتەوە و هاوڕێکەشی وێڕای وی پێدەکەنی.

ئەودەم، کاتوساتی بەیانیانی پایزی بوو، ئەو کاتەی سوڵتانە کۆنەکان بۆ گرتنی دنیا رکێفیان دەکوتا و من، هیچکات لە کونجی ماڵەکەم لە کەلکەتە نەدەچوومە دەر، لێدەگەڕام بیرم بەرەو هەموو سووچێکی دنیا باڵ بگرێت. بە بیستنی ناوی وڵاتێکی تر، دڵم بەرەو ئەوێ دەفڕی و، بە بینینی بێگانەیەک لەسەر شەقام، دەستم دەکردە خەیاڵ-کردنەوە، چیا و دۆڵ و لێڕەواری نیشتمانە دوورەکەی، بە خۆی و کۆڵیتە بچووکەکەی لەو وڵاتەدا و ژیانی سەربەست و سەربەخۆ و سروشتی ئازادی ئەوێم دەهێنایە پێش چاوی خۆم. رەنگە دیمەنەکانی گەشت و گەڕان کە لە بەر چاوی من رمبازێنیان بوو، لەبەر ئەوە بووبێ کە من ژیانێکی هێند رووەکیم هەبوو کە ئاماژەیەک بۆ سەفەر وەک بروسک بەسەرم-دا دەهات. کە کابۆلی والا پەیدا بوو بیرم کێشرایە لای لووتکەی رووتەنی شاخان، ئەو شوێنەی کە بزنەڕێی بە تەلانەکانی-دا کشاون. دەمتوانی قەتاری وشتران ببینم کە باریان لێناون و بازرگانی سەر بە جامانە کە هەندێکیان تفەنگی کۆن و عاجباتییان پێن و هەندێکیشیان نێزەیان بە دەستەوەیە، بەرەو پێدەشتەکانی بەردەمیان دادەگەڕێن. من دەمتوانی ببینم کە ـ بەڵام رێک لەو جەنگەیەدا دایکی مینی زریزەی خەیاڵاتی لێ دەپساندم و بە دەم پاڕانەوەوە داوای لێدەکردم کە "ئاگاداری ئەو پیاوە بم".

بە داخەوە دایکی مینی زۆر ترسنۆکە. ئەگەر هەرایەک لە شەقام پەیدا بێت یان نامۆیەک ببینێت کە رووی کردۆتە ماڵمان، یەکسەر بەو ئاکامە دەگات یان دزە یان پیاوخراپ. یان رەنگە پڵنگێک هاتبێت یان مەلاریا، لەوانەشە چەکدارێکی ئینگلیز. تەنانەت دوای ئەو هەموو ساڵە هێشتا نەیتوانیوە بەسەر ئەو ترسەی خۆی-دا زاڵ بێت. بۆیە لە دەستگێڕە گەڕۆکەکە بەگومان بوو و لێم دەپاڕایەوە ئاگاداری بم.

من هەوڵم دا بە بزەیەک ئەو ترس و نیگەرانییەی بڕەوێنمەوە، بەڵام ئەو بە ساردوسڕی و جدیەتەوە رووی تێدەکردم و دەیگوت: "تۆ دەڵێی قەت منداڵ نادزرێن؟" "ئەدی ئەوە راست نییە کە لە کابۆل هێشتا کۆیلەراگرتن باوی ماوە؟"، "یانی رێی تێناچێت ئەو پیاوە زەبەلاحە بتوانێ تاو بداتە کچۆڵەیەک و بیرفێنێت؟" من جەختم لەسەر دەکردەوە کە هەرچەندە ئەوانە مەحاڵ نین بەڵام لەوە ناچێت شتی وا رووبدات. بەڵام ئەو بە گوێی-دا نەدەچوو و ترسەکەی نەدەڕەویەوە.

ساڵێ جارێک، لە نیوەی ژانویەدا، ئاوڕەحمانی دەستگێڕ، دەگەڕایەوە وڵاتی خۆی و کە سەروبەندی گەڕانەوەی دەهات، زۆر سەرقاڵ دەبوو. چونکە دەبوو ئەو ماڵەو ماڵ بکات و قەرزەکانی کۆ بکاتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەمساڵ دەرفەتی هەبوو سەردانێکی مینی بکات. مرۆڤ سەری لە تامەزرۆیی ئەو دووە بۆ دیتنی یەکتر سوڕ دەما، چونکە کابۆلی والا ئەگەر بەیانی پێی نەکرابا بێتە سەردانی مینی، حەتمەن شەوێ دەهات.

تەنانەت من بۆخۆشم جار هەبوو کە لەو پیاوە چوارشانەیە کە کۆڵێکی شتومەکی جۆراوجۆر پێبوو، دەترسام، بەڵام کاتێ دەمدی مینی بە پێکەنینەوە بە پیریەوە دەچێت و دەقیژێنێت: "کابۆلی والا! کابۆلی والا!" و ئینجا ئەو دوو هاوڕێیە کە چەندین ساڵ جیاوازیی تەمەنیان بوو، لە پێکەنین و نوکتە دووپاتەکانیان دەبوونە هاوبەش، سوکناییم بە دڵ-دا دەهات.

بەیانییەک، چەند رۆژ بەر لەوەی ئاوڕەحمان بگەڕێتەوە، من خەریکی هەڵەگریی لاپەڕەی لێکۆڵینەوەکەم بووم. تەزووی سارد بوو. تیشکی خۆرەتاو لە پەنجەرەوە لە لاقی دەدام و تێنێکی خۆشی هەبوو. دەوری کاتژمێر هەشت بوو. شەقام تاک و تەرا خەڵکی پێ‌دا دەهات. لەناکاو هەراوهوریایەک لە شەقام پەیدا بوو. سەیری دەرەوەم کرد و ئاوڕەحمانم دی کە دوو پۆلیس قۆڵیان گرتبوون و لەگەڵ خۆیان دەبرد و کۆمەڵێک منداڵی کونجکۆڵیان بە دواوە بوون. جلوبەرگی کابۆلی والا پەڵە خوێنی پێوە بوون و یەکێک لە پۆلیسەکان چەقۆیەکی بەدەستەوە بوو. بە پەلە لە ماڵ دەرپەڕیم، پێشم پێگرتن و گوتم چی بووە؟ هەرکام بەشێک لە رووداوەکەیان بۆ گێڕامەوە و من دواجار تێگەیشتم کە جیرانێکمان پارەی کەمبەرەیەک بە دەستگێڕەکە قەرزدار بووە و ئێستا کە بۆ قەرزەکەی هاتووە، کابرا حاشای لێ کردووە و گوتوویە شتی وا نییە، لەوەوە لە گژ یەکتری راچوون و ئاوڕەحمان لە کابرای دابوو. لە گەرمەی ئەو قسانەدا، گیراوەکە دەستی کردە جوێن دان بە کابرا و لەو کاتەدا لەناکاو مینی‌یە چکۆلانەم لەکاتێکدا وەک جاران هەرای دەکرد: "کابۆلی والا! کابۆلی والا!" پەیدا بوو.

ئاوڕەحمان هەر کە چاوی پێکەوت، ڕووی گەش بۆوە. ئەمڕۆ ئەو هیچ کۆڵی پێنەبوو. کەواتە مینی نەیدەتوانی باسی فیلەکە بێنێتە گۆڕێ. بۆیە یەکسەر چووە سەر پرسیارەکەی تری: "دەچیە ماڵی خۆت؟" ئاوڕەحمان پێکەنی و گوتی: "بەڵێ، ژیکەڵە، ڕاست دەچمە وێ!" پاشان کاتێ دیتی مینی پێی سەیر نییە، دەستە بەسراوەکانی بەرز کردنەوە و گوتی: "بزانە، دەمەوێ لە خاوەن-ماڵەکەم بدەم بەڵام دەستم بەسراوە!"

ئاوڕەحمان بە تاوانی بریندارکردن، چەند ساڵ زیندانی بۆ بڕایەوە.

ساڵ هاتن و چوون و کەس ئاوڕەحمانی وە بیر نەما. هەمان ژیان لە هەمان شوێن هاوڕێمان بوو و یادی چیاییەك کە سەردەمێك ئازاد بوو و ئێستا ڕۆژانی زیندانی تێپەڕ دەکردن فەرامۆش کرا. تەنانەت بەوپەڕی شەرمەزارییەوە دەبێ دانی پێدا بنێم کە مینییە چکۆلەکەم، بەو دڵە ناسك و میهرەبانەی خۆشیەوە، کۆنە هاوڕێکەی خۆی بە جارێ لەبیر کرد. هاوڕێی نوێی دیبوونەوە. تا گەورەتر دەبوو، ماوەیەکی زیاتر لەگەڵ هاورەگەزانی خۆی بەسەر دەبرد. لەڕاستیدا ئەوەندەی لەگەڵ هاوڕێکانی بوو، نیو هێندە کاتی بۆ هاتنە لای باوکی تەرخان نەدەکرد کە سەردەمایەك خووی پێوە گرتبوو. من بە دەگمەن هەلی ئەوەم دەست دەکەوت لەگەڵی بدوێم.

ساڵانێکی تریش ڕابردن. دیسانەوە پایز بوو و ئێمە خەریك بووین تەدارەکمان بۆ بەبووك-چوونی مینیی خۆمان دەگرت. بەیانییەکی ساماڵ بوو. دوای باران، هەوا نەرم بوو و تیشکی ڕۆژ وەك زێڕی قاڵ-بووەوە دەهاتە بەرچاو و هێند درەوشاوە بوو تەنانەت دیمەنێکی جوانی دەدایە دیوارە لە خشت چێکراوەکانی کۆڵانەکانی کەلکەتەشمان. لە سپێدەوە، دڵم توند دەیکوتا، مینیی خۆم ئەوشۆ بەجێی دەهێشتین.

لەبەری بەیانەوە ماڵی ئێمە پڕ ببوو لە قیژە و هەرا. لە حەوشە، دەبوایە خێوەتێك لە سەر ئەستوندەکان دامەزرێت و، ڕیزە گڵۆپ بە ناو ژوور و هەیوان-دا هەڵواسرێن. پەلەپەل و تێکەوەهاویشتن و هەیەجان نەدەبڕایەوە. من لە ژووری خوێندنەوە دانیشتبووم و خەریکی کاری خۆم بووم کە یەکێك وەژوور کەوت، ئیکلامێکی کێشا و بەرامبەرم ڕاوەستا. ڕەحمان کابولی والا بوو. سەرەتا نەمناسیەوە، نە هیچی بە کۆڵەوە بوو، نە قژی وا درێژ بوو و نە وەك جاران بەگورد و تاقەت. بەڵام ئەو پێکەنی و من ناسیمەوە.





پرسیم: "کەی هاتی، ڕەحمان؟"

وشەکانی بە لامەوە قورس بوون. بەر لەوە هەرگیز لەگەڵ یەکێك نەدوابووم کە هاوچەشنێکی خۆی بریندار کردبێ، بۆیە کە بیری ئەوە کەوتمەوە، دڵم گوشرا. چونکە وام هەست کرد ئەگەر ئەو نەهاتبایە، ڕۆژەکە فەڕی باشتر دەبوو.

گوتم: "ئاهەنگێکمان بەدەستەوەیە و من زۆر سەرقاڵم. دەکرێ ڕۆژێکی دیکە بێیەوە؟"

دەستبەجێ گەڕایەوە و بەرەو دەرگا وەڕێ کەوت. بەڵام کاتێك گەیشتە ناو دەرگا هەڵوەستەیەکی کرد و گوتی: "ببوورە قوربان، ناکرێ من، چاوم بە کچۆڵەکە بکەوێ؟ لەبەر چاوی ئەو، مینی هێشتا کچۆڵەیەکی بچکۆلانە بوو. پێی وابوو وەك جاران غاری دەداتێ و بە "کابولی والا، کابولی والا" گوتن بە پیریەوە دێت.

پێی وابوو ئێستاش وەك جاری جاران پێکەوە عەرش و قورش لێکدەدەن و پێدەکەنن. تەنانەت بە یادی سەردەمی زوو هەندێکی ترێ و بادام و مێوژ کە دیار بوو لە گوندییەکی کڕیوە، جوان لە کاغەزێك وەرپێچابوو و بۆی هێنابوو. بۆخۆی شتی فرۆشتنی پێنەبوو.

پێم گوت: "ئێمە ئەوڕۆ شاییمان هەیە و تۆ ناتوانی چاوت بە هیچ کەس بکەوێ."

ڕەحمان سەری بەردایەوە. بۆ چەند ساتێك بە تامەزرۆییەوە چاوی تێبڕیم و ئینجا گوتی: "کاتێکی خۆش." و وەدەرکەوت.

من کەمێك ناڕەحەت بووم و ویستم بانگی بکەم و بیگێڕمەوە، کە دیتم خۆی گەڕایەوە. لێم نیزێك بۆوە و دیاریەکانی بۆ ڕاداشتم و گوتی: "ئەو کەمووکە شتەم بۆ کچۆڵەکە هێناوە، دەکرێ بیدەی بەو؟"

لێم وەرگرت و ویستم پارەکەی بدەمێ کە دەستی گرتم و گوتی: "تۆ گەورەیی دەنوێنی قوربان، منت بیر نییە؟ پارەم ناوێ. ئێوە کچێکی بچکۆلەتان هەیە، منیش کچێکی بەقەد هی ئێوەم لە ماڵەوەیە. من بۆنی کچەکەی خۆمم بە کچۆڵەکەی ئێوەوە ناوە و پێم خۆشە شتی بۆ بێنم، مەبەستم پارە پەیداکردن نییە."

ئەوەی گوت و دەستی لە بن جلە فشوفۆڵەکەی ڕاکرد و کوتە کاغەزێکی بچووك و چڵکنی دەرهێنا. بە ئاستەم لێکی کردەوە و لەسەر مێزی نووسینەکەم پانی ڕاکرد. پەنجەمۆرێکی بچووکی پێوە بوو. نە وێنەیەکی لەسەر بوو و نە نیگارێك. شوێن دەستێکی مەرەکەباوی بوو کە بە کاغەزەکەوە نرابوو. ئەمە شوێن دەستی کچە بچکۆلەکەی بوو کە هەموو ئەو

سالانەی لە کەلکەتە مێوەی دەفرۆشت لەسەر دڵی بووە.

چاوم پڕ بوو لە فرمێسك، لەبیرم نەما ئەو دەستگێڕێکی هەژاری کابۆلییە و من - بەڵام نا، مەگەر چیم لەو زیاتر بوو؟ ئەویش باوك بوو.

شوێن پەنجەی "پەربەتی"ی چکۆلانەی ئەو لە ماڵە شاخاوییە دوورەدەستەکەی، وەبیر مینییە چکۆلانەکەی خۆمی خستمەوە.

دەستبەجێ بە دوای مینیم-دا نارد. بانگ-کردنی ئەو گرفتی زۆری دروست کرد، بەڵام من قسەی کەسم بە گوێ-دا نەچوو. مینی بە جلی هەریری سووری بووکێنییەوە، بە خۆی و خاڵێك لە گراوەی سەندەڵ بە نێوچاوانەوە وەژوور کەوت و بە شەرمەوە لەبەردەمم ڕاوەستا.

کابولی والا کە چاوی پێکەوت، کەمێك شڵەژا. ئەو ئیدی نەیدەتوانی کۆنە هاوڕێیەتییەکەیان زیندوو کاتەوە. دواجار بزەیەکی هاتێ و گوتی: "بچکۆلە، دەچیە ماڵی خۆت؟"

بەڵام مینی کە ئێستا ئیدی مانای چوونە ماڵی خۆتی دەزانی نەیدەتوانی وەك ئەو سەردەمە وەڵامی بداتەوە. مینی لە کاتێکدا سوور هەڵگەڕابوو و سەری داخستبوو، لەبەردەممان راوەستابوو.

کەوتمەوە بیر یەکەم ڕۆژ کە کابولی والا و مینییە بچکۆلەی من چاویان بە یەکتر کەوت و دڵم گیرا. کاتێ مینی ڕۆیی، رەحمان هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و لەسەر عەرز دانیشت. وا دیار بوو ئێستا بیری لەوە دەکردەوە کە کچەکەی خۆشی دەبێ دوای ئەو هەموو ساڵە گەورە بووبێ و ئەو ناچارە بە جۆرێك خۆی پێ بناسێنێتەوە. بە دڵنیاییەوە، کچەکەی وەك ئەو کاتە نەبوو کە بۆ دوامین جار بینیبووی، جگە لەوە تۆ بڵێی لەو هەشت ساڵەدا چی بەسەر هاتبێ؟

تیشکی کزی پایزی لە دەوری ئێمە پەرشوبڵاو ببۆوە، بەڵام ڕەحمان لە کۆڵانێکی تەنگەبەردا لە کەلکەتە دانیشتبوو و چاوی بڕیبووە شاخە رووتەنەکانی ئەفغانستان.

من چەکێکم لە گیرفانم دەرهێنا و وێمدا و گوتم: "بگەڕێوە لای کچەکەت، نیشتمانی خۆت و، هیوادارم بەیەك شاد و شوکر بوونەوەتان بۆ کچەکەم ببێتە هۆی بەختەوەری!"

بە دانی ئەو دیارییە، ناچار بووم لە بەعزە خەرجێك بگێڕمەوە. ئیدی نەمدەتوانی ئەو گڵۆپانەی دەمویست بکرم و نەمدەتوانی تیپی مۆسیقای سەربازیش بانگ بکەم و ژنەکان بەوە زۆر نارەحەت بوون. بەڵام بۆ





من شاییەکە زۆر جوانتر و پڕشکۆتر ببوو، چونکە دەمزانی لە وڵاتێکی دوور، باوکێك کە لەمێژساڵە بزر بووە، جارێکی دیکە چاوی بە فرزەندی خۆی روون دەبێتەوە.



ریچارد جیکنیز

# سافۆ

و: ڕزگار جەباری

دەتوانین بڵێین شیعرەکانی سافۆ کەم و زۆر لەنێوچوونە. سێ سەد ساڵێك پاش مردنی، ئەو دەمانەی فێرخوازانی ئەسکەندەرانی شیعری غەزەلنووسانی یۆنانیان کۆدەکردەوە، بەرهەمەکانی سافۆیان لە دووتوێی (٩) دەفتەردا ئاخنی. ئەوە دەزانین کە یەکەمینیان داگری ١٣٣٠ دێڕ بووە.

جگە هەندێکیان نەبێت، شیعرەکانیمان بە دەست نەگەیشتووە. بەهۆی جوانییەکی زۆری هەر ئەم برە کەمەوە، دەتوانین بڵێین: سافۆ ئەفرێنەری کارامەی چەند گەوهەرێکی گرانبەها یان شاکار بووە، بەڵام پێناچێت بۆ خوێنەرانی سەردەمی دێرینیش بەوجۆرە بووبێت. ئەوەی برست بەم هەستە دەدات، ئەوەیە ئێمە لە بەرامبەر کەماڵێکی بچووکی درەوشاوەداین. لە بەرامبەر خەسڵەتی





تەغەزولییەکی سەرراست و روونی شیعرەکانی. سافۆ نە ئەهلی ئامۆژگارییە، نە ئەهلی توێژینەوە و مشتومڕ لەسەر ئایدیا ئاڵۆزەکان. سوین بێرن (Algernon Charles Swinburne: شاعیری ناوداری چەرخی ڤێکتۆریا)، کە لە سافۆییەکان (Sapphics) و ئەناکتۆریا (Anactoria) دا حەز و ئارەزووی خۆی بۆ سافۆ دەربڕیوە، لەبارەیەوە وتەیەکی موبالەغەئامێزی هەیە: "ئەخیل گەورەترین شاعیرێك بووە، کە پێغەمبەریش بووە. شەکسپیر گەورەترین شاعیرێك بووە، کە شانۆنامەنووسیش بووە، بەڵام سافۆ گەورەترین شاعیرێکە، کە هەمیشە بووە، نە کەمتر و نە زیاتر.". یان ڕەنگە حەز بکەین، وتەکەی ڤاڵتێر یارتەر_لە هاوچەرخانی سوین بێرن_ لەبارەی پەیکەری ڤینۆس دومیلۆ ( Venus de Milo) وە، بۆ سافۆ بیڵێینەوە:" جگە لە جوانییە ئەفسوونگەرەکەی، هیچ شتێکی دیکە دەرنابڕێت".

لەگەڵ ئەوەی هێندە زانیاریمان لەسەر ژیانی نییە، بوونی زانیاری لە سەردەم و بارودۆخی ڕۆژگارانی ئەو، بۆ تێگەیشتنێکی باشتری بەرهەمەکانی، دەتوانێت هاوکاریمان بکات. ئەو لە دوورگەی لێسبۆس (Lesbos)، لە باکووری دەریای ئیجە، لە کۆتاییەکانی سەدەی حەوتەمی پێش زایین، لە خێزانێکی خانەدانیدا هاتووەتە جیهانەوە. دەڵێن ماوەیەك لە سیسیل لە دوورخراوەییدا بەسەر بردووە، هەروەها دەڵێن شووی کردبوو و بووبووە خاوەنی کچێکیش.

چیرۆکی ئەوینەکەی بۆ کەشتیوانێك بەناوی فائۆن (Phaon) و خۆکوشتنەکەی لە دوورگەی لۆکادیا، بە خۆفڕێدانە خوار لە گاشەبەردێکەوە، لە ئۆڤید (Ovid) بە دواوە، هەوێنی سروش بووە بۆ گەلێ لە شاعیران. بەڵام ئەمانە ئەفسانەگەلێکن، چەندین سەدە دوای مردنی هەڵبەستراون. لەسەردەمی ژیانی سافۆدا (سەردەمی غەزەلنووسی یۆنانی) خەریك بوو بە ترۆپکی خۆی دەگەیشت. شیعری تەغەزولی یۆنانی، بۆ دوو دەستەی بەرفراوان دابەش دەکرا و هەر دەستەیان لەسەرەتادا بە مەبەستی بیستن لە دانیشتنەکاندا دەهۆنرانەوە. شیعری کۆبێژی (Choral Poetry) بۆ دەستەی کۆرس دەنووسرایەوە، تاکو بە کۆبێژی و سەماکردنەوە نمایش بکرێت. هەر کۆپلەیەکی فۆرمێکی جیاوازی هەبوو. گۆرانییەکانی ئاهەنگی زەماوەندی

سافۆیش، دەبێت بۆ نمایشکردنی کۆرسەکان چێ کرابن. جۆرێکی دیکەی شیعری تەغەزولی، تاکبێژی (Monoday) بوو، کە ئاسایی خودی شاعیران پێشکەشیان دەکرد، بە سوودوەرگرتن لەو فۆرمانەی هەبوون بۆ هۆنینەوەی کۆپلەکان.

فۆرمە دڵخوازەکەی سافۆ بۆ هۆنینەوە، ئەوەیە کە بە (سافۆیی) ناودێر دەکرێت و چەند کەسێك لە وەرگێڕەکانی لە شیعری ئینگلیزیدا، دەستیان داوەتە لاسایی کردنەوەی ئەو.

شوێنی نمایشکردنی تاکبێژییە تەغەزولییەکان (سیمپۆزیەم) بوو. سیمپۆزیەم دامەزراوەیەکی یۆنانییە، کە بە (میوانداری شیو: Party dinner) یان بە (دانیشتنی مەیخواردنەوە: Drinking party) تەرجوومە کراوە، کە تەواو واتا ناگەیەنێت. سیمپۆزیەم دانیشتنێکی دۆستانە بوو، بۆ گردبوونەوەی پیاوانی چینە باڵاکانی کۆمەڵگا. کاری ژنان لەم دانیشتنانەدا، ئەگەر هەبووایە، یان سەماکردن بوو، یان نەیژەنی یان لەشفرۆشی.

ئەم دانیشتنانە هەم دەکرا، گۆڕەپانی مەستی و خۆشی و ڕابواردن بێت، هەم دانیشتنی گفتوگۆی سیاسەت یان فەلسەفی، چەشنی دانیشتنی گفتوگۆ لە نامەی سیمپۆزیەمی ئەفلاتوون (ئەوەی کە بابەتی گفتوگۆیەکەی جەوهەری ئەوینە، خاڵێکە نابێت بەبێ بایەخی بزانین).

سافۆ لەبەر ئەوەی ژن بوو، ڕێگایەکی بەرەو ئەم جیهانەی لەبەر نەبووە و دەبوایە تاکبێژییەکانی خۆی بۆ خوێندنەوە لە ژینگەیەکی دیکەدا بنووسێتەوە. ئەگەر چی ڕەوشی ئەو تەواو ڕوون نییە، پێدەچێت کە بەڕێوەبەرایەتی گروپ یان قوتابخانەیەکی بە ئەستۆوە بووبێت، کە تیایدا کچانی فێری ئەو هونەر و نەریتانە کردووە، تاکو بۆ هاوسەرگیری لەگەڵ پیاوێکی شایستەدا ئامادەبن.

ئەمە خۆی لە خۆیدا یەکێکە لە بەڵگەکانی بوونی کەشێکی سەرتاسەر ژنانە لە شیعرەکانیدا، بەڵام شاعیرێکی دیکە لە لێسبۆس، واتە ئالکایۆس (Alcaeus)، کە لە سەردەمی سافۆدا دەژیا، دەرگیری سیاسەت و دوورخستنەوە بووە، بەڵام لە پارچە شیعرە بەجێماوەکانی سافۆدا، ئاماژەیەك لە پشێوی ئەو سەردەمە بەرچاو ناکەوێت. ڕەوشی کەسێتی ئەو لە شیعرەکانیدا قووڵترە، بەڵام هەست پێنەکراوتری هەیە. مەرجی پێویست بۆ دەرکەوتنی شیعری





ئەویندارانە، بێگومان ئەوەیە کە مەعشوق بتوانێت (نا) بڵێت. ئەمە عاشق تووشی ئازار دەکات و بۆ شاعیر دەبێتە چیرۆکێك و لە هەمان کاتدا ئومێد و نائومێدی ئەو، بە نۆبە چیرۆکەکە سەرنجڕاکێشتر دەکەن. بەمجۆرەیە کە شیعری ئەویندارانەی لاتینی سەردەمانێك لەناکاو دەردەکەوێت، بەهۆی گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگای ڕۆمییەوە ژنانێك پەیدا دەبن، کە دەیانتوانی هەر کارێکی حەزیان لێ بێت، ئەنجامی بدەن.

ئەمەش پاساوێك نییە، کە باشترین شیعرە ئەویندارانە یۆنانییەکان هاورەگەزخوازانە بووبێت، چونکە ژن نەیدەتوانی لە خواستی شووەکەی ڕازی بێت. لەشفرۆشەکانیش بە ئاسانی بەدەست دەکەوتن. تەنیا کوڕ دەیتوانی داوایەکی ئەویندارانە ڕەت بکاتەوە. ڕەنگە ئەمەش تەواو پاساوێك نەبێت، کە بەرزترین شیعری ئەویندارانەی یۆنانی هەم هاورەگەزخوازانە بێت و هەم ژنێك نووسیبێتەوە، چونکە سافۆ لە دوو لاوە تووشی ئازار دەبوو: هەم لەو ڕووەوەی کە کچێکی جوان دەکرێت، ڕووی لێ وەرگێڕێت و ڕوویکاتە کەسێکی دیکە. هەم بەهەر حاڵ نزیك یان دوور هاوسەرگیری دەکرد و کۆڕی شاعیری بەجێدەهێشت. هەروایە کە زۆرێك لەم پارچە شیعرە بەجێماوانە شرۆڤەی دیارنەمان یان دابڕانن.

لە تانکتۆریا، پارچەی (١٦) دا دەڵێت: "ئەو چیدی لە تەنیشتمەوە نییە، دوا کۆپلەی بەجێماو ڕەنگە ئاماژە بەوە بێت، کە لە لیدیایە، لەوبەری دەریادا".

لە پارچەی (٩٦) دا باسی کچێك دەکات، کە لە نێوان ژنانی لیدیادا دەدرەوشێتەوە، لە نێو ئەو دوورەدەستانەدا لە ساردیس، پایتەختی لیدیا، ئارەزووی گەڕانەوەی ئاتیس بۆ سەر ماڵی دێرینەی خۆی دەخوازێت.

لە پارچەی (٩٤) دا، کچێك سافۆ لەنێو زریانی فرمێسکدا ڕزگار دەکات، لە شیوەنی بەختەوەری هاودەمێك، کە چیدی ناگەڕێتەوە. حاڵ و ڕۆژگارێکی وایە کە بە ڕوونی ئەوە نیشان دەدات، بۆچی بوونی ئەم هەمووە کچە لەنێو شیعری ئەودایە. بە شێوەکی سروشتی، پێوەندی سافۆ لەگەڵ ئەمانەدا، زۆرجار بچڕاوە و بەردەوام نەبووە. شاعیرانی لاتین، لە کاتۆلۆس (شاعیری غەزەلنووسی ڕۆمی سەدەی یەکەمی بەرلە زایین) بە دواوە بە زنجیرەیەکی شیعری دەربارەی مەعشوق، کە خوێنەر تیایاندا هەستیان بە هەوراز و نشێوی چیرۆکێکی درێژ دەکرد، بۆ غەزەلنووسانی سەدەی شانزەهەم و پاش

ئەوەش بۆ زۆرانێکی دیکەی ئەدەبیانی ئەوروپا گواستەوە. ئەم نەریت و ئایدایە کە رۆمانێکی ئازار و داخی ژیانی سۆزناکە، رەنگە کەسانێك لەمەڕ قوولایی هەستەکانی سافۆ، بەرەو گومان بکێشێت.

لای بایرۆن ئەو (سافۆی بەسوێ) بوو، بەلام برێك لە توێژەرانی ئەمدواییە، ئەو وێنا گشتییەیان خستە ژێر پرسیارەوە و لەبری ئەوە، دەڵێن کە سافۆ نیگایەکی سارد و تەنانەت گاڵتەجارئامێز و واقیعبینانەی بۆ خۆی هەبووە، بێگومان ئاگاداری دوورەپەرێزی و خوێنسەردی بووە.

لە پارچەی (٩٦) دا دیمەنێك لەژێر ڕۆشنایی مانگەشەودا وێنا دەکات، کە پاك و رووناکە، خاڵی لە بوونی هەموو مرۆڤێك، تیایدا هیچ لەسەر هەستی شاعیر نایاتە گوتن، بەلام ئەم جوانییە خاڵی نییە لە هەستی تەنیایی.

لە بابەتگەلی دیکەدا رەنگە، گوزارشتی هونەریی شاعیر لەغاو کرابێت، بەلام ئەو سۆزدارییانەی کە دەریدەبڕێت بێ لەغاون. لە ناسراوترین پارچەی شیعریدا، ژمارە ٣١، شوێنێك بۆ شیکار ناهێڵێتەوە، (هەڵبەتە مشتومڕی توێژەرانی مۆدێرن لەسەر ئەوەیە، کە ئایا هەستی ئەو لەم شیعرەدا، ئیرەییە یان ئەوین؟):

لەم شیعرەدا، تاسە لەنێو هەستی جەستەییدا ڕۆشنایی دەداتەوە، لە زمان، پێست، چاوەکان، گوێیەکان و گۆشتی لەشدا. تیایدا قسە لەسەر جوانی لێوەکان و چاوەکان و مەمکەکان لە ئارادا نییە، کە بەو زرۆییە لە غەزەلی ئەویندارانەدا پەسن دەکرێن. لەم شیعرەدا هەموو شتێ وەرگەراوەی ئەزموونی چرکەساتی و کاردانەوەگەلێکی چرکەساتیی توندی ئاخێوەرە.

ئەوەی سافۆ پەسەندی دەکات، هەواڵە تاکێتیی و تایبەتییەکان و چەشە و سەلیقەی کەسێتییە، لە پارچەی (١٦) دا، لەبارەی هەمەچەشنەییەکانی سەرپشکەوە دەدوێت:" لەسەر ئەم زەوییە ڕەشەدا، هەر کەسە و شتێك بە جوانترین شت دەزانێت، بۆ هەندێك سوپای سوارە سەربازی و پیادە سەربازی و کەشتییە جەنگییەکان جوانترین شتن".

بەلام ئەو لە بەرامبەر ئەم شتگەلە پیاوانە هەمەکییەدا، لە بەرامبەر ئەم پڕێتییەدا، شتێکی بچووکی کەسێتی ناخەکی نایاب هەڵدەبژێرێت، واتە: (گیانان)، و دریژەی پێ دەدات : (بڕوانە هێلن، جوانترینی نێو ژنان، هاوسەری باشترین پاشا، لەگەڵ ئەم هەمووەشدا، لەگەڵ مەعشوقە گومڕاکارەکەیدا (پاریس)





بەرەو (تەڕوادە) هەڵات، لەگەڵ پیاوێکدا، کە بە هەموو پێوەرێکی دیار، لە شووەکەی خۆی کەمتر بوو، ئەمانە ئاناکتۆریای ڕۆیشتوو بە یادی شاعیر دێنێتەوە، بەلام ئەو شتانەی لە بەرامبەر شکۆ و مەزنێتی پیادە سەربازییەکان و گالیسکەکانیان دادەنێت، ئەو شتانە نییە، کە هەوەسی ئەوینبازی لەودا بووروژێنێت، بەڵکو یەك دوو خاڵی تایبەتە لە هەڵسوکەوتی ئەودا.

لە پارچەی یەکدا سافۆ پەیڕەوی لە نەریتی سروودەکانی پاڕانەوە یان نزابێژی یۆنانی دەکات، واتە ئاخاوتن لەگەڵ خودا. سوپاس لە دەرگای خودا بۆ نیعمەتەکانی، ئاماژەدان بە فەزیلەتەکانی، و داخوازی یارمەتی، بەلام ڕوخسارێکی کەسێتی بەم پاڕانەوەیە دەدات. لەم شیعرەدا ئافرۆدیت ژنە خواوەندی گەورەی ئۆڵەمپ، کە لە دوورەوە دێت، لە کۆشکی باوکانەکەیەوە، بە جوانی و ئارایشی سەرنجڕاکێشەوە، بەسەر تەختێکی پاشایانەی پڕ نەخش و نیگارەوە و بە کۆمەڵێ چۆلەکەی جوان، کە بە چواردەوریدا دەفڕن. ئەو زەردەخەنەیەی کە ڕوخساری جاویدانەی ئەوی داپۆشیوە، هەم مرۆییە و هەم خودائاسا، زیاتر وا دەنوێنێت کە هاوڕێی سافۆیە. هەردووکیان شۆخ، میهرەبان، شاد لەم دیدارە و لەوەی یاری یەکترن.

پێدەچێت لێرەدا شاعیر لە مەودایەکەوە بیەوێت سۆز و شەیدایی خۆی لە چاوانی ژنە خواوەند ببینێت. ئافرۆدیت بەو وشە توانج ئامێز خودایانەیەوە، کەمخایەنی و ناپایەداری پەیوەندییە ئەویندارانە مرۆییەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە:

ئەگەر لە تۆ هەڵدێت.......بە زوویی، بە دوات دەکەوێت

ئەگەر دیاریت لێ وەرناگرێت.......بە زوویی بۆت دێنێت

ئەگەر عاشقت نییە.......هەر زوو دەبێت

چی بیەوێت.......چی نەیەوێت

دەبینین کە تاسە وا لێرەدا، لەنێو دڵتەنگی و خەمی یەکەمین و (ئازاری تاڵ)ی دوایین دێڕدا، ئەمە نەك تەنیا شتێك لە درەوشاوەیی و دڵڕفێنی شیعرەکە کەم ناکاتەوە، کە زنجیرە حاڵەتێکە لەم پارچەیەدا. بەڵکو لە ڕاستیدا سەرجەم خەریکبوون و گرێ و گۆڵەکان پێکەوە دەچنێت و یەکێکە لە سەرچاوەکانی هێز و پتەوکردنی.

تێڕوانینی بێ هاوتای سافۆ، تەنیا بە عەشق بەرتەسك و سنووردار نەبووەتەوە، پارچەی ٣ رەنگە بۆ یەکەمجار لە

ئەدەبیاتدا، ناخەکی بوونی هەستی شوێن نیشان بدات، کە دەڵێت: هەست لە شوێنێکی ناسراوی تایبەت و لە کاتێکی تایبەتدا. ئەمە وێنایەکی ڕەسەنایەتی هەیە، هاوشێوەی زنجیرە و تەکامولی حاڵەتەکان، نیوەی ئارام و نیوەی خەوهێنەر نیوەی ئەودیوی سروشت و نهێنی ئامێز، ئەم هەستانە پێکەوە ئاوێتە و تێکەڵاو دەبن. شنەی عەترە بۆنخۆشەکان لەلای میحرابەکانەوە، دیمەن و بۆنی خۆشی تێکەڵاو، لە کەشێکی مەستی هێنەر وایە، کە پێدەچێت ئاو لە نێوان خودی دارەکانەوە هەڵدەقوولێ و هەروەها گەڵاکان دەلەرزن و شەپۆل دەدەن، دەڵێی خەوێکی موگناتیسی لە جیهانێکی دیکەوە دادەبەزێت و سروشتی نێوان سروشت و ئەودیوی سروشتی لە خۆیدا دەتوێنێتەوە.

لەم شیعرەدا، ئافرۆدیت لە کیرتەوە بانگێشت کراوە، لە شوێنێکی ڕاستەقینەوە بۆ شوێنێکی ڕاستەقینەی دیکە، بۆ باخی پیرۆز، ئەو شوێنەی کە شاعیر و هاوڕێیانی ئاهەنگەکەیان ساز کردووە و ژنە خواوەند شەراب تێدەکات، هەم شەرابی زەوینی و هەم شەرابی بەتامی خودایان، شەرابی ئەفسانەیی کە خودایان پێی مەست دەبن. لە پارچەی یەکدا ئافرۆدیت وا بە خەیاڵدا دێت کە هەم خودائاسا بێت و هەم ئاشنایەکی دێرین.

توێژەرانی ئەسکەندەرانی لە پەیکەری گشتی ئەم کارە گەورەیەدا، بەو دەرەنجامە گەیشتوونە، کە تەنیا (٩) شاعیری غەزەلنووسی سەرەکی (شاعیرانی شیعری حەماسە) هەبوونە، تەنیا چامە سەرکەوتنەکانی پیندار لە دەستنووسەکانی سەدە و نیوێك پێش بە ئێمە گەیشتووە. ئەوانی دیکە گواستنەوەی چەند وتەیەکی کەمە لە نووسەرانی یۆنانی لە دوای ئەوانەوە.

دواتر پاپیرۆس و بۆردە دۆزراوەکانی میسر زانیاری ئێمەیان لەوبارەوە زیاد کرد، بەڵام پاپیرۆسەکان بە زۆری دڕاو و درزتێکەوتوو و لێکەوتەن.

پارچەی (٣) مێژوویەکی سەیرتری هەیە، کۆپلەیەکی هەر ئەم شیعرە هەمیشە ناسراو بووە، بەڵام ئەوانی دیکەی لە سەرەتاکانی هەر ئەم سەدەیەدا لەسەر پارچەکانی گۆزەیەکی شکاودا دۆزرانەوە، زۆر ڕووشاو خەت خەتی بووە. لەلایەن کەسێکەوە لە کاتی بێگاریدا دۆزرایەوە!

ئێمە لە ڕاستیدا لە بارەی سافۆوە بەختێکی زیاترمان هەبوو تاکو ئەوانی دیکە، بە زۆری شاعیرانی غەزەلنووس، لە کارەکانی دواتردا گواستراونەتەوە و







ئەمەیش نەك لەبەر توانا و شایستەیی ئەدەبیان، بەڵکو لە ڕێگای پسپۆڕانی (فیقه اللغة) و عەتیقەناسانەوە، بۆ سوود و سەرنجڕاکێشی مێژووییان، یان بۆ شرۆڤەگەلێکی تایبەتی زمانناسی، لەبارەی سافۆوە ئێمە دوو پارچەی یەك و سێ مان لەبەردەستدایە، کە لە ڕەخنەگرانی ئەدەبییەوە بەتایبەتەی بۆ سەلماندنی هێزە نایابەکەی بەرهەمانی ئەو گواستراوەتەوە.

**سەرچاوە: ئینتەرنێت**



ئەرسکین کالدویل

# یادگاری

و/عەبدوڵڵا مەحمود زەنگنە

دەوروبەر و دراوسێکان خەم و ماتەم دایگرتن، کە بیستیان نیللی ستۆدارد لە قادرمەکەیان کەوتۆتە خوارەوە و لە تەمەنی پەنجا ساڵیدا گیانی لەدەستداوە. ئێستایش کە بۆنەیەك هاتۆتە ئارا بۆ قسەکردن لە بارەی یادگارییەکانەوە، ئەوەی دراوسێ و ناسیاوەکانی باسیان دەکرد ئەوە بوو، کە نیللی لەم سی ساڵەی دوایینی تەمەنیدا لە خزمەتی خەڵکیدا بووە، کێکی ئاهەنگی هاوسەرگیریی دروست دەکرد، یارمەتیی دایکەکانی دەدا بۆ سەرپەرشتی کردنی منداڵە نەخۆشەکانیان، مێشی لێ دوور دەخستنەوە، دڵی جگەرسووتاوانی دەدایە و هەمیشە لە خزمەتی هەمووان و لە ماڵەکەی خۆیشیدا هاوسەرێکی باشی "هیم" بوو. لەگەڵ ئەو هەموو کاروبارەشدا، جارێك لە جاران کەسێك گوێی لێ نەبووە بڵێت ماندووم، سەرقاڵم و نەتوانێت بچێتە ماڵی هاوسێیەك بۆ یارمەتیدانیان.

خەڵکی لەم پەڕو ئەوپەڕی شارەدێی (فیتش) وە دەیانوت:" ئەگەر لەم سەر زەویەدا ژنێکی باش هەبێت بێگومان نییلی ستۆداردە. ژنی زۆر خراپ لەم دنیایەدا هەن، بەڵام کەس ناتوانێت بڵێت نیللی یەکێکە لەوان". هەندێ لە دراوسێکان ڕاشکاوانە دەیانوت:" بەڕاستی جێی شەرمەزارییە نیللی ئەم سی ساڵەی





دوایینی تەمەنی لەگەڵ پیاوێکی خراپی ناکەس بەچەی وەك هیمدا بەسەر بردووە". زۆربەی خزمەکانی دەیانوت:" دنیا ڕزگاری دەبوو ئەگەر هیم لەبری نیللی لەو قادرمەیەوە بەربووایەتەوە و ملی بشکایە". ئاخر ئەو ژنە بە ساغی و نەخۆشی ڕۆژێك لە نوێژەکانی یەکشەممان دوانەکەوتووە. ئەگەر باوبۆران و شەستەبارانیش بوایە خۆی دەگەیاندە ئەو کەسەی پێویستیی بەهاوکاری ئەو بوایە. خەڵکی بەردەوام دەیانوت و دەیانوتەوە:" نیللی ستۆدارد ژنێکی ئیماندار و پیرۆز بوو، کەس ناتوانێت بڵێت ڕۆژێك لە ڕۆژان فلان هەڵەی کردووە، تەنیا شتێك لۆمەی لەسەر بکرێت شووکردنی بوو بە پیاوێکی وەك هیم ستۆدارد".

کە نیللی کۆچی دوایی کرد هیم لە تەمەنی پەنجاوپێنج ساڵیدا بوو. لە تەواوی ئەو سی ساڵەی لەگەڵ نیللیدا بەسەری برد کەسێکی شەڕەنگێز، کەللەڕەق، سەرسەخت بوو. لە گەنجێتی و سەرەتای کاملێدا ئاسنگەر بوو، ئەو کاتە پیاوێکی بەهێز و تورت بوو کێشی دەگەیشتە دوو سەد و بیست و پێنج ڕەتڵ لە ئێسك و ڕەگە دەمار. قژی ڕەش و موویەکی سپیی تێدا نەبوو، پەنجە قورس و گۆشتنەکانی هەمیشە بە هۆی ئاگری کوورە و ئاسن کوتانەوە پیس و ڕەش داگەڕاو و رەق هەڵاتوو بوون. دوای وازهێنانیشی لە ئاسنگەری دوکانێکی لە سەرەڕێگەیەکی بەرزی شارۆچکەکەدا بەڕێوە دەبرد و بە فرۆشتنی قووتووەمەنییەکان و تەور و داس کە خەڵکی بۆ داربڕینەوە دەیانکری، ژیان و گوزەرانی پەیدا دەکرد.

ئێوارەی دوای ناشتنی تەرمی نیللی هیم گەڕایەوە ماڵەوە و لە پەنجەرەکەوە کەوتە تەماشاکردنی گـژوگیای کۆتایی وەرزی هاوین، تا تەرمی نیللیان ناشت بە بێدەنگی ڕاوەستابوو بێئەوەی فرمێسکێك لە چاوەکانی بێتە خوارێ، بەڵام کە گەڕایەوە ماڵەوە دوای سی ساڵ بۆ یەکەمجار خۆی بە تەنیایی دیتەوە، هەستی کرد بەتەنیا جێهێڵراوە و خەم دایگرت و بۆ یەکەمجار لە دوای تەمەنی منداڵییەوە ئەشك زایە چاوەکانی.. ئیتر نیللی نەما ئاگاداری بێت. بۆیە بیری لە ڕێگەیەك کردەوە، کە تەنیایی و خەم و ناسۆرەکانی لەبیر بباتەوە..خۆر ئاوابوو، ئاسۆ سوورایی دایگرت و ئەویش لەو شوێنەی خۆیدا مایەوە و بەردەوام دەگریا. ئێستا تاکە شتێك لەم دنیایەدا کە جێی مەبەستی ئەو بێت ئەوەیە لە یادی ئەودا بتوانێت بیر لە ناسکترین و خۆشەویسترین شت بکاتەوە. تا دوای نیوەشەویش لەو تاریکەیەدا مایەوە و بە تەواوی خەم و پەژارە دایانگرتبوو.

سپێدەی ڕۆژی دواتر، هیم لە خەو هەستا و خۆی گۆڕی.. قاوەیەکی لێنا و هێلکە و ڕۆنێکی کرد.. دوای قاوەڵتی سوار

ئۆتۆمبێلەکەی بوو بۆ شار لە دووریی دە میل.. کە گەیشتە ئەوێ، دەبوو سەعاتێك لەبەر دەرگای دادگادا چاوەڕوان بێت تا دەوام دەکرێتەوە.. لە دادگا زەنگەکان لێدران و کارگوزار دەرگاکەی کردەوە و هیم ڕاستەوخۆ چوو بۆ نووسینگەی تۆمارکردن.

هیم بە هینری جولیانی وت:"بەڵگەنامەیەکی گرنگی شەرعیم هێناوە ئەمەوێ لە دۆسێکانی وڵاتدا بۆم تۆمار بکەی..ڕاستە بەڵگەنامەکە تاڕادەیەك کۆنە و کاڵ بۆتەوە، بەڵام نووسینەکەی دەخوێنرێتەوە. دەی برام خێرا ئیشی خۆت بکە تا کارەکە چۆن باشە وابێت"". هینری جولیان بەدەم سەر لەقاندنەوە وتی:" ئاخر نازانم ئەمە چییە و چی نییە برام.. ئەوەتا وشەکان کە بە دەست نووسراون تەواو کاڵبوونەتەوە و دیار نەماون". هیم تووڕە بوو و وتی:" دە تۆ چاویلکەکەت بکەرە چاوت بزانە دەیبینیت و دەزانی چییە یان نا. ئەم بەیانییە بەر لەوەی خۆر هەڵبێت خوێندمەوە، هەموو وشە کاڵەکانیشم خوێندەوە".

هینری چاویلکەکەی کردە چاوی و سەری بەسەر بەڵگەنامە کۆنەکەدا شۆڕ کردەوە.. بەدەم سەرسووڕمانێکی زۆرەوە وتی:"هیم، ئەمە گرێبەستی هاوسەرگیریە. ئای خودایە، ئەمەت لەکوێ هێناوە؟"

" ڕەنگە تۆزێك کۆن بووبێت، بەڵام ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بە شێوەیەکی ڕاست و دروست لە دۆسێکانی وڵاتا تۆماری بکەیت.دەی برام، کاری خۆت بکە دەمەوێ زوو نەجاتم بێت".

هینری بەڵگەنامەکەی بەرەولای هیم پاڵ پێوەنا:"نەك تۆزێك بەڵکو زۆر کۆنیشە..سی ساڵە نووسراوە. ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبم..ئەمە گرێبەستی هاوسەرگیریی تۆ و نیللیە و لەکاتی خۆیدا تۆمار نەکراوە کە دەبوو بکرایە..تازە بەکەڵك نایە، ئاخر سی ساڵ خۆ گاڵتە نییە". هیم بە سووربوونەوە وتی:

" ئاخر ئەمە شتێك لە مەوزوعەکە ناگۆڕێت". بەڵگەنامەکەی پاڵنایەوە بۆ بەردەمی هینری و وتی:" کاتی خۆی باجی تایبەتیم داوە و بەکارم هێناوە.. ئێستاش دەمەوێ وەك پێویست تۆمار بکرێت. ئیشی تۆ تۆمارکردنی بەڵگەنامە شەرعییەکانی هاوشێوەی ئەم بەڵگەنامە شەرعییەی منە..ئیتر پێویست بەو هەموو قسەوباسە ناکات. من بە ئیشێکی یاسایی هاتوومەتە ئێرە و کاتی خۆیشم بۆ بەفیڕۆداوە".

هینری بەجۆرێك لە بەزەییەوە وتی:" ئەمەوێ لەبەر خاتری خوالێخۆشبووی خێزانت ئیشەکەت بۆ بکەم..بەڕاستی کارێکی ترسناکە ژنێك ئەو هەموو ساڵە لەگەڵ پیاوێکدا بژی و لە یاسادا ژن و مێرد نەبووبن. بەڵێ واباشترە بڵێین نیللی بە شەرعی خێزانت بووە، دەمەوێ







لەبەرخاتری نیللی تۆماری بکەم، بەڵام ناتوانم..چونکە گرێبەستی هاوسەرگیری دوای پێنج ڕۆژ دەرچوونی ئەگەر تۆمار نەکرێت بەسەر دەچێت..یاسای وڵات وا دەڵێت و نەمن و نەتۆیش هیچمان پێ ناکرێت. گەر دەتەوێ یاساکەت بۆ دەخوێنمەوە..گوێ بگرە.. هەر کەس گرێبەستی هاوسەرگیریی کرد و پێنج ڕۆژ دوای ئەوە بەکاری نەهێنا و تۆماریشی نەکرد، ئیتر بەسەر دەچێت و هەڵدەوەشێتەوە.. کەواتە ئەو هاوسەرگیرییەش ناشەرعی دەبێت هەرچۆنێك پێکەوە ژیابن.

هیم بە کەللەڕەقییەوە وتی:" کاتی خۆی کە پارەمدا و ئەم گرێبەستەم پێدرا ئەم بەزمە نەبوو..ڕەنگە یاساکەیان گۆڕی بێت..بەڵام ئەم گرێبەستی هاوسەرگیرییەی من هێشتا بەسەر نەچووە و شەرعییە. نە تۆ و نە کەسی تریش ناتوانن ڕێگەی تۆمار کردنیم لێبگرن..من هۆکاری باشی خۆمم هەیە بۆ تۆمار کردنی".

هینری جولیان چاویلکەکەی کردەوە چاوی و جارێکی تریش بەسەر گرێبەستەکەدا سەری شۆڕ کردەوە.. بە وردی کەوتە دیقەتدانی وەرەقە زەرد هەڵگەڕاوەکە و مەرەکەبە کاڵەکەی..دوای چەند خولەکێك چاویلکەکەی لابرد و بە نەرمییەکەوە سەری لەقاندەوە و وتی:" دەچمە سەرەوە بۆ لای دادوەرێکی شارەزا لەم ئیشانە..گەرچی پێموایە بێهوودەیشە..بەهەر حاڵ..خۆم لەم کاتەدا کە یاسا وای لێهاتووە تەحەمولی ئەو بەرپرسیارێتیەم پێناکرێت.. سوێندم خواردووە یاسا بپارێزم..".

هیم کە بەوپەڕی مورتاحی لەسەر کورسییەك دانیشتبوو وتی:" بەلامەوە گرنگ نییە دەچیت بۆ لای کێ و ناچیت..بەڵام چاك بزانە لەم دادگایە ناچمە دەرێ تا ئەم گرێبەستەم بۆ تۆمار نەکرێت.. شەوی ڕابردوو بە نەفرەت بم سوێندم خوارد لەبەرخاتری نیللی ئەم کارە بکەم.. ئەوکاتە قەشە و شایەتەکان ئامادە بوون..ئەوە ناوەکانیانە لە شوێنی خۆیاندا نووسراوە..دواتر قەشە بەڵگەنامەکەی پڕ کردەوە.. کەواتە هەر کەسەوکاری خۆی کردووە تۆ نەبێت..دەی برام.. تۆیش وەك تۆمارکەری ئەم وڵاتە ئەرکی خۆت بەجێ بگەێنە..سوێند دەخۆم نەفرەتم لێ بێت گەر ئەم هەموو ساڵە لە هاوسەرگیریی نیللی بێبەری بکرێم..".

هینری پرسیاری لێکرد:" ئەی بۆ قەشەکە بۆی تۆمار نەکردی وەك دەبوو بیکات؟ دەبوو ئەو دوای ئاهەنگەکەت بیهێنایە بۆ دادگا بۆ تۆمارکردنی..ئاخر خۆ تازە ئەویش و شایەتەکانیش مردوون.."

هیم وتی:" نەیهێنا لەبەرئەوەی دڵنیا نەبووم ئەم کارەم بەکوێ دەگات..ویستم

وردەکار بم لەوەدا و تووشی کێشە نەبم هەرکات ویستم خۆم لەو گرێبەستە ڕزگار بکەم..بەخۆمم وت با ڕەفتار و هەڵسوکەوتی نیللیم بۆ دەرکەوێت و دڵنیا بم، کە ژنێکی باشە.. بۆیە داوام لە قەشە کرد گرێبەستەکەم بداتێ و دەیپارێزم و خۆم دەیبەم بۆ دادگا تا ئەو عەزێت نەخوات..لە چاوەڕوانیی ئەو کاتەدا کە دەگەمە قەناعەت بەوەی نیللی ژنێکی شایستەیە بەوەی بە ڕەسمی ببێتە هاوسەرم، گرێبەستەکەم لە هەورەبانەکە شاردەوە..شەوی رابردوو دوای ناشتنی تەرمەکەی، بڕیارم دا کاتی تۆمارکردنی گرێبەستەکە هاتووە..چونکە هاتمە ئەو قەناعەتەی نیللی لەو تاقیکردنەوەیە دەرچوو..بۆیە چوومە هەورەبانەکە، گرێبەستەکەم دەرهێنا، ئەوەتا هێناومەتە لای تۆ و لەبەردەمتایە..گەر دوای کۆچی نیللی نەمزانیبا دەبێ ئەم کارە بکەم نەمدەهێنا.."

هینری ماوەیەکی زۆر بە بێدەنگی مایەوە، لە ناکاو چاویلکەکەی لە گیرفانی دەرهێنا و کردیەوە چەکمەجەکە.. دواجار وتی:"ئەگەر نەتمناسیبا هەرگیز باوەڕم نەدەکرد..کەسم نەدیوە لەم شارەدا کارێکی وەك ئەمەی تۆ بکات".. لەسەرخۆ سەری لەقاندەوە:" ئەچمە سەرەوە داوا لە دادوەرێکی شارەزا دەکەم پێم بڵێ چی بکەم.. لەوەتەی گرێبەست تۆمار دەکەم تا ئێستا داوای لەمجۆرە سەیر و سەمەرەم بۆ نەهاتووە".

هیم بۆ ئاگایی پێدان وتی:" باشترە کە گەڕایتەوە بڕیاری تۆمارکردنیت هێنابێت وەك لەسەرەتاوە داوام لێکردیت.. دەنا خۆم دەچمە سەرەوە و سکاڵا لە هەمووتان دەکەم خوای دەکرد پارەی دنیای تێدەچوو.. من لە بەر خاتری نیللی بڕیارم داوە ئەم کارە بکەم..خۆ دەتوانم پارێزەرێکی بۆ بگرم و ئیشەکە تەواو کەم".

هینری جولیان ماوەی نیو کاتژمێر و زیاتر دیار نەما.. کە هاتەوە دادوەر بریچاردی لەگەڵ خۆی هێنا. دادوەر بریچارد وتی:" پێدەچێت لەم ئیشەدا هەقی خۆت بێت.. یاسا دادپەروەرە و ئێستا وای لێهاتووە هەر گرێبەستێك پێنج ڕۆژی بەسەردا تێپەڕێت تۆمار نەکرێت هەڵوەشاوەیە و ئیشی پێناکرێت و هینریش وای پێوتوویت. بەڵام ئەم هەموارکردنە دوای گرێبەستەکەی تۆ کراوە و یاساکەیش ئەوەی پێش خۆی کراوە ناگرێتەوە..بۆیە پێموایە ئەم گرێبەستەی تۆ هێشتا دەخوات و دەبێ تۆمار بکرێت..ئادەی هینری، هەر ئێستا هاوسەرگیریی هیم و نیللی ستۆدارد تۆمار بکە".

هیم زۆر بە سەرفرازییەوە وتی:" پێموایە هەموو مرۆڤێك ئیشەکە بەمجۆرە دەبینێت.ئەگەر ئێوەیش وەك ئەوانەی





دەمناسن بتانناسیبام، دەتانزانی عادەتی تایبەتی خۆمم هەیە.. من سوێندم خواردووە و وەعدم داوە دەبێ هەرچۆنێك بێت ئەم گرێبەستە تۆمار بکەم.. چونکە هەمووی لەپێناوی نیللیدایە.. دوێ شەو هەموو شتەکانم تاوتوێ کرد..ئەم کارەم لەم بارودۆخەدا لە هەموو شتێك بە باشتر زانی".

دادوەر بریچارد پێیوت:" زۆر باشە. پێمخۆشە ئیشەکە بەمجۆرە لە بەرژوەندی نیللیدا بوو.. خوا رەحم بە ڕۆحی بکات..بەڕاستی شایانی بەهەشت و سەرفرازییە..بەتایبەتی دوای ئەوەی سیساڵ لە گونهباریدا ژیاوە..بۆیە شایانی ئەوەیە خودا بیبەخشێت، ئەگەر ئەوە لەبەرچاو بگرین کە داماوە سی ساڵ خەڵەتێنراوە بەوەی هاوسەرێکی شەرعی بووە.. لە خوا بەزیاد بێت کە لەم جووتبوونە منالی لێ نەکەوتۆتەوە..وابزانم تۆ پێتخۆشە وا بوترێت".

هیم هەستایە سەر پێ و شەپقەکەی نایە سەری.. دادوەر بریچارد وتی:" دەمەوێ تەنها شتێك بزانم". هیم دوای کەمێك وەستانی لەبەر دەرگاکەدا پرسی:" چییە؟"

"دوای ئەو هەموو ساڵە و دوای ئەوەی ئیتر نیللیش نەما، بۆچی ئێستا بڕیارتداوە گرێبەستی هاوسەرگیریتان بە شێوەیەکی شەرعی تۆمار بکەیت؟ پێموایە کەس بەمەی نەدەزانی ئەگەر خۆت نەتهێنایەتە دادگا و باست نەکردایە".

هیم وەڵامی دایەوە:" لەبەر ئەوەیە کێلێکی گەورەی گرانێت بۆ گۆڕەکەی نیللی دانێم و ڕستەیەکی لەسەر هەڵکۆڵم کە دەڵێت: دوای سی ساڵ ژیان هاوسەرە خەمبارەکەی بۆ ئەم کۆچەی کۆستی کەوت. کەسیش ناتوانێت من بە هاوسەری دابنێت ئەگەر هاوسەرگیرییەکەمان شەرعی نەبێت".

دادوەر بریچارد بە ویقارەوە سەری ڕاوەشاند و وتی:"وایە، پێموایە مرۆڤی باش کاری لەو جۆرە ناکات".

سەرچاوە: کتێبی( التذکار). ارسکین کالدویل لە چاپکراوەکانی زنجیرە کتێبی (الکتاب للجمیع ٢٠٠٥).

وەرگێڕ بۆ عەرەبی (سید جاد).

# دەمەوێ چیرۆکێکت بۆ بگێڕمەوە

## وتاری ( پۆڵ ئەستر ) لە کاتی وەرگرتنی گرنگترین خەڵاتی ئەدەبی ئیسپانی لە نۆڤەمبەری ساڵی( ٢٠٠٦ )دا

**بۆ فارسی: مریم محەمەدی سرشت**

**لە فارسییەوە: جەبار سابیر**

کارێك کە دەیکەم دەلیلەکەی نازانم. ئەگەر دەمزانی ڕەنگە بە پێویستم نەزانیبا وەها کارێك بکەم. تەنیا دەتوانم بڵێم، بە کەماڵی ئەرخایەنیشەوە دەیڵێم، کە لە تافی لاویمەوە هەستم بەم پێویستییە کردووە. بە شێوەیەکی گشتی مەبەستم (نووسین)ە، نووسین وەك ئامرازێك بۆ چیرۆك هۆنینەوە، چیرۆکگەلی خەیاڵی کە هەرگیز لە دنیایەکدا کە پێی دەڵێین واقع، ڕوونادات. ئەمەی کە چەندین کاتژمێر بە دوای یەکدا، چەندین ڕۆژ بە دوای یەکدا، ساڵ لە دوای ساڵ، تاق و تەنیا بە قەڵەمێك بە دەستەوە، لە چوار دیواری ژوورەکەت دابنیشی و هەوڵبدەیت چەپکێك وشە بخەیتە سەر کاغەز تا شتێك کە -جگە لە زەینتدا- بوونی نییە، بخولقێنی







بێگومان ڕێگە و شێوەیەکی سەیرە بۆ بەڕێوەبردنی ژیان. ئاخر بۆچی دەبێت کەسێك وەها کارێك بکات؟ تەنیا وەڵامێك کە بە خەیاڵمدا هاتووە ئەمەیە: چونکە ناچاری، چارەیەکت نییە.

ئەم پێداویستییە بۆ ڕۆنان، بۆ خولقاندن، بۆ داهێنان، بێگومان مەیلێکی مرۆڤانەی بنەڕەتییە. بەڵام بۆچی؟ هونەر، بەتایبەت هونەری چیرۆك، چ کەڵکێکی هەیە لە دنیایەکدا کە پێی دەڵێین واقع؟ من هەرچەند بیر دەکەمەوە، دەبینم بە کەڵکی هیچ نایات، لانیکەم لە بواری کرداریدا بەکەڵك نایات. هەرگیز کتێبێك سکی منداڵێکی برسی تێر ناکات. هەرگیز کتێبێك ڕێ لە کوشتنی کەسێك ناگرێت. هەرگیز کتێبێك نەبۆتە ڕێگەگرتن لە بەربوونەوەی بۆمبێك بەسەر خەڵکی بێ گوناهدا.

هەندێك وایدەبینن ناسینی قووڵی هونەر، ئێمە دەکاتە مرۆڤانی باشتر، بە ویژدانتر، بەڕەوشتتر، هەستیارتر و تێگەیشتووتر و بە هۆشتر. ڕەنگە ئەم خاڵە لە هەندێك باردا دەگمەن و هەڵاوارتەتر بێت، بەڵام بیرمان نەچێت کە هیتلەر ژیانی وەك هونەرمەندێك دەست پێکرد. دیکتاتۆر و فەرمانڕەوا ملهوڕەکان ڕۆمان دەخوێننەوە. پیاوکوژانی پشت شیشەکانی زیندان ڕۆمان دەخوێننەوە. کێش دەتوانێ بڵێ هەمان لەزەتی لێنابینن، کە خەڵکانی تر لێی دەبینن؟

بەدەربڕینێك هونەر بێکەڵکە، لانیکەم وەختایەك کە لەگەڵ کاری لوولەبەست، دکتۆر، یا بۆ نموونە ئەندازیاری ئاسنەڕێ بەراورد دەکرێت. بەڵام ئایا بێکەڵکی شتێکی خراپە؟ کوارتیتە ژێدارەکان (پارچە مۆزیکێك کە بە چوار ئامێر دەژەنرێ) جۆرێك کات بە فیڕۆدانە؟ زۆرێك بەمجۆرە بیردەکەنەوە، بەڵام بە بۆچوونی من نرخی هونەر لە بێکەڵکی هونەردایە و هونەر خولقێنی، ئێمە لە بوونەوەرەکانی تری ئەم ئەستێرەیە جیادەکاتەوە، بە وتەیەکی تر، هونەر ئێمە وەك مرۆڤ جیادەکاتەوە: کارێك کە تەواو بۆ لەزەت و جوانیی ئەنجام دەدرێت. بیر لە زەحمەت و هەوڵدان و چەندین کاتژمێری بێوچان و نەزمێك بکەیتەوە، کە بۆ پیانیست و سەماکاری لێهاتوو پێویستە. دەبێ چ ڕەنجێك بکێشیت! کارێکی چەند بڕست لێبڕە! دەبێ چەند لە خۆبوردوو بیت بۆ کارێك کە تەواو و بەشکۆیە... بێکەڵکە!

هەرچەندە چیرۆك لە مەیدانێکی زۆر و کەم جیاواز لە باقی هونەرکانی تر هەڵکەوتووە. هۆکاری پێوەندیی ئەو زمانەو زمان لایەنی هاوبەشی ئێمەیە لەگەڵ ئەوانیتر. بە

دەربڕینێکی تر هەموومانە بە شێوەیەکی هاوبەش کەڵك لە زمان وەردەگرین. هەر کە فێری قسەکردن دەبین، تینووی بیستنی چیرۆك دەبین. ئەوانەی منداڵی خۆیان لە بیرە، دەزانن کە بە چ جۆش و خرۆشێکەوە چرکەیان ژماردووە بۆ چیرۆکی بەر لە نووستن، کاتێك دایك یا باوکانمان دەهاتنە ژووری نیوەتاریکەوە و لە تەنیشتمانەوە دادەنیشتن و چیرۆکی پەرییانیان بۆ دەخوێندینەوە.

ئێمە کە باوك و دایکین، چاوانی حەپەساو و تامەزرۆی منداڵەکانمان لەبیرە کاتێك کە چیرۆکمان بۆ دەخوێندنەوە. ڕاستییەکەی ئەم هەموو تامەزرۆییە بۆ ژنەوتن بۆچی؟ چیرۆکی پەرییان، زۆربەی جار کێویانەو ترسناکن، دیمەنی سەربڕین، مردووخۆری و گۆڕینی شێوەی سەیروسەمەرە نمایش دەکەن. دەشێ بیربکەیتەوە کە وەها چیرۆککگەلێك بۆ منداڵێکی چکۆلە زۆر ترسناکە، بەڵام شتێك کە منداڵەکان بە بیستنی ئەم چیرۆکانە ئەزموونی دەکەن، ئەمەیە ڕێك لە دەورووبەرێکی ئاسایش و بێ مەترسی ڕووبەڕووی ترس و ئازارەکانی ناخی خۆیان دەبنەوە. پەرجووی چیرۆکیش ئەمەیە: چیرۆکەکان دەمانبەنە قووڵایی دۆزەخ، بەڵام دواجار بێزیانن.

تەمەنمان زیاتر هەڵدەکشێ، بەڵام ناگۆڕێین. ئالۆزتر دەبین، بەڵام لە بنەڕەتدا هەروا لە خودی لاویمان دەچین، تامەزرۆی بیستنی چیرۆکی دواتر و دواتر و دواترین. سالانێکە لە خۆرئاوا، وتار دوای وتار لە سوێی ئەم ڕاستییە بڵاودەبێتەوە، کە ژمارەی کتێب خوێنەوەکان کەم و کەمتر دەبێتەوە، کە ئێمە چووینەتە چەرخێکەوە هەندێك پێی دەڵێن (چەرخی پاش فەرهەنگ). ڕەنگە لە خۆڕایش نەڵێن، بەڵام ئەم ڕاستییە هیچ لە جۆش و خرۆش و تامەزرۆیی جیهانی بۆ چیرۆك کەمناکاتەوە.

سەرباری ئەمەیش، ڕۆمان تاقە چاوەی چیرۆك گێڕانەوە نییە. فیلم و تەلەڤزیۆن و تەنانەت چیرۆکە وێنەییەکان، تا دڵ حەز بکات گێڕانەوەی چیرۆکییان هەیە و خەڵکیش بەردەوام بە تامەزرۆییەکی زۆرەوە هەڵی دەلووشن. دەلیلەکەیشی پێویستی مرۆڤە بۆ چیرۆك. خەڵکی بەو توندییەی پێویستیان بە خۆراکە، موحتاجی چیرۆکن و وێناکردنی ژیان بێ چیرۆك یا هەر شێوە و شەقلێك — چ لەسەر کاغەز، چ لەسەر شاشەی تیڤی — مەحاڵە.

لەگەڵ ئەمەشدا، کاتێك باسی بارودۆخ و داهاتووی ڕۆمان دێتە پێش، من گەشبینانە لێی دەنوارم. لە جێیەك کە پرسی کتێب لە





گۆڕێیە، ژمارە و چەندێتی بەهایەکی نییە، چوون تەنیا یەك خوێنەر هەیە و بەس، هەموو جارێ تەنیا خوێنەرێك. هێزی تایبەتی ڕۆمان و ئەمەی کە بۆچی — بە باوەڕی من — ڕۆما وەك فۆڕمێك شایانی فەوتان نییە، لەمەوە سەرچاوە دەگرێت. هەر ڕۆمانێك هاوکارییەکی بەرامبەرە لە نێوان نووسەر و خوێنەردا و تەنیا جێگایەکە لە دنیادا کە لەوێدا، دوو کەسی غەریبە، بە دڵسۆزی ڕەهاوە ڕووبەڕووی یەکتری دەبنەوە. ژیانی من بە گفتوگۆ لەگەڵ خەڵکانێك تێپەڕیوە، کە هەرگیز نەمبینیون و هەرگیزیش نایانناسم و ئومێدەوارم تا ڕۆژێك هەناسە لە سینەمدایە، بەردەوام بێت.

ئەمە تەینا پیشەیەکە کە هەمیشە خوازیاری بووم.

سەرچاوە:

http://www.dibache.com/text.asp?cat=٣٨&id=٢٩٢٧



# کۆترباز

## لە دەفتەری لێکۆڵینەوە پۆلیسەوە

سەلاح گوڵەندامی

کۆی لێکۆڵینەوەی پۆلیسی گەڕەکی ژمارە ١٢، باخی سیسەی شاری مەهاباد، سەبارەت بە پەروەندەی دزی ٤١ دانە کۆتر لە ڕۆژی پێنجشەممە: ٢١ی ٦ی ١٣٨٥، بەم جۆرە تۆمار دەکردرێ، سەرلەبەیانی لە هەندێك جیرانی ماڵی خاوەن کۆتر لێکۆڵینەوە بەو شێوە کرا:

سمایل ساکوری دوکاندار: من ئەو ڕۆژە کەسێکم نەدی بچێتە ماڵی کاك کەریم

تۆ ئەردەڵان دەناسی؟

– بەڵێ چاکی دەناسم جیرانمانە

– ئەو ڕۆژە نەتبینی لەو دەوروبەرە بێ؟

– با، من دیتم لێرەوە چەند جار هات و چوو، بەڵام ئەو لەو کۆڵانەیە و هەمیشە لێرەوە دەڕوا.

– قەتت نەدیوە بچێتە سەربانی ماڵی کاك کەریم.

– بەرێ وەڵا جارێکیان دیتم، پێم وا بێ چوو بوو تۆپی فوتباڵی منداڵان بێنێتەوە، کە کەوتبووە سەربان.

– شکت بۆ کێ دەچێ ئەو دزییەی کردبێ؟







– شکم بۆ هیچ کەس ناچێ.

– کەس دەناسی خزم، یان دۆستی نزیکی ئەردەڵان بێ؟

– سۆران، کارزان، هەژار، ئەوانە هاوەڵی نزیکی ئەون و هەمیشە پێکەوەن، بەڵام فکر ناکەم ئەردەڵان کاری وا بکات !

هەژار: بەڵێ من هاوەڵی نزیکی ئەوم.

– ڕۆژی دوشەممەی ڕابردوو، تۆ ئەردەڵانت لە کوێ بینی؟ ئایا پێکەوە بوون؟

– من تا نزیکەی کاتژمێر شەشی ئێوارە لەگەڵی بووم.

– تۆ زانیوتە کۆترەکانی ماڵی کاك کەریمیان دزیوە؟

– بەڵێ.

– چۆنت زانی؟

– بیستم.

– لە کێ؟

– وەڵا ئەردەڵان گوتی.

– لە بابەت پارەوە، ئەردەڵان چۆنە؟

– زۆر چاك نییە، بەڵام ئەوەندەش برسی نییە، کۆتر بدزێ، ئەگەر پێوستی بە پارە بێ، شتی چاکتر دەدزێ...

فاتمە، جیرانی ماڵی ئەردەڵان، ئاماژەی بە شتگەل کرد، کە شك و گومانی پۆلیسیان بۆ لای ئەردەڵان زیاتر کرد.

فاتمە: بەڵێ، من ئەردەڵان دەناسم.

– ڕۆژی دوشەممە، ئێوارە ئەردەلانت دیت لە ماڵێ بێ، یاخۆ لە کۆڵان بێ؟

– من ئێوارن زوو دەچمەوە ماڵ، خەبەرم نییە.

– قەت کۆترت بە دەستییەوە دیوە؟

– بەڵێ، هەموو گەڕەك دەزانن ئەردەڵان عاشقی کۆترە.

– یانی خۆی کۆتری زۆرە؟

– دایم بە سەربانەوەیە، کۆتربازە، ها... ئێستا بیرم کەوتەوە: ماوەیەك لەوە پێش، بەیانی زوو دیتم تەلیسێکی بە شانەوە بوو، کە پڕ بوو لە کۆتر.

– چۆنت زانی پڕ بوو لە کۆتر؟

– گمەگمیان دەهات، من بەر دەرگام دەماڵی، سڵاوی کرد، لێم پرسی ئەوە کۆترەکانت بۆ کوێ دەبەی، ئەویش گوتی پشیلەمان زۆر بووە.

– وەکی لە بیرت بێ چ ڕۆژێك بوو؟

– لە بیرم نەماوە، بەڵام حەفتەی ڕابردوو بوو.

لێکۆڵینەوەی پۆلیس لەگەڵ ئەردەڵان

– تۆ ئاگاداری بۆ بانگهێشتی پۆلیس کراوی ؟

– نا من بێ خەبەرم!

– کاك کەریم دەناسیت ؟

– کێیە کاك کەریم ؟

– کەریم لاچیتی.

– بەڵێ، دەیناسم جیرانین.
– خەبەرت هەیە کۆتری لێ دزراوە ؟
– بەڵێ.
– چۆنت زانی ؟
– بیستم خەڵك باسیان کرد.
– کاك کریم شکایەتی لە تۆ کردووە.
– لە من؟ بۆچی؟
– دەڵێ تۆ کۆترەکانیت دزیوە
– جا من کۆتری ئەوم بۆچییە ؟
– فرۆشتووتن.
– بە کێ؟ بیهێنن بەرەو ڕووم بێتەوە.
– تۆ تەلیسێکت پڕ لە کۆتر پێ بووە، لە کوێت هێنا بوون؟
– من تەلیسە کۆترم پێ نەبووە
– شاهید هەیە
– کێ؟
– ژنێك بە ناوی فاتم، کە جیرانتانە.
– ئاها.. پوورە فاتم، جا ئەنگۆ بەقسەی وی باوەڕ دەکەن ؟ ئەو هەر خۆشی لە من نایە.
– بۆچی؟
– ناکۆکیمان لە نێواندا بووە، من حەزم لە کچەکەی دەکرد، بەڵام ئەو دژایەتی دەکرد و ماوەیەك لەوەپێش بە مێردی دا، هەمیشە لە هەڵێك دەگەڕێ ئابڕووم بەرێ.
– پۆلیس درێژە بە کاری لێکۆڵینەوە دەدا و ئەگەر بزانێ درۆت کردووە سزات قورستر دەبێت، تا ئەوکاتە تۆ لە زینداندا دەبی.

لێکۆڵینەوەی پۆلیس لە گەڵ کەریم لاچیتی

– تۆ بەڵگەت چییە، کە ئەردەڵان کۆترەکانی تۆی دزیوە.
کەریم: ماوەی مانگێك زیاتر بوو هەموو ڕۆژێ ئەردەڵانم دەدیت ڕووبەڕووی ماڵی مە ڕادەوەستا سەیری کۆترەکانی منی دەکرد، ڕۆژێکیان لێم پرسی، کە بۆ ئەوەندە لەبەر دەرگەی مە ڕادەوستێ و سەیری کۆترەکان دەکا.
– چۆن لەبەر دەرگەوە کۆتری سەربانی ئێوەی دەدیت ؟
– دیواری ماڵی مە زۆر کورتە و کۆترخانەکە بە جوانی دیارە، جگە لەوەش کۆترەکان هەڵدەفڕین و دەیدیتن.
– دەی پاشان چ بوو ؟
– پاشان ئەو کوتی: ئەو کۆترە سپییەم زۆر پێ جوانە، کە تەقڵە لێدەدا پێم بفرۆشە، کۆترەکە ناوی کەوی بوو . من گوتم حازر نیم کەوی بە هیچ پوولێك بدەم، ئەویش قاقای لێدا و گوتی کەوی هی منە و لێتدەکرم و ناویشی دەگۆڕم، ئیدی جیرانەکانیش چەند جارێك دیتبوویان بە بیانووی تۆپی فوتباڵ چووبووە سەربانی مە .
– ئەو ڕۆژە خۆت لە کوێ بووی، کە کۆترەکانیان لێ دزی ؟



– ئێمە هیچ کامان لە ماڵ نەبووین زۆربەی جیرانەکانیش چووبووینە کۆڵانێك ئەولاتر، کە زەماوەند بوو،
– شکت لە کێی دیکەیە ؟
– لە هیچ کەس، من هەر دەڵێم کاری ئەردەڵانە.
یەکەم شەوی زیندان ئەردەڵان خەوی لێ نەدەکەوت، فاروق کە بە تاوانی قەتڵی دەستگیرانی زیندانی کرابوو، لەسەر پشت درێژ ببوو، سێ زیندانی دیکە لە خەو دابوون، فاروق چووە سەرلا تەنیشت و کوتی: ها ئەردەڵان خەوت نایە عادەتت نەگرتووە هێشتا، ئەردەڵان هەستا و لەسەر تەختی خەوەکەی دانیشت، چاوێکی بە زیندانییەکاندا گێڕا و کوتی: ئەی تۆ بۆ نانوی ؟ تۆش عادەتت نەکردووە ؟
– نا من هیچ کات ئەو دەمانە خەوم نایە، حەوت ساڵە هەمیشە ئەو کاتانە وەخەبەرم.
– سەیرە ئاخر بۆچی ؟
– چونکە لەوکاتەدا بوو دەستگیرانی خۆم کوشت، حەوت ساڵە دەستم دەشۆم و دەشۆم، بەڵام بۆنی خوێن ناچێتەوە، تۆ بۆچی گیراوی؟
– دەڵێن کۆترم دزیوە.
فاروق بێدەنگ پێکەنی: کۆتر ؟
– ڕاستت بوێ من کۆترەکانم زۆر خۆش دەوێ، میلەکانی زیندان دەمباتەوە سەردەمی منداڵی، لەبیرمە شەو بوو، بابم تاپڕی بەردەستی خۆی پێدادام ڕامکردە حەسار، گلۆپی ناو حەسار زەرد دایسا، قەفەسێکی گەورەی کۆترمان لە حەسارێ هەبوو، خۆم کرد بە ناو قەفەسەکەدا، تا درەنگان لەوێ بووم، شەوقی گلۆپ پەڕوباڵی کۆترەکانی دەدرەوشاندەوە، بابم هات دەرکی قەفەسەکەی لێ قفڵ دام، کچێکی هاوتەمەنی خۆم، کە ناوی هەڵاڵە بوو کرێگرتەمان بوون، بە دزی بابمەوە، نان و پێخۆری بۆ دەهێنامە ناو قەفەسەکە
– لێرە پیاوێکی لێیە کە سێ منداڵی خۆی کوشتووە، لەسەر سینگی دوو کۆتری گەورەی کێشاوە، دە ساڵە لێرەیە.
– بە بڕوای تۆ من چەندە زیندانی دەبم؟
– ئەگەر دزیت کردبێ و خاوەن ماڵ لێت خۆش نەبێ، لەوانەیە سێ یان شەش مانگ، هەڵبەت ئەرخەیان نیم، پێوندیی بەنرخی ئەو شتەوە هەیە کە دزی بێت، برۆ بنوو منیش کەم کەم خەوم دێ.

لێکۆڵینەوەی پۆلیس لەگەڵ هەڵاڵە

ئێمە بیستوومانە تۆ ئەردەڵان دەناسی؟
– بەڵێ من چاکی دەناسم.
– ئاخر جار کەی بوو دیتت ؟
– دوو ڕۆژ لەوەبەر.

– تۆ دەزانی کۆترەکانی ماڵی کاك کەریم لاچیتی دزراوە؟
– بەڵێ.
– چۆن دزانی ؟
– ئەردەڵان باسی کرد.
– تۆ پێتوایە کێ ئەو دزییەی کردووە ؟
– نازانم.
– هیچ نێوان ناخۆشییەك لەبەینی کاك کەریم و ئەردەڵاندا نەبووە ؟
– نا، ئەردەڵان دەیگوت پێشنیاری بە کاك کەریم کردووە کۆترەکانی پێ بفرۆشێ، بەڵام ئەو کۆترانە ئەوندەیان بایەخ نییە خەڵکی لەسەر محاکمە بکەن.
– بۆ ئێمە گرنگ پەیداکردنی دزەکەیە، کە کارێکی نایاسایی کردووە، هەر بۆیە ئەگەر تۆش یارمەتیمان بدەی سوپاست دەکەین.
– من ئەوەندەی زانیم کوتم، بۆ من ناخۆشە ئەردەڵان بەدز دەرچێ، من ئابڕووم دەچێ.
– بۆچی ئێوە ئابڕووتان دەچێ؟
– چونکو قەرارە ببمە دەستگیرانی.
ئاکامی لێکۆڵینەوەی پۆلیس.
پاش لێکۆڵینەوەی چڕوپڕی پۆلیس لە بابەت پەروەندەی ژمارە ٢٣/١٢٤٥٦ پێوندار بە بابەتی دزی کۆترەکان لە گەڕەکی باخی سیسە، ڕادەگەیەنن لە تاریخی ٢٤,٠٦,١٣٨٥ لە ئاکامی پشکنینی ماڵی ئەردەڵان پەڕوپۆیەکی زۆر کۆترمان بینوە، کە شکی مە زیاد دەکا، کە ئەو دزییە کاری ئەردەڵان بووە، هۆی ئەو کارەش لە ڕوانگەی ئێمەوە بەخیلی و مەبەست لە دزی ئازار گەیاندن بە کاك کەریم لاچیتی بووە، بەتایبەتی کە بۆمان ڕوون بۆتەوە ئەردەڵان چەند جاران پێشنیاری کڕینی کۆترەکانی بە کاك کەریم داوە، بەڵام هێشتا بۆ ئێمە ڕوون نەبۆتەوە کە ئەردەڵان چی بەسەر کۆترەکان هێناوە؟
دواتر کاتێ هەڵاڵە لە ئەردەڵانی پرسی: چیت بەسەر کۆترەکان هێناوە، ئەردەڵان چاوی لە خاڵێکی نادیار بڕی.
– تۆ خەبەرت نییە تەنیا لە ماوەی حەوتویەکدا پشیلە سێ کۆتری لە کۆترەکان خوارد بوو.
– ئەو باسە چ پێوەندیی بە کاری ناحەزی تۆوەداوە، ئابڕوومان چوو، من کە سەرم هەڵنایە.
ئەردەڵان سەری داخست، ئارقەیەك پشت مل و نێوچاوانی تەڕ کرد.
– کاك کەریم کابرایەکی کەمتەرخەمە، پشیلە لێکدا لێکدا ئەو کۆترە جوانانەی دەخوارد، ئەویش هیچی نەدەکرد.
– چ بکا، تفەنگ هەڵگرێ و بچێتە شەڕی پشیلان ؟





– نا بەڵام دەیتوانی لانی کەم دەرکی قەفەسەکە داخات، من چەندین جار پێشنیارم پێکرد کۆترەکان بدا بە من، بەڵام هەر وەڵامی نەداوە، ئەو ڕۆژە کە چووم دەرکەی قەفەس ئاوە لە بوو.
– باشە نەتگوت چیت بەسەر کۆترەکان هێنا ؟ بە کێت فرۆشت؟
– کێ فرۆشت؟ من خۆ دز نیم، ئەگەر دز بام ئەو ڕۆژە کەس لە ماڵ نەبوو، دەمتوانی شتی زۆر بەنرختر بدزم، من کۆترەکانم هەڵگرت، لە ماڵی خۆمان باڵیانم کرد تا نەچنەوە ماڵی کاك کەریم، پاشان ڕۆیشتم لە خانوویەکی چۆڵ لە باخێکدا بەڕەڵام کردن، هەموو ڕۆژێ سەریان لێ دەدەم دان و ئاویان بۆ دادەنێم و پێیان ڕادەگەم.
هەڵاڵە پەنجەی ئەردەڵانی ڕێك گوشی
– تکات لێدەکەم برۆ بیانهێنە بیاندەوە بە کاك کەریم.
– نا هەڵاڵە، ئەوە جەنایەتە من حازر نیم شاهدی لەناوچوونیان بم، جودا لەوەش من مانگێك لە زیندان ڕاگیرام لەپێناوی چی؟ ئەگەر ویستبام ئەو کارە بکەم پێشتر دەمکرد، شتێك بڵێم بڕوام پێدەکەی
هەڵاڵە پەنجەی ئەردەڵانی بەردا
– ئەی بۆ باوەڕ ناکەم
– هەرکات دەمدی کاك کەریم لاشەی پچڕپچڕ و خوێناوی کۆترێك لە سەتڵی زبڵ دەهاوێ، مچوڕکەیەك بە لەشمدا دەهات، پەنجەکانم دەلەرزین هەستم دەکرد منیش کۆترێکی گەورم و لەناکاو پشیلەیەکی گەورە دێ و لەتلەتم دەکا، ئاخر من زۆرجار بە منداڵی لە قەفەسی کۆترەکاندا بووم.
هەڵاڵە، ڕوخساری ئەردەڵانی بیرکەوتەوە، کە ڕەنگپەڕیو لەنێو کۆترەکاندا خۆی حەشار دەدا و ئەویش خۆراکی بۆ دەبرد.
شەوێکیان ئەردەڵان لە ڕێی گەڕانەوە بوو بۆ ماڵ، کۆڵان خەڵوەت و شەوقی گڵۆپی زەردی دارتێلەکان چەند مەتر پێش خۆیان ڕووناك کردبوو، لەناکاو کاك کەریم وەك لە بۆسەدا بێت خۆی هاویشتە پێش ئەردەڵان.
– ڕاوەستە ئەردەڵان با پێکەوە دوو قسە بکەین.
– نا من قسەیەکم نەماوە، تۆ کاری خۆت کرد لە زیندانت کردم، ئابڕووت بردم، قسەیەك نەماوە.
– با زۆر شت هەیە دەبێ باسی بکەین.
ئەردەڵان هەنگاوەکانی توندتر کرد، بەڵام کاك کەریم لە پشتەوە دەستی نایە سەرشانی، ئەردەڵان ئاوڕیدایەوە.
– دەست هەڵگرە، من دەبێ بڕۆم
– قەت بیرت کردبووەوە بۆ دەرکی

قەفەسەکە ئاوەڵا بوو؟

ئــەردەڵان هــەنگاوەکانی شــلکردەوە و ڕاوەستا، ئێستا هەردووک لەژێر شەوقی گڵۆپی دارتیلێکدا ڕاوەستا بوون.

– زۆرم بیر لێکردۆتەوە بەڵام نازانم بۆ؟

– تەنیا ڕێگایەك بوو بۆ تۆڵە

– تێناگەم تۆڵەی چی؟

– تۆ ئاوێژت لە بیر نییە ؟

– با لەبیرمە دوو ساڵ لەوەپێش مرد.

– نەمرد، کوشتیان، جەرگیان کونکون کرد.

ئەردەڵان سەری سووڕما

– کێ کوشتی؟

– کۆترەکان، جەرگیان بە دەندوك کونکون کرد، ئەگینا ئاوێژ ساغ و سەلامەت بوو، لەناکاو دکتۆرەکان گوتیان جەرگی خراپ بووە، ئەوان نەیانزانی کە کۆترەکان وایان بەسەریدا هێناوە.

– ئاخر خۆ کۆتر هەڵۆ نییە، چۆن شتی وادەبێت

– من زۆرجار بیستبووم ڕاگرتنی کۆتر شومی چاك نییە، بەڵام باوەڕم نەدەکرد، ڕۆژێکیان قەرەجێکی فاڵگرەوە، فاڵی بۆ گرتمەوە، فاڵگرەکان بەدەگمەن قسەیەك دەکەن دڵی خەڵك نیگەران بکەن، چونکە مەبەستیان پارەیە، بەڵێ، ئەو پێیگوتم ئازیزترین کەسم لە دەست دەدەم، ئەوەش لە شومیی کۆترەکانە، ئەوکاتە من کۆترێکم بەدەستەوە بوو، ئارەقەیەکم کرد و دەستم شلبۆوە و کۆتر هەڵفڕی، زۆری پێ نەچوو ئاوێژ مرد.

– بە بڕوای من ڕووداوێك بووە و پێوەندیی بە کۆترەوە نییە.

– گوێ بگرە ! من لە فکری تۆڵەدا بووم، هەر بۆیە دەرکی قەفەسم دەکردەوە، تا پشیلەکان هەردەمەی یەکیان ئەنجن بە ئەنجن کەن، بەڵام تۆ هاتی قاتڵی منداڵەکەمەت لەگەڵ خۆت برد، ڕاستی من بیستم پەڕوپۆیان لە ماڵی ئێوە دیتبۆوە، ئەگەر سەرت بڕین نۆشی گیانت بێ...

ئەردەڵان چاوی لە چاوی کاك کەریم کرد، ترسێك دەستەکانی لەرزاند، کاك کەریمی وەك پشیلەیەکی گەورە دەهاتە پێش چاو، بۆ جارێکی دیکە خۆی بیرکەوتەوە وەك کۆترێك لە قەفەسی کۆترەکاندا زیندانی دەکرا، هەر بۆیە بە توندی لە کاتێکدا پەیتاپەیتا بەترسەوە ئاوڕی دەداوە، بە کۆڵاندا تیژ تێپەڕی، تیژتیژ، دەتگوت کۆترێکە باڵی گرتووە.

**بەختیار حەمەسوور**




# سەگەکانی قەسابخانە

نـەدەکرا و کـارێکی زەحمـەت بـوو پێیـان بگوترێ: ئەوە تـەرمی کوڕەکەتانـە. ئـەوەی کـاری ئـەم گوتنـەی پـتر قـورس کردبـوو، ئەوەبوو: چۆن دایك و کچێك بەریتـە سـەر لاشەیەك، کـە تـەنیا ئێسکەکانی مابێتـەوە، ئێـسکەکـانیش، ورد و شـکاو بـن، پاشـان بڵێـی: فـەرموون، ئەمـە ئـەو کوڕەیـە ئێـوە هەفتەیەکـە لـەدووی دەگـەڕێن. ئـەو دایـك و کچە لە ماوەی ئەو هەفتەیەدا، تەواوی خـزم و هـاوڕێ و داوودەزگـە و مەیتخانـەی ئـەم شـارەیان لـە ونبـوونی کوڕەکـەیان ئاگـەدار کردبـوو، دەوروبـەری شـاریان پـشکنی، شـارەکانی دراوسـێ و تەنانـەت پێوەنـدییان بـە دەرەوەی وڵاتیـشەوە کـرد. لـە گـەڕان وەستان، بیریان کـردەوە، نـەبوو. لـە ڕێـی ئـەو ئێـسکە شـکاوانەی لاشـەکەوە، بـەوە دەگەیشتی: کوشتنەکەی بە تێڵا و بـەرد و شـتی لـەو جـۆرە ئەنجامـدراوە. پەراسـووەکانی شـکێندرابوون و سـەری پانکرابوویـەوە، ئێـسقانی قاچـەکانی، ورد کرابوون.

***

بەشـێك لـەو دۆسـییەی ئاسـایش، کـە لـە ماوەی ئەم هەفتەیەدا تایبەت بـەم ڕووداوە تۆمـاری کـردووە و هێـشتا نـەبووە بـە ڕاپۆرت:

قسەی دایکی کوڕە کوژراوەکە:

(بەدەم تێکەڵەیەك لە هەنسك و گریانـەوە)





من، لە تارەی دنیا هەر ئـەم کوڕەم هـەبوو، بـە هـەتیوی و نـەبوونی گـەورەم کـرد، دوو ساڵان بوو، باوکی لە ڕووداوێکی هاتوچۆدا، کۆچی دوایی کرد. لە جێی هەموو کەس بـوو بـۆ مـن و خوشـکەکەی. بـەخـوا کوڕەکـەم ڕۆژێك لـە ڕۆژان کێـشە و مەشـاکیلی لەگـەڵ کەسـدا نـەبووە، سـاڵ دوازدەی مـانگ خـەریکی خوێنـدن و کاسـبی بـوو، قـەت شـتێکی نـەکردووە بـێ پرسـی مـن و خوشکەکەی، بەساقەی سەری بم، بەخوا لـە دووریی وەختە ئاگرم تێبـەر دەبێـت، گوێی شەیتان کەڕ بێت، بێتو شتێکی لێ هاتبێـت، شـێت دەبم. ئـەو ڕۆژەیـش دوانیوەڕۆکـەی پـێش ئـەوەی بـچێتە دەرەوە، گـوتی: دایـە ئەمڕۆ کـەمێك کـارم هەیـە و ڕەنگـە درەنـگ بێمەوە، ئێوە نانی خۆتـان بخۆن، کوێراییم دایێـت، هـەر ئـەو ڕۆیـشتنە بـوو، ئـیتر نەهاتەوە.

قسەی خوشکی کوڕە کوژراوەکە:

براکەم، تـەنیا ئەمـساڵی مـابوو زانکـۆ تـەواو بکـات، دەبـوو بـە موهەندیـسی زەراعـی، خوشکی بمرێ، ئای کە دڵی بە خوێندنەکەی خۆش بوو، بە خوا دایمـە دەیگـوت: خـەڵکی ئـەم شـارە لـە پـارك و باخـچە و گـوڵ و سەوزایی تۆراون، شەرت بێت هەر کە تەعین بووم، دەبێت کارێـك بکـەم، هـەموو خـەڵکی ئـەم شـارە لەگـەڵ پـارك و باخـچە و گـوڵ و سـەوزاییدا ئاشـت بکەمـەوە. حەوشـە چکۆلەکەی ماڵەکەمان، لە سایەی دەسـتی ئـەوەوە، چـوار وەرزی سـاڵ سـەوز و پـڕ ژیان بوو. ئێمە هـەر ئـەومان هـەبوو، دوای دەوام دەچـوو بـۆ کـار، بـژێوی ماڵـەوەمان بەسەر شانی ئەوەوە بوو، هەمیشە هەستم بـەو ماندووبوونـە قورسـە دەکـرد لەسـەر شـانی. بـۆ مـن و دایکـم لـە جێـی بـاوك و هـەموو کەسـوکار بـوو، خـوا نـەکا گـەر شتێکی بەسەر هاتبێت، ئێمە چارەڕەش و ماڵوێران دەبین. چـەند ڕۆژێـك بـوو دیقـەتم دابـوو، زۆر شـپرزە و سـەرقاڵ دەمبـینی، ئـاخیر سروشـتی خـۆی زۆر لەسـەرەخۆ و نـەرم ڕەفتـار بـوو، ڕۆژێـك پێمگـوت: چـی بووە پێم بڵێ، نەیگوت. ئـەو ڕۆژەیـش کـە بـە دایکمـی گـوت: ئیـشم هەیـە و درەنـگ دێمـەوە، مـن، لـە ناخـەوە ترسـام. شەوەکەی دوای نانخواردن تەلـەفۆنم بـۆی کرد، گـوتی: جـارێ نایەمـەوە. نەهاتـەوە. دواتـر، شـەو درەنـگ هـەر دیـار نـەبوو، تەلـەفۆنم بـۆی کـردەوە، هـەڵی نـەگرت، دیسان کردمەوە، دیسان هـەڵی نەگرتـەوە، سێیەمجار کردم، مۆبایلەکەی کوژابووەوە.

قـسەی نـزیکترین هـاوڕێی کـۆڵانی کـوڕە کوژراوەکە:

منـداڵی یـەك گـەڕەکین و پێکـەوە گـەورە بـووین، دنیایـەك یادەوەریمـان پێکـەوە

هەیە، بەڵام بڕواناکەم ئەوانە هیچی سوودی بۆ ئەم لێکۆڵینەوەی ئێوە هەبێت. وەك گوتم: من، نزیکترین هاوڕێی کۆڵانی بووم، بە درێژایی هەموو ئەو ساڵانەی پێکەوە بووین، تا ئێستە نەمبینیوە شەڕێك یان ناخۆشییەکی لەگەڵ کەسێکدا هەبووبێت، زۆر بێدەنگ بوو، هەرگیز لە منداڵی ئەم گەڕەکی (سەرشەقام)ە نەدەچوو، ئاخیر ڕەنگە بزانن و بیستبێتتان، ئێمەی منداڵانی ئەم گەڕەکە، بە شەڕانی و عەجوول، بەناوبانگ بووین. شتێك کە لێی تێنەدەگەیشتم، ئەوەبوو هەستم دەکرد نهێنییەك هەیە و زۆر ئازاری دەدات، بەردەوام لە هەوڵی شاردنەوەیدا بوو، چەند جار ویستوومە ئەو شتەی پێ بدرکێنم، بەڵام نەمتوانیوە و ئەویش هیچی نەگوتووە. دواجار کە یەکمان بینی، عەسری ئەو ڕۆژە بوو کە تێیدا دیار نەما، گوتی: ئێوارە هەندێك کارم هەیە، ڕەنگە درەنگ بێمەوە، شەو دەتبینمەوە. نەمبینیەوە.

قسەی نزیکترین هاوڕێی زانکۆی کوڕە کوژراوەکە:

من، ماوەی سێ ساڵە ئەم کوڕەم ناسیوە، ئەویش لە ڕێی زانکۆوە. ئێمە لە سەروەختی دەوامدا و لە دەرەوەیش، وەکو هاوڕێکانمان دەزانن، نزیکترین کەس بووین لەیەکەوە، هێندە تێکەڵ بووین، بەشێك لە ئوستادەکانی زانکۆ، ناوەکانیان تێکەڵ دەکردین. ئەوەی لەم کوڕەدا بۆ من جێی سەرنج بوو، ئەوە بوو: زیاد لە ڕادە بێدەنگ و مەنگ بوو، کەمدووترین مرۆڤێك تا ئێستە ناسیبێتم، ئەم کوڕە بووە. زۆرێك لە خوێندکارەکانی هاوڕێمان، بەتایبەت کچەکان، چەند جار گلەیی ئەوەیان لای من کردووە: بۆ ئەوەندە کەمدوو و دوورەپەرێزە؟ پێی بڵێ با وا نەبێت. پێمگوت، گوتی: سروشتی خۆم وایە. ماوەی ئەم سێ ساڵە، بەردەوام هەستم کردووە شتێك هەیە و لە منی دەشارێتەوە، دەمزانی شتەکە گەورەیە و گوتنی زەحمەتە، زۆر یارمەتیم دەدا هێندە لە خۆیدا نەیهێڵێتەوە، لانیکەم بە منی بڵێت، بەڵام بێسوود بوو. دواجار کە یەکترمان بینی، دوو ڕۆژ بەر لەم ونبوونەی بوو، لە باخی گشتی یەکترمان بینی، ماوەیەك بوو، بەهۆی پشووی هاوینەوە ڕووبەڕوو یەکمان نەبینبوو. شەوی ئەو ڕۆژەیش کە تێیدا ون بوو، لە ڕێی فەیسبووکەوە کەمێك دواین. من وەك هەمیشە لە هەوڵی زانینی نهێنییە شاراوەکانی ئەودا، ئەمجارەیش مایەپووچ بووم، بەڵام دوایین کۆمێنتی کە بۆ منی نووسیوە، دەیسەلمێنێ: لە چاوەڕوانیی ڕوودانی ڕووداوێکدا بووە، نووسیویەتی:





ژیان لە نهێنیدا، چاوەڕوانکردنی مردنێکە بە ئازار.

قسەی چەند قەسابێك، دۆزەرەوانی کوڕە کوژراوەکە:

(لە زمانی یەك لە قەسابەکانەوە) ئەوە دەڵێین کە بینیومانە: ئەو ڕۆژە دوای کار، دوای چاککردنی حەیوانگەلی زۆر لە گەورە و بچووك، هەریەکەمان چەقۆ و کێرد و قەمە و تەوراس و کۆتە و مەستە و پێوستییەکانی ترمان کۆکردەوە، لەگەڵ برادەراندا لە قەسابخانەکە هاتینە دەرەوە، ئێمە ماندوو بووین، بەڵام نەدەکرا چاو لەو سەیلە بپۆشین کە سەد مەترێك لەو لای قەسابخانەکەوە سەر کەلاکێك کەوتبوون و دەمیان تێوەردابوو، بۆیە دەڵێم کەلاك، چونکە لەبەر زۆری سەگەکان هیچی وامان لێوە دیار نەبوو، بەڵام هەر زوو یەك دووانێك لەم برادەرانە، لە ژێر کەڵبەی سەگەکاندا، درکیان بە دوو قاچی مرۆڤێك کرد. پاشتر هەموومان چووینە سەر لاشەکە، بە حاڵێکی زۆر خراپ توانیمان سەگەلەکە دوور بخەینەوە، بەڵام پاش چی، پاش ئەوەی بینیمان سەگەکان تەنیا ئێسکەکەیان هێشتبوویەوە، تەواوی گۆشتەکەیان خواردبوو، جلوبەرگێکی وای لەبەردا نەبوو، دیار بوو بە ڕووتی کوشتبوویان، ئەو پارچەیەیش پێوەی بوو، پێدەچوو دەرپێکورت یان فانیلەی ژێرەوەی بێت، بەدەم کەڵبەی سەگەکانەوە ونجڕونجڕ بووبوو. تاکە شتێك یارمەتیدەر بوو بۆ ئێمە و پاشانیش بۆ ئێوە، ناسنامەکەی بوو، کە چەند مەترێك لە دووری تەرمەکەوە کەوتبوو، پێدەچێ ئەو کەسانەی تەرمەکەیان لێرەدا فڕێداوە، بەئەنقەست بەجێیان هێشتبێت، یان دەشگونجێ لە شپرزەییدا لێیان کەوتبێت. ئێمە پێمانوایە: ئەم کوڕە، لە جێیەکی تردا و دوور لە ئێرە کوژراوە، پاشان هێنراوە و خراوەتە بەردەم سەگەکانی قەسابخانە، ئەمەیش ئەوپەڕی سووکایەتی و بێحورمەتییە بە لاشەی ئەم کوڕە. دیارە بکوژانی، بە ڕقێکی ئەستوور و زۆر داخ لە دڵانەوە، ئەم کارەیان ئەنجامداوە. ماوەی هەفتەیەك بوو هەواڵی ونبوونی کوڕێکمان بیستبوو، کە تەنیا دایکێك و خوشکێکی هەیە، ئێمەیش هاتین و ئێوەمان لەو تەرمە ئاگەدار کردەوە، وەك ئێستەیش دەزانین، ئەمە تەرمی هەمان ئەو کوڕەیە کە دایك و خوشکەکەی، هەفتەیەکە بە دوایدا دەگەڕێن.

# جەژنی لەدایکبوون

**سلاڤمیر مرژۆک**

**لە فارسییەوە: ئازاد نەجم**

چوووبوومە لای پارێزەرەکەم، باڵەخانەکەشی جێگەی شك و گومان بوو، لە پشتی دەرگا تۆڕییەکان و گەڵای گوڵە کاغەزییەکانەوە، ڕووناکییەکی کەم دەڕژایە ژووریّ. خانمی خاوەن ماڵ لەسەر موبێلێکی بە ڕووپۆشی سپیی داپۆشراو، پاڵی دابۆوە. لیباسێکی بەنەخشی پەپوولەی لەبەردابوو. پەپوولەی گەورە و بەرچاو.

هەرکاتیّ ئۆتۆمبێلێکی باری، یان هەر هۆکارێکی گواستنەوەی لەوشێوەیە بەکۆڵانێدا تێپەڕیبا، دەنکە شووشەکانی ئەو سورەیایەی، کە بەسەرسەری منەوە هەڵواسرابوو، بەریەك دەکەوتن و دەکەوتنە جرینگە جرینگ.

کاتیّ وردە وردە چاوم لەگەڵ ڕووناکییەکەی نێو باڵەخانەکە ڕاهات، لە سووچێکی ژوورەکەدا، بەرامبەر خۆم، چاوم بە قەفەسێکی سەر ئاوەڵا کەوت. قەفەسەکە وەك قەفەسی ئەو منداڵانە بوو، کە تازە بەسەرپیّ دەکەون و بەرزییەکی باشی هەبوو و لەنێویدا و لەپشت میلە دارینەکانییەوە مێزێکی بچووك و لە پشتی مێزەکەشەوە پیاوێك دانیشتبوو و سەرگەرمی چنین بوو، لەبەر ئەوەی خانمی خاوەن ماڵ ئەوی پیّ نەناساندم و تەنانەت یەك جاریش چییە سەیری نەکرد، منیش بەباشم نەزانی سەبارەت بەو بابەتە هیچ پرسیارێکی لێبکەم.

زۆر مەراقم بوو بزانم ئەو پیاوە لەنێو ئەو قەفەسەدا چ دەکا؟ تەنانەت تووشی دڵەڕاوکێش هاتم، بەڵام هەرچۆنێك بوو دانم بەخۆمدا گرت و وا خۆم نیشاندا کە هەر نەشمبینیوە.

سەرەنجام دوای تێپەڕینی چەند خولەکێك، کە بۆ ئەمجۆرە دیدارانە زیادیشە، لە جێگەی خۆم بڵند بووم و خواحافیزیم کرد.

لە کاتی چوونە دەرەوەدا چاوقایمانە سەیرێکی قەفەسە بچووکەکەم کرد، بەڵام تەنیا توانیم لایەکی ڕوخساری ببینم، کە خۆی بەسەر پارچەیەکدا نووشتاندبۆوە و شتی دەچنی.

خاتوونی پارێزەر، لە کاتێکدا بەرەو دەرگای دەریّ بەڕێی دەکردم، بەوپەڕی میهرەبانییەوە پێی گوتم کە دەبیّ ڕۆژی شەممەی هەفتەی داهاتوو لە جەژنی لەدایکبوونی هاوسەرەکەییدا بەشداربم.

لەبەر ئەوەی تازە هاتبوومە ئەو شارە، ئەوەی کە لە ماڵی پارێزەرەکەدا بینیم و بەرچاوم کەوت، بە یەکێك لە تایبەتمەندی و داب و نەریتەکانی خەڵکی شارەکە تێیگەیشتم و ئومێدەوار بووم شەممەی داهاتوو شتێکی لیّ هەڵکرێنم.

شەوی شەممە، جلوبەرگێکی پۆشتەم لەبەرکرد و بەرەو ڤێلاکەی بەڕێز پارێزەر وەڕیّ کەوتم. خانووەکە لەنێو ڕووناکیدا غورق ببوو و لە دوورەوە دەدرەوشایەوە . کەمێکیش لەولاتر، لە بنکەی ژاندرمان، کردبوویانە جەژن و ئاهەنگگێڕان و ئاگربازی. ئەمەش نیشانی دەدا کە بنکەی ژاندرمەش بە بۆنەی لەدایکبوونی بەڕێز پارێزەر و ڕاوێژکاری شارەوە بەشداری ئاهەنگەکە دەکەن.

لە دەرگە دارینەکەوە چوومە ژووریّ. ئەو ڕاڕەوەی کە لە دەرگەی باڵەخانەکەوە دەچوویە ژووریّ وەك ڕۆژ ڕوون بوو و کرابووە چراخان. لەوێڕا یەکڕاست چوومە نێو باڵەخانەکە. تیشك و چراخان چاوی

مرۆڤیان کوێر دەکرد. مۆبیلەکان بۆ ئەوەی سەرپۆشیان پێدابدرێ، سپیی دەچوونەوە. سەیرێکی ڕوخساری سووری کەشیش و ڕوخساری زەردی خاتوون و کاکی دەرمانسازم کرد.

دکتۆر و خانمەکەی – کە سەرۆکایەتی ڕێکخراوێکی دەکرد و خاوەنی کارگەیەکی قەڵەم دروستکردنیش بوو – لەگەڵ بەڕێز پارێزەر و هاوسەرەکەیدا پێشوازییان لێکردم. لە حاڵێکدا کە بەدەم پیرۆزبایی لێکردنی بەڕێز پارێزەرەوە، دیارییەکەی خۆم دەدایە بەڕێز پارێزەر ، خاتوونی خاوەن ماڵ – کە جلوبەرگی شەوێی دلەبەرکردبوون و شاڵێکی لە دەوری گەردنییەوە پێچابوو – داوای لێکردم دانیشم.

چەندی هەوڵمدا هیچ هەلێکم بۆ هەڵنەکەوت. بۆ یەکەم جار کاتێ توانیم بەدەم قسەکردنەوە چاوێك بەنێو ژوورەکەدا بگێڕم و توانیم لەو شلۆغیەدا بێ ئەوەی کەسیان هەستم پێبکەن، سەرم وەرسووڕێنم.

بەڵێ! بەهەڵەدا نەچووبووم، لە سووچێکی ژوورەکەدا و لەژێر نەخلێکدا قەفەسێك هەبوو و لەنێویدا پیاوێك ڕاکشابوو، کە بە بەراورد لەگەڵ جاری پێشتردا قەد و قیافە و ڕوخساری ڕێکوپێکتر دەهاتە بەرچاوان. دەستەکانی لەسەر دەموچاوی دانابوون هەڵاژیابوو. تا ئەو جێگەیەی کە دەشیا و ئاسایی بوو، سەرم بەرەو ئەو گۆشەیە وەرسووڕاند و تێمڕوانی. دیاربوو ئەوانەی تر میوانی بەردەوامی ماڵی پارێزەر بوون، بۆیە هیچ گرینگیەکیان بە قەفەس و پیاوەکەی ناوی نەدەدا. هەروەك لەو جۆرە جەژنانەدا باوە، بەدەنگی بەرز و بەگەرمی لەنێو خۆیاندا کەوتبوونە قسەکردن.

کابرای نێو قەفەسەکە دەتگوت هەستی بە نیگاکانی من کردووە، چەند جارێك پێڵوەکانی هەڵبڕین، بەڵام دووبارە چووەوە نێو دۆخی پێشووی. دۆخی بێبایەخی و گرینگی پێنەدان.

لە کاتی قسەکردن لەگەڵ کابرای دەرمانساز و کەشیشدا، لە ناخی خۆمدا بە سووربوون و پێداگرییەوە – لەوانەیە بێهودەش بێت – هەوڵم دەدا وەڵامێك بۆ پرسیاری ئەو قەفەسە و پیاوەکەی نێوی بدۆزمەوە.

دەرگاکە خرایە سەرپشت و خزمەتکارەکان مێزێکیان بەڕاکێش ڕاکێش هێنایە نێوەندی ژوورەکە. چەقۆ و چنگاڵ و دەفریان لەسەر دانان. خۆراك و بتڵی جۆراوجۆر و





ڕەنگاوڕەنگیان لەسەر ڕیز کردن. دواتر منداڵەکانی بەڕێز پارێزەریش هاتن و لەگەڵماندا دانیشتن. دیمەنی خۆراك و خواردنەوەکانی سەر مێزەکە، شۆڕ و شەوقێکی زیاتر بەمیوانەکان بەخشی.

دوای بەتاڵبوونی یەکەمین جامی شەراب، کەشێکی شاد باڵی بەسەر دانیشتنەکەدا کێشا. لەپڕ لەنێو پرمەی پێکەنینی خاتوونەکان و شۆخی و گاڵتەی پیاوەکاندا، دەنگی گۆرانییەك بیسترا، کابرای نێو قەفەس تێی هەڵکردبوو: " ڤۆلگا ... ڤۆلگا ..."

ئاوازێکی خەماوی و بیرهێنەرەوەی یادەوەرییەکان، هاوڕیتمی ڕیشەکەی دەستی بوو، کە بەژێیەکانی (بالالایکا*) کەیدا دەهێنا.

ئامادەبووانی سەرمێزەکە، هیچ بایەخێکی ئەوتۆیان بەو گۆرانییە نەدا، کە کابرای نێو قەفەس دەستی پێکردبوو. دەتگوت باڵندەیەکی سەرگەردان هاتۆتە ژووری و هەندێك چریکاندویەتی و لەشەقەی باڵی داوە و ڕۆیشتووە ...

کابرای نێو قەفەس، دوای ئەو گۆرانییە، دەستی بە گوتنی گۆرانی " چاوە ڕەشەکانی " و دوای ئەو گۆرانییەش بە دوای یەکدا چەند گۆرانی شادتر و گەرمتری لە چەشنی سروودی " ئێمەی لاوان" ی گوت.

لەم کاتەدا میوەیان هێنا، هەورێك لە دووکەڵی جگەرە بەسەر مێزی نانخواردنەکەوە پێچی دەخوارد. بینیم منداڵەکانی بەڕێز پارێزەر دوای ئەوەی مۆڵەتیان لە دایکیان وەرگرت، بتڵی کۆنیاکە ئالوبالوەکەیان لەسەر مێزەکە هەڵگرت و بەرەو قەفەسەکە چوون و لە دەرگاکەیەوە بتڵەکەیان بۆ ئاودیو کرد و ئەویش بەوپەڕی ئاسوودەیی و خۆشحاڵییەوە دەستی کرد بەخواردنەوە.

دواتر دوو یا سێ کۆپلەی لە سروودی"بۆ پێشەوە ئەی سەربازانی ئازادیی" و دواتریش سروودی " تراکتۆرچییەکان" ی گوت.

من خەریکبووم لەگەڵ کەشیشدا سەبارەت بە تیۆرەکەی داروین قسەمان دەکرد، بەڵام بەو هۆیەوە نەمدەتوانی بیر و هزرم کۆبکەمەوە. هەموو هۆش و گۆشم لای ئەو بوو.

کەشیش بەڵگەی دەهێنایەوە کە: " هەندێك کەس بانگەشە بۆ ئەوە دەکەن کە گوایە مرۆڤ لە ڕەچەڵەکی مەیموونە ... زۆر

باشە! خۆ شتێك لێرەدا ڕوون و ئاشكرایە، ئەو كەسانەی ئەم بانگەشە و پڕوپاگەندانە دەكەن بەدڵنیاییەوە و بێ ئەملاو ئەولا خۆیان لە نەوە و نەتیژەی مەیموونن".

گەرچی منیش لەژێر كاریگەری كحولدا بڕێك مەنگ و گێژ ببووم، بەڵام هەرچۆنێك هەبوو بۆم دەركەوت كە كحول كاریگەری خۆی لەسەر كابرای نێو قەفەسەكەش داناوە.

خاوەن ماڵ – كە پێدەچوو تازە هەستی بەسەرسوورمانی من كردبێ – بەپێكەنینەوە لێی پرسیم: دەزانی ئەوە كێیە؟ ئەوە حەز و سەلیقەی جوانی خانمەكەمە. حەزی لەوە نەبوو بۆ ڕازاندنەوە و جوانكردنی ماڵ كەناری و ئەو جۆرە باڵندانە بكڕێ. دەیگوت ڕاگرتنی باڵندە و ماڵندە بۆ ڕازاندنەوەی ماڵ و شتی لەو بابەتە شتێكی ژێرپێ كەوتوو و سواوە. بۆیە شۆڕشگێڕێكم بۆ گرت و كردمە قەفەسەوە. مەترسێ! ماڵی بووە.

میوانە مەست و شادەكان، لەنێو ئاوازی دەریای بالالایكای كابرای نێو قەفەس ڕۆچووبوون و بەڕێز پارێزەریش خەریكی ڕوونكردنەوەی زیاتر بوو:" خەڵكی ئێرەشە ... چەند ساڵێك لەمەوبەر كێوی بوو، تەنانەت هەندێك زیانیشی پێگەیاندین، بەڵام ئێستا بەتەواوی ماڵی بووە، بۆ خۆتان دەیبینین ئێستا بەوپەڕی دڵنیاییەوە دەتوانین لە ماڵێدا ڕایگرین ... گوڵدۆزی دەكا، بالالایكا دەژەنێ، ئاواز دەخوێنێ ... ئەڵبەتە شتێكی ئاساییشە كە هەندێك جار مات دەبێ و دەكەوێتەوە یادی ژیانی ڕابردووی".

منیش بە بڕێك شەرمەوە ڕای خۆمم دەربڕی: " لەوانەیە حەزی ئازادی لەگیانیدا هەبێت و حەزبكات جار جار باڵێك لێكبدا، لەبیرتان نەچێ هەرچییەك بێت شۆڕشگێڕێكە".

دكتۆر بەم قسەیەی من بڕێك نیگەران بوو و گوتی: " بۆ پێتوایە لە ماڵی مەدا خراپی لێدەگوزەرێ؟ ژیانێكی دابینكراو و خەیاڵێكی ئاسوودە و تەنانەت تۆسقاڵێك خەم و خەفەت چییە نییەتی! ... تەنانەت وا بەخێومان كردووە و ڕامانهێناوە لەنێو دەستماندا نان دەخوات. خۆ بۆخۆت بینیت! ئێستا یەك زەڕە چییە مەترسی نەماوە! لە جەژنی ساڵڕۆژی سەربەخۆیی وڵات و ساڵڕۆژی شۆڕشیشدا دوو ڕۆژان بەری دەدەین تا بۆخۆی بڕێك باڵان لێكدا و بسووڕێتەوە ... دەڕوا و پاشان بۆخۆی دێتەوە. خۆشت دەزانی شارەكەی ئێمە ئەوەندە گەورە نییە تابڵێی دەڕوا و لە





شوێنێك خۆی قایم دەكا".

ئەو ساتەی كە كاكی پارێزەر خەریك بوو سەی بۆ من دەكرد، كابرای نێو قەفەس كە دەتگوت دەزانی لەبارەی ویەوە قسان دەكەین سەری بەولادا وەرسووڕاند و گنج و لۆچی ڕوخساری وەدەركەوتن.

كەشیشیش كە خەریك بوو بە چنگاڵ پارچە پەنیرێكی بۆ دەمی دەبرد، چنگاڵ بەدەست، لە جێگای خۆی وشك بوو. بێدەنگییەك بەسەر هەمواندا زاڵبوو. سەرۆكی ڕێكخراو، كەوچكە چایەكەی لەدەست بەربۆوە. تەنانەت بەڕێز پارێزەریش داچڵەكی.

بەڵام ئەو نیگایەكی نامۆیانەی گرتە میوانەكان و بالالایكایەكەی بەسینگییەوە نووساند و دەستی پێكرد:" بەرەو پەناگاكان، ئەی زەحەتكێشانی كرێكار ...".

هەموان هەناسەیەكی ئاسوودەیان هەڵكێشا، كەشیشیش پەنیرەكەی خوارد. هەموان بەوپەڕی حەزەوە گوێیاندایە ئاوازی بالالایكا.

پارێزەر لەپێكی كێشا بەڕانی خۆیدا و بەخۆشحاڵییەوە گوتی: "دەگمەنە"

دەرمانساز لە پێكەنینا شین و مۆر بۆوە و سەرۆكی ڕێكخراویش لە پێكەنینا چاوەكانی پڕ لەئاو بون.

خاتوونی پارێزەر، كە بڕێك نیگەران دەهاتە بەرچاوان، ڕووی لە مێردەكەی كرد و

گوتی: "خۆشەویستم! كاتەكەی درەنگە، باشتر نییە منداڵەكان بچن بنون؟ دەچم بەتانییەكیش بەو قەفەسەدا دەدەم بەسە با ئەمشەو چیتر نەخوێنێ".

بەڕێز پارێزەریش وەڵامیدایەوە و گوتی: " ڕاست دەكەی درەنگە، ئێستا ئیدی كاتی ئەوەیە شۆڕشگێڕ بنوێ".

بەترێكی شەو تێپەڕی بوو، دوایین میوان من بووم. بەڕێز پارێزەر بەخۆشحاڵییەوە سوپاسی هاتنەكەمی كرد و منیش خوداحافیزیم كرد.

لە كاتی ڕۆیشتندا بەتەنیشت قەفەسەكەدا تێپەڕیم، بەتانییەكی گەورەی كوڵك درێژیان – كە وێنەی گوڵی وەنەشەی بەسەرەوە بوو – بە قەفەسەكەدا دابوو. هەستم كرد لەژێر بەتانییەكەوە دەنگی بالالایكا دێت. بەڵێ! دڵنیا بووم یەكێك لەژێر بەتانییەكەوە خەریكە سروودی " ئاخرین شەڕە شەڕی سەرومالْ..." دەچڕێ.

سەرچاوە/
http://www.dibache.com

# ئاخاوتنی ئاسنین

ن/ ل. ئیسماعیلۆف
لە عەرەبییەوە/ گرفتار کاکەیی

* خۆشمت دەوێ.
– خۆشتم دەوێ.
* زۆر؟
– زۆر زۆر.
* با هاوسەرگیری بکەین.
– باشە، من لەگەڵ ئەوەدام.
* کەواتە چی ڕێگەمان لێدەگرێت؟
– هیچ ڕێگرمان نییە.
* کەواتە با بڕۆین هاوسەرگیریی بکەین.
– با بڕۆین.. ئەی لە کوێ بژین؟
* باشە... سەرەتا با بەدوای ژوورێکدا بگەڕێین.
– وایە، ڕازیم. بەڵام بە چی کرێی ژوورەکە بدەین؟
* دەچینە خوێندنی ئێواران و بە ڕۆژیش دەستدەکەین بە کارکردن.
– ئەمە شتێکی باشە. ئەی کێ چێشت لێدەنێت؟
* دایکم چێشتی باش لێدەنێت و با داپیرەشت بێت ژوورەکەمان خاوێن





بکاتەوە.
– چاکە..
* باشە، ئەی بۆچی هاوسەرگیری بکەین؟
– منداڵمان دەبێت، بەخێوی دەکەین.
* ئینجا دەگری، دەبێت کاتی بۆ تەرخان بکەین، خواردنی بدەینێ، بۆ سینەماش ناچین، ساڵی جارێك دەچین بۆ شانۆ.
– بەڕاست، کەواتە منداڵ ناهێنین، سەگێك دەکڕین.
* گەر سەگمان پێ بێت لێناگەڕێن بچینە ژوورەوە بۆ شانۆ.
– کەواتە سەگ ناکڕین، بە ئارەزووی خۆمان دەچین بۆ شانۆ و سینەما.
* باشە، بەڵام لە ڕاستیدا ئێستاش بە ئارەزووی خۆمان بەدرێژایی ساڵ هاتووچۆی سینەما و شانۆ دەکەین.
– هاتوچۆ بکەین.. باشە، ئینجا؟
* بەڵام هەمیشە پێکەوە دەبین.
– ئەوە تۆ دەتەوێت هەمیشە پێکەوە بین؟
* بەڕاست، هەمیشە، ببوورە، ئەوە زۆر زۆرە..
– کە کار بکەین واتە: نەك هەمیشە.
* ئەوەش مانای وایە کە کارمان کرد بۆ ئەوەی هەمیشە پێکەوە نەبین؟ ئێستا ئێمە کار ناکەین و لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە پێکەوە نین. وا نییە؟
– باشە، کەواتە کار ناکەین.
* ئەمەش بەو واتایەی پارەمان نەبێت پێکەوە بژێین.
– ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت کە ناکرێت پێکەوە ژوورێك بگرین؟
* ئەگەر ژوورمان نەبێت، کەواتە دایکم لە ماڵی خۆمان چێشت لێدەنێت و داپیرەشت ماڵی خۆتان خاوێن دەکاتەوە.
– بەڕاست، وادیارە ئێمە هاوسەرگیریی ناکەین.
* ئەی من چیم وت؟
– لە کۆتاییدا با واز لەوە بێنین، چ جیاوازییەك هەیە گەر ژن و مێرد بین یان نا؟
* گرنگ ئەوەیە ئێمە یەکترمان خۆشدەوێت.
– خۆشمت دەوێت؟
* بەڵێ.
– زۆر خۆشمت دەوێت؟
* زۆر زۆر.
– کەواتە با هاوسەرگیریی بکەین...



فریاد ئەحمەد

# حەوت سەدەیە جێتهێشتووین

## ئەم نامەیە بۆ شەکاوەترین ژن

بەبێ تۆ ئێمە چی بووین؟ کۆمەڵێ مندالی سەرگەردان.. هەتیوی لەجادە کەوتوو.. کۆمەڵێ هاوڕێی سەمەرە بووین و کەسمان نەماندەزانی بەرەو کوێ هەنگاو دەنێین! نەماندەزانێ لە کوێوە دەستمان پێکردووە و دەمانەوێ بچینەوە بۆ کوێ! کە تۆ ڕۆیشتی کەس نەبوو وانەی باران بلێتەوە.. کەس نەبوو پێمان بلێ بارانتان خۆش بوێ، کە تۆ لەوێ نەبووی کەس گوێی لەگڤەی _با_ نەگرت، هیچ کەسی جورئەتەی ئەوەی نەکرد لە پەنجەرەوە سەیری ئاسمان و چڵی دارە وشکبووەکان بکات، بۆ ڕۆیشتی ئەی هاونەفەس بۆ ڕۆیشتی.. کە تۆ دەتزانی بەم سەفەرە کورتەت هەموو دڵنەوایی و ئۆقرە و ئاسوودەییەکان لەگەڵ خۆت دەبەی.. بۆ ڕۆیشتی؟.

ئێستا بەبێ تۆ من چی بکەم؟! چۆن ئەم هەموو ڕۆژە دوور و درێژانە بەبێ نووری چاوەکانی تۆ تێپەڕێنم! گەر بەئومێدی بینینەوەی بەیانیانی تۆ نەبم چۆن ئەم شەوە تاریک و نوتەکانەم دەگوزەرێی و ڕۆژم لێدەبێتەوە !.

نازانم بۆ هەستدەکەم کە تۆ بووی بەسەرداری ئەم دڵە بێ نوورەم، تۆ بووی بە چرای گەشبینی من و لەشەوەتاریک و ڕەشەکانمدا ورد ورد بۆم دەسووتێی، ئیتر من وای دادەنێم کە تۆ ڕۆشنکەرەوەی ڕێگای ئەم پیاوە بێچارەیەی.. تۆ جۆکاستای ئەم ئۆدیبە سیاچارەیەی..

جۆکاستای من وەرە و لەگەڵ خۆتم بەرە، بۆ هەرکوێ دەچی گرنگ نییە، بۆ هەر جەهەننەمێك دەمبەی کێشە نییە، گرنگ ئەوەی لەگەڵ خۆتم ببەی، چونکە من ئیتر هەست دەکەم، ژیانم بەبێ حزوری نووری چاوەگەشەکانت، پووچە.

تۆ ئەی خۆرەتاوی میهرەبانی من.. وەك پێغەمبەرێك وەرە و لەم زوڵمەتە دەرمبێنە، تاریکی تەواوی دەروونی داگرتووم. چارلی چاپڵن لەنامەکەیدا بۆ ژیرالدینی کچی دەنووسێت "گەورەترین ئەڵماسی دنیا خۆرە، کە خۆشبەختانە بێ جیاوازی بۆ هەمووومان دەدرەوشێتەوە".

من دەمەوێت تۆ ئەڵماسی منبی و تەنیا و تەنیا بۆ من بدرەوشێیتەوە، گەر تۆم هەبێ من درەوشانەوەی خۆرم ناوێ.. ئەی خۆرەتاوی من ئەی بۆنی باران، کە تۆم هەبێ ئەستێرە و مانگ بۆ ئەوان.. ئەی درەوشانەوەی من ئەی پەلکەزێڕینە، کە ڕەنگی خەنەیی تۆم هەبێت هەموو سەوزایی بەهار بۆ ئەوان.. ئەی تریفەی مانگەشەو ئەی ناسکتر لە پەڕی گوڵ، من دەمەوێت تۆم هەبیت ئەی نیلوفەرەکەی خۆم.

چەند کوشندە بوو ئەو ساتەی بەنازێکەوە وتت بۆ حەوت سەدە جێتانەهێڵم..! ئەوە چەند سەدە لە سەفەرە کوشندەکەت تێپەڕی و من هەر چاوەڕوانم دەکردی و تۆ هەر دیار نەبووی.. کەی دەگەڕێیتەوە نازەنینەکەم، کەی خەمی ئەم تەنیاییە مەرگهێنەرەی من کۆتایی پێدێنی کچە سپیکەلانەکەی بەر نەرمەبارانی دوا نیوەڕوانی پایز، هەر هەمان ئەو پایزەی بەجێتهێشتووم وەرەوە و لەگەڵ خۆتدا گەڵای دارسنەوبەرێك بێنە و لەسەری بنووسە، منیش خۆشمدەوێی، لەوێوە





گزنگ ٩٣



تشرینی دووەم ٢٠١١

دەچـینە پـارکی حەنانەتـەوە و لەسـەر دارێکی قەد بڵندی وەك باڵات ڕێك.. وێنەی کۆنە شانۆیەکی سۆڤیەتی کۆن دەکێشین و لەسەر تەختەی شانۆکەش تیرێك بەردڵی هەردووکمان کەوتووە، ئـیتر وەك ڕۆمیـۆ و جولێت دەبینە حیکایەتی سەرزاری هـەموو عاشقەکانی ئەم وڵاتـە هەمەجییە، لەسـەر هـەمان شـانۆ تـۆ بـە دەنگـە ئەفـسووناوییەکەت، کـە پێدەچـی لـە غەیبەوە هاتبێ دەوری جۆلێتیکی نـازدار و بێگـەرد دەبـینی و منـیش وەك هەمیـشە دەوری پیـاوێکی بـێ بـاك و عاشـق بەرجەستە دەکەم. لەبیرت بـێ کـە مـن بـە هـۆی عەشـقی تـۆوە دەمـرم، هەمیـشە شانازیش بـەو مردنـە جوانەمـەوە دەکـەم، کۆتاییەکانی ژیانیشم نـاودەنێم "جـوانترین مـردن"، نیـچە وتـی: "پیـاوە گـەورەکان هـەرکاتی هەسـت بکـەن ژیانیـان مانـای نەماوە، ئیتر خۆکوژی دەکـەن" کـاتی کـە تۆ نەبی ئەی مامۆستای بـاران.. کـاتێ کـە تۆ گۆرانی بۆ شکستەکانی من نـەڵێی ئـەی خاك و خۆڵی نیشتیمان بەرائەت.. ئیتر مـن ژیانم مانایەکی نابێ.. ئەی ئـەمیرەی سـەر عەرشی مەملەکەتی ئەم دڵە مەلولـەم، مـن بەبێ تۆ دەمـرم، بـەڵام نـاخوازم تـۆ خـۆت

بکـوژی، چـونکە دەمـەوێت هـەموو ڕۆژانـی پێنجـشەمەیەك بێیتـە سـەر گۆڕەکـەم و باوەش بە خۆڵی سەر گۆڕەکەمدا بکـەیت و بـەو دەنگـە میتافیزیکیـەت گـۆرانی بـۆ تـاریکی گۆڕەکـەم بڵێیـت و گۆڕەکـەم پڕبکـەی لـە نـووری ئەبەدییـەتی خـۆت، ئێستا خـەون بـەو ڕۆژەوە دەبیـنم کـە مـن مـردووم و تـۆ بـە دەسـتێ جلـی ڕەش ڕەشـەوە لـە ڤالانتیانـا دێیـت و گـوڵێکی سـوور لەسـەر گۆڕەکـەم دادەنێیـت و پـێم دەڵێـی "منـیش خۆشـم دەویـستی، بـەڵام نەریتـە ناحـەزەکانی مەملەکەتـە چەقبەسـتووەکەم ڕێـی نـەدام پێـت بڵـێم خۆشمـدەوێی".. پـێم دەڵێـی "توخـوا بمبـوورە.. بمبـوورە کـە دڵـم ئێـشانی.. عەفومکـە دەسـم نـا بەڕووتـەوە و بەتووڕەییـەوە پـێم وتـی تـۆ شـێتی". تـۆ ئەی فەڕەحی ئـەم دڵـەی مـن دەتبـوورم.. منیش لەناو گۆڕەکەمـەوە هـاوار دەکـەم و پێت دەڵـێم دەتبـوورم نازەنینەکـەم، ئـیتر لـەو ڕۆژەوە مـن و تـۆ دەبـین بـە دوو سەمەرەترین عاشقی سەر ئەم ئەستێرەیە و تـۆ هـەموو پێنجـشەمەیەك دێـی بـۆ سەردانم، ئەوکات مـن زۆر ئاسـوودە دەبم، چـونکە ئەمـە خـەونی منداڵیمـە، هـەر لـە







منداڵییـەوە خـەونم بـەوەوە دەبـینی، کـە چـیرۆکی مـن لـە هـی کەسـی تـر نەچـێت، دڵڕەقـی تـۆ وادەکـات کـە چـیرۆکی مـن لەوانیتر نەچێت، تـۆ ئـەی بـەختیاری ئـەم پیـاوە مـردووە.. سـوپاس.. سـوپاس، بـۆ ئەو هەموو بێ ڕەحمییەت، کە وایکـرد مـن ببمە ئەفسانەی نێـو حیکایەتـەکان و هـەتا هـەتا خـەڵکی بملێنـەوە، خـۆ ئەمەشـیان خـەونی هەرزەکاریمـە و هەمیـشە حـەزم کردووە نەمربم و خەڵکی وەك گۆرانییـەکی تەواونەکراو بملێنەوە.

ئـیتر دەمانلێنـەوە.. دەبینـە پرسـیارێکی گـەردوونی و دەچـینە نێـو کتێبـە پیرۆزەکانەوە و بـۆ ئەبـەد ون نـابین، ئـیتر مـن و تـۆ دوو عاشـقترین مرۆڤـی نێـو دوو دنیای جیـاوازین و مـن لـە جیهـانی بـەرز و تۆش لەسەر ئەم ئەستێرەیە، ئیتر لـە ڕێـی تەلەپاتییەوە هەستەکانمان دەگۆڕینـەوە و هەمیشە ڕۆحمان لە نزیك یەکەوەیە و قـەد بە جەستەش بەیەك ناگـەین، مـن و تـۆ لـە عاریفـەکانیش ناچـین، ڕێگایـەك بـۆ مومارەسەکردنی عەشـق دەدۆزینـەوە، نـە عەشـقی مـەجازی و نەعەشـقی عاریفانـە پـەییان پێـی نـەبردووە، تـۆ سـێوێکم

پێدەدەی کە حەوا بە ئادەمی نـەداوە، تـۆ .. تۆ ئەی باران.. تۆ ئەی گـەڵای خەنـەیی پایزانی ئەم دنیا بێ خەیاڵە.. هەمیـشە لـە نزیکمـەوەی، دوای ئـەوەی داوای گەڕانـەوەی مـن دەکـەی بۆسـەر ئـەم ئەستێرە خوێناویە، من بۆ هەناسـەیەکیش ناگەڕێمەوە. من ئیتر لە نێرڤانادام و تـۆش چاوەڕوانی هەڵاتنی خۆری لە مەغریبەوە.



چنار نامیق

# درەنگە

درەنگە بۆ ئاشتبوونەوەی
گەلاّ و لقی ئەو درەختانەی
بە قسەی پایز
دەستیان لەیکتر ترازان
پاش پەژموردەیی
جێژوان نابەسرێتەوە
کووره دەشکێ
هەنگوین دەرژێ
دڵی هەنگ ئاشتناکرێتەوە
ئەمێستا
بەتەنها ڕۆحم نایێشێ



گزنگ ۹۲
تشرینی دووەم ۲۰۱۱

ئازار پانتایی ناخیش دەگرێتەوە
چیت داوە لە مەملەکەتی ئاوەدانی
کە بێدەنگی تاپۆت دەکا
و
نامۆیی لە ڕۆحتا جێی خۆی کردۆتەوە
بە تەنها ڕۆحم نایێشێ
ناخیش بە ئازار تەنراوە
تاڵەکانی پرچم وەرسن بەدەم باوە
دڵیان نایەت جێم بهێڵن
نەبا ئەندێشەم ( با ) بیبا
لەم ئاپۆرایشدا تەنهام
ئەندێشەم لە شوێنی ترە
گەر مەلێکی هەڵتەبی
واتایەک نییە بۆ فڕین
کێ دەتوانێ نامۆیەک
بە نیشتیمانێکی سەرەڕێ
ئاشناکاتەوە؟



چنوور نامیق

(†)

له هەرێمی تەڕ و تووشی
حوزنا
پیاسەکانم ئەچنییەوە
ناکاو
هاتی
چیتر ڕێ نابەمەوە
بۆ ماڵ

لێرە بەتۆمەتی
ئەوین
تاوان ڕووم
دائەگیرسێنێ
تا تۆ بەر پێی
خۆت ببینی
ئیتر تۆ مۆمت پێ ناوێ
ئێستا ژنێکی تواوەی
درۆیەکی
خەیاڵبوونتم
پێکەکانت گشت
بشکێنە و
وشەکانت
کۆبکەوە

لەم چیرۆکە
کەڕ و لاڵەی بەشی باشوور
دەنگی حەلاج
تێکەڵ درۆکانمان ئەبێ
لێوەکانم ئەسڕمەوە
ماچەکانم پەشیمانییان
لێ ئەتکێ!!

لێرە ئەگەمە ئامێزت
لەناو خەونی ئەفلاتون و
وڕێنەکانی سوکرات و
بێ مانایی عەشقم بۆتۆ
روحم لە زەینی خاچێکدا
ئاوا ئەبێ









ڕێبین ئەحمەد خدر

# گەر گورگ بوومایە

دەستەکانم کۆن بوون
دڵم مۆدێلی هەشتا و شەشە
هێشتا منداڵێکی بچکۆلەم
تێدەگەم ئەم ڕووناکییە ساختە و کۆپییە،
تەنانەت ئەو خۆرەش لەبەر گیراوەتەوە و
ئێمە مانگی ئەسڵیشمان نەدیوە
قاچەکانم پیربوون و..
سەرم بیست و پێنج ساڵە دەژی
کەرەستەی جەستەی من وردە وردە کەم
دەبێتەوە

هێشتا تێدەگەم ئەم گالیسکە شکاوە
تۆسقاڵێک بە ڕێگای خۆیدا نەڕۆیشتووە
خراپ ڕێی ونکردووە زۆر خراپ..
ڕێواس من لە نەوەی پیاوە
ئەشکەوتنشینەکانم
بەڵام هیچ لە ڕاووشکار نازانم
باوکم گوتەنی: گەر گورگ بوومایە
لەبرسان دەمردم
قەترەیەکیش دڵدارییم نەکردووە
دڵداریی ..هاهاها







لە شیعرەکانمدا کەم کچ هەن
گەر هەشبن ڕەنگە بووبنە پایسکل و
ئۆتۆمبێل
پسوولەی ژیانی من سەرگەردانییە
هەمووان شوێن و کاری خۆیان دۆزییەوە
من نەبێ
لە ئایندە بۆم ڕوون دەبێتەوە
بە مووشەک بوونەوەرە عەنتیکەکان منیان
فڕاندووە بۆ زەمین
ڕەنگە دایکی من سێ چاوی هەبێت و
بەدڵێکی پڕ لە وایەرەوە
چاوەڕێم بکات
حیکایەتی من کۆنە
نازانم سواری پلیکانەی کارەبایی بم و
لە وێنەکاندا پێبکەنم
نازانم چۆن کچ شەیدای خۆم بکەم و
بیکەمە شیرینی خۆم
من هەر بیر لەوە دەکەمەوە
دەستەکانم کۆن بوون و
تا ئێستا یەک مەمکم نەگوشیوە
سەرم بیست و پێنج ساڵە دەژی
هێشتا لەبری بۆنی پرچ هەر دووکەڵ
خەزن دەکا
کۆڵانەکانیش هیچ
هەر منداڵانن تۆپێنێ دەکەن و

هەر ژنێکە و زەوی ئاو دەدا
هەموو خەڵکی بوونەتە دۆستی تەلەفزیۆن
و دراماکان
منیش هەر چپس دەخۆم و کتێب
ڕیزدەکەم
خەڵکانی بەختەوەر زۆرن و من خەڵک نییم
ڕەنگە لە فیلم کارتۆن هاتبمە دەرەوە و
پشیلەکە ڕاوی نابم
کەرەستەی جەستەی من وردە وردە
کەم دەبێتەوە و..
تێدەگەم ئەم ڕووناکییە ساختەیە
بەڵام چیتر خۆم ماتڵ ناکەم
بیر لە بوونەوەرە عەنتیکەکان
دەکەمەوە
لە خزمانی خۆم
خەمی دایکمە
دەزانم ئێستا لە شوێنێکی زۆر دوور لە
زەمین
بە سێ چاو بۆم دەگری و
بەدڵێکی پڕ لە وایەرەوە
چاوەڕێم دەکا..



زمكان عەزیز

# شووشەیەک شەراب خاڵیم دەکاو دەمشکێنێ ئەمشەو

١.

پڕم لە خاڵی
ئەم شەو
هەر من و هەر شووشەیەک
هەر ئەو و هەر من
منی خاڵی و ئەوی پڕ
من نیوە دەبم کە نیوەی ئەو دەخۆمەوە
ئەو پڕ دەبێ کە ڕووتوقوتی دەکەمەوە
لەگەڵ خۆی دەمخەوێنێ
ئەوی خاڵی و منی پڕ

٢.

دەرگایەکی تەزیو لەودیو پیامادەکێشێ
شووشەیە شەرابە
ئەم ئێوارەیە .. باڵی گرتووم و
لەسەر شەقامەکە ڕامەکێشێ
فرێم دەداتە ناو کوچەی مەی و
سووچە چۆڵەکانی خەیاڵ
لەو شەقامە هەموو دەرگاکان دەمناسنەوە
هەر من دەرگاکەی خۆم ناناسمەوە
شووشەیەک دەمباتەوە
.. ئەمشەو
لەسەر سنگی خەیاڵ دەمخەوێنێ

٣.

دواهەمین سەرخۆشی ئەو مەیخانە منم





ئەمشەو
بەسەر شانی شووشەیەکەوە
شۆڕدەبمەوە
دەمباتەوە و
ڕامەخات دڵۆپ دڵۆپ گازم لێدەگرێت
ڕامەخا من نوستووم
ئەو ئەتکم دەکات
نوستوو بووم
بەیانی لەسەر لیباسە شەرابییەکەی
چڕنوکێکی بەجێهێشتبوو

٤.

دوو دەنک ترێم خستە ناو چاوەکانمەوە
ئەمشەو
ملی ئەم شووشە دەگرم و
قوڵپ قوڵپ دەیڕژێنمە ناو خۆمەوە
خاڵیم دەکا و خاڵی دەکەمەوە
ئەمشەو .. تامی ئەو شووشە لێو تەڕە
.. تاڵ .. تاڵڵڵڵڵڵڵڵڵڵ
بە پەنجە شمشاڵییەکانی
تەلی گیتاری .. گریانم دەژەنێت

٥.

بە تەنیشتمەوە شووشەیەک لەسەر
شان کەوتووە
ئەو شووشە
ئەمشەو
جگەرەیەک لە ناومدا دەسووتێنێ و
دەست و پەنجە تەزیوەکانی
فرێ دەداتە ناومەوە
ئەم شووشە لێو خەنەییە
ئەو شووشە سەرخۆشە
ئەمشەو
دەم بە لێوەکانمەوە دەنێ و
مژێک بۆ ئەو سیغارە سەر قەترانییەش
ناهێڵێتەوە
داگیرسان لە دوای داگیرسان
.. مژ لە دوای مژ
دواهەمین کوژانەوەم و
تەپڵەکێکی پڕم لە سووتان
ژوورەکەشم پڕ دەبێ لە بۆنی گوڵە تووتن
بە تەنیشتمەوە هەنووکە شووشەیەک
.. لەسەرشان کەوتووە

٦.

گەورەم بکە ئەی بچووک
تا هەمیشە بچووکت بم

لەم شووشەدا
کە سەرخۆش دەبین
هەموومان بچووک دەبینەوە
کە مەستیشین .. شووشەکان دەشکێنین

٧.
دوێنێ بوو تەنیایی بەیانیشی لێبردمەوە
ئەو شووشە لە ژوورەکەمدا
شکاوە و
منی بەسەر تەنیاییدا ڕژاندووە
تەنیایش لە من مەسترە
ئەمشەو

٨.
مەستانە ئەو کچەی لە ناو شووشەیەک
شەرابدا دەتگرێ
ئەمشەو
تامی تفتی میوە پیرەکەی عەدەمە
تەرزی منداڵی لە پەنجەرەکەم
.. هەڵپێچیوە
ئەو پەنجەرە دەمێکە
نووزەی ڕووناکی لێوە نایەت
میوی عەدەم
شەو نییە دەنکە ترێیەکم تێنەگرێ و
مەستانەش بۆ سەما بەرزم نەکاتەوە
سەما لەناو شەو

لە ڤیژەی بێدەنگی دڵم کەڕ بوو

ئەمشەو
پەرداخە شکاوەکەی بێدەنگی
تامی تفتی خۆمی گرتووە
.. یان
خۆمم لەسەر لێواری کەوتن
ئەمشەو
وەختە بکەوم و بڕژێمە ناو
شووشەکەوە

٩.
گەڕام تا لە ناو خۆڵەکەدا خۆمم دۆزییەوە

ئەمشەو
ئەو شووشە شەرابە
دەمنۆشێت و دەمشکێنێت
بە خاکەنازی زبڵەکە کۆم دەکاتەوە و
فڕێم دەداتە ناو خۆڵەکەوە

١٠.
لە حەرەمسەراکەی شەرابدا منم تەنیا

ئەمشەو
ئەو شووشە بەسەر خۆمدا دەرێژم
پرچی تەڕی خەیاڵ
بەسەر سنگە پیرەکەی تەنیاییدا دێنم
بەیانی تەنیاترین سەرخۆشم
بۆنی ترێم گرتووە
١١.
من ئەهلی شکانم ئەی موعتاد





ئەمشەو
ئەو شووشە
لە من تەنکترە بۆ شکان
لەم کوڵە پشتە موعتادەی مەستبووندا
.. قومێ
منی لە ناو شووشەیەکدا هەڵگرتووە
سەرم دەنێتەوە و دەمگەیەنێت
لێوێکی بەرسیلەیی لەو مەیخانەدا
بە موچڕکێکەوە دەمخواتەوە
.. ئەمشەو
لە ناو ئەم خەڵوەتە
شووشەیەک بە پێوە وەستاوە
لە پەنایەوە بە پێوە دەنووم
بەیانی ئەو کەوتووە و
دڵۆپێکی تێدا ماوە بۆ موعتادێکی ئەم
خەراباتە

١٢.
کە شەو دێت بە تەنیشتمەوە چرایەکی
دووگیان و شووشەیەکی لێو تەڕ
دەمێننەوە

ئەمشەو
ئەو پیرە میوە
چنگی لە پەنجەرەکەم دەکەمەوە و
لە بنەوە دەیبڕمەوە
بەیانی کە خۆر هات
پەنجەرەکەم لەبەر پێیدا ڕادەخەم
ئەگەر ئەم شەو ئەو شووشە نەمشکێنێ

١٣.
ئەمشەو ئەو شووشە ڕەدوم دەخات
ئەمشەو
ئەو شووشە .. لێو خەنەییە
.. ئاسکێکە
گۆی مەمکی کچە ڕەدو کەوتوویەکە
.. لە ناو عارەقی تەنیاییمدا
ترسە نیگای ئامۆزاکانی نقوم دەکات

١٤.
چەند مەستم مەستانە ئەمشەو من لە ناو
ژووری ساردا
ئەو شووشە
ئەمشەو
بەر لە شکانی و دوای شکانم
دەیخۆمەوە
ئەگەر چی لەسەر نووکی پێکانم
بەسەر لێواری تەنیاییەوە
ئەمشەو
من و مەستانە سەما دەکەین

١٥.
لەودیو لە دەرگا دەدەم و لەم دیو
نایکەمەوە بۆ خۆم

ئەمشەو

.. شکان

بە دەست و پەنجەی خۆم لە دەرگای

ژوورەکەم دەدا

شووشەکەشم

بە دەست و پەنجەی خۆی دەرگاکە

دادەخاتەوە

.. لەودیو دەرگاکەوەیە

.. لەمدیو دەرگاکەوەم

لەسەر ڕێگەی هاتنە و

گەڕانەوەی لە کەنارێکدا بە دەریاوە

بەستۆتەوە

لە مەیخانەکاندا ئێستا خۆی مەیگێڕە و

کوچە چۆڵەکانی پڕ لە خەیاڵ کردووە

.. شووشەخان

ئەگەر تۆ ئەو دەرگایە نەکەیتەوە

نارژێیت و منیش ناشکێم

١٦.

لەو سەری کۆڵانەکە دەنگی پێیەک ماوە

ئەو شووشە

!! ئەمشەو .. ئەسپێکی شەکەتە

حیلەیەکیشی تێدا نەماوە

١٧.

لەو ڕێگەیە کلیلێک کەوتووە لەو شارەش

دەرگایەک ناکرێتەوە

ئەمشەو

من و پیرە میوەکەین

دوو گەڵای زەردی لە چاو کردووە و

لە پەنجەرەکەوە تەماشام دەکات

لەودیو دەرگاکەمەوە .. شکان

دەچپێنێ و پێم دەڵێ .. پاشای گەورەم

بیکەوە .. ئیدی

سەرهەڵگرتن .. دەرگاکە لەگەڵ خۆی

دەبات و

کلیلەکەش دەخاتە ناو دەستی پیاوێکی

مەستەوە

١٨.

مەمشکێنە با نەڕژێم

ئەمشەو

لەو شووشە دەچم

زوو دەشکێ و زوو دەڕژێ

شکان منم و ڕژانیش ئەو

ئەویش لە من دەچێ

کە دەشکێ زوو دەڕژێ

١٩.

ئێستا دەتبینم لەودیو ئەی تەنهاترین خەم

وەرە

ئەمشەو .. شووشەیەک شەرابم بەرێ

تا گڕی چراکەم سەمایەکی تێدا ماوە

وەرە

ئەم ژوورە .. کەم کەم .. ئەی شکان







بمخەرە سەر لێوت .. خۆم دەتوێمەوە

وەرە

لەم ژوورە من و پیرە شەوێکین

بەختە ڕەشەکانمان سپی دەکەینەوە

ئەگەر هاتی لە درزەکانەوە

.. وەرە

دەرگای ژوورەکەم لەو دەمەوە

نە دادەخرێ و نە دەکرێتەوە

ئەی خەمی شۆخ

ئەو شووشە بدە دەستم بە قومێ

سەرخۆشمکە

تۆ لە مەستبوون سەرخۆشتری

تۆ لە من تەنیاترو لە ترێیەک شەرابتری

لە من خاڵیترو لە شووشەیەک پڕتری

شکان .. ئەوە منم

لەو دیو پەنجەرەکەتەوە .. تەماشاکە

کۆترێکی هەڵنیشتووم

٢٠.

من پڕم .. پڕترین لە تۆ

ئەمشەو .. مەستم

دڵیشم پڕە لە شووشە

پەنجەرەکەت دامەخە .. چاوەڕێی خۆمم

نەبا ئەمشەو لای تۆ مەست بێ

ئەی خەمی ماندوو

ئەگەر هاتی دەتبەمەوە ناو ژوورەکەم

ژوورەکەشم لەسەر ڕێی تۆیە

... تۆ

٢١.

پیاوێکی پیر لە دوای جەنازەکەی خۆیەوە

شمشاڵ دەژەنێت

ژوورەکەم

پڕبووە لە باڵی پەپوولە

پڕ بووە لە خاڵخاڵۆکە و

.. پڕە لە خاڵی کۆتایی

هێلانەیەکە .. پڕە لە هێلکەی شکاو

مەیخانەیەکە پڕە لە شووشە

شەقامێکی پڕ لە یاخیبوونە

لەم ژوورەدا .. کتێبێک دەمخوێنێتەوە و

شووشەیەک دەمنووسێتەوە

شمشاڵێک دەمژەنێ و

چرایەک فووم لێدەکات

خەیاڵێک دەمکوژێنێتەوە و

شکانیش کۆمدەکاتەوە

لەو ژوورەدا شووشەیەک ڕژاوە و

پیاوێکیش مەست



**فەیسەڵ هەمەوەندی**

# پێدەشتێک لە سەمفۆنیای ماتەمینی

لە سیلەی ئەم ماتەمینیە.. گوێ ڕادێری
شتێ لە گێڕانەوەی ئەوێ دەبیستی
وەک ئەوەی مناڵێک بگری
ژنێک شیوەن بکا
پیرێک بە ئازاردا بێتەوە
کچۆڵەیەک یەکەم ڕۆژی بێ بۆ قوتابخانە
تا دایکی دەستی نەگرێ
پێنازانێ کام ڕێ دەیباتەوە ئەوێ
ئاسمان شۆڕ نابێتەوە
تا ئێمە نەچین

سـکلاکانمان لـە پەنجـەرەی هـەورەوە
بدەین بە خوا
ئێمە لە هەورا ون بووین
ئەودەمـەی نووسـتن دونیـای لـە خـۆی
ئاڵکاندبوو
ئێمە بە ئەرزوحاڵەکانمانەوە
چـاوەڕێبووین کـۆدی شمـشێرەکان
بکەینەوە
چاومان پەڕیبووە پشتی سەرمان
سەرمان ئینجانەی چاوەڕوانی بوو





سروودێ بە نەزمی فەرموودەکان
بردینیەوە بەر میحرابێکی سەوز
ئێمە زیکرمان دەکرد
نوێـژی شـەوێکی پاڕانـەوەمان بـۆ بـاران
رادەسپارد
کە شمشێرەکان هاتنە سەما
ئێمە لەودیوی هەورەکانەوە
بە بەر چاوی خواوە
دراینە بەر دەسرێژی قورئان

* *

لەم سیمفۆنیای ماتەمینە
دڵێک پڕ بە رووحیانەت،
شتێک لە هزری ئەندێشاوی مرۆڤ دەچێ
لە تەک ئێسکە شمشاڵ و قامکە نۆتەییەکان
بەدەم حیکایەتخوانێک
لە سەر ..شاشەی هەستی ئێمە
بە مانایەک لە تێکشکان و داماڵین
لەسەر نەزمی حەیرانێک
بە ئاراستەیی عەشق و
لە سورەتی بادێکی خۆشمروور و
بە هەوارێکی حەسرەتەوە
دێنە سەر باسێک لە دیوەخان چ باسە و
هێـدی هێـدی خـەڵکی دەدەنـە بەرسـەفەری
سیمفۆنیا
مەست مەست بە دونیایەک لە ئاشوب

خەیاڵ خەیاڵ بە نوزانەوەی رووح
سەما لەودیوی رووح هەڵکێشان
بەزیکرەوە بۆ ناوادەیی دەبنە چپەو
دەچنەوە ناخی ئاسمان
– –
ئێمە نەماندەزانی..
سەفەر.. ناچێتەوە بن هیچ دارێک و
داریش رەگ بە حەوادا نادا
چۆلەکەکان موزیربوون
بەرەبەیان جریوەیان بۆ تیشکی خۆری
پشت گەلادارەکان دەچڕی
ئەویش بێدەنگ
بە گوێسەوانەی خانوەکانەوە
ئاوێزانبوو
ئێمە نەماندەزانی..
چرا نەچێتەوە باخەڵی رۆژ
ئاسمانێکی شین هەڵنایا
نەماندەزانی..
باران مۆڵەتی پێنیەو
لە نۆتەی شەوێکی سەرما بردەیی
لە گشت پەنجەرەیێک دەدات و
ئەودیوی تاریکیمان
لێ دەکا بە ویناى ئەندشیەو
لەپڕ بە خۆڕ دەباری
ئەو دەمێکە ئاشنایە بە سرووشت
دەمێکە لە سەربانەکانمان دەدات و
لە عیشوەی تەرباوی خۆی ناکەوێ

× ×

کچێک لە بادەیەک مەی مەلە دەکا
تا مەستر بڕوانێتە خۆی
شەرم شەقامێکی پڕ لە چاڵ و چۆڵیە
خۆی بە چاڵێکی تر بۆ پڕ ناکرێتەوە
زەماوەند ..لە دێر زەمانەوە
هەر هەڵپەڕکێمان فێر دەکا
کۆترەکان بە دوو مانا فێر کراون بۆ هەڵفڕین
سەرێ بۆ یاخیبوون لە ڕەنگی سپی و
سەرێ تر لە سەر خوانی ئاشتی
باوکم لە ئەزەلەوە
بوە بە دروێشی زرکلێدان و
خوێن بە باڵایا دەچۆڕێ
پیاوێک لەو بەری ئیدراکەوە
تابلۆیەکی هەڵخستوە
کەس لێی ناکڕێ
کەس پارە نادا بە شتی وا
ئەوەی لە خەیاڵدا دەگەڕێ
پشوی بن دارسێوێکە
یا دەس لەملانی جۆرێک لە ئاو
کەسێ ئەم دەوارە هەڵناداتەوە
نەک مەتەڵێکی بە دواوە بێ
کەسێ لە پاینەوە بە چارەنووسدا هەڵناگەڕێ
نەک بۆی موتوربە نەکرێ

ڕۆیشتن لەم سەفەری ناوادەییە
وەک ئاڵکانە شەڕ وایە
هەڵاتن تەنها بۆ خۆر نیە
هەیە بۆ ئاو هەڵدێ
لە با هەڵدێ
هەشە بە درێژایی تەمەن ..ئەو هەر هەڵدێ
ئەم میحرابی قەدەر دۆستە
ناچێتەوە سەر مەدرەسەی ..نالی
مەحوی ناگرێتە خۆی
قوباد ناخوێنێتەوە
شێرکۆ ناخاتە باخەڵی خەیاڵەکانی خۆی
لەتیف هەڵمەتی بۆ ناشاردرێتەوە
لە کەرکوک ڕەنجێکی تر نازێنێ و
دەستێ بە قژ خاتوو نەجیبەئەحمەدا ناهێنێ
مەتەڵەکانی نەنکم هەر ماون
کەسێ گوێیان لێ ناگرێ
ئەو بن بەردەکان هەڵدەداتەوە
خەڵکی داستان ناخوێننەوە چ جای ناولەپی ئێسکێ
خەڵکی لە یەک پۆلا خڕبوونەتەوە
مامۆستایەکیان دەوێ..نووکتەباز
قوتابیەکی ریش چەرموو
ئەو پۆلەی کردووەتە ماڵ و تیا دەرناچێ
قوتابیەکی تر







سەرقاڵی ئەی ڕەقیبەو
وانەکانی تری بۆ ئەزبەر ناکرێ
سەری ساڵ ..
دیسانەوە..وانەی پار دەڵێنەوە
دارا دوو داری سووتان

زۆر کەس هێشتا لای روون نیە
ناسنامەی ئاولە بێرەنگی ولە بێتامی
یانی چی
پەنجەرەی ئاو لە ماسی بۆ ناکرێتەوە
ئاو بۆ سەر بەرەو خوار ئەڕوا
هەڵم بۆ ئاسمان

تا کوێ قەراخ ڕێنمایی ئاو دەکات

نا..ئاو هەر خۆی فێرە
کام سەرەو خواریە
بیکا بە ڕێ
کەس نازانێ..ئەو دەنگانەی کەمتر باون
بۆ ناگەنە گوێ
بۆچ خەڵکی ئەو سیمفۆنیانەی جەنگ
ترۆ دەکەن
لەو هۆڵانەی حەسرەت نەبێ
من گوێم لەو ئاوازانە بوە
هەزار و یەک ناوی خوا دەبا
خوا..

توخوا
لە دوائاوازی بێنازی ژێ
وەک شمشاڵەکەی قالە مڕە
نوتەش ئەمرێ
هەموو شتێ تەواو دەبێ
هەموو ڕەنجێ لەتەک بادا سەفەر دەکا
تەنیا خوا نەبێ
____________________

حەسەن جومعە

# به نائومێدییەوه سەودای ئومێد دەکەین!

شار تاساوە
کەس هەناسەی دەرنایێت
گومان لە دروست بوونی خۆمان
دەکەین
ڕقمان لە سێبەری خۆمان دەبێتەوە
چەندین ئاگر چواردەورمانی تەنیوە
تەنها مێشکمان هەڵدەقرچێنێت و...
هیچی تر
هۆشمان پەڕیوە و هەموو ساتێك
بە نائومێدییەوە
سەودای ئومێد دەکەین





بەڵام تروسکاییەکمان وەچنگ
ناکەوێت
ناچار دەبین بەرەو چوار دیوار بکەوینە ڕێ
لە ئامێزی مەرگدا خۆمان وێنا
دەکەین
کەچی نامرین!
سەر بڵند دەکەین شەقامەکان
بێ درەختن
تا بنۆڕین خەراباتە
هەرکە تەماشای یەکدیش دەکەین
لە نهێنی چاوەکاندا
فرمێسکی تیمساحی بەدی
دەکەین
جارجارێکیش زەردەیەکی تاڵ
بەسەر لێوەکاندا سەمایەکی
شێتانە دەکەن
لەپڕ لە ئاسۆی لێوەکان
ئاوا دەبن



مستەفای سەیدمینە/سەنگەسەر

# پایز

خەزەڵوەرێنە و هەر گڤەی بایە
چیمەن خەمبارە و خۆی لێ بەلاَیە
پایز پاڵەیە لەسەر سەوزایـــی
لە هەموو لاوە مەرگی گەڵاَیـــە

....................

دار خۆی دەرنێت و گیانی دەلەرزێ
گەڵاَی زەرد بۆتە فەرشی سەر عەرزێ
گوڵزار سەرانسەر مات و خامۆشـە
بێدەرەتانە بە هەموو تـــــەرزێ





....................

جوانیی زەرد و کز مات و داماوە
سەرمای خەزەڵوەر لە هەستی داوە
بێهەست و خوستە و ڕەنگی پەڕیوە
لەشکری پایز گـــەمـــارۆی داوە

......................

پایز هەرچەندە وا خۆی ڕاناوە
داسی لە ملی خونچە و گوڵ ناوە
یاسای خودایە، بەهاری ڕەنگین
لە هەناویدا خۆی حەشـــارداوە

# نۆ کەرتە شیعری

# مەحمود مەغریبی



و: هێمن عومەر خۆشناو

(۱)

بیابانێکی کاکی بە کاکی

شەوەکەم، هۆ شەویٚ

بگەڕێوە و ببە توێشوو

ببە هاوڕیٚ

**

(۲)

ئەریٚ هۆ پشکۆ

لە دوورەوە ئۆقرە بگرە و بکەوەخوار

جەستەم ساردە هەموو

تۆ تۆیش هێشتا

هەر یاخی و چەقاوەسوو

**

(۳)

بگەڕێوە لام

هەموو ئەو ئاگرانە

دەبنەوە ساردێکی سەلامەت

**

(٤)

خۆشەویستیت زۆر تاقیکردەوە

بۆچی هەر جارەی لە حزوری دادەنیشتی

دەبوویە شاگردێکی کەودەن و گەلۆر؟

**

(٥)

ئەوینت مێرغوزاری منە







کەواتە نە ترسەو نە کوڕەو

**

(٦)

ئەی لات

هەموو ئەو دووری و دوورەپەرێزیەت...

وەک کەرپە شەکری سەر لێوم

دەتوێتەوە

***

(٧)

هۆ ڕۆژووگر

بگەڕێوە میرغوزاری من

خۆ مێرگی من

خورمایەکی بەلەزەتە

**

(٨)

ئەی ئەو سوارچاکەی لە دوورەوەی

لێرە قەلاکەم چاوەڕێیە

**

سەرچاوە:

گۆڤاری أبابیل. ژمارە (٤٠) ئاياری ۲۰۱۰

شیعری مەحمود مەغربی

مەحمود مەغریبی شاعیرێکی میسرییە و لە مانگی شووباتی ساڵی ۱۹٦۲ لەدایکبووە، لە کۆتایی حەفتاکانەوە دەستی بە شیعر نووسین کردووە، لە زۆربەی گۆڤار و ڕۆژنامە ئەدەبییەکانی میسر و وڵاتانی عەرەبی شیعری بڵاوکردۆتەوە.

# چاوپێکەوتنی شپیگل ئۆنلاین

# لەگەڵ نووسەری چینی لیو یئو



**وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە**

**مەجید دڵنیا**





**شپیگل ئۆنلاین: بەڕێز لیۆ، تا ماوەیەکی کورت پێش ئێستاش لەلایەن دەسەڵاتدارانی چینەوە بردنەدەرەوە و بڵاوکردنەوەی کارەکانی بەڕێزت قەدەغەکرابوون، ئێستا هاتوویتە ئێرە و دەربارەی ساتەکانی ناو زیندانت کتێبێکت لەگەڵ خۆتدا هێناوە. ئەمە تووشی مەترسیت ناکات ؟**

لیۆ: من پێش ئەوەی سەفەرەکەم بکەم، بەتەمابووم بە کاربەدەستان بڵێم کتێبەکەم بەناوی (بۆ گۆرانییەك و سەت گۆرانی) لە دەرەوە بڵاوناکەمەوە. دەزگای بڵاوکردنەوەی فیشەر لەبەر حاڵەتی ئاسایشی من، سێ جار کاتی بڵاوکردنەوەی کتێبەکەمی دواخستووە، بەڵام من چیتر ئامادەنیم بۆ ئەوەی ڕێم پێبدەن سەفەری دەرەوە بکەم، وەك بارمتەیەك لە چیندا ڕابگیرێم. پابەندبوونی خۆم پێداون، هەرچەندە ڕێکەوتنێکی لەم چەشنە بۆ نووسەرێك ئەگەر هەستی پێبکەین بۆخۆی جۆرێکە لە سووکایەتی. شتی هەرە سەرەکی بەلای منەوە نووسینە لەسەر ئازادی و بڵاوکردنەوەیەتی، لەبەر ئەوەیە کە من ئەمڕۆ لەبەرامبەر تۆدا لێرە دانیشتووم.

**شپیگل ئۆنلاین: دەتانەوێ تا چەند لێرە بمێننەوە؟**

لیۆ: چەند کات بۆ کتێبەکەم پێویست بکات ئەوەندە دەمێنمەوە، دوای ئەوە سەفەردەکەم بۆ ئەمەریکا، دواتر بۆ ئوستراليا. دوای ساڵی ٢٠١٢بۆ یەك ساڵ مینحەیەکی دیراسیم هەیە، ئەوکاتە لە بەرلین بەسەردەبەم، بەڵام هیوادارم کە ئەو تاك حکومڕانییەی چین بگۆڕدرێت، تا بەدڵنیاییەوە بگەڕێمەوە بۆ چین.

**شپیگل ئۆنلاین: لەبەر ئەوەی تۆ ساڵی ١٩٨٩ شیعرێکت دەربارەی کوشتارگای (مەیدانی تیانانمن) نووسیوە، چوار ساڵ لەسەر ئەو شیعرە لە زینداندا لێی دانیشتی، لەناو زینداندا ئازاردان تووشی دارمانی کردی و دووجاریش هەوڵتدا خۆت بکوژیت. چۆن لە مردن ڕزگارت بوو؟**

لیۆ: دواجار کە فرێدرامە زیندانەوە تێبینیم کرد، کە هەم ڕۆحم، هەم شووناسم وەك ڕۆشنبیرێك، لێرەدا جێگەیان نابێتەوە. جارێك ماوەیەکی کورت پێش ئەوەی بگوازرێمەوە، دەبوو ڕووتبکرێمەوە. لەوکاتەی لەناو کۆئەندامی پاشەڕۆمدا، بۆ شتی قاچاخ دەگەڕان، وەکو سەگێك خۆم دەهاتە بەرچاو، کە بیر لەوکاتانە دەکەمەوە، باوەڕناکەم، کەمن تائێستا لەژیاندا ماوم، بەدڵنیاییەوە کاتێك بارودۆخم باش بوو، هەرچییەکم بینیووە،

دەبێ یاداشتێ بکەم و کاتەکانی ناو زیندان، ڕەشترین سەرمایە بوو لە ژیانمدا. ساتێك کە دەبوو من کەرامەتی ئینسانیمی تێدا بدە، بۆ ئەو چیرۆکە من خۆم وەکو هونەرهەلگرێك دانابوو، گێڕانەوەی ئەو چیرۆکەش ئەرکی سەرشانی من بوو.

**شپیگل ئۆنلاین: پێتوانییە ئەوە جێگەی خۆشحاڵییەکی زۆرە، کە خۆت بە ئەزموونێکی کەمەوە، توانیوتە لە بواری ئەدەبدا گەشەش بە خۆت بدەیت؟**

لیۆ: زۆر لە زیندانییە سیاسییەکان دەربارەی ساتەکانی ناو زیندانیان، شتیان نووسیووە، ئەوەی من جیاوازە لە هەموو ئەوانەیتر کە نووسراوون، بۆ نموونە ئەوەی لە زیندانادا هێڵنجهێنەرەوە بوو، ئەوە بوو کە ئێمەی زیندانی لەبەر گەرمایەکی زۆر ناچار بووین، مەعجونی ددان بخەینە ناو کۆممانەوە. لەبەر ئەوەی هەستمان دەکرد، کە تەزوویەکی ساردی پێدەبەخشین، بەڵام کەمێك دواتر مەعجونەکە ڕەق دەبوو، ئەمەش ئاسان نەبوو، تا دووبارە بیهێنیتە دەرەوە، کاتێك ئەگەر ئەو یاداشتانەم بخوێنمەوە، لەخۆم دەپرسم، کەمن ئەوکاتانە لەچ ئاستێکی نزمدا بووم. من وای بۆدەچم، کە زۆربەی زیندانییە سیاسییەکانی پێشوو هەرگیز دەربارەی ئەو شتە هەستیارانە شتێکی وایان نووسیبێت.

**شپیگل ئۆنلاین: دەتانتوانی لە زیندانەدا بنووسن؟**

لیۆ: زۆر نا، لەناو کتێبەکەمدا (٣٠) قەسیدە هەیە، کە لە زیندانەدا نوسیوومن. هەموویانم لەناو بەندێك کتێب شاردبووەوە. لە ڕاستیدا دەستنووسی ئەم کتێبەم سێ جار سەرلەنوێ نووسیییەوە، چونکە لە کاتی گەڕان و پشکنیندا، دەستنووسەکان دەستیان بەسەردا دەگیرا.

**شپیگل ئۆنلاین: دوای ئازادکردنی ئای وی وی و پێدانی مافی هاوڵاتی بوون بە هوتیا، هەروەها پێدانی مۆڵەتی سەفەرکردن بۆ دەرەوە بە تۆ. لەم ڕووەوە هەست بە جۆرێك لە کەمبوونەوەی تەنگژەی سیاسی دەکرێت، کەچی لە هەمان کاتدا (لیۆ شیاوبۆ)، کە هەلگری خەڵاتی نۆبڵە و چەندانی تر هێشتا هەر لە زینداندان. چۆن ئەم ڕەوشە شەرم ئامێزەی ڕۆشنفکرانی چین هەڵدەسەنگێنیت؟**

لیۆ: لە ڕاستیدا من لە (٤) ی ئاپریلەوە ئامادەبووم، دەبوو سەفەرم کردبووایە بۆ نیۆرك تا لە فیستیڤاڵێك بەناوی دەنگی قەڵەمەکانی جیهان بەشداری بکەم. لە سەرەتادا، وامزانی دەتوانم بە ئاسانی





وەکو ساڵی(٢٠١٠) دووبارە سەفەر بکەم، لە ئەڵمانیاKöln بۆ Lit. Cologne یەکسەر تکتێك بکڕم و بەرەو فڕۆکەخانە بڕۆم، بەڵام لای پۆلیس پێیانوتم کە ئەمجارە ڕزگارت نابێ. پۆلیسێك هەڕەشەی لێم کرد، گەر تۆ جارێکی تر هەوڵی وابدەیت، ئەوە ئێمە بۆ ماوەیەکی تەواو شوێنبزرت دەکەین.٣ ی ئاپریل زانیم کە ئای وی دەستگیرکراوە، شەلاڵی عارەق بووم. ئەم تەنگژەیە تا ئەمڕۆش هەیە.

**شپیگل ئۆنلاین: دەتوانی پێشبینی ئەوە بکەیت، کە ڕۆژێك لە ڕۆژان لەلایەن قونسولگەری چینەوە داوەت بکرێیت، بۆ ئەوەی لێرە کارەکانت بخوێنیتەوە؟**

لیۆ: ئەوە خەونێکی زۆر جوانە. لە ئێستادا بەنابەدڵییەوە لەگەڵ ئەو خەڵکانەدا ڕووبەڕوو دەبمەوە، ئەوانەی ئەمڕۆ حوکمی وڵاتەکەی منیان بەدەستەوەیە دڵێکی زۆر پیس و ناشیرینیان هەیە. بڕواناکەم کە من و هوجین تاو و تیاباو بۆ جارێکیش داوەت بکرێین. بیرۆکەی ئاوا هەرگیز بەدیناکرێ.

**شپیگل ئۆنلاین: هەرچەندە کتێبەکانت لە وڵاتی چیندا قەدەغەن. دەبینی لە بازاڕی ڕەشدا، فرۆشێکی زۆر باشیان هەیە.**

لیۆ: ئەوەی کە من بیستوومە، کتێبەکانم پلەی سێیەمیان وەرگرتووە، لە لیستی ئەو کتێبە سەرکەوتووانەی کە بە دزییەوە کۆپی دەکرێن، ئەمەش بەشی منە لە وڵاتەکەمدا. لای ئێمە دەڵێن نووسەرێك بۆ ئەوەی ببێتە نووسەرێکی زۆر باش، دەبێ سێ مەرجی تێدابێت: دەبێ بەڵگەنامەیەکی لێکجیابوونەوەی هاوسەری (تەڵاقنامە)ی هەبێ، دەبێ بەڵگەیەکی ئازادبوونی لە زیندان پێبێت. دەبێ نووسراوێکی پێبێت، کە فرمانی ڕاوەدونان و گرتنی هەیە.

**شپیگل ئۆنلاین: جا تۆ هەرسێکیت هەیە؟**

لیۆ: بەڵێ، هەتا تەڵاقنامە دوو دانەم هەیە و فەرمانی گرتنیش ئەوە هەر زۆر.

**شپیگل ئۆنلاین: ئێمە لەم گفتوگۆیەماندا، لەگەڵیدا ئاماژەیەك بە فابریکی ئایفۆن دەکەین. ئەم کارگەیە لە وڵاتی چیندا، بەرهەمەکانی لەلایەن کرێکارانێکەوە، لە بەرامبەر کرێیەکی زۆر خراپدا، بەرهەم دەهێنرێت. ئەگەر ئێمە بەرهەمی لەو جۆرە بکڕین، دەبێ ئێمەی ئەورووپی خاوەن ویژدانێکی زۆر خراپبین؟**

لیۆ: لە ڕاستیدا خەڵکی چین بۆیان گرنگ نییە، کە خەڵکی ڕۆژئاوا ویژدانێکی باش یا خراپیان هەبێت. لە چیندا کرێکار هەبووەپێویستی کردووە پاشماوەی

زیادەی ڕۆن کۆبکاتەوە و لەگەڵ شۆربادا تێکەڵی بکاو بەناوی شۆربای تازەوە بیفرۆشێت.

کرێکارانی ئایفۆن کە زۆر باشترن بەراوردکردنیان لەگەڵ حاڵەتێکی وادا ئەمە بۆخۆی سکاندالێکی گەورەیە.

**شپیگل ئۆنلاین: ساڵی پار کاتێك ویستتان سەفەربکەن بۆ (Lit.Cologne) پێشوەخت نامەیەکی کراوەتان بۆ مێرکلی ڕاوێژکاری ئەڵمان نووسی بوو، داواتان کردبوو بۆ سەفەرکردنی دەرەوەی وڵات یارمەتیتان بدات، لەوبارەیەوە وەڵامێکتان پێگەیشتەوە؟**

لیۆ: نەخێر، بەهەرحاڵ بە نووسراو نا، بەڵام لەگەڵ کارمەندێکی قونسلی ئەڵمان یەکمانبینی و پێیوتم، کە خانمی ڕاوێژکار نامەکەمی خوێندووەتەوە و زۆر کاری تێکردووە و بڕیاریداوە، کە بەوردی چاودێری حاڵەتەکەم بکرێ و خۆیشی لە خزمەتمدا دەبێت، هەر بەو بۆنەیەوە دیڤیدیەکی بە دزی کۆپیکراوم پێدا، بەناوی(ژیانی خەڵکانی تر)، بۆ ئەوەی بەبیری بێتەوە.

**شپیگل ئۆنلاین: زۆرجار لەبەر پێوەندی ئابووری لەگەڵ وڵاتی چیندا بیانوو دەهێنرێتەوە، بەوەی کە ئازادی و مافی مرۆڤ هێشتا لەژێر هەڕەشەی لەناوچووندا نین. تێگەیشتنی تۆ لەوبارەیەوە چییە؟**

لیۆ: لەوانەیە لە ئەمریکا یا فرەنسا، حەز بە چارەسەرکردنی هەڵوێستێکی لەو جۆرە بکرێت، بەڵام لە ئەڵماندا لێپرسراوێتییەك هەیە و ئەویش بەرەنجامی مێژووەکەیەتی: کە سەرەتا حوکمێکی نازی دیکتاتۆر و داوتر سەردەمی، واتە کۆماری ئەڵمانیای دیموکراتی. ئەگەر مێرکل DDR کاتێك لەسەردەمی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵاتدا، شتێکی وایبووە و زیاتر جەختی لەسەر پێویستییە ئابوورییەکە کردۆتەوە، ئەوە ئەو دەتوانێ ئەوە بکات، بەڵام ئینتێل ئێکتوئێلەکان پێویستە ویژدانی وڵاتەکەیان بن و دەنگیان بەرزبکەنەوە.

**شپیگل ئۆنلاین: ناڕەحەت نابیت بەوەی کە لە ڕۆژئاوا هەمیشە و پێش هەر شتێکی تر، پرسیارت سەبارەت بە ڕەوشی سیاسی وڵاتی چین لێدەکرێت، کەچی وەك نووسەرێك کەمتر لەسەر کارەکانت؟**

لیۆ: ئەوە نۆرماڵە، من لە وڵاتێکەوە هاتووم گەورەترین دیکتاتۆری جیهانە. منیش هەروەکو هاوڕێم لیۆ شیاوبۆ، کە لێبڕاوترین تێکۆشەری مافی مرۆڤە، هەمیشە پرسیارم دەربارەی هەمان بابەت و کەمتر لەسەر کارەکانم لێدەکرێت.



ئەوەی بۆ من جێی بایەخە، کە کاتێك لە ڕووی شارەزاییمەوە هەر شتێك بە دۆکۆمێنت بکەم گرینگە، کە هەڵگری کلتووری چینی بێت.

ڕۆژێك دێت کە پارتی کۆمۆنیست ون دەبێت، ئەوکاتە خەڵکی زیاتر دەیانەوێ کتێبەکانم بخوێننەوە. پێش زیاتر لە ٢ هەزار ساڵ مێژوونووس (سیما کیان) (شیجی) نووسیووە. ئەویش لەژێر خراپترین هەلومەرجدا ناڵاندویەتی. ئەوەش دیارە قەدەری ئەو بووە، بەڵام کتێبەکانی بەردەوام دەخوێنرێنەوە.

**شپیگل ئۆنلاین: ئازادی لای تۆ چ مانایەك دەبەخشێ؟**

لیۆ: ڕۆشنفکرانی چین لە زەمەنێکی زۆر کۆنەوە زۆر جار بەتەنیا بوون. سەرەڕایی نائومێدی بارودۆخی ژیانیان، بەڵام کارەکانیان بە نەمری ماونەتەوە لە زینداندا، خەیاڵی دیالۆگێکی عەقڵانیم کرد لەگەڵ کۆنفۆشیۆس و سیما کیان تا بیاندۆزمەوە. ئەم دیالۆگە زیاتر هانیدام و زیاتری پێبەخشیم، ئا ئەمەیە کلتووری چینی.

**شپیگل ئۆنلاین: پێتوایە بارودۆخی ئێستا پێوەندی بە سیمای نەمری کلتوورەوەیە؟**

لیۆ: ئەوەی لەم بارودۆخە خراپە بەرپرسیارە، پارتی کۆمۆنیستی چینە، بە بەراوردکردنی مێژووی حوکمڕانی هەزار ساڵەی چین. پارتی کۆمۆنیست تەنیا ماوەیەکی زۆر کەم لەو مێژووی حوکمڕانییە دەگرێت.

تێبینی:
ئەم چاوپێکەوتنە لەلایەن شتێفان کوزمانی ئەنجامدراوە.

# گوڵباخ بەهرامی:
# شیعری ژنان دەستەواژەیەکی گشتگیر و فرە ڕەهەندییە



دیمانە: هێرۆ کوردە



**شاعیر خاتوو گوڵباخ بەهرامی هەروەک خۆی دەڵێ: لەرۆژهەڵاتی کوردستان لەشاری دیواندەرە لەدایک بووم، هەر لەوێ خوێندنم تەواو کردوە، ساڵی یەکەمی زانکۆم لەبەشی ئەندازیاری لەشاری سەقز دەستپێکردو بەهۆکاری سیاسییەوە نەمتوانی درێژە بەخوێندن بدەم . ساڵی ٢٠١٠ رۆژهەڵاتم بەجێهێشت و هاتمە شاری هەولێر.**

**دوو کۆمەڵە شیعرم ئامادەیە بۆچاپ، یەکەمیان تایبەتە بەئەو بەرهەمە شیعرییانەی کە پەیوەستن بەدەستنووسەکانی رابردوویەکی هەم تاڵ، هەم شیرین، بەڵام هەمیشە خۆشەویستن وەک نیشتمان. بەناوی « زەمەنێک لەخۆشەویستی »**

**هەروەها کۆمەڵە شیعری « نیوەی پڕی من نیوەی بەتاڵی ئاوێنە »**

**بۆ قسەوباس لەسەر جیهان و کایەکانی شیعر و ئەرکەکانی و.....تاد. ئەم قسەو باسەمان لە تەک خاتوو گوڵباخ سازدا..**

**★ دەوترێت ئەدەبی پیاوانە و ئەدەبی ژنانە ئێوە تاچەند لەگەڵ پۆلێنکردنی ئەدەبن لەسەر بنەمای ڕەگەز؟ ئایا شتێك هەیە بەناوی ئەدەبی ژنانە و پیاوانە؟**

– من لەگەڵ پۆلێنکردنی ڕەگەزیی ئەدەبیاتدا نیم و لەگەڵ ئەوەدا نیم، کە ئەدەبیات بەگشتی و شیعر بەتایبەتی دابەش بکرێت و مۆرکی ڕەگەزی پێوە بچەسپێت، بەڵام لەو باوەڕەدام کە دەنگی شیعری و دارشتنی هەست و چۆنییەتی تێفکرین و روانیینەکانە، کە دەقێکی شیعری پیاوان لە شیعری ژنان، دەتوانێت جیابکاتەوە. بەگشتی دەتوانم بڵێم، کە لە هەر کۆمەڵگەیەك کە هەوڵدان بۆ بەرانبەری پیاوان و ژنان و تێکۆشان بۆ دەستەبەرکردنی ماف بوونی هەبێت، کە لەڕوانگەی تاکی ئەو کۆمەڵگەوە یان ئەو مافە بوونی نییە یان زەوتکراو و سنووردارە یان هەیە و پێنەگەیشتووە، لەوێدا ئەدەبیاتیش بە ئاراستەی ئەو واقیعییەتە دەڕوات، کە بەشێکە لە واقیعی کێشە و بوحران و نابەرانبەرییەکانی ئەو کۆمەڵگە.

(شیعری ژنان) بە شیعرێك دەوترێت، کە تایبەتمەندییەکانی دونیایەکی ژنانە بە بیروبۆچوون و ڕوانگەی ژنانەوە بەرجەستە دەکاتەوە. من لەوباوەڕەدام کە ( شیعری ژنانە) دەستەواژەیەکی گشتگیر و فرەڕەهەندییە، کە لەگەڵ (شیعری ژنان ) جیاوازە، بەڵام لە ئەنجامدا بەیەك دەگەنەوە. هەر بۆیە پێموایە ئەم

بەیەکگەیشتنە دارێژەری فۆڕمی ئەدەبیاتێکە، کە ژنیەتی شاعیر لە چۆنیەتی دەربڕین و بەکارهێنانی وشەکان و نەخشاندنی ئەو وێنە شیعرییانە بەرجەستە دەکاتەوە، کە دەرخەر و دەربڕی جیهانێکی ژنانەیە لە شیعردا. پێویستە ئەوەشمان لەبیر نەچێت، کە هەموو شاعیرانی ژن شیعری ژنانە نالێن. ئەمەش بەپێی هەڵکەوتە و بیرۆکە و هەروەها فەزایەکی حەقیقی و مەجازییە، کە شاعیر بۆ بیرکردنەوەکانی لە دونیای خۆیدا بەکاری دەهێنێت.

دیارە کە بەهۆی جیاوازیی کۆمەڵایەتی نێوان دوو ڕەگەز و هەروەها سەلیقەی جۆراوجۆری داهێنەرانی دەق و شاعیرانی بەرهەمێکی ئەدەبی، فەزا و دونیایەکی جیاوازیش دروست دەبێت، کە دەکەوێتە ژێر کاریگەری پێکهاتەکانییەوە، ئەگەر بمانەوێت مۆرك یان ناوێکی تایبەت بۆ هەریەك لەو فەزا و پێکهاتە ئەدەبییانە دابنێین، دەبێ پەنا بۆ گەلێك ناو و دەستەواژە و چەمکی جیاواز ببەین، کە لەوانەیە تووشی سەرلێشێواوی ئەدەبیمان بکات.

لەلایەکی دیکەوە زۆربەی شاعیرانی پیاو و شاعیرانی ژنی هاوچەرخ، ڕیالیستن، واتە بە پێشهاتە کۆمەڵایەتی و سیاسی و گۆڕانەکارییەکانی سەردەمی خۆیان گرنگییەکی تایبەت دەدەن و کارتێکەریی ئەو پرۆسەیەش لە داهێنانی بەرهەمەکانیان بەرجەستە و بەرچاوە.

**★ لەپرۆسەی نووسینی تۆدا تاچەند ئاگایی ئامادەی هەیە، واتا بە هەست دەنووسیت یاخود نەست؟ شعور یان لاشعور؟**

– پرۆسەی نووسین خۆی لە خۆیدا هەڵگری چەند تایبەتمەندییەکە، کە فۆڕم و پێکهاتەی دەقێکی ئەدەبی یان هەر بابەتێکی داهێنەرانە بە خاڵە سەرەکییەکانی بیرۆکە و ئایدیایەکی ئاگایانە دەبەستێتەوە.

لە شیعردا من زیاتر هەوڵمداوە تێکەڵاوییەکی هۆشیارانە لە هەموو ڕەهەندەکانی (شعور و لاشعور) بخوڵقێنم، کە دونیای من و شیعر، شیعر و ژیان و هەر هەموومان پێکەوە لە دونیایەکی ئەدەبی و لە خاڵێکی شاعیرانەدا کۆبکاتەوە.

**★ بەرای تۆ نووسین، بەتایبەتی شیعر ئیلهامە یان ئەزموون ؟ یان چی ؟**

– شیعر لە دەستپێکدا شعورێکی شاعیرانەیە، ئیلهامیش بەشێکە لە شیعر و لە ئەنجامدا ئەزموون هەم سەرەتایە و هەم کۆتایی.





هەندێجار شاعیر بە بەرهەمەکانی ئەزموونێك دروستدەکات و هەندێجاریش لە پانتایی ئەزموونەکانیدا ڕەهەندەکانی شیعر دەبینێتەوە.

لە دونیای شیعردا زەمان جیاوازە لە مانای ئاسایی خۆی و زەمانی ئەو دونیایە کاتەکانی پێبەستن بە ڕۆحییەتی شاعیرەوە. ئیلهام کاتییە و هەندێجار دێت و دەبێتە شیعر و لە دایکبوونی خۆی دەنووسێتەوە.

من پێموایە شیعر بۆمن هەموو شتێکە. شیعر وەکو باران وایە، دێت و دەمنووسێتەوە، بە دڵۆپێك لە پیتێکداو، کە تەڕبوونی من دەبینێت ڕەشم دەکاتەوە لەخۆیدا.

**★پێتوایە دەبێت شیعر هەستێکی ڕووت بێت، یان عەقڵ بێت؟**

– شیعر پەیامێکی شاعیرانەیە، کە تێکەڵ بە هونەری داهێنان دەبێت و دەبێتە دەنگێکی هاوبەش بۆ وروژاندنی ئەو هەستە هاوبەشەی، کە بەشێکە لە هەموومان.

من هەمیشە دەڵێم کە شاعیرێك خۆی ڕووت دەکاتەوە شیعرێك دەڵێ: من هەم، کە شیعرێك دەنووسرێتەوە خەڵکی دەڵێن: دەڵێی شاعیرێکە خۆی ڕووتکردۆتەوە. جا عەقڵ کە هات و بوو بە شیعر، فەلسەفەی شاعیر بەرجەستە دەبێتەوە و خوێنەر دەتوانێت فەلسەفە و تێڕوانینی شاعیر لە دەقێکی شیعریدا بخوێنێتەوە.

بەڕای من کە عەقڵ نەبێت لە نووسینی شیعردا، هەستیش ناتوانێت بیرکردنەوەکانی بە ڕووی دونیادا بکاتەوە و بینووسێتەوە، کە وابێت هەردووکیان هەم عەقڵ و هەم هەست تەواوکەری یەکترن.

**★ بەرای تۆ شیعری کوردی بۆچی نەیتوانیوە سنوری جیهان ببەزێنێ و بگاتە شوێنە دوورەکان ؟**

– شیعری کوردی زۆر ئازایانە و بەهێزتر لەوەی هەیە، سنوورەکانی بەزاندووە و لە ئاستی جیهانیدا خۆی بینیوەتەوە، ئێستا دەبینین کە شیعری شاعیرانی کوردی ئێمە بە زۆربەی زمانە زیندووەکانی جیهان تەرجمە کراون و شان لە شانی ئەدەبیاتی جیهانی دەدەن. شوێنە دوورەکانیش ئیمەیان وەکو کورد خوێندۆتەوە. کتێبەکانی زۆر شاعیری کورد وەرگێڕدراونەتە سەر زمانەکانیتر و بوونی ئەدەبیاتێکی شیرینی کوردییان خستۆتە ئەدەبیاتی جیهانی و دونیای دەوروبەری خۆیان و من پێموایە ئەمە دەستکەوت و سەرکەوتنێکی گەورەیە.

**★ زۆرجار باسی ئەرکی شیعر دەکرێت، لای تۆ ئەرکی ئەدەب چییە؟ ئەی شیعر وەك ژانرێکی بەرزی ئەدەب چ ئەرکێکی لەسەرە؟**

– کاتێك کە شاعیر ستایشی جوانی و خۆشەویستی و ژیان و...هتد دەکات و لە ئازار و خەمە هاوبەشەکاندا تێکەڵی ڕۆحی شیعر و وشە و دونیای دەوروبەری دەبێت، واتە ڕێز لە بەهاکانی دەروونی خۆی و خوێنەر دەگرێت.

لە شیعردا کۆمەڵێك هەست و بەهاو خاڵی هاوبەش هەیە، کە لەوانەیە من وەکو خوێنەر نەتوانم بە جوانی دەریببڕم و مانایەکی واقیعی بۆ ببینمەوە، بەڵام لە شیعری شاعیرێکدا بەدی بکەم، داهێنەری دەقێکی ئەدەبی کە تێکەڵی بەها جوانناسییەکانی خوێنەر دەبێت، تەتەری ڕاسپاردەیەکی هەستیارە، کە دەتوانێت لە ئێستاسیۆنی واقیعی خۆیدا، خوێنەر بکاتە میوانی هەمیشەیی خانەقای پڕ ڕەمز و ڕازی شیعر.

ئەمە ئەرکی شاعیر و نووسەرە، کە چۆن بتوانێت متمانە بە خوێنەر ببەخشێت. دیارە کە هەر دەست و هەر دڵ و هەر پێنووسێك تا پەیامێکی پێنەبێت خۆی نادا لە قەدەری بەتاڵبوونەوە.

من جیا لەوەیکە بۆ خۆم و لە خۆم و لە دڵیشم دەدوێم و هەندێجار شیعرەکانیشم دەگرییێنم! هەوڵ دەدەم لە شیعردا ڕێز لە خوێنەرەکانم بگرم. ئەوەی کە بەلامەوە گرنگە ئەوەیە، کە بتوانم هەڵگری پەیامێکی واقیعی بم بۆ دەربڕینێکی ڕاستگۆیانە، تا بتوانم پەپوولە شیعرێکی عاشق بم و هێلانەیەکم بۆ خۆم و بۆ شیعر لە دڵی خەڵکەکەمدا هەبێت.

**★ نووسینی ژنان زیاتر ڕووی لە خەمە خوودییەکان (الذاتی) کردووە، بۆ؟**

– بۆ ئێمەی ژن، خەم واتە: "ئێمە"، نەك "من"، وەکو تاك. دەزانی، کۆمەڵگەی ئێمە هەمیشە پڕاوپڕ بووە لە نابەرانبەری و نادادپەروەریی بەرانبەر بە ژنان و بە حوکمی کولتوور و نەریتە باوەکان بەردەوام هەستمان بەوە کردووە، کە خەمێك هەیە کە ئازارەکانمان فراوانتر و کێشەکان بەرینتر دەکاتەوە، کە وابوو خەمە خودییەکان هەر هەمان خەمە گشتییەکانی ئێمەیە، کە هەستی پێدەکرێت و دواتر لە دەقێکی ئەدەبیدا دەردەکەوێت. جیا لە ئەوەی کە ئێمە وەکو ژنێك لە شیعردا باسی خەم و ئازار و نەهامەتی بکەین، ئێمە وەکو کورد بەردەوام لە خەم و غوربەت و دەربەدەریدا ژیاوین و ئەمەش بەشێکە لە ڕابردوویەك، کە بوونمان بە ئێستا و داهاتووەوە







دەبەستێتەوە و هێشتا هەر لە چاوەڕوانیدایین. ئەو ڕۆئیا و کۆژان و ئەندێشەیەی، کە ئێوە لەم پرسیارەدا بەرجەستەتان کردووە، نۆستالۆژیایەکی گشتییە کە لە پانتایی ئەو کۆمەڵگەیەی کە من تێیدا دەژیم سەرچاوەی گرتووە و ئازارێکی هاوبەشە، هەرچەندە کە من نووسینەکانم تەنیا تایبەت نەکردووە بە ڕابردوو لە ڕەهەندە جیاواز و بەرینەکانی ئێستاوە، مەودایەکی دیکەم بۆ خولڤاندنی فەزایەك بۆ داهاتوو بڕیوە، بەڵام ئەو ئاوات و ئارەزووەی، کە من بەردەوام لە هەوڵ بۆ گەیشتنیدا کەلێن و قوژبنەکانی وشەم پشکنیوە و هەنگاو بەڕیتمی ئەو سەمفۆنیایە دەژەنم، کە لە داهاتووم نزیك دەکاتەوەڕێگەیەکی هەر دەگەڕێتەوە سەر ماڵی تەنیایی و چاوەڕوانییەکانی ڕابردووم. بەبڕوای من وەزیفەی شاعیر جگە لە پاراستنی پیرۆزییەکانی ڕابردوو و تێکەڵاوبوون بە خولیا و هەستەکانی کۆمەڵگە، تێکهەڵکێشکردنی فیکر و ڕوانگە و هەست و جوانییەکانی دەوربەرە لە دەربڕینێکی شاعیرانەدا.

**★ گوڵباخ لە شیعردا بۆچی دەگەڕێت؟**

– من لە شیعردا بۆ خۆم دەگەڕێم، تا بتوانم خۆم لە دونیادا و دونیا لە خۆمدا بنووسمەوە.

**★ لای تۆ بوێری واتا چی ؟**

– لای من بوێری واتا ڕەهایی. ڕەهابوون لە هەموو شتێك و لە خۆمانیش. بوێری ڕزگاربوونە لە هەرشتێك، کە مرۆڤێکی کۆیلە دروست بکات.

**★ ئەدەبیاتی فارسی تاچەند کاریگەری لەسەر نووسینی تۆ هەبووە ؟**

– من هیچ کات لەژێر کاریگەریی ئەدەبیاتی فارسیدا نەمنووسیوە، ئەوەش هەم هۆکاری شەخسی هەیە و هەم چەند هۆکارێکی تر، بەڵام خوێنەری ئەو ئەدەبیاتەم. لەبەر ئەوەی پێویستە ئێمە خوێنەری هەموو ڕەوتە ئەدەبییەکانی پێش خۆمان و هاوچەرخی خۆمان بین. چەند بەرهەمێکم بە زمانی فارسی هەیە، کە لە نامیلکەیەکی شیعریدا، لە کاتی خۆیدا دامنابوو بۆ چاپ، بەڵام زۆربەیان فەوتان. پێویستە بڵێم ئەمە بۆ یەکەمجار لە گزنگا دەدرکێنم، کە بەڵێنمداوە هەتا خۆشەویسترین پارچەی دڵی من (ڕۆژهەڵات) ڕزگار نەبێت بە فارسیی شیعر نەنووسم. تا بتوانێم لە فریادەکانمدا بۆ ئازادیی، بەردەوام دووپاتی بکەمەوە و بڵێم: من کوردم!

# کار و چالاکییەکانی

# لقی کەرکوکی یەکێتیی نووسەرانی کورد

**ئا: سابان ستار**

لە درێژەی کارو چالاکییەکانی لقی کەرکوکی یەکێتیی نووسەرانی کورد، لە بواری چاپکردنی کتێب بۆ نووسەران بەبێ بەرامبەر، لە ماوەی دوو مانگی ڕابردوودا حەوت کتێبی ئەدەبی هەمەجۆری تری چاپ و بڵاو کردەوە، بەپێی ئەم زنجیرانەی خوارەوە:

* لەژێر زنجیرەی (١٣٩) کتێبی (پەنجەرە بچووکەکان) کۆمەڵێ وتار و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و ڕۆژنامەوانییە لە نووسینی (د.ئازاد عەبدولواحید) کەوتە بەر دیدی نووسەران و خوێنەران...

* لەژێر زنجیرەی (١٤٠) کتێبی (چەند بوارێکی زانستی زمانەوانی) کۆمەڵێ وتار و لێکۆڵینەوەی زمانەوانییە، لە نووسینی (حەمید خالید کەریم) کەوتە بەر دیدی










نووسەران و خوێنەران...

* لەژێر زنجیرەی (١٤١) کتێبی (گەڕانەوە) درێژە چیرۆکێکە (نۆڤلێت)، لە نووسینی (چنوور نامیق) کەوتە بەر دیدی نووسەران و خوێنەران...

* لەژێر زنجیرەی (١٤٢) کتێبی (لە مەدرەسەی نالیدا) کۆمەڵێ لێکۆڵینەوەی ئەدەبییە، دەربارەی شاعیر نالی لە نووسینی (حەمە مەنتك) کەوتە بەر دیدی نووسەران خوێنەران...




* لەژێر زنجیرەی (١٤٣) کتێبی (قاوەخانە) کۆمەڵێ کورتە چیرۆکە و لە نووسینی (چەند نووسەرێکی جیهانی) و لە وەرگێڕانی (ستار شێخانی) کەوتە بەر دیدی نووسەران و خوێنەران...

* لەژێر زنجیرەی (١٤٤) کتێبی (دارستانێك لە شمشاڵ) کۆمەڵێ دەقی شیعری (نامیق هەورامی) یە، کەوتە بەر دیدی نووسەران و خوێنەران...

* لەژێر زنجیرەی (١٤٥) کتێبی (شینبوونی بەرد) کۆچیرۆکی (د. موحسین ئەحمەد عومەر)ە، کەوتە بەر دیدی نووسەران و خوێنەران...









## ئێوارەکۆڕێك بۆ نووسەر(ڕەزاشوان)

لەدرێژەی کاروچالاکییەکانی لقی کەرکوکی یەکێتیی نووسەرانی کورد، لەبواری کۆڕ و سیمینار، رۆژی ٢٠١١/١٠/١٢ لەهۆڵی (مستەفا گەرمیانی) لە کۆمەڵەی رووناکبیری کەرکوك، بەناونیشانی (دەرچونی یەکەمین ژمارەی گۆڤاری گزنگ لە ساڵی ١٩٧٢دا) کە زمانحاڵی یەکێتیی نووسەرانی کورد/ لقی کەرکوك بوو، وتاکو ئێستاش بەردەوامە لە دەرچوون، ئێوارە کۆڕێکی بۆ نووسەری دووره ولاَت مامۆستا (رەزا شوان) رێکخست، سەرەتا(عەبدولستار جەباری) بەڕێوەبەری کۆڕ کۆڕگێڕی بە ئامادەبووان ناساند لەڕێگەی خوێندنەوەی ژیاننامەو هەندێ کاروچالاکییەکانی لە بواری رۆشنبیری. دواتر مامۆستا (رەزا شوان)ی کۆڕگێڕ بەوردی باسی چۆنیەتی دامەزراندنی لقی کەرکوکی یەکێتیی نووسەرانی کوردو گۆڤاری گزنگی کرد، لە کۆتاییدا ئامادەبووان بەسەرەنج وپرسیارەکانیان کۆڕەکەیان دەوڵەمەندتر کرد، کۆڕەکە نزیکەی کاتژمێرو نیوێکی خایاند...

## ئێوارە کۆڕێك بۆ نووسەر و روناکبیر(حەسەن بارام)

رۆژی شەممە رێکەوتی ٢٠١١/١١/١٩ کاتژمێر ٣ی پاش نیوەڕۆ یەکێتیی نووسەران لقی کەرکوك بەهاوکاری سەنتەری رۆشنبیریی و لێکۆڵینەوەی کەرکوك لە شاری دووز خورماتوو لە سەنتەری ناوبراو هەستان بە سازدانی کۆڕێك لەژێر ناونیشانی (لایەنە باش و خراپەکانی بە هەرێم بوونی پارێزگای سەلاحەدین بۆ کوردی خورماتوو) بۆ نووسەر و روناکبیر(حەسەن بارام).

هەژی گوتنە نووسەر باسێکی تێروتەسەلی لەسەر بابەتەکە پێشکەشی ئامادەبووان کرد، پاشان مشتومڕێکی زۆر لەسەر بابەتەکە لەلایەن ئامادەبووانەوە کرا. ئەمە و شایانی باسە کۆڕەکە زیاتر لە سەعات و نیوێکی خایاند و جەماوەرێکی بەرفرە ئامادەی کۆڕەکە بوون.